# مامۆستای کورد



ژمارە: ٢٤ و ٢٥   زستان و بەهاری ١٩٩٥

# ماموٚستای کورد

ژماره ٢٤ و ٢٥، زستان و بەهاری ١٩٩٥

سەرنووسەر : فەرهاد شاکەلی

ناونیشان : Address
Mamostay Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna, Sweden

ژمارەی حیسابی پۆست :
Postgironummer\ postal Giro number:
43 55 59 - 0

تابلۆی سەر بەرگی یەکەم: هەڵەبجە، کاری هونەرمەند قەرەنی جەمیل
وێنەی سەر بەرگی دووەم: نووسەری ئەرمەنیی ئەمەریکایی ویلیام سارۆیان ١٩٠٨-١٩٨١

# ناوەڕۆک


نامە ٣
وەسێتنامەی پێشەوا قازی محەمەد : س. م. سەمەدی ٥
مارتین هایدیگەر و گۆڕانێکی فەلسەفی: م. کەمال ٩
نامەیەکی مێژوویی بۆ شێخ ڕەزای تاڵەبانی و هەواڵی تازە: م. حەمەباقی ١٥
قازی محەمەد لەناو ڕووناکیی مێژوودا: مەحموودی مەلا عیززەت ٢٢
هونەرمەند سەروەت ئەنوەر سەوز ٤٥
پرۆفێسۆر خەزنەدار لە گوتوبێژێکی زانستی و فەرهەنگی و سیاسیدا: م. پیرداوود ٤٩
تابلۆیەک : ق. جەمیل ٥٩
تەڵێ شەوبۆی بەهاری گەرمیانیت (شیعر): ف. شاکەلی ٦٠
حاڵیی عەرزم بووی (چیرۆک): هەژار ٦٢
چوارده ساڵی (چیرۆک): چ. هەردی ٦٧
بەڵگەیەکی پڕبایەخی مێژووی سیاسیی نوێی نەتەوەی کورد: پیران ٧١
تابلۆیەک: قەرەنی جەمیل ٧٥
نیگا، باران بارانە، خۆشەویستی (شیعر): ژ. حوسەینی ٧٦
لالایانێی دوورەهەڵوێست (چیرۆک): ع. مەلای ڕەش ٧٨
وەرامی دۆستان ٨٢
با ڕەنجی نووسەران بپارێزرێ: م. ڕ. تەوەککولی ٨٣
کتێبخانەی مامۆستای کورد ٨٦
مردن بۆ عاشق نییە، هەر جاویدانن: س. ع. سەمەدی ٩٤
عەزیزی شاڕوخ لە سوێد: گ. سەرکۆ ٩٧
شانۆگەریی گوستاف ڤاسا لە فێستیڤالی ستریندبێریدا: د. ڕەئووف ١٠٠
بەیان، ئەو کانییەی وشک دەبێ و وشک نابێ (شیعر): ق. جەلیزادە ١٠٢
بەسەرهاتی سەر پردەکە (چیرۆک): حەمە ١٠٤
ئەلبوومی کوردەواری ١٠٨
دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١١٠
ئارەش، ماچ (شیعر): ع. کەریمیان ١١١
کردار و کات لە زمانی کوردیدا: ک. عەلی ١١٢
پێشانگەی پۆستەری ئاشتی ١٢٨
ویلیام سارۆیان : یەگیشە چارێنتز، مشکەکانی هاوڕێمان، دیکران سارۆیان ١٣١

# نامە

زۆر سوپاس بۆ دیارییەکانی مامۆستای کورد. تا ژمارە ٢٠م بە دەست گەیشتووە. تەنیا ژمارە ١٦م وەرنەگرتووە، لەوە دڵنیام کە ناردووتانە، بەڵام ئیتر ئاخۆ کەوتۆتە دەست کەسێکی وا بۆ خۆی هەڵگرتووە و بە ماڵی دزراوی دانەناوە.

جارێ لەمەڕ خۆمەوە ئەوەندە بێتاقەتم، لە هەموو ژیانمدا دەمی وا پڕ لە ناسۆر و پەژارەم نەدیوە. خۆزیا ئەو کارەساتەی لێرە ڕوو دەدا بەشی دوژمن بووایە و دەستی کوردی تێدا نەبووایە. هەرچی خراپە لە بابەت ڕووداوی ئێرە بوترێ هێشتا کەمە. تۆ بیستووتە بەرەبابێک لە شەڕدا دیلی بەرەبابەکەی دوژمنی بگرێ، لە دوایدا بیکوژێ، ئەمجا بیسووتێنێ!! ئەگەر قەڵەم کولیش نەبووایە کاغەز ڕازی نەدەبوو بە ڕووداوی ئەم خاکە پڕ بکرێتەوە.

کوردستان ٤-٧-١٩٩٤

[بەشێکە لە نامەی مامۆستایەکی ناوداری کوردەواری].

کلعادە، لە بری سڵاو، ڕووی گرژ و الخ [!!]، لەگەڵ ئەوەی سەرگەرمی نووسینی "یاداشت"ەکانی ئەمساڵی خۆمم و چەن پەڕەیەکیشم لە نامیلکەیەک بە ناونیشانی "تف لە هەردوکمان، لە ڕەسەنمان" نووسیون و لە سەروو ئەوانەشەوە، باری ناتەندروستی و هاتوچۆی حەفتانە بۆ نەخۆشخانە و لە کۆتایی ساڵی پاریشا لە نەخۆشخانە کەوتن و "عەمەلیات" کردن بە هۆی بەندیخانەوە، لەسەر حیسابی مام جەلال و مەسعوود و ... کۆمەڵێ گێرەوکێشەی جۆراوجۆری کەی ئابووری و لە پاشکۆشیانا سەرەتای پار لە وڵات بووم و لەوێ "ژن"م مارە کرد و لەوساوە کە گەڕاومەتەوە تاکوو نووسینی ئەم نامەیە سەرگەرمی هاتوچۆی کۆمەڵێ "دایرە"م بۆ ڕێگادانم بۆ هێنانی خێزانەکەم بۆ هۆڵەندە و لە گاڵتە پێ کردن پێم هیچی کەم بەرهەم نەبووە، چونکە "ئەوروپا.." بە پێی بۆچوونی ئێوەمانانی دوڕاو و شەیدای بەرەڵڵایی‌یەکەیان، پێشکەوتووە و مەڵبەنی مرۆڤویستین و بە گشتی و سوێدی وڵاتی ئێوە و هۆڵەندەی ئێمە بەتایبەتی، واتە بە هۆی ئەوانەوە یەکجار سەرقاڵ و بێکاتم.

بەبێ سوپاس و بە ڕووی گرژیشەوە پێت ئەڵێم .. تاکوو ئێستا ئەو ژمارانەی گۆڤارەکەت کە بە هۆی نامەردێتیی خۆتەوە نەتناردوون بۆم بە زووترین کات هەموویان بنێرە بۆم و ژمارەکانی داهاتووشت هەر بنێرە و منیش یەک پوولت بۆ نانێرم ... لەسەر ناوەڕۆکی قسەکانت بڕیارم یا کە نووسێنێکمت بۆ بنێرم بە مەرجێ بێ دەستکاری کردن بڵاوی بکەیتەوە، بەڵام لە پێشەوە دائەبەزمە سەر خۆت و ئینجا کوردە دوڕاوەکانی هەندەران بەگشتی و ئەوروپا، سوێد و هۆڵەندە بە تایبەتی، هێرشێکی زۆر تونیش، بەڵام بە بەڵگەگەلێکی زۆرەوە دائەبەزمە سەر حیزب و نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد. دڵنیاشم کە بڵاویان ناکەیتەوە، چونکە تۆش لە "خێڵ و مێڵ .."ی ئەم دوڕاوانەیت: "کەریمی حسامی، جەمشید حەیدەری، سەباح غالب، کەمال میراودەلی، شێرکۆ بێکەسی جاشی بەعسی، عبدالله پەشێوی بێرەوشت، نامەردەکانی گۆڤاری سروە و ئاوێنە لە ئێران، و مەڵبەنی کورد لە لەندەن و ئەمستردام و ئەنستیتوتی فەرەنسا و ئەوانەی ئەمەریکا و ئەڵمانیا ...."، چونکە ئێوەمانان [خۆتان] لە پلەی بەرزی دڵسۆزیتان بۆ کورد و ڕۆشنبیر و نووسەرییا ئەبینن و هەرگیزیش وا نین.

لە کۆتایی یا و لەگەڵ تازەکردنەوەی سڵاوەکەی سەرەتادا

و داواکانیشما له چاوەڕوانیی وەرامتانام بۆ ئەوەی که ئەگەر بزانم پەیمان ئەدەن بلاوی کەنەوە نووسینەکەمتان بۆ بنێرم.

دوژمنی هەمیشەیی کوردانی هەندەران
حەمەی مام ئەوڕەحمان
لەیدن ۲۷-۱-۱۹۹۵

نازانم شاری کرماشانتان دیوە یان نە. لە کرماشاندا پارکێک هەیە بە ناوی پارکی شیرین. لەم کاتەدا کە ئەم نامەتان بۆ دەنووسم، لێرە دانیشتووم و بە دڵێکی پڕ لە خەم و پەژارەوە بیر لە ژیانی خۆم دەکەمەوە. بەڕاستی نازانم غبکەم. با باسەکەتان بۆ روونتر بکەمەوە. خۆشەویستان ! تەمەنم ۲۰ ساڵە، ئیمساڵ مەدرەکی دیپلۆمم وەرگرتووە و بێ درێژەدان بە خوێندن لە ئازموونی سەرانسەری (کنکۆر) بەشداریم کرد. ئازموونێک کە چەند هەقکوژیی تیا ئەبێت و چەند هەزار کەس بەناهەق ڕەد ئەبێت. بەڵام چارە چییە. بەداخەوە هەرچەند دەرسێکی زۆرم خوێند بەڵام نەمتوانی سەرکەوتوو بم و ڕەد بووم. ئێستاش من تەنیا دوو ڕێگەم هەیە؛ یان بایەد بڕۆم بۆ سەربازی و دوو ساڵی تەمەنم خراو بێت و یان بچمە ریزی پێشمەرگە و حزبی دموکراتی کردستانی ئێران، کە ئەویش دووری لە دایکوباوک و تەواوی بنەماڵەیە و پشت سەری خۆت دی ناتوانی تماشا کەی. ئایا دەتوانم ئەم ڕێگەیە بپێوم؟ نازانم. نازانم.
ئەمە کورتە بەسەرهاتی من، ئێوە دەڵێن چی، کام ڕێگە دروستە؟ کام ڕێگە بگرمە پێش؟ دۆستانم یەکە یەکە دەڕۆن بۆ سەربازی و تەنیا هەر وا من مامەتەوە. دۆستانم دەڵێن: دەی کەی تۆ بۆ سەربازی ئەچیت؟ بەڕاستی نازانم چییان پێ بڵێم، نازانم، بۆیە ئێوەم بۆ ڕێنوێنیی خۆم هەڵبژارد. دەزانم ئێوە دەردی دووری و دوورەوڵاتیی زۆرتان چێشتووە و شایەتیش وەکی من لەسەر دووڕێگەی وادا گیرتان کردبێ، بۆیە تکاتان لێ دەکەم باشترین ڕێگەم پێشان بدەن، ڕێگەی ڕاستم بۆ بدۆزنەوە. کام ڕێگە پەشیمانیی تێدا نییە؟ لە دواییدا ئەوەیش بایەد بڵێم تەنیا دوو مانگی تر من دەتوانم چاوڕێی هاتنی وڵامی نامەی ئێوە بووم. تکایە لە نێو ئەم دوو مانگەدا وڵامی نامەکەم بدەنەوە، ئەنێ ئیتر بە دەستی من ناگات و ئیتر دوای ئەم دوو مانگە پێویست ناکا پێوەندی لەگەڵمدا بگرن. تکایە بە زووترین کات وڵامی نامەکەم بدەنەوە چون وڵامی ئێوە بۆ من زۆر پێویستە. هەر بژین بۆ کورد و کوردستان.
شەوی تاریکە، لێم شێواوە ڕێگا
بەیانی هات و زۆری ماوە ڕێگا
ژیانی من وەکوو ئەم شەو وەهایە
بەرەو هەر لا دەچم بەسراوە ڕێگا.

ن.ی
۱۳۷۳-٦-۲۲

وێڕای گەرمترین سلاو، ڕادەگەیەنم کە دوو ژمارەی ۲۲ و ۲۳ی مامۆستای کورد گەیشتنە دەستم. تا ئێستا زۆربەی بابەتەکانی هەردوو ژمارەم خوێندوونەوە. دەتوانم بێژم کە بابەتی زۆر باش بوون و گەلێکم کەڵک لێ وەرگرتوون. بەتایبەتی هێندێک نامە و نووسراوەتان لە کوردی ئەودیو پێ دەگا کە پەردە لەسەر بێکیفایەتی و خوێریگەریەتیی بەڕێوەبەرایەتیی سیاسی هەڵدەداتەوە، بە بڕوای من لەم بابەتانە هەرچی زۆرتر بلاوبکرێتەوە باشترە.

ب. مەستانە
۱۳۷۳-۱۰-۲۳ کوردستانی ئێران

# وەسێتنامەی پێشەوا قازی محەمەد


ئامادەکردنی: سەیید محەمەدی سەمەدی

ساڵی ١٩٩٥ چلونۆیەمین ساڵڕۆژی دامەزران و ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهابادە و چلوهەشتەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی پێشەوای خۆشەویست و گەورەی کورد قازی محەمەدە. لە ماوەی هەموو ئەم ساڵانەی ڕابوردوودا زۆر کتێب و لێکۆڵینەوە و وتار لەبارەی ئەزموونی کۆماری کوردستان و ژیان و شەهیدبوونی پێشەواوە نووسراوە. لە زۆربەی سەرچاوەکانیشدا باسی وەسێتنامە [یا وەسێتنامەکان]ی قازی کراوە، بەڵام هەتا ئێستا تێکستی ڕاستەقینەی ئەو وەسێتنامەیە لە هیچ کوێیەک بڵاونەکراوەتەوە.

ئێستا بۆ یەکەم جار وەسێتنامەکەی پێشەوا لە مامۆستای کورددا بڵاودەکرێتەوە. سوپاس بۆ برای هێژا مامۆستا سەیید محەمەدی سەمەدی و ئەو بەڕێزانەی کە بۆ ئامادەکردنی ئەم بەڵگە گرنگەی مێژووی تازەی کوردستان هەوڵیان داوە.

خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم بەڵگەنامەیە زۆر شت سەبارەت کۆماری کوردستان، هەلومەرجی شەهیدبوونی پێشەواکانی کۆمار و تەنانەت باری دەروونیی پێشەوا قازی محەمەد دەخاتە ڕوو. هیوادارین بڵاوبوونەوەکەی ببێتە هۆی زیاتر ناسین و ناساندنی ئەو قۆناخەی مێژووی کورد و قووڵکردنەوەی باس و لێکۆڵینەوەکانی پێوەندیدار بە ئەزموونی کۆماری کوردستانەوە، بەتایبەت کە دەزانین ساڵی داهاتوو؛ ١٩٩٦، یادی پەنجایەمین ساڵەی دامەزران و ڕووخانی کۆماری کوردستانە.

مامۆستای کورد



این وصیتنامهء قاضی در دهم فروردین ۱۳۲٦ بحضور اینجانب محمد صدیق صدقی گفته‌اند:

یک پارچه یا دو پارچه قالی یا قالیچه سید رحیم پسر سید جامی با اسبابهای منند، بدهید بخودش و او هم پولی به من مقروض است، اگر داد خوب و اگر نداد مختار است.
گندمی که در تثبیت بوده‌است و مال من است اگر دادند بگیرید.

ماشین فورد ٤٦ هم مال شخص خودم است.

موقعی که مرا بازداشت کردند پنجهزار و دویست تومان در جیبم بوده، از من گرفتند و یکصد و پنجاه و سه تومان هم یک فقره و ده هزار تومان هم سروان شریف به نام حق الوکاله از عیال من گرفته ان را هم پس بگیرید.

معینی سه هزار تومان چیزی زیاد یا کم به من مقروض است و او هم چیزی داده‌است و ساعت که به عنوان هدیه برای من اورده داخل دفتر شرکت کرده و من با شرکت طرف نبوده‌ام.

سید سلام نمیدانم هشت هزار تومان یا چیزی کمتر طلب بر سرم دارد، هرچه خودش گفت به او بدهید.

تلفون را برده‌اند تعقیب نمائید.

اتومبیلی که از بابا شیخ گرفته‌اند انهم مال شخصی خودش است.

چهار جیب که بشخص خودم ... و در اختیار من بوده انها هم مال شخص خودم میباشند.

چون سروان شریف زحمت ... در حدود سیضد تومانی به او بدهند.

اگر ان پانزده هزار تومان بالا اخذ شد به هر یک از سعید همایون و میرزا رحیم که خدمت کرده‌اند یک هزار تومان و به محمد فیروزه خانم هم پانصد تومان بدهید.

خواهر خودم هستند غیر از اغلیان که به اسم خودم ثبت شده، در همهء ترکه پدرم حق دارند، ایشان را راضی نمائید.

عیالم مادر بچه‌ها وصی باشد اطفالها سرپرستی بکند و ملا عبدالله ناظر باشد.

مطبعه هم خودم خریده‌ام مال من است.

مام عزیز قرنی اقا کاری که بر سرش امده به خیالش به تحریک من بوده‌است اگرچه بی خبرم، اما کاری بکنید که مرا ازاد نماید.

میرزا رحمت یا دیگری هرچند از کشتن نجاتش دادم اگر از من چیزی در دل داشته باشد ازادم کند.

نوکرها که این مدت خدمت کرده‌اند زحمت با من کشیده‌اند، نیکی به ایشان کرده و ایشان را راضی نمائید.

بعد از ... چند هزار تومان برایم اسقاط و تهلیل نمائید.

شب ۱۰-۱-۱۳۲٦
امضاء ملا صدیق صدقی و قاضی محمد

## هەندێ سەرنج و ڕوونکردنەوە:

١- ئەم سەنەدەی لێرەدا بڵاودەکرێتەوە بەشێکە لە وەسێتنامەی پێشەوا قازی محەمەد، کە بە خەتتی مەلا صدیق صدقی لە شەوی ١٠-١-١٣٢٦ی هەتاویدا، نیو سەعاتێک پێش شەهید بوونی قازی نووسراوەتەوە و لەژێرەوە ئیمزای مەلا صدیق و قازی محەمەدی پێوەیە. قازی هەمیشە ئیمزای خۆی بە "محمد قاضی" نووسیوە. مامۆستا مەلا سدديقی سدقی ڕۆحانییەکی زۆر بەڕێزی مەهابادی بووە و لە ڕابوردوودا پێشنوێژ و دەرسبێژی مزگەوتی هەباساغای مەهاباد بووە. لە شەوی لە دار درانی قازیدا بۆ وەسێت کردنی قازی و یارانی، ئەویان هێناوە تا وەسێتەکەیان یادداشت بکا.

ئەسڵی ئەم وەسێتنامەیە لەلای "دۆکتۆر عەبدوڵڵا ئەبریشمی" یە. دۆکتۆر ئەبریشمی پیاوێکی هەڵکەوتووی مەهابادە، زاوای قازی محەمەدە و ئێستا لە تاران دەژی. کاک سەعیدی هومایوون کە خوشکەزای قازییە، بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی چەند جێگەیەکی ئەو بەڵگەنامەیە یارمەتییان دام. زۆر سوپاس بۆ گەورەیی و پیاوەتیی هەردوو لایان.

٢- [گندمی که در تثبیت است ]، تثبیت (تەسبیت) ناوی جێگەیەکە و عەمباری دەغڵ و دان بووە.

٣- معینی: محەمەد ئەمینی موعینی؛ وەزیری کیشوەر لە کابینەی کۆماری مەهابادا.

٤- [سید سلام نمیدام هشت هزار تومان]، سەیید سەلامی حوسەینی، ئەرباب (خاوەن)ی دێی سەوزی بووە.

٥- باباشێخ: جەنابی حاجی باباشێخ؛ سەرۆکوەزیرانی حوکوومەتی مەهاباد.

٦- لە دوو جێگەدا ناوی سەروان شەریف هاتووە. ئەم سەروان شەریفە ئەفسەرێک بووە لە پادگانی مەهاباد کە ئەو سەردەمە لە لایەن حوکوومەتەوە وەک وەکیل (پارێزەر)ی بەزۆر دانراو (تسخیری) بۆ پێشەوا قازی دیاری کراوە، پیاوێکی بەڕێز و ڕاستگۆ بووە، پاشتر خاتوو مریەمی کاکاغازادەی خەڵکی مەهاباد بوو بە هاوسەری. زۆربەی ڕووداوەکان لە بارەی قازییەوە و کاروباری بە دادگادانی ئەوی بۆ خەڵکی مەهاباد گێڕابووەوە و ئاشکرا کردبوو.

٧- [عیالم مادر بچەها ... و ملا عبدالله]، مەبەست مەلا عەبدوڵڵای مودەڕڕیسییە.

٨- [اگر ان پانزده هزار تومان بالا اخذ شد به هر یک از سعید همایون و میرزا رحیم ... و به محمد فیروزه خانم]، سەعیدی هومایوونی کەسایەتییەکی بەڕێز و خۆشەویستی مەهابادە (لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگییە) و خوشکزای پێشەوا قازی محەمەدە. میرزا ڕەحیم، میرزا ڕەحیمی جەوانمەردی قازییە. محەمەدی فەیرووزە خانم کارمەندی ئیدارەی دوخخانییات (کارگێڕیی تووتن)ی مەهاباد بووە، تارژەنێگی لێهاتوو بووە و پوورزای قازی بووە.

٩- میرزا ڕەحمەت: خودالێ خۆشبوو میرزا ڕەحمەتی شافیعی، یەکێک بوو لە کەسایەتییە ناودار و دیارەکانی مەهاباد.

١٠- ئاغڵیان: ناوی دێیەکە لە دەوروبەری مەهاباد.

# مارتین هایدیگەر و گۆڕانێکی فەلسەفی *

محەمەد کەمال

ڕوانینەکانی ڕێنە دیکارت دیوارێکی ئەستووری لەنێوان زات و جیهانی دەرەوەدا بەرز کردۆتەوە. ئەگەر تەماشایەکی ئەو دیوارە بکەین، ئەبینین زات و جیهانی دەرەوە بە دوو بابەتی فرە جیاواز و دوور دانراون کە بەیەک گەیشتنیان کارێکی مەحاڵە. تاکە پەیوەندییەک لەنێوانیاندا هەبێت و دیکارت بۆی دیاری کردبێ، لە ڕێگەی زانینەوە ڕوو ئەدات و پەیوەندییەکی ئەپستمۆلۆجییانەیە. ئەمەش ئاکامی ئەو کێشە دوالیستییەیە کە بڕوای بە دوو جەوهەری لەیەکنەچوو هەیە. لەلایەکەوە زات وا ناسراوە کە جەوهەرێکی گیانەکی بێت "Res Cogitans" گۆڕانەکانی ناو کات و شوێن کاری تێ نەکەن. لەلایەکی ترەوە، جیهان بە ماتریال و دینامیکی دانراوە(١). هەروەها دیکارت بڕوای وایە کە زات (منعزل)ە و لە جیهان دابڕاوە تەنانەت وەکوو جەوهەرێکی گیانەکی ئەتوانێ بەبێ جیهانی دەرەوە بژی و بوونی بەردەوام بێت(٢).

دابڕینی زات لە جیهان و بەستنەوەیان پێکەوە لە ڕێگای زانینەوە، دوو کێشەی گرنگن و بیروڕای زاناکانی دوای دیکارتی بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە. بێگومان زۆر فەیلەسووف هەوڵیان داوە چارەسەرێک بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزنەوە، بۆ نموونە فیختە و هیگڵ هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریان داوە کە سیستەمێکی مۆنیزمی بهێننە کایەوە و ئەو دیوارە لە نێوان زات و جیهاندا بڕووخێنن. بەڵام دەورێکی هەرە مەزنیان داوە بە زات و، جیهان بە بەرهەمی زات دائەنێن و بڕوایان بە واقیعیەتی جیهان بەبێ زات نییە. فیختە لەم ڕووەوە ئەڵێ کە جیهان لە زاتەوە دەرچووە و بوونێکی سەربەخۆ و ڕاستەقینەی نییە، بە ڕای هیگڵیش وەکوو لە کتێبەکەیدا The Phenomenology of Mind بە درێژی باسی کردووە، جیهان ڕوواڵەتی زاتە. بەڵام ڕای زانا وجوودییەکان بەتایبەتی مارتین هایدیگەر زۆر جیاوازە و بە شێوەیەکی تر چارەسەری مەسەلەکەیان کردووە.

مارتین هایدیگەر لە کتێبە مەزنەکەیدا Sein und Zeit، لە ساڵی ١٩٢٧دا بڵاوکرایەوە، ڕەفزی کێشەکانی

دیکارتی کردووە. یەکەم: لەو باوەڕەدایە کە زات و جیهان لەیەکتر جیانابنەوە. دووەم: پەیوەندیی نێوانیان تەنیا پەیوەندییەکی ئەپستمۆلۆجییانە نییە، بەڵکە ئەو پەیوەندییەی دیکارت باسی ئەکات ئەوەندە گرنگ و سەرەکی نییە. مرۆڤ پەیوەندیی پراکتیکی و عاطفیشی لەگەڵ جیهاندا هەیە.

مەبەستی سەرەکیی پرۆژەکەی هایدیگەر لەم کتێبەیدا، دۆزینەوەی مانای بوونە بەگشتی. ئەوەی بە شوێنیدا وێڵە سیستەمێکی ئۆنتۆلۆجیی بنەڕەتییە Fundamental Ontology، نەک ئۆنتۆلۆجیی بەشێک یا جۆرێک لە بوون. ئەم سیستەمە بە بنەڕەت دائەنرێت، چونکە "بوون" بنەڕەتی هەموو جۆرە بوونەوەرێکە. هەر شتێک هەبێت، جا گرنگ نییە جەوهەرێکی گیانەکی بێت یا ماتریالی، ئەبێ خاوەنی بوون بێت. "بوون" بنەڕەت و بنچینەی هەموو جۆرە ڕاستەقینەیەکە، بەبێ "بوون" ڕاستەقینەش نابێ. بەم مانا تێکڕایی و گشتگیرییە، "بوون" ئەو بابەتە بەردەستەکییە نییە وەک کورسییەک یا درەختێک. لەبەر ئەم هۆیە "بوون" ناخرێتە بەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانەوە، تەنیا لە ڕێگەی فەلسەفەوە ئەتوانین لە ماناکەی بکۆڵینەوە(٣). سەرەڕای ئەمەش با وا تێ نەگەین کە "بوون" لای هایدیگەر وەک جیهانە فۆرمالیستییەکەی ئەفلاتون و نۆمینەی (کانت)ـە چونکە هایدیگەر بڕوای بە ڕاستەقینەی بەرز و ترانسێندینتاڵی Transcendental بە چەمکێکی نەریتانەی میتافیزیکی نییە. جا ئەم "بوون"ە چییە کە هایدیگەر بەدوای ماناکەیدا وێڵە؟ تەنانەت هایدیگەر ئەم پرسیارە لە خۆی ئەکات و ئەیەوێ ماناکەیمان بۆ ڕوون بکاتەوە(٤).

زاناکانی دوای ئەریستۆ لەو باوەڕەدا بوون کە "بوون" بەم شێوە تێکڕا و گشتییە بابەتێک نییە وەک کورسییەک یا مرۆڤێک تا بناسرێ و پێناسەیەکی بۆ دابنرێت، لەبەر ئەوە هەر هەوڵێ بدەین بۆ ناسینی کارێکی بێهوودەیە(٥). با بزانین چۆن هایدیگەر وەڵامی ئەم زانایانە ئەداتەوە.

بەپێی لۆجێکی ئەریستۆ چەمکێک پێناسە ئەکرێ کە جنسێکی Genus لە خۆی گەورەتری هەبێت. بۆ نموونە چەمکی "مرۆڤ" جنسی لە خۆی گەورەتری هەیە، وەک "زیندەوەر". ئەگەر کەسێ لێمان بپرسێ مرۆڤ چییە؟ لە وەرامدا ئەڵێین زیندەوەرە. بەڵام زۆر شتی تریش هەن وەکوو ئەسپ و پشیلە و...هتد کە ئەوانیش زیندەوەرن، ئایا جیاوازیی نێوان مرۆڤ و ئەو زیندەوەرانەی تر چییە؟ لەم حاڵەتەدا ئەبێ بە دوای جیاوازییەکی جەوهەریدا بگەڕێین کە زۆر بەئاشکرایی مرۆڤ لە زیندەوەرەکانی تر جیا ئەکاتەوە. ئەو جیاوازییە جەوهەرییەش تەنیا لە بیرکردنەوە و ئاگابوونی مرۆڤدایە کە زیندەوەرەکانی تر پێیان نەدراوە. پێناسەکەمان، بە ڕای ئەریستۆ، لێرەدا تەواو ئەبێ؛ مرۆڤ زیندەوەرێکی بەئاگایە. ئەم دەستوورەش پێی ئەوترێ -Pergenus et Diffen tiam. لەبەر ئەوەی "بوون" جنسی لە خۆی گەورەتر نییە و تەنیا بوونێکیشە، جیاوازییەکەی لەگەڵ بوونێکی تردا نادۆزینەوە، ناتوانین پێناسەی بۆ دابنێین. بە هەمان شێوە، ئەشێ زانایەکی ئایدیالیستی، یا بڕوادارێک بگاتە ئەو خاڵەی کە کەس نەتوانێ پێناسەی خوا بکات، چونکە خوا دواجنسە و لە هەموو شتێک بەرزترەو ئەنجا یەک خواشە، جیاوازیی جەوهەرییەکەی لەگەڵ خوایەکی تردا نادۆزرێتەوە. هایدیگەر ئەڵێ: دەستوورەکەی ئەریستۆ بۆ پێناسەکردن بەسەر بابەتەکاندا ئەچەسپێ و بۆ پێناسەکردنی ئەو چەمکانە دانراون کە جنسی لە خۆیان گەورەتر هەیە. بە هیچ جۆرێک "بوون" ناخرێتە ژێر ئەم تاقیکردنەوەیە و بەپێی دەستوورەکەی ئەریستۆ پێناسەی بۆ دانانرێ، چونکە "بوون" بابەتێک نییە وەک بابەتەکانی دەوروبەرمان و لەویش گەورەتر هیچ جنسێک نییە(٦).

وەک وتمان "بوون" بابەتێکی بەردەستەکی نییە، ماناکەشی بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفییانە ڕوون دەبێتەوە. بەڵام بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە و گەیشتن بە ڕوونکردنەوەی ماناکەی پێویستە خاڵێکی دەستپێکردن و سەرەتا بۆ خۆمان دیاری بکەین تا لەوێوە بە مەڵبەندی نیازمان بگەین. هەڵبژاردنی ئەو سەرەتایە ئەوەندە کارێکی

ئاسان نییە، ئەبێ بەها و گرنگیی خۆی هەبێت. هایدیگەر بوونی مرۆڤ Dasein هەڵدەبژێرێ بۆ سەرەتای گەشتە ئۆنتۆلۆجییەکەی، چونکە مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە لە بوونی خۆییی "بوون" بەگشتی ئەکۆڵێتەوە و ئەیەوێ دەرگای نهێنییەکانی بکاتەوە(٧). ئەم هەڵوێستە خاسیەتێکی ئۆنتۆلۆجی ئەدات بە مرۆڤ و ئەیخاتە سەر پلەیەکی بەرزتر لە زیندەوەرەکان و بوونەوەرەکانی تر. جگە لە مرۆڤ هیچ بوونەوەرێکی تر بەدوای نهێنییەکانی بووندا وێڵ و سەرگەردان نییە. مرۆڤیش ئەو گەشتەی، کە هایدیگەر کردوویەتی بە پرۆژەیەکی فەلسەفی، لە بوونی خۆیەوە ئەخاتە ڕێ. ئێمە بەشێکی گرنگی بوونین، پێش ئەوەی لە بوون بگەین ئەبێ لە بوونی خۆمان بگەین، پێش ئەوەی بزانین بوون چییە، ئەبێ لە مانای بوونی مرۆڤ بکۆڵینەوە و لەوێوە بەرەو کێشە گەورەکە بکەوینە ڕێ. با بزانین بوونی مرۆڤ چییە؟ ئەو مەرجانە چین کە مرۆڤ ئەکەن بە مرۆڤ؟

پێش ئەوەی وەرامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، با ئەو خاڵە ڕوون بکەینەوە کە لەناو بیری زۆر کەسدایە. لەسەرەتاوە باسی هەڵوێستە دژوارەکانی هایدیگەرمان کرد بەرامبەر دیکارت، کەچی لێرەدا جارێکی تر وەک دیکارت بوونی مرۆڤی کردووە بە سەرەتا بۆ گەشتە فەلسەفییەکەی. تۆ بڵێی هایدیگەر گەڕابێتەوە سەر ڕاڕەوە ئایدیالیستییەکەی دیکارت؟ ئاشکرایە هایدیگەر و وجوودییەکانی تریش وەکوو کیرکیگارد و سارتەر و مارسێل و یاسپرز لە زاتی مرۆڤەوە دەست پێ دەکەن، بەڵام زات بۆ ئەمان گەلێک لە زاتەکەی دیکارت جیاوازە. زات بۆ دیکارت (منعزل)ە و لە جیهان داپچڕاوە، جەوهەرێکی میتافیزیکییە Res Cogitans خاوەنی خۆڕسکێکی نەگۆڕە کە پێش وجوودی ئەکەوێت لەم جیهانەدا. واتە: پێش ئەوەی مرۆڤ لە دایک ببێت هێزێکی مەزنی نادیار جەوهەری مرۆڤ دیاری ئەکات و بڕیاری لەسەر ئەدات. بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە ئایدیالیستییەوە، هایدیگەر و وجوودییەکانی تر بڕوایان بە بوونی مرۆڤ وەکوو جەوهەرێکی نەگۆڕ و پێدراو نییە.

مرۆڤ، بۆ هایدیگەر، ڕووداوە و خۆی جەوهەر بۆ خۆی هەڵئەبژێرێ و بڕیاری لەسەر ئەدات. مرۆڤ هەرچییەک بێت، ترسنۆک یا شۆڕشگێڕ، بۆرژوا یا چەپڕۆ، هەڵوێستێکە خۆی هەڵیبژاردووە و ئەتوانێ بیگۆڕێ. جەوهەری کۆمەڵێ سیفاتی نەگۆڕ و چەسپاو نین، بەڵکە ئەو سیفاتانەن لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ناو هەڵوێستەکانیەوە دروست بوون. جەوهەری تەواو نەبووە، بەڵکە بەرەو تەواوبوون ئەڕوا. لەبەر ئەوەی کەلەبەرێکی گەورە (مردن) لە بوونیدایە، جەوهەری مرۆڤ ناگاتە بەرزترین نهۆم و پلەی کەماڵ.

با جارێ واز لە مەسەلەی مردن بهێنین و بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەی پێشوومان، ئایا بوونی مرۆڤ چییە؟

هایدیگەر کۆمەڵێ مەرجی ئۆنتۆلۆجیی بۆ داناوین، پێیان ئەوترێ Existentials کە ئەبن بە بنچینە بۆ بوونی مرۆڤ. ئەگەر مرۆڤ هەبێت ئەبێ ئەم مەرجانەی تێدا بێ. گرنگترین مەرجی ئۆنتۆلۆجی بۆ مرۆڤ کە لە سەروو مەرجەکانی ترەوەیە بوونە لەناو جیهاندا In-der-welt-sein(٨). ئەمەش ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێ، بەپێچەوانەی کۆجیتۆکەی دیکارتەوە، کە زاتی مرۆڤ بەبێ بوونی لە جیهاندا، وجوودی نییە. لە لایەکی ترەوە، ئەوەشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هایدیگەر بڕوای بەوە نییە مرۆڤ لە شوێنێکی ترەوە هاتبێتە ئێرە، یا فڕێ درابێتە سەر ئەم ئەستێرەیە. مرۆڤ سەر بەم جیهانەیە. جیهان نیشتمانی ڕەسەنی مرۆڤە. ئەم خاسیەتەش وا لە زات ئەکات کە کاتی بێت و ژیانی هەمیشە بەردەوام نەبێت. بوونی مرۆڤ ڕووداوێکی کاتییە Zeitlichkeit بەرەو چاڵی مردن ڕەوت ئەکات(٩). لە یەکەم ساتی لە دایکبوون و هەناسەدانمان لەبەردەم مردندا قوت ئەبینەوە و ئەبین بە نێچیری، بەبێ ئەوەی بزانین کەی لەناو ئەچین.

مردن هەڵوێستێکی مرۆڤانەیە و بەئاگاوە بەرەو ڕووی ئەبینەوە. تا مردن، جەهەری مرۆڤ هەمیشە ئەگۆڕێ و هەوڵی تەواوبوون ئەدات. لەبەر ئەوەی ژیان کاتییە، مرۆڤ بایەخ بە بوون ئەدات و نیگەران ئەبێت. ئەمەش

لەکاتێکا بەئاشکرایی دەرئەکەوێ کە ئەوەی گەرەکمانە و خۆشمان ئەوێ، لە دەستمان دەرئەچێت یا ئەزانین کە نەفەسکورتە. ئەگەر بوونی ئێمە کاتی نەبووایە و نەمردینایە، بێگومان هەڵوێستمان لە ئاستی بووندا و نیگەرانیمان بۆ بوون و کەسانی تریش شێوە و فۆرمێکی تری وەرئەگرت.

"بوون ـ لەناو ـ جیهاندا" ـ In-der-walt-sein زاراوەیەکی لێکدراوە و لە دوو بەش پێک هاتووە؛ "بوون ـ لەناو" و "جیهان". هایدیگەر، لە شیکردنەوەی ئەم زاراوەیەدا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چەمکی زاراوە فەلسەفییەکان زۆرجار بەپێی چۆنیەتی بەکارهێنانیان ئەگۆڕێ. ئەم زاراوەیەش کاتێ بۆ بوونی مرۆڤێک یا بوونی بابەتێکی بەردەستەکی بەکاری دێنین، ماناکەی گەلێک جیاوازە. کاتێ (لەناو) ژوورەکەمدا دائەنیشم زۆر کەلوپەل لە چواردەورمن. بۆ نموونە: کورسی و مێزەکە، کتێبەکان...هتد. ئاشکرایە لە ڕووی زمانەوانییەوە کە دوو ڕستەی وەکوو: "من لەناو ژوورەکەدام." و "مێزەکەش لەناو ژوورەکەدایە." ئەوەندە جیاوازییان نییە و هەردووکیان شوێنی دوو بابەتی وەکوو (من) و (مێزەکە)مان پێشان ئەدەن. بەڵام وشەی (لەناو) کە بۆ هەردوو بابەتەکە بەکار هاتووە ماناکانی جیاوازن، چونکە هەرگیز بوونی (من) لەناو ژوورەکەدا وەک بوونی مێزەکە نییە. مانای (لەناو) بۆ بوونی مرۆڤ "جێنشین"بوونە کە بە ئینگلیزی ئەڵێن: dwelling. (من) لەناو هەر شتێکدا بم، تیایدا جێنشین ئەبم و بەئاگاوە نیگەرانیشی ئەکەم. ئەمەش زیاتر ئەگەڕێتەوە بۆ ئاگاییم و بیرکردنەوەم. کاتێ لەناو ژوورەکەدام، ئەزانم لەکوێدا ئەژیم، بەڵام کورسییەکە ئەو هەستە ناکات.

بەشی دووەمی زاراوەکە (جیهان) دیسانەوە، بۆ هایدیگەر و وجوودییەکان شوێنێکی فیزیکی نییە کە زاناکان جارێک بە بێسنوور و بێپایانی دائەنێن و جارێکی تریش بە مەحدوود و کەمنەفەس. (جیهان) نیشتمانی مرۆڤە، خاکێکی پیرۆزە، گۆڕانی بار و دۆخەکانی ڕاستەوخۆ کار ئەکەنە سەر دەروونمان و تووشی هەڵچوون و داچوونی عاتیفیمان ئەکەن. بەتێکڕا، هایدیگەر سێ مانای جیهانی بۆ لێکداوینەتەوە:

یەکەم: جیهانێکە پڕە لە کەلوپەل و لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریان ئەهێنین. ئەمەش مانایەکی پراکتیکی ئەدا بە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و جیهان.

دووەم: جیهان ئەو شوێنەیە تیایدا ئەژین یا دەوروبەرە Environment.

سێیەم: بە مانایەکی فراوانتر جیهان مەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونمان. بەبێ جیهان ئێمەش نابین.

لە لێکدانەوەی ماناکانی جیهاندا، هایدیگەر جارێکی تر ئەیەوێ ڕەفزی بۆچوونە ئەپستمۆلۆجییەکەی دیکارت بکاتەوە. مانای یەکەمی جیهان وەک شوێنێک پڕ بێت لە کەلوپەلی بەکارهێنان Equipments لایەنێکی پراکتیکیمان بۆ دیاری ئەکات کە بە ڕای هایدیگەر لە لایەنە ئەپستمۆلۆجییەکە گرنگترە و پێشی ئەکەوێ. بۆ نموونە هەموو ڕۆژێ بە پاندانەکەم ئەنووسم و سێ چوار جاریش بە کلیل دەرگای ژوورەکەم ئەکەمەوە. ئەم هەڵوێستە پراکتیکییە ژیانی ڕۆژانەی هەموومانی داگیرکردووە بەبێ ئەوەی هەموو جارێک کە بابەتەکان بەکارئەهێنین، ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ئایا پاندان چییە؟ کلیل چییە؟ چۆن بیانناسین و چۆن جەوهەرەکەی بدۆزینەوە؟ بڕوا ناکەم کەس هەبێت کە نامەیەک بۆ هاوڕێیەکی ئەنووسێ یا لە دەرەوەی وڵاتەوە تەلەفۆن بۆ خۆشەویستێکی ئەکات لەپێشا بکەوێتە مشتومڕ لەگەڵ خۆیدا و دەست بکات بە لێکدانەوەی مانای "نامە" یا "تەلەفۆن" و بە شوێن جەوهەرەکانیدا بگەڕێت. ناڵێم ئەمە کارێکی خراپە، بەڵام پەیوەندییە پراکتیکییەکەمان یا بەکارهێنانی تەلەفۆنەکە پێشترە prior لە لێکدانەوەی مانا و جەوهەری تەلەفۆن. تەنانەت زانایەکیش کە لە ئازمایشگایەکی کیمیادا کار دەکات و لوولەیەکی شووشە بۆ تاقیکردنەوەکەی بەکاردێنێ، ئەو پرسیارە لە خۆی ناکات کە لوولە یا شووشە چییە و چۆن دروست بووە.

لەم بۆچوونەوە هایدیگەر دوو جۆر بابەتمان پێشان

ئەدات: ئا- بابەتێک لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریان دەهێنین وەک پاندان، کلیل و تەلەفۆن...هتد. ئەمانە بابەتی (بەردەستن) "Zuhandenheit" و سوودیان لێ وەردەگرین و بەهای پراکتیکییان هەیە. بێ - ئەو بابەتانەی لێیان ئەکۆڵینەوە بەهای دیمانەکییان هەیە "Vorhandenheit"(١٠).

بوون لەناو جیهاندا دەستنیشانی "شوێن"مان بۆ دەکات. ئەتوانین بڵێین کە بوون لەناو جیهاندا بوونە لەناو شوێندا. شوێنی مرۆڤ، جارێکی تر لە مانای گشتیی شوێن جیا ئەکرێتەوە. وەکوو زاراوەی (لەناو)، مانای (شوێن) لە بوونێکەوە بۆ بوونێکی تر ئەگۆڕێت. هایدیگەر ئەڵێ شوێنی مرۆڤ، یا دوور و نزیکیی لە شتێکەوە یا کەسێکەوە ئەکەوێتە سەر ئەوەی چەند ئەو شتە یا ئەو کەسەمان لا گرنگە و نیگەرانین. زۆرجار لەگەڵ هاوڕێیەکدا شانبەشان دائەنیشین، بەڵام لەبەرئەوەی گوێ بە بوونی نادەین و حەز لە هاوڕێیەتیی ناکەین، زۆر دووره لێمانەوە، یەکێکی تریش کە خۆشمان ئەوێ و سەدەها میل دوورە، وا ئەزانین لەگەڵیا ئەژیین. پێوانی دووری و نزیکی ئەگەڕێتەوە بۆ نیگەرانیمان (care) یا هایدیگەر ئەڵێ "Fürsorge" کە یەکێکە لە مەرجە ئۆنتۆلۆجییەکان بۆ بوونی مرۆڤ.

بوون ـ لەناو ـ جیهاندا ئەمانگەیەنێتە کێشەیەکی هەرە گرنگتر و مەرجێکی تری ئۆنتۆلۆجی بۆ بوونی مرۆڤ. "من" وەکوو زاتێک تاکە کەسێک نیم لەناو جیهاندا، زۆر کەسی تر وەک من لێرەن هەمان هەڵوێستیان بەرامبەر بە بوون هەیە. بوونی کەسانی تر"mit-sein" مەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونی من. وەک چۆن ناتوانم بەبێ جیهان هەبم، ئاوهاش بوونی من بەبێ بوونی کەسانی تر نابێت. ئەگەر مرۆڤ هەبێت مەرجە ئەو مرۆڤە لەناو کۆمەڵدا بێت. لێرەدا هایدیگەر مەسەلەی سەلماندنی بوونی کەسانی تری بۆ چارەسەرکردووین کە لەلای زۆر فەیلەسوف وەک دیکارت و زانایانی سەر بە ڕاڕەوی هەستەکی بووە بە مەسەلەیەکی گرنگ، چونکە ئەم زانایانە کەسانی تریان لە دەرەوەی زات، وەک بابەتێکی هەستەکی یا هۆشەکی داناوە کە بوونیان بەستراوە بە هەستکردن و و دەرک کردنی ئێمەوە. لەلای هایدیگەر بوونی کەسانی تر مەسەلەیەکی ئەپستمۆلۆجی نییە و کەس ناتوانێ گومان لە بوونیان بکات چونکە مەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونمان. هەروەها ئەگەر کەسانی تر لە دەوروبەرمان بن یان نا، هەست بە بوونیان بکەین یا نا، گرنگ نییە ئەوەی بوونی ئێمە و ئەوان پێکەوە ئەبەستێ نیگەرانییە (care) نەک هەست کردن. مرۆڤێکی کورد، بۆ نموونە، چەندەها ساڵە دەربەدەرە و کەسوکاری نەبینیوە بەڵام خەمیان ئەخوات و نیگەرانیان ئەبێت.

هەڵوێستی زات لە ئاستی کەسانی تردا دوو فۆرم وەردەگرێ: یا کەسانی تر بوونی داگیر ئەکەن و کەسایەتیی خەفە ئەکەن و حوکم بەسەر هەموو هەڵسوکەوتێکیا ئەدەن. ئەمەش لە خۆیدا نامۆیی "Alienation" و بێخۆییە. یا، تاک وەکوو زاتێک خاوەنی خۆیەتی، بەئاگایە، لاسایی خەڵکی ناکاتەوە و خاوەنی هەڵبژاردن و بڕیاردانی خۆیەتی. بێخۆیی و نامۆیی ژیانی زۆربەی خەڵکی داگیرکردووە. لە یەکەم ڕۆژی ژیانی تاکێکەوە کۆمەڵ خوو و ڕەوشتی خۆی بەسەریدا ئەسەپێنێ و ئەو تاکە نوێیە وەک کەسانی تر بیر ئەکاتەوە و لاسایی ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان ئەکاتەوە. ئەم نامۆییە ئەوەندە بارێکی گرانە، کە کەم کەس ئەتوانێ بەئاگابێتەوە و ڕێگای ژیانی تایبەتی بۆ خۆی دەستنیشان بکات، زۆرجاریش مرۆڤ حەز ئەکات بەنامۆیی بژی تا لە لێپرسینەوەکانی ژیانی ڕاکات و بیانوو بۆ خۆی بدۆزێتەوە و تاوانەکان بخاتە ئەستۆی کۆمەڵەکەی. یاخیبوون لەم جۆری ژیانە ڕەفزکردنی کۆمەڵ نییە، بەڵکە خۆناسینەوەیە لە ڕێگای سەربەستی و هەڵبژاردنەوە(١١). بە ڕای هایدیگەر مرۆڤی (خۆناس) داهێنەر و بەئاگایە و زیاتر لە مێژووی گۆڕانەکانی کۆمەڵەکەیدا دەورئەبینێ.

ئەم دوو فۆرمەی ژیان ناکۆک و دژوارن، ناتوانین لە هەمان کاتدا بەنامۆیی بژین و خۆناسیش بین. یا مرۆڤ

نامۆیە یا بەئاگایی ئەژی و خاوەنی هەڵبژاردن و بڕیاری خۆیەتی و لاسایی‌ی کەسانی تر ناکاتەوە. تەنانەت بەکارهێنانی زمان یا وشە لەلای زاتێکی خۆناس ئەبێت بە (تەعبیر) لە ڕاستەقینە، ئەوەی ئەیڵێت یا هەرچییەک بنووسێ دۆزینەوە و کەشفی ڕاستەقینەیە. هەموو هەنگاوێکی بەرەوپێشەوەچوونە بۆ خۆتەواوکردن و گەشەکردن.

## پەراوێزەکان:

* مارتن هایدیگەر Martin Heidegger یەکێکە لە فەیلەسووفەکانی ئەم سەدەیە، لە ساڵی ١٨٨٩ لە ئەڵمانیا لە شاری Messkirch لە دایک بووە. لە سەرەتاوە تیۆلۆجیی خوێندووە، دوایی ڕووی کردۆتە دنیای فەلسەفە لەژێر دەستی هاینریک ڕیکارت Heinrich Richert و ئەدمۆند هوسرەل Edmund Hussrelدا خوێندوویەتی و لە زانکۆی فرایبۆرگ مامۆستای فەلسەفە بووە. لە ساڵی ١٩٢٧دا یەکەم بەرهەمی فەلسەفی و گرنگترین کتێبی "بوون و کات "Sein und Zeit" بڵاوکرایەوە. لە ساڵی ١٩٧٦ لە فرایبۆرگ کۆچی دوایی‌ی کردووە. ئێستا بەرهەمەکانی لە پەنجا بەرگدا کۆکراونەتەوە.

١- Descartes, Rene, Meditations Second Mieditation, NewYork; Penguin Books, 1968. P. 105.

٢- هەمان سەرچاوە.

٣- Heidegger, Martin, Being and Time, translated by John Macquarrie & Edward Robinson, Blackwell Publisher, 1992. Section 2, P. 21.

٤- هەمان سەرچاوە.

٥- هەمان سەرچاوە.

٦- هەمان سەرچاوە، Section 4, P. 24 -

٧- "Dasein" زاراوەیەکی ئەڵمانییە لە دوو بەش پێکهاتووە "Da" واتە لەوێ، "sein" واتە بوون. وشەکەش بەگشتی واتە (بوون ـ لەوێدا). بۆ یەکەم جار هایدیگەر ئەم زاراوەیەی بۆ بوونی مرۆڤ لەوێدا یا لەناو جیهاندا بەکارهێناوە.

٨- هەمان سەرچاوە Section 118, P. 155 -

٩- هایدیگەر بڕوای بە دوو جۆر کات هەیە. کاتی یەکەم بەستراوە بە ژیانی مرۆڤەوە و پێی ئەڵێ Zeitlich-keit، کاتی دووەم کاتێکی فیزیکییە Temporalität.

١٠- هەمان سەرچاوە. Section 115, P. 150 -

١١- هەمان سەرچاوە. Section 268, P. 312 -

# نامەیەکی مێژوویی بۆ:
# شێخ ڕەزای تاڵەبانی و هەواڵی تازە

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:
محەمەد حەمە باقی

## یەکەم

(کەوثەر) نازناوی: قازی (مەلا محەمەد کەریم)ی سەقزییە، کە بە (قازی کەوثەر) ناسراوە، کوڕی مەلا مستەفای کوڕی مەلا محەمەد سەلیمی کوڕی مەلا شەریفی قازییە و ساڵی ١٢٦٥ی کۆچی، بەرامبەر ساڵی ١٨٤٨ زایین، لە سەقز هاتۆتە دنیاوە.

لە سەرەتای خوێندنیا، لای مامۆستایان: مەلا محەمەدی مودەڕڕیسی مزگەوتی سەقز و، دواتر لای مەلا عەبدولسەلام مودەڕڕیسی (بانە) و، ماوەیەکیش لە (بۆکان) لای مەلا محەمەد شەریف و دوو ساڵیش لە (ئوتومیش) لای مەلا عەبدوڵای پیرەباب و، دوو ساڵیش لە (تورجان) لای مەلا عەلی قزڵجی تورجانی خوێندوویەتی...

دوای تەواوکردنی خوێندن، لە (سەقز) بۆتە قازی، ناوناوەش دەرسی وتۆتەوە... لەدوای بەسەربردنی تەمەنی (٦٢) ساڵی، لە ١٢ی جمادی الاخری ـ ی ساڵی ١٣٢٨ کۆچی، بەرامبەر (١٩١٠ زایین) کۆچی دوایی کردووە.

کەوثەر، لە بنەماڵە کۆنەکانی سەقز ـ ن، کە پشتاوپشت بە بنەماڵەی (شێخ الاسلام) بەناوبانگن و خۆیشی بە خەتخۆش و شاعیر و ئەدیب ناسراوە و، دیوانێکی شیعری بە فارسی لەپاش بەجێ ماوە، کە هێشتا چاپ نەکراوە(١)...

جگە لەم دیوانە، کۆمەڵێک نامەی لە دوا بەجێ ماوە، کە ئەمانیش هەموویان بە زمانی فارسین و بە پەخشانێکی ئەدەبیی زۆر باڵا داڕێژراون و، ئەم نامانە، وێنەی دووەمی ئەو نامانەن کە لە ژیانی خۆیدا بۆ دۆستگەل و شاعیران و ڕووناکبیران و لێپرسراوان و وەزیرانی قاجار و نامەیەکیشی بۆ (ناسرەدین شای قاجار- ١٨٤٧ز-١٨٩٥ ز) نووسیونی...

ئەگەرچی لە دیوانە شیعرەکەی و لە ئەلبوومی ئەو کۆمەڵە نامە ئەدەبییانەدا، شیعرەکان و نامەکانیش هیچیان بە کوردی نین.. بەڵام دیارە کە کوردییەکی باشی بە خوێندنەوە و نووسین زانیوە و، شیعری شاعیرانی

کوردی لەبەر بووە و لەگەڵ هێندێکیشیاندا سەروبەندێکی هەبووە... چونکە یەکێک لەم نامە ئەدەبییانەی بۆ شاعیری گەورەمان (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یە...

ئەم نامەیەی (قازیی کەوثەر)، بۆ (شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٨٣٦ز-١٩١٠ز) مێژووی لەسەر نییە، بەڵام بەوەدا کە لە دووتوێی نامەکەدا، دێڕە شیعرێکی (شێخ ڕەزا) تێهەڵکێش ئەکات، کە لەم شیعرەی خواستووە:

**خزمینە، مەدەن پەنجە، لەگەڵ عەشرەتی جافا**
**مێروولە، نەچێ چاکە، بەگژ قوللەیی قافا!**

و، وەک دواتریش باسی ئەکەین، ئەم شیعرە، لە هاوینی ساڵی (١٨٦٥ز)دا نووسراوە، بۆیە ئەبێ ئەم نامەیە دوای ئەو ساڵە نووسرابێ.

**خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا**
**مێروولە نەچێ چاکە بە گژ قوللەیی قافا**
**شێخ ڕەزا**

ئەم نامەیەی (قازی کەوثەر)، چەند لایەنێکی گرنگی تێدایە کە جێی سەرنجن:

١- نامەکە لە بارەی داڕشتن و هەڵچنینی بناغەی ڕستەسازی و وێنەی شیعری و ڕەوانبێژییەوە، پارچەپەخشانێکی ئەدەبیی زۆر باڵا و بە پێز و تۆکمەیە، کە نیشانەی شارەزایی و ئاستی تێگەیشتنی ئێجگار بەرزی (قازی کەوثەر)ە. لە جیهانی ئەدەب و دەنگوباسی ئەدەبی و ئاگاداربوونی لە باس و خواسی شاعیرانی کۆن و شاعیرانی سەردەمی خۆی...

٢- لە نامەکەدا، نیشانەیەکی ئاشکرای پەیوەندیی توند و تۆڵی نووسەرانی هەردوو بەشی کوردستانی دابەشکراوی نێوان قاجاری و عوسمانیی تێدایە...

٢- نامەکە، ئەوە ئەسەلمێنێ، کە شیعر و شاعیرێتی و ناوبانگی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)، کە هێشتا خۆی لە ژیان و لە هەڕەتی لاوێتی و شاعیرێتیدا بووە، لە کوردستانی بندەستی قاجاریدا، زۆر بەربڵاو و لەسەر زاران بووە و شیعری دەستاودەست و گوندا و گوند و شاران گەڕاوە... بۆیە، بۆ ڕووناکی خستنە سەر ئەو زانیارییانە، بە چاکم زانی لەناو نامەگەلە جێماوەکەی (قازی کەوثەر)دا، ئەم نامە گرنگەی لێ بکەمە کوردی، کە زۆری پێوە ماندوو بووم و هەوڵیشم داوە بناغەی ڕستەکان و مەبەستی ئەدەبی و پەیامی (قازی کەوثەر) وەکوو خۆی بهێڵمەوە... ئەمەش دەقی نامەکەیە:

بۆ خزمەتی جەنابی زمانپاراوترینی شاعیران: شێخ ڕەزا
بە سەرگەردی وجوودی بەختەوەرت بم

دوای پێشکەشکردنی ئارەزوومەندیی بێ بڕانەوە، لە بیری درەوشاوەی ئێوەی پایەبەرزدا، ئاشکرابێ و نادیار نەمێنێتەوە...

لەو ڕۆژەوە ئەم کەمینەیە، توانای ئەوەی بووە، مرواریی شایستەی شیعرەکانت و وتەی تەڕ و تازەی گەوهەری بیری دەست بۆ نەبراوی ئێوەی بەڕێز (خوا تەمەنتان درێژ بکات)، لە سەدەف دەربهێنێ و، لە گوێچکەی دڵدا بیکاتە گوارە و، لەلاپەڕەی دڵەی خەمیندا ببنە مایەی سەردانەواندن و بەخشین و، لە کۆشکی باخی بیری کەم و کورتیا، ببنە حوور و غیلمانی بەهەشت و خزمەتگوزارانی سەردارانی تاجدار... سەرومڕی ساڵ و مانگ و، سەعات و ڕۆژ و شەو، ئارەزووی ئەم چاوە فرمێسکاوییە، دیتنی ڕوخساری ئەو زاتە داوێنپاکەیە... دڵخوازی ئەم ستەمدیدەیەی ڕۆژگار، بۆ هەمیشە،

نامەکەی - قازی کەریم - ی
بۆ
شێخ ڕەزای تاڵەبانی

سواد کاغذیست که جناب مستطاب اقای ملا محمد کریم قاضی
خدمت جناب مستطاب افصح الشعرا اقای شیخ رضا سلمه الله
نوشته

فدای وجود مسعودت شوم پس از عرض سلام واشتیاق بی انجام در ضمیر منیر
جناب مستطاب عالی دام فضله مکشوف باشد وپوشیده نماند )
ازروزی که حقیر ارادت تحمیر لآلی کلام آبدار ودر شاهوار اشعار ونتایج افکار ابکار جناب عالی را
دام بقائه در گوش دل گوشوار وبر صحیفه ضمیر اندوه بار بجای تنظیم ونثار وقصور ریاض طبع پر
قصور احور عین وغلمان شهریار ونفوس سلاطین تاج دار قرار داده در عموم سال وماه ودر عالی
لیال ونهار آرزوی این دیده اشکبار مشاهده جمال آن وجود فرخنده تبار وتمنای قلبی این
ستمدیده روزگار با ندامت مطالعه اشعار آن خجسته شعار زبانا وجانا وپوشیده وآشکار
از حضرت خالق پروردگار در لوح سینه پر شرار مسکن التهاب با سوز فراق ونه یم وغمگسار جز
سا ... ست )
... ندمت کسی را که شرح هفت فراق وبار آرزوی حقیر را محل توان کرد بجز پهلوان زمان ... در

ملا عبد الله کسی را نیافت لهذا روی ارادت از غنیمت بتافت وبا بلاغ این مختصر آرزونامه
بشتافت وبمفتاح تصویر این شکایت وکلید تحریر این مختصر حکایت قفل حقه آرزوی
بسته ودیرینه را بشکافت وباستان نساج طبیعت شایقه به نسیج تار وپود دو سه غزل از نتایج
افکار خود پرداخت ودر بافت )
سازم مگر سیاهی چشمان خود مداد تا در لباس نامه ببینیم جمال دوست
هرچند اهدای این قطعات غزل وارسال این ارمغانی به نقاط ومراکز بلدان ونواحی
دولت عثمانی صورت ریزه زیره وکرمانی شال وادعای حفظ خط هنرمندان اصفهانی دارد
علی الخصوص در ناحیه کرکوک با وجود جناب عالی دام فضله چون زر غیر مسکوک کم عیار وبی رواج
ومحکوک مینماید ) لکن چون امکان آن دارد که گاه بحث از حقیر یادکاری وهنگام مطالعه
موجب یادکاری شود بمنطوق لا یکلف الله نفسا الا وسعها اهدای
خدمت شدند یقین است چنانکه گفته اند طاعت ار هیچ نباشد گنهی باید کرد
در دل دوست بهر حیله رهی باید کرد ) حقیر که با رسال این اشعار بی هنجار در دل جناب عالی
راه دوستی را اختیار کرده جناب عالی نیز بکمال مرحمت وانصاف خدا داده خودتان از سستی
ابیات ونقص ارکان آنها صرف نظر فرموده ومقبول طبع گوهر بار خواهید فرمود )
مستدعی وخواهشمندم چند صفحه از لآلی منظومه کلام خودتان از هر قبیل که حاضر دارید خواهش موجود
خواه توحید وخواه نعت وخواه قصیده وخواه تعزیه وخواه قطعه وخواه غزل ... باعی که در این

صفحات بسیار مرغوب ومطلوب خاصه در نزد حقیر صورت گوگرد احمر دارد وصحابت ملا عبد الله اند
برسم هدیه وارمغانی که در نظر ارباب بصیرت تحفه بی بدل اند با جواب حقیر ارسال فرمایید
تا به نشر وترویج آنها اکثیر از این صفحات بلفظ جناب عالی مزین وبدرج صنایع آنها
بیدار نمائیم چنانکه خودتان در مدح ایل جاف فرموده اند حیفه برزی تیغ جوهر لغلافا )
زیاده تطویل ... تحویل باد همه وقت منتظر مژده سلامتی وجودتان وارجاع خدمات والسلام علیکم ورحمة الله
بدون سابقه ابلاغ گفته اند خطا است ولی بسوی هنرمند واهل فضل رواست
سوال کردم ازین نکته از وزیر خرد جواب داد که آری جناب شیخ رضا

خوێندنەوەی شیعری ئەو پیرۆزوتارەیە، کە بە زمان و گیان و، دیار و نادیار، لە پێشگای یەزدانی پەروەردگار، لە سینەی پڕ بڵێسەدا، مایەی هێوربوونی کڵپەی ئاگری دووری و، هاوڕاز و هاوخەمییە...

بەڵێ لەم ماوەیەدا ئەوەی توانای لەئەستۆگرتنی باسی ژانی دووری و، باری ئاوات و تاسەی ئەم کەمینەیەی لە باردا بوو، لە پاڵەوانی دەوران، برای میهرەبان، مەلا عەبدوڵڵا(٢)- زیاتر بە چاک نەزانرا... بۆیە هەلی لەدەست نەدا و بە ناردنی ئەم کورتە ئاواتنامەیە، کەوتە پەلە و بە کلیلی دەروازەی خستنەڕووی سکاڵا و پوختەی ئەم ڕازەوە، قفڵی سنووقی ئاواتی مێژینەی خۆی کردەوە و، بە پشتیوانیی کردگار، جۆڵای باڵای سروشتکار، تان و پۆی سێ غەزەلی (٣)، لە پاڵاوتەی بیری خۆی، داڕشت و چنی:

سازم مگر سیاهی چشمان خود مداد

تا در لباس نامه ببینم جمال دوست(٤)

هەرچەندە پێشکەشکردنی ئەم غەزەلانە و، ناردنی ئەم دیارییانە، بۆ مەڵبەند و هەرێمگەلی دەوڵەتی عوسمانی، وەک ناردنی وردە (زیر)ە و، (شاڵ)ە، بۆ (کرمانی)(٥)... یان وەک لافی خەتخۆشییە لای هونەرمەندی (ئەسفەهانی)(٦)... بەتایبەتیش بۆ وڵاتی (کەرکووک) و کە بە بوونی تەشریفی موبارەکی ئێوە (خوا دەوامی گەورەییتان بدات)، وەک زێڕی قاڵیی کەمعەییاری بێبرەوە، کە شایستەی بەکارهێنان نەبێ... بەڵام ڕەنگە لە کاتی ناوبردنی ئەم کەمینەیەدا، ببێتە مایەی یادگار و لە کاتی خوێندنەوەشدا ببێتە مایەی یادکردنەوە، بە گوێرەی ئایەتی: **لا يكلف الله نفسا إلا وسعها**... بۆیە ناردمە خزمەتتان... چونکە وەک وتوویانە:

طاعت ار هیچ نباشد، گنهی باید کرد(٧)

در دل دوست بهر حیله رهی باید کرد(٨)

منیش بە ناردنی ئەم شیعرە نارێکانە، ڕێگەی دۆستایەتیم لە دڵی ئێوەدا کردۆتەوە... جەنابیشتان بەوپەڕی سۆز و ویژدانی خواپێداوی خۆتانەوە، لە کاڵ و کرچیی بەیتەکان و کەموکووڕیی پایەکانی، چاوپۆشی و، پەسەندی چەشی گەوهەرباری بفەرموون... داخواز و تکاکاریشم چەند لاپەڕەیەک، لە مرواریی شیعری خۆتان کە لە بەردەستدان و ئامادەن، لە هەر بابەتێک بن، چ لە بابەت ستایشی خوا و، چ پیاهەڵدان و، چ قەسیدە و، چ لاقرتێ و توانج و داشۆرین و، چ پارچە غەزەل و چوارینە، کە لەم هەرێمانە لەبەردڵن و، داواکارییان ئێجگار زۆرە، بەتایبەتی لای ئەم کەمینەیە، وەک: گۆگردی سوور وایە، بە ناوی دیاری و خەڵاتەوە، کە لای چاو و دڵڕووناکان، دیارییەکی بێهاوتایە و لەگەڵ وەڵامنامەکەدا، بە مەلا عەبدوڵڵادا بۆمی ڕەوانە بفەرموون، تا بۆ بڵاوکردنەوە و برەوپێدانیان، کەسانێکی زۆر لە وێژەی ئێوەی بەڕێز و دەسترەنگینتان ئاگادار بکەمەوە... چونکە خۆت واتەنی:

(حەیفە برزێ تیغی مجەوهەر لە غیلافا)(٩)

لە کۆتاییدا خوا تەمەنتان درێژ بکات و هەمیشەش چاوەڕوانی مژدەی سەلامەتی و، فەرمانتانم...

بدون سابقه إبلاغ گفته‌اند خطا است

ولی بسوی هنرمند و اهل فضل، روا است

سوال کردم، أزین نکته و أز وزیر خرد

جواب داد: که ارى جناب شیخ رضا است.

## دووەم

هەر ئەو شیعرەی شێخ ڕەزا کە لە نامەکەی (قازی کەوثەر)دا، دێڕێکی هاتبوو، واتە ئەو شیعرەی کە سەرەتاکەی بەم بەیتە دەست پێ دەکات:

خزمینە، مەدەن پەنجە، لەگەڵ عەشرەتی جافا

مێرووله نەچێ چاکە، بەگژ قوولەیی قافا

پێشتر، دەمێک بوو، هەمیشە لە خۆم ئەپرسی: ئاخۆ مەبەستی شێخ ڕەزا لەم شیعرە و، ڕووی دەمی و، واژەی

(خزمینە)ی بۆ کێ بێ؟ لە وەرامدا جارجارە ئەوەم بە بیردا دەهات، کە ئەبێ مەبەستی لە خزمانی خۆی، واتە: (تاڵەبانی) بێت... و تکایان لێ بکات کە لەگەڵ عەشیرەتی ئازا و سەرکەشی (جاف)دا تێک هەڵنەچن... تا ئەم ساڵانەی دوایی، کە ژیانی ئاوارەیی لە شاری جوانکیلەی (سەقز)دا گلی دامەوە. ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێیەکی ئەدەبدۆستمدا، لە هۆزی بەناوبانگ و بەربڵاوی (فەیزوڵڵا بەگ) لە سەقزەوە بە ئۆتۆمبیل بەرەو (بۆکان) ئەچووین...لە نیوەڕێدا لە ئاستی (پیر یوونس)دا هاوڕێکەم لایەکی بۆ لای ڕاستی ڕێگەکە کردەوە و پێمی وت: ئا لێرەدا عەشرەتی (جاف) و هۆزی (فەیزوڵڵا بەگی) شەڕە سەختەکەیان کردووە... وتم: کامە شەڕ؟! وتی: ئەو شەڕەی کە (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) شیعرە بەناوبانگەکەی بۆ وتوون...! وتم: کام شیعرەیان؟! وتی: ئەو شیعرەیان کە ئەڵێ: (خزمینە! مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا...)

ئیتر هاوڕێکەم کەوتە گێڕانەوەی چۆنێتیی ڕوودان و ئاکامی شەڕەکە، کە وەک ئەزانن: عەشرەتی کۆچەری (جاف) لە دێرزەمانەوە تا سەرەتای بەرپابوونی شەڕی یەکەمی جیهان، بەو هۆیەوە کە ئاژەڵدارییان کردووە، ئەم پیشەیەش پێویستی بە دۆزینەوەی لەوەڕگەی بەردەوام هەیە... بۆیە هەموو هاوینان لە دەشتی (شارەزوور) و (کفری) و (کەلار) و (شاکەل) و ئەمبەر و ئەوبەری ڕووباری سیروانەوە، ڕوویان کردۆتە ناوچە کوێستانەکانی خۆرهەڵاتی خۆیان و بە بناری (هەورامان) و (مەریوان) و (شلێر) و (ناوخوان) و (بانە) و (نەکەرۆز) و (سەر شیوی سەقز)دا هەڵگەڕاون و گەیشتوونەتە ناوچە ساردەسێرەکانی (سەقز) و (بۆکان) و (هۆبەتوو)ی نێوان سەقز و (دیواندەرە) و، ناوچەی (ساراڵ) و، تا (بان لێلاخ)ی خۆرهەڵاتی شاری سنە، پەرت و بڵاوبوونەتەوە و بە هەزاران هۆبە ڕەشماڵیان بەم ناوچە بەرین و زۆزانانەدا هەڵداوە و بەدەم کۆچ و ڕەوت و گوزەرانیانەوە، لەم هەرێمانەدا تووشی ماندووبوونێکی زۆر و، دەستە و یەخەبوونێکی هەمیشەی دانیشتووە ئەسڵییەکانی ئەو ناوچانە بوون، کە لەوەڕگەی سەوزی تێدا بووە و بەڵگەنامەکان و ڕێککەوتننامەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانیش پڕن لە گێرە و کێشەی هۆز و تیرە پەرت و بڵاوەکانی (جاف) و، گازندە و هاواری کۆچ و ڕەوی ئەو هۆزانەی هەمیشەی جاف پێشێلی کردوون، لاپەڕەکانی زنجیرە کتێبی (ڕشتەی مرواری)ی مامۆستا عەلائەددین سەجادیش پڕن لە باس و خواسی زۆر شیرین و دەوڵەمەندی ئەو ڕۆژگارانەی (جاف)...لەبەر ئەمە، ئەم دار و باری ژیانە پڕ لە ڕووداوەی جافەکان، گیانێکی سەرچڵ و تووڕەی داونەتێ، کە ناچار بوون لەو کۆچە بەردەوامەیاندا، چەکی پێویست بۆ شەڕ و بەرەنگاری، لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرن و، لەگەڵ زۆر هۆز و خێڵی نیشتەجێدا تووشی شەڕ و بەرهەڵستی بێن و، بەم هۆیەوە ناوبانگیان بە ئازا و شەڕانی دەربچێ! کە دیارە ئەم شەڕەشیان لەگەڵ هۆزی گەورەی (فەیزوڵڵا بەگی)دا، کە لە دەمێکەوە لە ناوچەکانی دەوروبەری (سەقز) و (بۆکان) و (موکریان)دا نیشتەجێن، یەکێکە لەو شەڕ و ڕووداوانەی لە مێژووی (جاف)دا بەسەریان هاتووە.

شایانی وتنە، هۆزی (فەیزوڵڵا بەگی) جگە لە پیاوی ئازا و جوامێر و ناودار، گەلێ شاعیر و هونەرمەندی گەورە و ناسراویشیان تیا هەڵکەوتووە، کە ئەتوانم بڵێم: زۆربەیان شاعیر و هونەرمەندن و، ئەوەی وەک تاقیکردنەوەش لە بارەیانەوە ئەزانرێ، لە دەمێکەوە لە کوردستانی ئێراندا هونەری نیگارکێشان، لەسەر دەستی هونەرمەندانی ئەم هۆزەدا پەروەردە ئەبن، کە بەسەرکردنەوەی یەکەیەکەی ئەو هونەرمەندانە، جێگەیەکی تایبەتی بۆ وتار و لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ، پێویستە. بۆیە ئەگەڕێمەوە بۆ کاکڵی مەبەستەکە و ئەڵێم: کاتێ جافەکان لە ناوچەکانی سەقز و بۆکاندا لەگەڵ هۆزی (فەیزوڵڵا بەگی)دا تێهەڵچوون و بەگژ یەکدا چوون، شەڕەکەیان خایاندوویەتی و هەردوو لایان هێز و لەشکریان بۆ سەر یەکتر کۆکردۆتەوە... کە بەم کارە هەواڵی شەڕەکە بە ناوچە دوورەکانی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)ش وەک زۆربەی خەڵکی ئەو ڕۆژگارە، بە

پەرۆشەوە بە هەواڵەکە سڵەمیوەتەوە و، بە نەفەسێکی زۆر کوردانە و جگەرسۆزانە لە پارچەیەکی تری کوردستانی بندەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، بە واژەی (خزمینە)! ڕووی دەمی لە هۆزی (فەیزوڵڵا بەگی) ئەکات و، داوایان لێ ئەکات لەگەڵ عەشیرەتی (جاف)دا تێهەڵنەچن... هەرچەندە هەڵوێستەکەی (شێخ ڕەزا) زۆر دڵسۆزانەشە، بەڵام لە هەمان کاتدا جۆرێ لایەنداری و، ئاماژەی سووکە هەڕەشەیەکی بۆ ئەوانە تێدایە، کە ئەیانەوێ لەگەڵ (جاف)دا بجەنگن. چونکە (شێخ ڕەزا)ش، وەک خەڵکی تر و وەک لە سەرووتریش وتمان، ناوبانگی (جاف)ی بە ئازا و دلێر بیستووە... کەچی دیارە جوامێرانی (فەیزوڵڵا بەگی)یش ڕادەی بێزاری و تووڕەبوونیان لە دەستدرێژی و بێپەروایی‌ی هەمیشەی جافەکان (وەک ئەڵێن) گەیشتۆتە سەر ئێسقانیان و ئەوپەڕی سنووری دان بەخۆداگرتن و، ناچار بوون بۆ سنووردانان، بۆ زیادەڕۆیی و پێ لە یاسا نانی جافەکان، کە بەهۆی ئەوەوەی لە نێوان هەردوو سنووری قاجاری و عوسمانیدا ژیاون، لە هەر پارچەیەکی ئەو دوو دەوڵەتەدا بێ یاسایی‌یەک بکەن، خۆیان بگەیەننە پارچەکەی تر و، نەکەونە بەر سزا و تۆڵە لێ سەندنەوە... لەگەڵیاندا بجەنگن و، لە ئاکامیشدا بەسەر جافەکاندا سەر بکەون و بیانشکێنن. بۆیە سەرۆکی ئەو سەردەمەی هۆزی (فەیزوڵڵا بەگی)یش، کە ناوی (حاجی سەلیم خان) و نازناوی (حاجی سەرتیپ) بووە، لە هەمان کاتدا شاعیر بووە و سەفەرنامەیەکی هێشتا چاپنەکراوی بە فارسی لێ بەجێ ماوە و تایبەتە بە سەفەری ئەو ڕۆژگارەی (حەج)... دوای بڕانەوەی شەڕەکە و سەرکەوتنی هۆزی (فەیزوڵڵا بەگی)، بە شیعرێکی جوان وەڵامی شیعرەکەی (شێخ ڕەزا) بداتەوە، ، بە هەمان کێش و قافیەش دەست پێ بکات... کە تێکڕای شیعرەکەی (شێخ ڕەزا) وەک لە لاپەڕەکانی ٣ و ٤ دیوانەکەی و، زۆر جێگەی تر و، دواتر لە ژمارە (٢٠)ی ماموستای کورددا بڵاوبۆتەوە، نۆ بەیتە... بەڵام وەڵامەکەی (حاجی سەرتیپ) حەوت بەیتە، کە ئەمەیە:

(شێخ) نەیبیستووە چەند ساڵ لەمەوبەر، لە مەسافا
هەر جافە، چووە، نووکی ڕمی موکریی بە نافا
تیپی عەدوو، وەک پۆلی قولَنگ، ئەو، وەکو شەمقار
تێکی دەشکاند، یەک یەک و، ئەیخست لە مەسافا
(شێخ) بێخەبەرە، لەم قسە مەشهوورە، لە ئافاق
حەربە و ڕمی ئەو بوو، بە جێ ما لە غیلافا
هەر ئەو کوڕە جافە بوو، لەبەر چووبی دلێران
ناڵینی دەهات، هەر وەکو بووکێک لە زەفافا
زۆر کەس، لە جەوانانی ئەوان بوو، بە ئەسیر هات
دەست بەستە وو، تەن خەستە وو، گەردن لە تەنافا
چاک وایە، نەکات مەدحی ئەوان، نەک بڵێ مونسیف
ئەم مەدحە، کە فەرموویەتی (شێخ) لاف و گەزافا
بۆ مەدحەتییان، کافییە، (شێخ) بێت و نەزەر کات
مەعلوومە کە مەعنای لە لوغەتدا چییە (جافا)(١٢)

وەک وتمان، بەو هۆیەوە کە کۆچ و ڕەوی گەرمیان و کوێستانی ساڵانە و بەردەوامی (جاف)، بەو ناوچە بەرینانەدا، گیروگرفتی زۆری بۆ دروست کردوون و بەڵگەنامەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی کە ماوەیەکە زۆریانم لە بەردەستدان و، زۆریانم بۆ کوردی تەرجەمە کردوون و، پڕن لە سنووربەزاندنی جافەکان... بۆیە گەورە لێپسراوانی هەردوو دەوڵەتی ناوبراویش، لەدەست (جاف) بێزار بوون و، سەرئێشەیان بە دەستیانەوە زۆر تووش بووە و، پێیان خۆش بووە جافەکان تووشی تێکشکان و زیان بێن. هەر لەبەر ئەمەشە لە دوای ئەم شەڕەی نێوان ئەم دوو خێڵە گەورەیەی کورد (جاف و فەیزوڵڵا بەگی)، (ناسرەدین شای قاجار ١٨٤٧ز - ١٨٩٥ز) فەرماننامەیەکی لە شێوەی سوپاسنامەیەکدا بۆ (فەیزوڵڵا بەگی موکری)ی سەرۆکی هۆزی (فەیزوڵڵا بەگی) ناردووە... کە تیایدا دەستخۆشانەی (ناسرەدین شای قاجار) دەرئەبڕێ، بەرامبەر بەو سەرکەوتنەی لەو شەڕەدا کە لەگەڵ جافەکاندا کردوویانە، وەک خەڵاتێکیش بەو سەرکەوتنە، فەرمان ئەدا کە مانگانەی

(١٠٠ سەد) تمەنی ئەو ڕۆژگارە، بە سەرانی هۆزی (فەیزوڵڵا بەگی) بدرێ... کە ئێستا (فەرمانەکە) هەر وەک خۆی لە شووشە گیراوە و لە بەگزادەماڵێکی (فەیزوڵڵا بەگی)دا لە شاری (بۆکان) بە دیواری ژوورێکیانەوە هەڵواسراوە و، ئەوەی لەگەڵ ئەم چەند دێڕەدا (فۆتۆ)م کردووە، وێنەی ئەو فەرمانناممەیەیە، سوپاسنامەی (ناسرەدین شا)یە، کە ئەگەرچیش فەرماننامەکە، دوای فۆتۆکردنەکەی من، بە باشی ناخوێندرێتەوە، بەڵام مێژووی ساڵی (١٢٨٢ی کۆچی، بەرامبەر ١٨٦٥ز)ی پێوەیە. بەمەشدا دەرئەکەوێ کە شیعرە ئاماژە بۆکراوەکەی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی): خزمینە مەدەن پەنجە .... لە ساڵی ١٨٦٥ی زاینیدا و، لە جەنگەی شەڕی ناوبراودا وتراوە و، ئەمەش هەواڵێکی تازەیە، بۆ زانینی مێژووی شیعری ناوبراو، کە بەداخەوە شیعری زۆربەی زۆری شاعیرانی پێشینەمان، بۆنە و مێژوویان نازانین و، مەگەر لەم جۆرە بەڵگانەدا بتوانین، ڕووناکی بخەینە سەر تەمەن و بۆنەی شیعری رابوردوومان... بەڵام دیارە شیعرەکەی (حاجی سەرتیپ)ی فەیزوڵڵا بەگی، درەنگتر و دوای شیعرەکەی (شێخ ڕەزا) بە چەند ساڵێک وتراوە.

## پەراوێز

١- تاریخ مشاهیر کرد- تألیف: بابا مردوخ روحانی (شیوا)، ص ١١٨ - انتشارات سروش - تهران ١٣٦٦.

* نامەکەم بەهۆی نەوەکانی بنەماڵەی بەڕێزی (قازی کەوثەر)ەوە، لە سەقز، دەست کەوت. سوپاسیان ئەکەم.

٢- بەداخەوە نەزانرا ئەم (مەلا عەبدوڵڵا)یە کێیە!.

٣- ئەم سێ غەزەلەی (قازی کەوثەر)یش نەزانرا کامانەن، چونکە لەناو شیعرە جێماوەکانی ناوبراودا، شیعری وایان تیا نەبوو کە ئاماژەیان بۆ ئەم مەبەستە لەسەربێ.

٤- واتە: مەگەر لە ڕەشایی‌ی چاوی خۆم، قەڵەمێک ساز بکەم، تا لە دووتوێی نامەکەدا، جوانیی ئەو دۆستەم ببینم، کە پێشتر وێنەی ئەو دۆستە لە چاوما، لە ڕەشایی‌ی چاوما بووە.

٥- واتە: ئەگەر پەرستن هیچ دادێ نەدا، ئەبێ گوناهێک بکەیت، تا بەهەر فێڵێک بێت، ڕێگەیەک بۆ ناو دڵی دۆست بکەیتەوە.

٦-ئەمە پەندێکی فارسییە، چونکە شاری (کرمان)ی ئێرانی، لە (زیرە) و (شاڵ)دا بەناوبانگە.

٧- ئەمەیش هەر وەک پەندی سەرەوە وایە، چونکە هونەرمەندان و خۆشنووسانی (ئەسفەهان) وێنەیان کەمە.

٨- ئەم بەیتە شیعرە، هی (نەشاطی ئەسفەهانی ١٧٦١ز -١٨٢٨ز)یە. بەڵام بەیتەکە لە دیوانی (نەشاطی ئەسفەهانی)دا بەم جۆرەیە:

طاعت ار دست نیاید، گنهی باید کرد
در دل دوست بهر حیله، رهی باید کرد

بروانە: گنجینەء دیوان نشاط اصفهانی - با تصحیح و مقدمه دکتر حسین نجفی - چاپ دوم - چاپ تابش - ١٣٦٢ شمسی ـ انتشارات شرق -ص ٩٦.

٩- ئاماژەیە بۆ شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە سەرەتاکەی ئەمەیە:

خزمینە مەدەن پەنجە، لەگەڵ عەشرەتی جافا
مێرووله، نەچێ چاکە، بەگژ قوللەیی قافا

بروانە: دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی یەکەم- ١٩٤٦ز، ل ٣ و٤.

١٠- ئەم دوو بەیتەی دوایی، شیعری (قازی کەوثەر)ە.

سەرنج: وشەی (کەمینە)م، لە جیاتی وشەی (حقیر)ی عەرەبی بەکاربردووە، بە پێودانی: سەنگین، دێرین، شیرین... هتد دامڕشتووە. ئەگینا ئەزانم وشەی (کەمینە) لە دیوی کوردستانی ئێراندا بۆ (مێینە) بەکار دێ.

١١- مەبەست لە وشەی (شێخ) کە چەند جارێ دووبارە بۆتەوە، (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یە.

١٢- ئەم شیعرە، لە زۆربەی بنەماڵە ڕووناکبیرەکانی (فەیزوڵڵا بەگی)دا هەیە.

# قازی محەمەد لەناو ڕووناکیی مێژوودا

مەحموود مەلا عیززەت

پێشەوای گەل، ڕابەری حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرکۆماری کوردستان. ئەو نازناو و پلە و پایانە، هەر لەخۆوە و بەڕێکەوت، یا بە هێز و سەپاندن، لەناو نەریتی تایەفەگەری و عەشایەری و بە وەراسەت دەست قازی محەمەد کەوتن، یان وەک شەخسییەتێکی ناسراو، خاوەنرێز و زانا و بەتوانا، سیاسییەکی دەرکەوتوو لە مامەڵەی ناو کاری ڕۆژانە و خەباتدا، کۆمەلانی خەڵک بە خواستی خۆیان کردیانە نازناوی سەرکردەکەیان ؟

هەیە وا بیر دەکاتەوە کە ئەوەی لەسەر قازی محەمەد نووسراوە، زیاتر لە سنووری پیاهەڵدان و گەورەکردندا بووە، لەناو سۆزی نیشتمانپەروەری و هەستی نەتەوایەتی و شانازیکردن بە ئەزموونەکەی کۆماری کوردستانەوە نووسراون.

هەشە بێمروەتانە، نەزان و هەرزەکارانە، لەناو بیری تۆڵەسێنانەی پڕ لە ڕق و کینەی ڕەش، باسی پێشەوایان کردووە و، ئەزموونەکەیان نرخاندووە. لەناو ئەوانەدا، نووسەری خۆماڵی و بیانی، گەلێ ڕاستی و خەسڵەت و زانیاریی بەکەڵک و لێکۆڵینەوەیان نووسیوە، نرخاندنی لۆجیکانەیان کردووە، ئاماژەیان بۆ ڕەخنە و کەموکورتییەکان، هەڵە و بۆشاییەکان کردووە. لێرەدا هەوڵ ئەدەم لە چەند لایەنێکی ژیانی پێشەوا قازی محەمەد بدوێم، بە پەنابردنە بەر زۆر لە نووسینی ئەو نووسەرانە.

## ڕۆڵی مێژوویی سەرکردە(١):

یەکێ لە گرنگترین هۆ و هۆکارە چارەنووسسازەکان لە پرۆسەی ڕزگاری و سەربەخۆیی هەر گەل و نەتەوەیەک، سەرکردە و سەرکردایەتییە، چونکە هاوپەیوەندییەکی توندوتۆڵ و گرێدراوی بە سەرجەم فاکتور و هەلومەرجەکانی ترەوە هەیە. ئەم هۆ و ڕۆڵەی بۆ کورد و

گەلانی هاووێنەی کاریگەرانەتر خۆی دەنوێنێ، سەبارەت بەو هۆیانەی کە لای خوێنەر شارراوە نین. هەر لەبەر خودی ئەو هۆیانەشە کە نرخ و سەنگی ڕۆڵی مێژوویی هەر سەرکردەیەک و سەرەنجامی خەبات هەر بەتەنها لە سەرکەوتن و ڕزگاری و گەیشتنە ئامانجدا نییە. هەر ئەم لایەنە بە تاکە پێوانە ناژمێردرێ. بەڵکوو هاوشان بەوە لە پێچەوانەکەشیدایە، لە ساتەکانی نووشستی و شکستیدایە، لەوەشدایە کە لەبەردەم یان لەناو کارەساتی ژێرکەوتندا تا چ ئەندازەیەک گەل لە سەرئەنجامی بار و دۆخەکە، لە کارەسات و نەهامەتیی ناو کارەساتەکە سەرفراز دەکرێ، وزە و هێز و توانای لە تێکوپێکشکان لادەدرێ و بۆ هەلو دەرفەتی تر دەپارێزرێ.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو بۆچوونەوە سەرنجێکی ورد و بابەتییانەی نالەباریی جیۆپۆلیتیک و جیۆستراتیجی هاوپەیوەند بەو زەمینە کە کۆماری کوردستانی لەسەر دامەزرا، نارەسیویی هەلومەرج و عەردی ئامادە نەبوو، هۆ و هۆکارە ناکاملە خۆییەکان، فرەدوژمن و ڕۆڵی خراپی زلهێزەکان، نەبوونی دۆستی ستراتیجی، ئاڵۆزی و گرفتە سەرهەڵداوەکانی ڕۆژانی پێش ڕووخاندنی کۆمار...هتد بدەین و، بزانین ئەوانە، وەک کەمێکی تر زیاتر ڕووناکاییان دەخەینە سەر، لە یەک ساتدا ڕووبەڕووی پێشەوا قازی محەمەد، وەک سەرەککۆمار، بووبن، وا تێدەگەین کە ئەو لەبەردەم سێڕێیانێکی یەک لە یەک تاریک و نوتەکتردا بووە. دەبوو ڕاستەوخۆ و بەڕوونیش بڕیاری خۆی بدات، بڕیارێک کە کۆمار و تێکۆشەران و دڵسۆزانی دەخستە بەردەم ڕووبەڕووبوونێکی خۆڵێلانەدەر: لەناو ئەو هەلومەرجانەدا بەرگری لە کۆمار بکەن، یا بکشێنەوە و خەڵک بۆ ئەرتەش بەجێ بهێڵن، وە یان خۆی بە دەستەوە بدات و، بە مەزنەی خۆی، گەل لە کارەسات و مەهاباد لە وێرانکردن ڕزگار بکات، بەڵێنەکەی خۆشی بەو جۆرە بهێنێتە دی.

هەڵبژاردنی ڕێگەی سێیەم، دیاردەیەکی هێندە هەستیار و نامۆ بوو کە دەبێ زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، وەرامی ڕەزمەندی زۆر پرسیار بدرێتەوە.

بۆ ئەوەی پێشەوا بناسین، لە ڕۆڵی سیاسی و دید و بۆچوونی بگەین لە دوابڕیار و چارەنووسەکەی حاڵی بین، دەبێ باس و لێکۆڵینەوەی بابەتییانە و هەمەلایەنەی ئەزموونەکە بکرێ، دەبێ لە ژیانی پێشەوا: ئایینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و دیپلۆماسی، ڕۆشنبیری، سەربازی، باری سەرنج و بۆچوونی نەتەوایەتی و نیشتمانی شارەزا بین، چونکە هەر بەوانەش نرخاندنی زانستییانەی ڕۆڵ و جێگە و بڕیارەکانی دەکرێ.

بۆ ناسینی قازی محەمەد و زانیاری سەرەتای ژیان و شێوەی پەروەردە و پێگەیشتنی با جارێ پەنا بەرینە بەر سەرچاوەی ڕەسەنی سەردەمەکە (ڕۆژنامەی کوردستان) با بزانین لەو ڕووەوە چی تۆمارکراوە:

"حضرتی پێشوای کوردستان محمد قاضی کوڕی اغا میرزا علی مرحومە لە بانەمەر (اردیبهشت) ١٢٧٩ ﻫ شمسی بەرانبەر بە ٢ محرم ١٣١٨ ﻫ ق لە شاری مهاباد لە دایک بو. ئەم ذاتە زۆر بە چاکی لەژێر دەستی باب و دایکی دا پەروەردە کرا... دوای خوێندنی چەن رسالێکی کوردی و فارسی دەستی بە خوێندنی سەرەدای نحو و صرف کرد هەروا ادامەی بە خوێندن دا تا لە علومی معقول و منقولدا: نحو، صرف، منطق، بلاغە، اصول، فقە، کلام... فارغ التحصیل بو... بێ ووچان لە ڕووی خوێندن و زیادکردنی معلومات و فێربونی زمانی بێگانە دەگەڕا، تا توانی بە وسیلەی مامۆستای تایبەتی زبانی انگلیسی، روسی، فرانسی بخوێنێ و بێجگە لەم سێ زمانە و زمانی زگماکی خۆی کە کوردیە، زمانی عربی، فارسی و تورکیشی زۆر باش دەزانی.

حضرتی محمد قاضی پێشوای کوردستان هەر لە منداڵیەوە خاوەنی گیانێکی بەرز و بەهێز و نیشانی گەورەتی، شجاعەت، لەخۆبوردن دەویدا دیاری دەدا... بێ ووچان لە حقوقی هەموو کوردێک بە تایبەتی هەژاران و لێ قەوماوان لە هەموو جێگایەک دا دفاعی کردووە و

دەیکا. بە طوری کلی ڕشتەی کاروباری مهاباد، سیاسی، کۆمەلایەتی و.... حتی دە دەوری دیکتاتۆری رضاخاندا دە دەستی دا بوو... کاروباری حکومەتیش بی مداخلەی وی حل نەدەکرا و جێ بەجێ نەدەبوو... اموژگاران و شاگردانی مدارس بە وەسیلەی رهبری خۆیان مناسباتی سیاسیان دەگەڵ احزابە ازادیخواکانی عراق، تورکیە، سوریا، بنیادنا، وەختێ کە رضاخانی فاشیست لە کوردستان نفوذی پەیداکرد و بە دەستوری مقاماتی فاشستی لە سەرۆکی فرهنگی لابرا... جنابی محمد قاضی دەگەڵ دوژمنانی شخصی خۆی بەمدارا و دەگەڵ دۆستان بەوفایە بەلام ناتوانێ لەمقابل دوژمنانی نیشتماندا مدارا بنوێنێ".(٢)

دیسان (ر. ک) و گەلێ نووسەری بیانی و فارسی، هەندێ خەسڵەت و ڕەفتاری ئەویان باسکردووە کە: شارەزای مەسەلەکانی ئاین، سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی بووە. پاش هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە بڕیاری خۆی ئەدا ئیتر دوای ئەوە نەیدەگۆڕی... ماڵەکەیان پەناگەی هەموو ئەو کەسانە بووە کە دەکەوتنە ناو کێشە و گرفتەوە. زۆر لەو کچ و ژنانەی تووشی کێشە و پەژارە و گرفت دەبوون پەنایان بۆ قازی محەمەد دەبرد. کەسێکی بە دەم و زمان... پتەو تا ڕادەیەک دیکتاتۆر. "لە بینینیدا بەرامبەرەکەی ناچار دەبوو ڕێزی لێبگرێ. ئەوانەی لەنزیکەوە بینیبوویان بەباشی بۆیان دەرکەوتبوو کە چی شەخسییەتێکی هەیە، هەروەها فرە زوو تێگەیشتبوون کە ئەو چلۆن لە هەموو جێگایەک بۆتە سیمبۆلی کوردایەتی، لەسەرخۆ و مەتین، بە ئارامی قسەی دەکرد."(٣) پێش ئەوەی باوکی ئیجازەی قازێتی بداتێ سەرۆکایەتی مەعاریف و ئەوقافی مەهابادی لە ئەستۆدا بوو. (٤) پیاوێکی ئاگادار و بەڕەوشت و هێمن و دانا... لە خێزانێکی ناودار... پیاوێکی سیاسی بو... مێژووی کۆنی کوردستانی خوێندبووەوە.(٥) تا ئەو سەردەمە هیچ سەرکردەیەکی کورد وەک ئەم تینووی بڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری نەبووە، ڕۆشنبیر و زانایانە، هەر پێش بڵاوکردنەوەی دامەزراندنی کۆمار. لەناو ئەو قەوارە خودمختارییەی هێنرایە ئاراوە، زمانی کوردیی کردە زمانی خوێندن، خوێندنی قوتابخانەی بۆ کوڕ و کچ کردە زۆرەملێ: "لەو تاریخەوە تا ١٠ ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێ کە عومری اقتضای خوێندن بکا دەبێ بینێرنە مەدرەسە ئەڵبەتە هەر کەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بە توندترین مجازات تەنبی دەکرێ."(٦)

بۆ سەردەم و ڕۆژگارێکی وەک ئەو دەمەی کۆمەڵی کوردەواری، لە زانایەکی ئایینییەوە بڕیارێکی وا هەستیار، هەنگاوێکی مەزن بووە، بەو جۆرە خواستی بوو کە کورد لە نەخوێندەواری ڕزگار بکات، "پێشەوا قازی محەممەد ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە وێنەی لە ڕۆژگاری ئەو کاتەی نەتەوەی کورددا زۆر کەم بەدی دەکرا... گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو، بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نزیک بوو... دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆر باش تێ گەیشتبوو... ئەوەندە خۆشەویست بوو... کە خەڵک خۆی نازناوی پێشەوای پێ دابوو...(٧) دیسان هەر قاسملو دەنووسێ: "شەخسییەتی قازی محەممەد پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا پلە و مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە، قازی محەممەد لە شارستانییەت و زانستی تازە و هەروەها وەزع و ڕووداوەکانی جیهانی تەواو شارەزا بوو."

ڕۆڵی دەرکەوتووی قازی محەممەد و شیاویی بۆ ڕابەر، لەو کاتانەوە باشتر دەرکەوت کە هەلومەرجی کەمێ لەبار ڕەخسا بۆ پێکهێنانی دامودەزگای خۆماڵی بۆ خۆبەڕێوەبردن، پێش ئەو دەسپێشخەرییەش، هەر دوای داگیرکردنی هەندێ ناوچەی ئێران، مەهاباد کەوتە بەر مەترسی هێرش و تاڵانی هەندێ تیرەو هۆزی کورد خۆی، ئەو لە هەموو کەس زیاتر بەپەرۆش بوو. لە دانیشتنێکدا لەگەڵ (مامۆستا مەلاڕەحیمی عەبباسی) و قسە و باس و پرسیار لەسەر بارودۆخەکە و ساتەکانی ئەو ڕۆژگارە ئەم سەرگوزەشتەیەی بۆ باس کردین:

شەوێکی لە دەرگا درا... کە کردمەوە، ڕوانیم قازی محەممەد بۆ خۆی بوو، پاش سەلام و هەواڵپرسین،

گوتی: تفەنگت هەیە؟ گوتم: بەڵێ. گوتی: دە هەستە چیت فیشەکیش هەیە هەڵیان بگرە و با بڕۆین. گوتم: بۆ کوێ؟ گوتی: دەڵێن ئەمشەو مەنگوڕ دێنە سەر مەهاباد. پێکەنیم. گوتی: بۆچی پێدەکەنی! دەزانم دەڵێی قازی...، ئێمە بە دوو تفەنگ چیمان پێدەکرێ... ئنجا گوتی: دەسا خۆت...، چونکە ئەوان بە شەو دێن... کە تەقە ڕووبەڕوویان دەبێ، ئەوان نازانن ئێمە چەند تفەنگین... وا دەزانن پێنج سەد بۆیان دانیشتوون... ئەو شەوە چووین، بەڵام هیچ ڕووی نەدا. بۆ سبەینێ کە پێشەوام دیتەوە پرسیم: کەچی کردووە؟ گوتی: بۆ ئەمشەوی سێ سەد چەکدارم هەیە.(٨)

زۆر مەبەستی بوو ئارام و ئاسایش باڵ بەسەر کۆماردا بکێشن، هەر زوو پۆلیس و پارێزەرانی ئاسایش لە مەهاباد ڕێکخران.

چەند گەلەکەی خۆش دەویست هێندەش بە تەنگ گەلانی ترەوە بووە، چونکە: "چوارچێوەیەکی فیکری زۆر بەربەرینی هەبوو و نێونەتەوەیی بیری دەکردەوە، هەموو نەتەوەکانی دنیای خۆش دەویست." "مایەیەکی زۆر بۆ زمان و ئەدەبیاتی کوردی دانا و بایەخێکی زۆری پێدا، ڕەنگە وجود و دەوری چالاکانەی دوو شاعیری گەنج، هەژار و هێمن، لەو هەڵوێستەی قازیدا فرە تەئسیری هەبووبێ."(٩) بۆیە لای مەبەست بوو کە زمانی کوردی پێش بکەوێ و پاکژ بکرێ، بۆ پاککردنەوەی زمانەکە لە وشەی ئەو زمانانەی لەڕێی داگیرکردن و سەپاندنی کولتورێکی نامۆ بە کورد کاری خۆیان کردبووە سەری، کۆڕێکی دامەزراند تا وشەی فارسی و عەرەبی بە وشەی کوردی بگۆڕدرێن.

## هاتنە مەیدانی سیاسییەوە:

سەرەتای چالاکی: هەستی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی نەتەوە لای قازی محەممەد هەر بە سۆزێکی سادە و دوور لە چالاکییەوە نەوەستا، بەڵکو بەهۆی ئەوانەوە و سەبارەت بەوە کە لە خێزانێکی ناسراو و نیشتماپەروەردا پەروەردە بووبوو، هەر لە سەرەتای ژیانییەوە تێکەڵی چالاکی سیاسی بوو. "لە ساڵەکانی ١٩٢٧-١٩٣٠دا کۆمەڵێکی زۆر بچووکی سیاسی کورد دامەزرابوو کە لەگەڵ ڕاپەڕینی ئارارات و خۆیبوون پەیوەندی هەبوو، وە لەگەڵ کوردستانی عیراقیش جاروبار پەیوەندی ڕادەگرت، ئەوانەی لە بەڕێوەبردنی ئەم کۆمەڵە بچووکەدا ناسرابن بریتی بوون لە: (قازی محەممەدی شەهید، شێخ ئەحمەدی سربڵاوا، قازی کاکەحەمەی بۆکان، مەلا محەممەد صادقی قزلْجی و مەلا ئەحمەد فەوزی).(١٠)

ئەو جۆرە پەیوەندییە سیاسییانە، لەگەڵ ڕۆژدا فراوانتر دەبوون، زیاتر لەسەر گۆڕەپانی تەسکی سیاسەتی ئەو سەردەمەدا لای ڕۆشنبیران دەردەکەوت. بۆیە هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کۆمەڵەی (ژ.ک ـ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) کەوتنە سەر بیری خۆنزیککردنەوە لێی تا لە ئۆکتوبەری ١٩٤٤دا لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی و تایبەتی، بوو بە ئەندامی کۆمەڵە و ناوی نهێنی (بینایی) لێنرا. "هەرچەندە قازی محەممەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەبوو، بەڵام ڕابەر و دەمڕاستی کۆمەڵە هەر ئەو بوو."(١١)

دوای ئەم ڕووداوە، ژ.ک گەشەی چاوێنی دەست پێکرد، دانیشتوانی شار و دێهاتی هەر لە مەهابادەوە تا شنۆ و نەغەدە و بۆکان و سەرووی سەقز کەوتنە سەر بیری هاوبەشی کردن، زۆر لە تیرە و هۆزەکان بە هاندانی سەرۆکەکانیان لە ژ. ک ـ دا بوونە ئەندام. پەیوەندی بە بەشەکانی تری کوردستانەوە زیاتر دەبوو، لقی کوردستانی عیراق کە بە لێپرسراوەتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دامەزرابوو، چالاکییەکانی زیاتر دەبوو... بە نامەیەکی تایبەتی پەیوەندی بە بارزانی، کە ڕابەری شۆڕشەکەی بارزانی دەکرد، کرابوو. تا لە مەرام و مەبەستی بگەن، بۆ نەخشەی هاوکاری و یارمەتی.

لەو سەردەمانەدا کە چالاکی و هاتوچۆ زیاتر دەبوون، قسە و باس لەسەر دامەزراندنی کۆمارێ بۆ کورد گەرمتر دەبوو. وەک باسیش دەکرێ سۆڤیەتەکانیش ئامۆژگارییان کردبوو کە کاتی ئەوە هاتووە لە جێگەی

کۆمەڵەی ژ.ک، حیزبێکی دیموکرات دابمەزرێنرێ. ئەم بیرە لەناو ڕۆشنبیرانی کۆمەڵەشدا قسەی لەسەر دەکرا. هەروەک هێمنی شاعیر باسی دەکات:

"دەستەیەک لە ڕووناکبیران و ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە جێبەجێکردنی بەرنامەی کۆمەڵە لە هەلومەرجی ئێستای جیهان و کوردستاندا ئیمکان کەمە، بۆیە بەرنامەیەکی کورت و نوێیان کە لەگەڵ هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا دەگونجا گەڵاڵە کرد و لە ڕۆژی سێی خەزڵوەری ١٣٢٤-١٩٤٥ یەکەم کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد گیرا."(١٢)

ڕۆڵی قازی محەممەد لە خەملاندنی بیری دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بەستنی یەکەم کۆنگرە و داڕشتنی بەرنامە و نووسینی ئاگاداری لەمەڕ دامەزراندن، زۆر دیار و کاریگەر بوو. بەتایبەتی هەموو لەبەردەم گۆڕانێکی گەورەتردا بوون، جەماوەری حیزبەکە و ڕێکخستنەکەی، بە جۆرێ بەرین بوو کە نەدەتوانرا بە ماوەیەکی کورت بگیرێنە باوەش، داخوازییە: کۆمەلایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری و سیاسییەکان ڕوون و ئاشکراتر کران، قازی محەممەد وەک ڕابەری حیزب جێگەی پتەوتر و خۆشەویستتر دەبوو. ئەو گۆڕانەی کە هەمیشە جێگەی ڕەخنە و مشتومڕ بووە "ئامانجە مێژووییەکەی نەتەوەی کورد" بوو کە کۆمەڵەی ژ.ک کردبوویە دروشم و ستراتیجی خۆی، "یەککگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان" گۆڕدرا. ئەگەر لە ڕووی باری نێودەوڵەتان، هەڵوێستی یەکێتیی سۆڤیەت، بار و دۆخ و هەلومەرجە خۆییەکان، جیۆپولیتیک و جیۆستراتیجی لەمەڕ کوردستان، ڕژێمی تاران، هەڵوێستی گەلی فارس بەرامبەر مافی چارەنووسی کورد، بیروڕای حیزبە ئێرانییەکان بە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانیشەوە...هتد ئەگەر بە لەبەرچاوگرتنی جۆری سازانی ئەوانە لەگەڵ ئەو گۆڕانە، وەک هەنگاوێ لە وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان، ئەو هەنگاوە بۆ ئەو گۆڕانە، بنرخێنرێ، وا بۆ ئەو سەردەمە هەر دەتوانرا ئەوە بکرێ، چونکە کاروبار و ڕووداوەکان نە لە دەست کورددا بوون و نە بە حەزی کورد دەسووڕان. بۆیە تا ئێرە هەڵەیەک نەکرابوو کە زیانی گەورە، کاتی، ڕاستەوخۆ لە جووڵانەوەی نیشتمانی کورد و کۆمار بدرێ. بەڵام هەڵەی گەورە لەوەدا بوو کە ئەو گۆڕانە کرا بە ستراتیجی جووڵانەوە، تا ئەو کاتە و تا ئەوێ گۆڕانەکە بۆ خۆگونجاندن بوو لەگەڵ هەلومەرجەکاندا. بەتایبەتی ئەوە زیاتر لە بەرنامە و لە پرۆسەی گفتوگۆدا دەردەکەوت، بەڵام لەناو مامەڵە و ناو کرداردا: جەمهوریەتی کوردستان بە دامودەزگای وەزارەت و بەڕێوەبردن، سوپا و هێزی چەکدار، ئاڵای سێ ڕەنگ، مامەڵەی سیاسی و دیپلوماسی و پەیمانبەستن، وتووێژ وەک لای دووەمی خاوەن قەوارەیەکی یاسایی و مەعنەوی، میدیا و ڕادیۆ و چاپەمەنی، زمانی کوردی کردنە زمانی خوێندن و ڕەسمی...هتد ئەوانە هەمووی لەناو دیدی سیاسەتمەدارانی ڕژێمیشەوە، دووربوون لە خودموختاری... زیاتریش لەوە هەر لە یەکەم کۆنگرەی ئەم حیزبە تازە بە وەڵەد بووە، لە ئاگادارییەکەی لەمەڕ کۆنگرەکەدا دروشم و ئامانجە ستراتیجییەکە زۆر بەئاشکرا تۆمارکرا و دانی پێدانرابوو، ڕۆژنامەی کوردستان ـ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ژمارە ٣٠٢ لەژێر سەرباسی وتاری سەرەکییدا:

"تێوەرسووڕانی پێنجەمین وەرزی هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان" نووسیوێتی: "پێنج وەرز لەمەوبەر دە بەرواری ٢ی مانگی خەزەڵوەردا هەوەڵین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە باژێری مهاباد بە اشتراکی ٢٧٠ نفر نوێنەرانی تەواوی چینەکانی کوردستانی مەزن ساز بوو.... وەکی معلومە لە دوژمنانی نەتەوەی کورد ایمە دایمە داوایان دەکرد کە گوایا یکەتی ارادە و امانج دەنێو نەتەوەی کورددا دەگۆڕێ دا نیە... بەڵام دیسانەکەیش ارادەی یکەتی خوازی پی بی هێز نەکرا و لە کوردستانی داگیرکراوی سوریە و عراق و تورکیەدا چەند نوێنەرێک بۆ اشتراک کردن دە کۆنگرەدا، هاتنە مهابادی، نوێنەری کوردستانی داگیرکراوی عراق دە کونگرەدا ڕای گەیاند کە "دەبی

تەوای کوردستان یێک کەوێت مرامی حزبی دیموکراتی کوردستان ڕزگارکردنی تەواوی کوردستانی داگیرکراوە... نوێنەرەکانی کوردەکانی سوریە گووتی کە: ایمە بەتەواوی هێزی خۆمان حاضرین کە بەگوێرەی مرامنامەی حزبی دیموکراتی کوردستان تێ بکوشین و ئەمن سلاوی گەرم و گوری دانیشتوانی کوردستانی سوریە و لوبنان بە خەڵکی قارەمانی مهاباد و بە نوێنەرانی کۆنگرە ڕادەگەیەنم... پێشەوای شهیدی نەتەوەی کورد قاضی محمد دەو کونگرەیەدا نطقی کرد و لە پاش بەخێرهێنانی نوێنەران و دووان لەمەڕ ئەو مەبەستانەی ژووروو ڕای گەیاند کە...هتد دە هەوەڵین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان دا ڕیزە قرارێک قبول کرا... هەروەها کۆنگرە لەپاش تەواوکردنی کاروباری خۆی اگادارییکی بڵاوکردەوە... هەوەڵین کونگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان لەپاش چەند ڕۆژ سکالا بە اشتراکی نوێنەرانی تەواوی نەتەوەی کورد ئەو نتیجەیەی وە دەست هێنا کە دەبێ کوردستان رزگار و سەربەست و یێک بێت... نهایت کونگرە بە سەرۆکایەتی قاضی محمد کومیتەی ناوەندی هەڵبژارد و پێ ی ئەسپارد کە لەوروا بەگوێرەی مرام و نظامی تصویب کراوی کونگرە دەست بەکار بکات."(١٣)

لەوەدا دەردەکەوێ کە ئەو دامەزراندنەی حیزبی د.ک لە جێگەی ژ.ک، نەبووە هۆی لاوەنانی یەکجارەکی و پێچانەوەی ستراتیجەکە. ئەوەی نائاسایی و بە زیان بووە لەو کارەدا ئەوە بوو کە خودموختاری لەدوای کۆماریش کرا بە تەوقێک و خرایە گەردنی جووڵانەوەی نیشتمانی کورد، دوایی تریش وشەی ئێرانیش لکێنرا بە پاشکۆیەوە، کارە خراپەکە لەوەدا بوو کە کوردستانی عیراقیشی گرتەوە، بە جۆرێ کە تا ئێستاش نەتوانراوە ئەو تەوقە بشکێنرێ و هیچ لایەک تەواو خۆی لێ ڕزگار نەکردووە.

ئەگەر دامەزراندنی ح.د.ک لە جێگەی کۆمەڵەی ژ.ک بە خواستی ڕێکخستنەکەی ژ.ک نەبووایە، تەنانەت بە خواستی لێپرسراوانیشی نەبووایە، کارێکی نائاسایی و سەپێنراو بووایە، وا دەبوو ئەو ناڕازییانەی ناو کۆمەڵە ملیان بۆ ئەو سەپاندنە دانەنەواندایە، یا کاریان نەکردایە. یا دەبوو پاش لێکهەڵوەشاندنی کۆمار بووژایەتەوە و بکەوتایەتەوە خەبات، دەبوو حیزبی دیموکرات بڕووخایە و جارێکی تر سەری هەڵنەدایەتەوە، هەروەک چۆن ژ.ک سەری هەڵنەدایەوە. کەچی وەک دەزانین ئەوانە هیچیان ڕوویان نەدا، بەڵکو پێچەوانەکانیشیان ڕووخساری جووڵانەوەی نیشتمانی کورد بوون، بەڵام بە تەوقەکەوە. بۆچی؟ چونکە ڕابەرانی نوێ دەرکیان بە جیاوازیی هەلومەرجەکانی ئەو دوو پلە تەواولەیەکجودایە نەکرد.

## لەدایکبوونی جەمهوورییەتی کوردستان ڕادەگەیێندرێ:

دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دووەم سەفەری نوێنەرانی کورد بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد بۆ باکۆ و گەڕانەوەیان... مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەری ڕوخساریان تەواو گۆڕا. خەڵک چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە مێژووییەیان دەکرد کە سەدان ساڵ بوو خەویان پێوە دەبینی. پاش چوار ساڵ لە بێدەنگی یەکێتیی سۆڤیەت، وا ڕەزامەندی خۆی نیشان دا بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی خودموختار، دوای ئەوەی تەقەلای بەستنەوەی کورد بە پاشکۆی ئازەرەوە لەبەردەم پێداگرتنی کوردا بەتاڵ بووەوە.

ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٢٢ جانیوەری ١٩٤٦) لە چوارچرا و بە ئامادەبوونی دەیان هەزار کەس، لەدایکبوونی "جەمهوورییەتی کوردستان" ڕاگەیەنرا و پێشەوا قازی محەممەد بە سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا. دامودەزگاکانی، هەر لە کابینەی وەزارەت و ئیدارە گشتییەکان تا قوتابخانە و دایەرە جۆربەجۆرەکان دامەزرێنران. یان شێوە و داڕشتنی نوێیان گرتە خۆ و کەوتنە کار.

خەسڵەتە هەمەجۆرەکانی کۆمار، نیشتمانی و ئازاد و

دیموکرات، خۆشەویستی جەماوەر بۆی، باری ئاسایش و ئامادەیی خەڵک بۆ فیداکاری، سروشتی نەتەوایەتی و هاوپەیوەندی بە بەشەکانی تری کوردستانەوە، پەیوەندی دۆستانە و چارەنووسگرێدراو لەگەڵ ئازەربایجان، باری سەربازی و شەڕ و پێکادان، وتووێژ و نە شەڕ و نە ئاشتی، باری ئابووری و گوزەرانی خەڵک، باری ڕۆشنبیری و خوێندەواری، میدیا و ڕادیۆ و چاپ و چاپەمەنی...هتد لەو ماوە کورتە کەمتر لە یەک ساڵدا، کار و شوێنەواری چاوێنی ئەو ئەزموونە بوون، لەگەڵ ئەو هەموو گیروگرفت و تەنگوچەڵەمانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبوون.

"ئەمن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکایی و یەکێکی فەرانسەیی چووینە مەهاباد کە بە چاوی خۆمان کۆماری خودموختاری کوردستان ببینین و لەگەڵ سەرکۆمارەکەی قازی محەممەد وتووێژ بکەین. ئێمە بەتەواوی بۆمان ڕوون بووە کە ڕێوشوێنێکی کوماری ڕێک و پێکی کورد وجودی هەیە... ئێمە بە دیتنی قازی محەممەد هەستمان کرد کە ناوبراو نفوز و بەڕێزی یەکی کاریگەری هەیە لەنێو زۆربەی گەلدا... قازی پیاوێک بوو خاوەنی جەسارەت و ئازایەتی و بە کاری یەکی بێ وێنە، خاوەنی مەنتیق و وتاردەرێکی کاریگەر و بە برشت بوو و بەتەواوی هێزی خۆیەوە تێدەکۆشێ ڕێوشوێنی کوردستان لەسەر بنچینەیەکی پتەو و قایم و خاوێنی دیموکراسی، بگۆڕیت. (١٤)

"لە کۆڵان و شەقامەکانی مەهاباد بەئاشکرا دەکرا گوێ بدەیتە ڕادیۆکانی ئیستانبول و لەندن، بەڵام لە تەورێز گوێ دان بەم ڕادیۆیانە تاوانێکی مەزن بوو سزای مەرگی بۆ داندرابو.(١٥)

## ماماڵەی دیپلۆماسی لەناو هەلومەرجێکی ئاڵۆزدا:

جیۆپۆلیتیک وەک هاوپەیوەندیی نێوان جوگرافیا و سیاسەت، وەک زانستی لێزانینی کارتێکردنی سروشتی جێگە و دەوروبەر لە ماماڵەی دیپلۆماسی هاوپەیوەند پێیەوە، تا ڕادەیەکی دوور دەستەبەر و ڕێنمایی جۆری ئاراستەکردنی ڕۆڵی سروشتی (یەکە) جوگرافییەکانە لە بڕیاردانی سیاسەتی دەوڵەت. ئەم و لقە هەستیارە تەواوکەرەکەی (جیۆستراتیجی) کە هاوپەیوەندیی فاکتۆرە جوگرافییە کارتێکەرەکانی سەر ستراتیجی دەوڵەت واڵا و دەستنیشان و پێناسە دەکا... ڕێنما و زامنی بڕیارن.(١٦)

لەمەوە دەتوانرێ بگوترێ، ڕادەی ڕاست و دروستی بڕیاری سەرکردە و سەرکردایەتی لە کێشەی هاوپەیوەند بەوانەوە، تا ڕادەیەکی دوور بەستراوەی ئاستی شارەزایی و تێگەیشتنی باری جیۆپولیتیک و جیۆستراتیجە.

ئەگەر ئەو پرنسیپە گشتییانە بکەین بەتایبەتی بۆ کوردستان و، بۆ ئەو مەڵبەندەی کۆماری کوردستانی لەسەر دامەزرێنرا، وا توند و تۆڵتر ئەو هاوپەیوەندییانە خۆیان دەنوێنن، یەکتر دەگرن و زیاتر ڕووداوەکان، لە ماماڵەی سیاسی و لە پرۆسەی دیپلۆماسیدا ئەوقی خۆیان دەکەن... بۆچی؟ ئەوە سەبارەت بە گەلێ هۆی تایبەتە بە کوردستان، لەڕووی: دابەشبوون بەسەر چەند دەوڵەتێکدا، فرە دوژمن و ئابڵۆقەی کوردستان، دابەشبوونی هێزی مرۆڤی و ئابووری و زەمینی کورد و نیشتمانەکەی، کە جگە لە کاری پڕ لە زیانیان، بوونەتە هۆی زەمینەخۆشکردنیش بۆ دەرپەڕاندنی ڕۆڵی فاکتەری کورد، وەک هێزێکی مرۆڤی گەورە، ڕۆڵی خەسڵەتە ستراتیجی و ئابوورییەکانی کوردستان، لەناو ستراتیجی زلهێزەکان لە ناوچەکەدا... سەرباری شێواندنی سروشتی گەشەکردن و ڕوخساری جووڵانەوەی نیشتمانی و ئامانجەکانی. ئەم دیاردەیە هەر لەو سەردەمەی کۆمارەکەوە تا ئێستاش یەکێکە لەو هۆ گرنگانەی کە کێشەی کوردی لە زۆر لاوە زیاتر ئاڵۆز و دابڕاو و بێ دۆستی ستراتیجی کردووە، بە جۆرێ کە تەنانەت لە مێژووی جەنگی سارد، بە شێوە

کلاسیکییەکەی و، ناکۆکی و ململانێ نوێیەکان، ڕۆڵێکی نەبێ یان نەیدرێتی، یا ڕۆڵێکی کاریگەر و کارتێکەری وای نەبێت. (١٧)

ئەگەر لەگەڵ ئەوانەدا، کۆی کێشە و تەگەرە و گرفتە جۆراوجۆرەکانی ناوخۆ و دەوروپشت بهێنینە بەرچاو، لەبەر ڕووناکییان نرخاندنێکی بابەتییانەی دیپلۆماسییەتی سەرکردایەتی کۆمار بکرێ، بە ڕەچاوکردنی تەنها دەربازگەی ئازەربایجان ـ سۆڤیەت، بە هەموو گرێ و گۆل و کۆسپەکانییەوە، لایەنی تاران و گفتوگۆ، کە لەڕاستیشدا، کوێرەڕێیەک بوو دەشبوو وازی لێنەهێنرێ. وە کە بە سوودی تاران و چەواشەکردنی کورد کۆتایی دەهات... وا دەزانرێ کە مامەڵە دیپلۆماسییەکە چۆن پێچراوەی ناو کێشە سەختە لە چارەسەر نەهاتووەکان بوو.

گومانیش لەوەدا نییە کە ڕادەی سەرکەوتنی سیاسەتێ، مامەڵەیەکی دیپلۆماسی، بڕیاری سەرچاوە و ئەندازیاری سیاسی، زیاتر هاوپەیوەندی خورتیی هێز و مەڵبەندەکەیەتی، لەگەڵ هەموو ئەو هەلومەرجانەی سەنگی خۆیان لە ناکۆکی و ململانێیەکەدا دەبینن.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی خودموختارییەکەی کوردەوە (١٩٤٢) لەو بەشەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، بە گشتی و، لە دامەزراندنی کۆمارەکەوە بە تایبەتی، سەرباری ئەو هەموو گرێ و گۆل و کێشە و ئاڵۆزییانەی ناوخۆ، هەرێمی و نێودەوڵەتاندا، هەروەک قەوارەیەکی سەربازی، تەمەنی کورتی لەناو کرژیی سەبازی، شەڕ و پێکادان، نە شەڕ و نە ئاشتیدا بردە سەر.

لەسەر ئەو زەمینەیە و لەناو ئەو ئاووهەوایەدا بوو کە پێشەوا مامەڵەی سیاسی و دیپلۆماسی خۆی دەکرد و دەجووڵا. ڕووی سیاسی و ڕۆڵی ڕابەریی قازی محەممەد، هەر لە یەکەم سەفەری نوێنەرانی کورد بۆ باکۆ (سەرماوەزی ١٣٢٠) کە نوێنەرانی سۆڤیەت دەستنیشانی کردبوون، دەرکەوت، کە زیاتر بۆ ناسین و ئاشنایەتی بوو، هەرچەند بە سەفەری فەرهەنگی ناو دەبرا، بەڵام سروشتی سیاسی شاراوە نەبوو، زیاتر لەوە نوێنەرانی دانیشتوانی ناوچەیەک بوون، بێ خاوەن، لە ڕووی حکوومەتەوە، چونکە دامودەزگای تاران یا نەمابوو یا ڕۆڵی لە دەست دابوو، ناوچەیەکیش بوو کە لە مێژەوە ڕۆڵی سیاسی خۆی بینیبوو. هەرچەندە لەو سەفەرەدا هیچ دەستگیر نەبوو، بەڵام دیسان بێ ئومێد نەکرابوو، جگە لەوە قازی محەممەد تا ڕادەیەک لە بیروڕای سۆڤیەتەکان حاڵی ببوو و زیاتر ئاشنایەتی پەیدا کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا قازی محەممەد دۆستایەتی خۆی لەگەڵ ئەو ڕۆژئاواییانەی لە ناوچەکەدا بوون باشتر دەکرد، بە مەبەستی دۆست پەیداکردن و سوودوەرگرتن لە هەلە ڕەخسیوەکە.

"لە سیپتامبەری ١٩٤١دا دوو ئەفسەری ئینگلیزی و ئەمەریکایی گەیشتنە مەهاباد، بە هۆی ژنێکی نەرویجییەوە، پلانێکی نادیار بۆ کوردستانێکی گەورە خرایە بەردەمیان، بەڵام ئەفسەرەکان هیچ جۆرە هاندانێکیان لێ دەرنەکەوت، ئیتر دوای ئەوە بوو کە گفتوگۆی سیاسیانی کورد لەگەڵ ڕووسەکاندا دەستی پێکرد.(١٨)

"ئارشی ڕۆزفلت" کە ئەفسەرێکی موخابەراتی ئەمەریکایی بوو لە سەفارەتی وڵاتەکەی لە تاران، هاتوچۆی مەهابادی کردبوو و پێشەوای بینیبوو، هەر هەمان هۆ و ڕا بۆ ئەو پەیوەندییە ئاشکرا دەکات، وەکوو لەدواییدا باسی دەکەین.

هەوڵێکی تری ڕاستەوخۆی پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ ئینگلیزەکان بوو، دوو نوێنەری خۆی ناردە تەورێز تا کونسولەکەیان ببینن بۆ ئەوەی لە ئایندەدا پەیوەندی ڕەسمی ببەستن، بەڵام "عبدالرحمن زەبیحی" و "علی ڕیحانی" وەرامێکی نادیار و بێ ئومیدیان دەستگیر بو."(١٩)

هەرچەندە پێشەوا ڕابەری ئایینیش بوو، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی شارستانییەت بوو، ئاسۆی بیر و ڕوانگەی بۆ جیهان کراوە بوو... "هەر لەسەرەتاوە چەند پروتستانتێکی ئەمریکایی و دکتۆرێکی ئەڵەمانی دۆستی بوون لە مەهاباد."(٢٠)

"هەمیشە لەگەڵ ئەو بیانییانەی کە لە وەخت و ناوەختا دیدەنی مەهابادیان دەکرد گەلێ بەڕێزەوە ڕەفتاری لەگەڵ دەکردن، دۆستایەتی لەگەڵ ئەمەریکاییەکاندا گەرم بوو."(٢١)

کاتێ پێشەوا لە تاران دەبێ بۆ وتووێژ لەگەڵ سەرەکوەزیران قوام السلطنە لە دیدەنییەکی ڕۆژنامەی (رهبر) لەناو پرسیارەکانیدا ئەم پرسیارەش دەکات: "بۆچی فرانسەوی راجع بە مسئلەی کورد زۆر علاقە دەنوی نی و ایا ئەو خبرەی مخبری فرانسەوی بە زمانی تووە گوتویە: "ایمە هەر وەختێک کە کەیفمان لی بی کرماشان وە دەست دەگرین" ڕاستە یان نا؟"

وەلام من پێم وایە فرانسەوی دەگەل کوردان نظرێکی خراپیان نیە، لە سوریە ئەوەندەی لە دەستیان هاتبی کومەکیان بە کوردان کردوە. راجع بە خبریکی مخبری فرانسە لە زمان منەوە گتویە، هەوەل ئەوەیە کە ئەم قسەیە بۆ ئیستاکە ایمە لاگیری ئەوەین مسئلە بە مسالمەت حل بی مربوط نیە، دووەمیش ئەمەیە کە منظور دە دەست گرتنیکی غاسبانە و امپریالیستی نەبووە بەلکو مقصود ازادکردنی بەشیک لە هاونیشتمانان و کۆمەلیکی پتر بە ازاد تەواوی ایران بووە. دیسانیش دەلیمەوە کە دەولەتی ایستا ئەو جورە نظریانە کە هی زەمانی حکومەتە ارتجاعیەکانی پیشوە لە ناو دەبا."(٢٢)

کێشەی گەورەی بەردەم دیپلوماسییەتی پێشەوا قازی محەممەد، هەر ئەوانە نەبوون، بەڵکو ئاڵۆزتر لەوانە لەوەدا بوون کە دۆستەکانیشی لەناو جۆرێ لە پیلان و ئەوقکردن و لاوازکردنی کۆماردا بوون، نەک هەر لە ڕووی سیاسییەوە بەڵکو لە ڕووی ئابووری و چەک و ئازووقە، سیاسی و یاسایی، کێشەدروستکردن، ناکۆکی و ململانێ لەسەر سنوور بەتایبەتی کاتێ کە ئازەرەکان پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە شارەکانی (خۆی، سەلماس، میاندواو و ورمێ) کورد نین و دەبێ لەناو سنووری کۆمارەکەیداندا بن، گفتوگۆ و دانیشتن و دووجار سەفەری پێشەوا خۆی بۆ تەورێز بێ ئەنجام کۆتایی دەهاتن.

دیارە ئەمەش هەر لەناو بەشێکی نەخشەی پاشەڕۆژ سەیری دەکرا، بەتایبەتی سیاسەتی ڕووسەکان چەند سەری بووە و بۆ هەر لایەک ئامانجێکی دیاری بۆ دانراوە:

"ڕووی سیاسەتی ڕووسەکان بەرامبەر بە ئێران دوو لایەنی و دوو ڕوو بووە، مولۆتوف، وەزیری دەرەوە لەگەڵ سادچیکوف سەفیریان لە تاران لەگەڵ وەرگرتنی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی سەرووی ئێران. "بیریا" دەستەڕاستی ستالین و باقرۆف سکرتێری یەکەمی حیزبی کۆمۆنستی ئازەربایجانی شوورەوی جارەها قسەیان لەسەر پێوەلکانی ئازەربایجانی ئێران بە تەعبیری ئەوان "ئازەربایجانی خواروو" بە بەشەکەی سەروو کردووە."(٢٣)

لەگەڵ ئەو بار و دۆخ و گوشار و نائارامییەی ئەو هەڵوێست و سیاسەتانە خوڵقاندبوویان:

"خاڵی سەرنجڕاکێشەر لە حکومەتەکەی قازی محەممەد ئەوە بوو کە نفوز و دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی ڕووسەکان لە کوردستاندا کەمتر بوو بە نیسبەت ئازەربایجانەوە. قازی هیچ کاتێ لە بیر و بڕوای خۆی دوودڵ نەبووە، لەسەر جێبەجێکردنی فەرزەکانی ئاینی خۆی لە هەموو هەلومەرجێکدا ڕۆیشتووە، تەنانەت لە کۆبوونەوەکەی باکۆدا، بە ئامادەبوونی باقرۆف لەناو باس و گفتوگۆدا، لە کاتی نوێژدا، داوای لێبووردنی کردووە و هەستاوە نوێژی خۆی کردووە."(٢٤)

پێشەوا بە سەبر و خۆڕاگرانە مامەڵەی واقیعە تاڵەکەی دەکرد، ئەو هەڵوێستە خراپ و گیروگرفتانە بێ تاقەت و بێ ئومێدیان نەدەکرد. کاتێ لەسەر ڕاسپاردەی ڕووسەکان چۆتە تاران، بۆ گفتوگۆ لەگەڵ قوام السلطنە، سەفارەتی سۆڤیەت دەعوەتی دەکەن، وەک پێشەوا چاوەڕوان بوو، وا پێشوازی لێ نەکرا، زیاتر، ئامۆژگارییان بۆی ئەوە بوو کە لەگەڵ لێپرسراوانی تاراندا نەرم و لەسەرخۆ بن. لە لایەکی دی، گلەیی ئەوەشیان لێ کرد کە لەگەڵ ئازەرەکاندا ڕەفتاری باش نییە.

بەرامبەر بەوە قوام السلطنە زیرەک و لێزان و فێڵبازانە لەسەر چەند پەتێ یاری دەکرد، سەرەڕای: گەرمکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕووسەکاندا، گفتی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوت، نەخشەی گوشارخستنەسەر سۆڤیەت تا لەشکری سوور بکێشێتەوە بۆ وشککردنی سەرچاوەی هاوکاری و یارمەتی بۆ کورد و ئازەر، لەسەر ڕێبازی ئاژاوەنانەوە و بەگژاکردنی هەردوو کۆمارەکەش کاری خۆی دەکرد و پیلانی دەگێڕا، بەتایبەتی لە پرۆسەی گفتوگۆدا، جارێ لەگەڵ تەورێز بە دابڕانی مەهاباد و گوێنەدانە کورد، جارێ بە هاندانی کورد بۆ بەگژاکردن و شەڕهەڵگیرسان، "لە دانیشتنێکی مەنافی کەرمی، وەزیری فەرهەنگ، لەگەڵ سەرتیپ ایروم و سەرهەنگ پزیشکیان کە لە ئاووهەوایەکی دۆستانەدا گفتوگۆیان دەکرد، پێشنیاریان کرد کە پێویستە کورد وەک تەواوی خەڵکی ئێران لە دژی ڕژێمی ئازەربایجان بێنە ناو شەڕەوە."(٢٥)

سەرەڕای ئەوەی پەیمانی سەربازی لە نێوان هەردوو کۆمارەکەی کورد و ئازەردا ئیمزا کرابوو (٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥) دیسان ئازەرە ناسیۆنالیستەکان لەناو بەهێزکردنی خۆ و گەیشتنە مەبەستەکانیان دەجووڵان، کاتێک وەفدێکیان بە سەرۆکایەتی "پێشەوەری" گەیشتە تاران کە "حەمەحوسەینی خانی سەیفی قازی" نوێنەری کورد بوو، لە هەموو ئەو دانیشتنانەی لەگەڵ "قوام السلطنە" و "ساوچیکۆف" دا دەکران نوێنەرەکەی کورد بێبەش دەکرا (٨ی بانەمەڕ ١٣٢٥) دیسان کاتێ وەفدێکی تاران لە ٢٥ی جۆزەدانی ١٣٢٥دا بە سەرۆکایەتیی "موزەفەری فەیروز" گەیشتە تەورێز لە کۆبوونەوەکانیاندا ئاوڕیان لە کورد نەدابۆوە. هەروەک بەشێکی ئازەربایجان لەسەر حیسابی کۆمارەکەی کورد کرابوو.

کاتێکیش لە گەلاوێژی ئەو ساڵەدا پێشەوا لەگەڵ چەند لێپرسراوێکی تری کۆماردا چوونە تاران... لێرەشدا قوام السلطنە بە لای کورددا دایشکاند، بەو مەرجەی کە تێکچوونی پەیوەندی کورد و ئازەری تیا مسۆگەر دەکرا، هەروەک کەمێکی تر درێژەی باس دەکەین.

سەرەڕای ئەو هەموو هەڵوێستە نادروستانەی کۆماری ئازەربایجان، پێشەوا قازی محەممەد بەوەفا بوو بۆ بەڵێن و سوێندەکەی، هۆشیار بوو لە پیلانەکانی تاران، بۆیە، بۆ یەک ساتیش، بیری لەوە نەکردەوە کە کارێکی وەک کاری ئازەرەکانی، لێ بوەشێتەوە.

## گفتوگۆ و خودموختاری

دوو لەو خاڵە گرنگانەی کە هەمیشە جێگەی مشتومڕ و ڕەخنە و سەرنج بوون، وتووێژ و خودموختاری بوون، چونکە لەڕاستیدا هەردووکیان لەناو بازنەیەکی بێ دەربازگەدا بوون، بووبوونە خاڵی ململانێ کە هەر یەکە بە لایەکی پێچەوانەی خواستی ئەوی تردا ڕایدەکێشا، تاران لە نەبوونی بڕواوە بە مەسەلەکە، بۆ وەختبردنە سەر تا ئەڵقەکانی زنجیرەی پیلانەکە یەکە یەکە دەگەنە مەبەستی خۆیان، لەناو دیپلۆماسییەتی زیرەکانەی پڕ لە ساختە بۆ مەبەست و ئامانجێکی ڕوونی بێ گرێ و گۆڵ بوو.

بۆ لای کوردیش: پێشەوا قازی محەممەد، لەناو مامەڵەی دیپلۆماسی و تاقیکردنەوەکانی ئەو ماوانە و، لەبەردەم ئەو هەموو گرفت و کەلێن و کێشانەی، لەمەوبەر کەمە تیشکێکیان خرایە سەر. کەوتبووە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ هەوڵی جیدی هەر بۆ سەلماندنی ئەو خودموختارییە بێت کە دامەزرا بوو، هەروەک تەواو گەیشتبووبێتە ئەو سەرەنجامەی کە لەو تاکە دەربازگەیەوە دەتوانرێ شتێ بۆ کورد بکرێ. بۆیە سیاسەت و هەڵوێستی لە گفتوگۆدا هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە، ڕاستگۆ و بە دڵ کاری تیا دەکرد، هەرچەندە لەناو وتار و ڕاکانیدا نەیدەتوانی تەواو بیر و ئاسۆی بینینی بۆ پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد و کێشەکەی و خواستەکانی خۆی بشارێتەوە، لە هەمان کاتدا، لەناو مامەڵەی سیاسی و دیپلۆماسیدا، نەیدەویست و نەیدەهێشت کێشە لەوە زیاتر بۆ کۆمارەکە دروست بکرێ. دوور نییە هەر ئەم دید و بۆچوونەش نەبووبێتە گرفتی ڕێگەی بیری ڕزگارکردنی ناوچەکانی

تر.(٢٦)
له نامەیەکیدا بۆ جەنراڵ حەمەڕەشیدخان زۆر بەوردی خانەی کێشەی کورد لەناو گرفتە گەورە جیهانییەکەدا دەستنیشان دەکات:
"هەر کارێکی جزئی ئەکەن دەبی لەگل ئەوضاع بین الملل تطبیق بکری چەجای کاری مە کە کلیە لەبەر ئەوی ئەمە مجبورین لە ری صلحەوە تا ممکن بێ ناتوانین بە ری دی دا بروین ئەو تاخیرەی هی وەیە دەنا ئەمن لە تۆ بە پەلەترم."(٢٧)
بەڵام لە کاتی پێویست و جێگەی خۆیدا، سەربەخۆ و ئازایانە ڕەفتاری دەکرد، لە شەڕەکانی ساڵحاوا، واراوا، سەرا، مامەشادا...، هەروەک سەرکردەیەکی سەربازی دەجووڵا و بڕیاری دەدا، دەچووە بەرەکانی جەنگ و وتاری بۆ پێشمەرگەکان دەدا.(٢٨)
کاتێکیش دوژمن بە هەرەشە و گورەشە کەوتبێتە سەرباری گوشار خستنە سەرکۆمار، وا پێشەوا وەرامی پڕ بە پێستی هەرەشەکەی دەدایەوە: "لە دوای شەڕی ساڵح ئاوا لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە زەربەیەکی پشت شکێن یان وێ ئەکەوێت... تێ دەشکێن و ژمارەیەکی زۆریان لێ بە یەخسیر دەگیردرێ جا لە بەرامبەر هەڕەشە و گورەشەی رەزم ارادا قازی محەممەد نامەیەکی بۆ ئەنێرێ وەلێ ی دەگێڕێتەوە کە دەست لە شەر هەڵاییساندن و براکوژی هەڵبگرێت و لە ڕێگەی وتووێژەوە و بە دانانی بەرێزی بۆ یەکتری مەسەلەکان جێ بەجێ بکەن... کوردان لە هەرەشە و گورەشە ناترسن و کاتێک باسی هۆردوی ئێران و بەتایبەت باسی سەرۆکەکانی هۆردو دەکات ئەو شیعرەی فیردەوسیی و بیر دەخاتەوە:

همە سر بسر پشت بە دشمن دهیم
از ان بە کە کشور بە دشمن دهیم

کە وەک دروشم لەسەر بازگەکاندا هەڵواسرا بوو... وای بە مەسڵحەت ئەزانی کە ئەو شیعرە بەم جۆرە لێبکات:

همە سر بسر پشت بە دشمن دهیم
از ان بە کە خودرا بە کشتن دهیم

جا سولیمانی ــ ح، پسیان (نجفقلی پسیان) و ئێگلتون دەڵێن: رەزم ارا و شا بەوە زۆر دەهری دەبن و قینێکی تایبەتی لەو قسانە هەڵدەگرن."(٢٩)
زیاتر لەوەش: کاتێ قازی محەممەد بەگوێرەی داخوازی قوام سەفەری تاران دەکات و لەوێ لەگەڵ حمەڕەزا شاشدا وتووێژێکی دەبێت... "حەمەڕەزا شا گەلێک بە شاخ و باڵی ئەرتەشدا هەڵدەڵێ و لە قازی ئەگێڕێتەوە کە لە بەرامبەر ئەرتەشدا خۆڕاگری نەنوێنن، دەنا ئەتوانێ تەواوی کوردستان لە خوێندا بگەوزێنی... قازی محەممەد زەردەخەنەیەکی دێتێ و لە وەڵامی شادا بەسەرهاتەکەی ئەرتەش لە سەردەشت ئەگێڕێتەوە، ئەویش بەم جۆرە بووە کە: ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەر و سەربازەکانی ئەرتەش لە سەردەشت تەسلیمی پێشمەرگانی کوردستان دەبن، پێشمەرگەکان تەماشا دەکەن ئەو ئەفسەر و سەربازانە وێڕای دانانی چەکەکانیان جلەکانیشیان دادەکەنن، پێشمەرگەکان ناهێڵن و دەیانبەن بۆ مەهاباد...، جلیان بۆ دەکڕن و لە ڕێگەی سەقزەوە بەرەو تارانیان ئەنێرنەوە."(٣٠)
یەکێ لەو باسانەی لەناو پرۆسەی گفتوگۆدا باس کراوە: دیاری کردنی ئوستانێکی نوێ بوە بە ناوی کوردستان، کە لە سنووری سوڤێتەوە تا ناوچەی کامیرانی نزیک کرماشان درێژ ببێتەوە، لەژێر چاودێری کاربەدەستانی کۆماری کوردستان وە قازی محەممەد بو ئوستانداری گشتی دیاری بکرێت... گوایا قوام السلطنە ئەو پێشنیارەی قبول کرد و بە مەرجێ کە دکتۆر سەلامولا چاویدی ئوستانداری ئازەربایجان دژی نەوەستێ، دیارە مەبەستەکەی سەرەک وەزیر زۆر ڕوون بووە."(٣١)
دیسان کوڕی ڕەش (عەلی ـ ی کوڕی قازی محەممەد) باسی هەمان پرۆژە دەکات و دەڵێ: ئەو بەڵگەنامەیەشی بە ئیمزاکراوی لایە.(٣٢)
چیرۆکی وتووێژ، چی لەگەڵ تاران و چی لەگەڵ تەورێز، کەمێکی بەدەرەوەیە و زۆر لە درێژەی باس و گفتوگۆکان، پرۆتوکول و ڕێکەوتننەکان شاراوەی ناو ئەرشیفەکانن، لەگەڵ ئەوەشدا چوونە ناو وردەکارییەکانی زۆری پێدەوێ

و لە باسێکی وا کورتدا جێگەیان نابێتەوە.

هەر وەک لە پێشیشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، پێشەوا بڕوای بە ئاشتی و پێکەوە ژیان هەبووە، بۆیە بە بڕوا و هیواوەوە گفتوگۆی کردوە، بە دڵ و گیان هەوڵی سەرخستنی داوە... هەروەک خۆی گوتوویەتی:

"دەبێ ئەوەی بزانین کە هەموو کاتێک کارمان بە شەڕ و خوێن ڕشتن سەرناکەوێت، دەبێت لە ڕووی سیاسەتیشەوە کاری خۆمان بەرەو پێش بەرین، گەلێک جار بە ئاشتی و پێک هاتن ئامانجمان پێش دەکەوێ..."(٣٣)



## لە سەرەککۆمارییەوە بۆ ناو زیندانی دوژمن

ئەو هۆ و گیرگرفت و کۆسپانەی کۆمارەکەی کوردستانیان ڕووخاند زۆر بوون، باسکردن و چوونە ناو درێژەی ڕووداوەکان مەبەستی باسەکەمان نییە، ئەوەندە نەبێت کە، جگە لەو ڕووناکییانەی خرانە سەر زۆر گیروگرفت، لێرەشدا بە مەبەستی وێنەگیرییەکی ڕوونی سەردەمەکە، بەچڕی، ئاماژە بۆ گرنگەکان بکەین، تا جگە لە مەسەلەی ڕووخاندنەکە، لە دیاردەیەکی تری زۆر هەستیار بگەین، کە خۆبەدەستەوەدانی سەرەککۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد بوو، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە هۆیەکی تری ڕووخاندنەکە دادەنرێ. زیاتر لەوە، بۆ تێگەیشتن لە تەواوی دیاردەکە، دەشبێ لە بیر و بۆچوون، هەڵوێست و هەست و نەست، بیروباوەڕ و بۆچوونەکان وە ئاکارە گرنگەکانی قازی محەممەد و شەخسیەتی شارەزا بین، وەک هەندێکی لە پێشەوە دەرخرا، بۆ تەواوکردنی مەبەستەکانی دروستکردنی وێنەیەکی نزیک لە واقیعی سەردەمەکە، دەبێ لەو ڕووداو و کێشە و گرفتانەی لە ڕۆژانی پێش ڕووخاندن، بەتایبەتی لە دوای ڕووخانی ئازەربایجان سەریان هەڵدا، بگەین و شارەزایان بین:

- ناکامڵیی هەلومەرجی دامەزراندنی کۆمار و نارەسیویی زەمینەکەی.
- کێشە و گرێ و گۆڵی ناوخۆ، گیرگرفتە سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتورییەکان، لاوازی هەستی نەتەوایەتی و هۆشیاری سیاسی...هتد.
- فرەدوژمنی و، جیاوازیی نێوان توانای ئابووری و سەربازی و یارمەتی زلهێزەکان، ڕۆڵی ناحەز و دوژمنانەی ئەمەریکایی و ئینگلیزەکان.
- نەبوونی دۆستی ستراتیجی.
- ڕۆڵی خراپی یەکێتیی سۆڤیەت، بەتایبەتی دوای مۆرکردنی پەیمانی نەوت لەگەڵ تاراندا.(٣٤)

کشانەوەی لەشکری سوور بێ ئەوەی لایەنی کەمی یارمەتی کۆمار بدات، تەنانەت ئەو تۆپانەی درابوون بە کۆماری ئازەربایجان وەرگیرانەوە، ئامۆژگاری هەردوو کۆمار کرا کە ڕێگە لە ئەرتەش نەگرن... هەڵوێستەکە وا نیشان درا کە سۆڤیەت یارییەکەی تەواو بوو، بۆیە

بەرژەوەندی هەردوو کۆمارکەی خستە لاوە، چونکە ئیتر پێویستی بە گوشار خستنە سەر تاران نەما.

زیاتر لەوانە:

لە ١١ی دیسامبەری ١٩٤٦دا ئازەربایجان رووخا، رووخانێکی کتوپڕی وا کە بوو بە بوومەلەرزەیەکی گەورەی سیاسیی رووخێنەر، سەرانی کۆمارەکە هەڵهاتن، خەڵکی تەورێز و دەوربەری کەوتنە بەردەم هێرشی ئەرتەش، شەڕ و ئاژاوە و کوشتن و برین و تاڵانی و تۆڵەسەندن هەموو شوێنێکی کۆماری ئازەربایجانی گرتەوە، ئەوانەش زیاتر لێپرسراوانی کوردی دەخستە بەردەم بیرکردنەوە لە هەمان دیاردە.

ئەو رووخاندنە، بەو ئاسانییە، کۆماری کوردستانی خستە ناو بازنەیەکی بێ دەربازگە.

دەڵێن هاشمۆف ئاگاداری نمایندانی کوردی کردووە کە هێزێکی بچووکی ئەرتەش بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنی مەجلس دێت و پاشان دەگەڕێتەوە... ڕەنگە ئەمەش هەر لە هەمان هەڵوێستی رووسەکانەوە بووبێ کە کاتی خۆی پاش هێرشەکەی ڕەزم ارا بە هێزێکی زۆرەوە بۆ سەربەرزاییەکانی مامەشا کە هێزێکی زۆر بچووکی کۆماری لێ بوو و سەرەنجام بە سەرکەوتنی رەزم ارا کۆتایی هات، ئیتر لێپرسراوانی سەربازی کۆمار کەوتنە سەر دانانی نەخشەی پێشکەوتن تا بتوانن سنەش رزگار بکەن... بەڵام هاشمۆف کۆنسولی سۆڤیەتی لە ورمێ لە دێی سەرا چاوی بە پێشەوا کەوت و ئاگاداری کرد کە هێرش نەکرێتە سەر ئەرتەش چونکە ڕەنگە شەڕی گەورە دروست ببێت و ئەوانیش ناتوانن کۆمەکی کۆمار بکەن...(٣٥)

دوای رووخاندنی کۆماری ئازەربایجانیش:

– ئەو تیرە و هۆزە کوردانەی هەر لەگەڵ رژێمدا بوون کەوتنە جموجۆڵ و هەڕەشە.

– هەر زوو پێش ئەم رووداوانە جەنراڵ حەمەڕەشید خان کۆماری بەجێهێشت و چووە عێراقەوە.

– جەنراڵ عومەر خانی شەریفی، سەرۆکی ئێلی شکاک، خۆی لە کێوەکانی "زیندەشت" گۆشەگیر کردبوو، لەو ڕۆژانەشدا کەوتە جۆڵە بۆ هەڵکوتانە سەر مەهاباد و تاڵانی و ڕازیکردنی رژێم.

– زۆر عەشایەری تر چاویان لەو کرد و دانیشتن.

– هەندێکی تر کەوتنە هاوکاری ئەرتەش و ئامادەبوون بۆ هێرش بردنە سەر دیموکرات.

– سەرلەشکر همایونی هێزێکی لە مەنگوڕ و مامەش وە دیبوکری کە بەشێکیان هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ دوژمن بوون، ئامادە و پڕ چەک کرد.

هەر دوای کۆبوونەوەکەی مزگەوتی عەباس ئاغا کە تیایا بڕیاری دامەزراندنی شوورای بەرگری و بەرەنگارکردنی ئەرتەش درا:

– میرزا ڕەحمەتی شافعی، شێخ حەسەنی شەمسی بورهان، عەلی ئاغای ئەمیر عەشایەری و هی تریش خۆیان دا بە دەست ئەرتەشەوە.

– مەلا عەبدوڵڵای مودەڕیسی و مەلا حوسەینی مەجدی کەوتنە بڵاوکردنەوەی بەند و باوی بێسوودی بەربەرەکانی و شەڕی ئەرتەش.

– هەندێ لە دەوڵەمەند و مەلای مزگەوتی مەهاباد وەلایان بۆ ئەرتەش برد.

بەو جۆرە شڵەژاوی، ئاژاوە، بڕوابەخۆنەمان، هەوڵی خۆڕزگارکردن بڵاو دەبوونەوە. "ئەبولحەسەنی تەفرەشیانی" لایەکی ئەو تراجیدیای سەرلێشێواویەی رووبەڕووی کۆمار و پێشەوا ببووەوە بەم جۆرە دەگێڕێتەوە. ئەو دەڵێ: کاتێ نامەیەکی سەرهەنگ عزت، سەرۆکی ستادی مەلا مستەفا بە دەستم گەیشت (مەبەستی عزەت عبدالعزیزە) کە هەواڵی راکردنی پێشەوەری پێدەگەیەنێ، دەچێت بۆ لای تا پرسیاری رووداوەکانی لێ بکات، تا دەیبنێ:

ئەو پێی گوتم: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات هەمویان هەڵاتوون و ئیتر شتێک بە ناوی فیرقەوە نەماوە... ئەرتەشی ئێرانیش هەر لەو دوو سێ ڕۆژانەدا تەواوی ئازەربایجان داگیردەکا، جا ئێستا خۆتان بڕیار بدەن! خێڵی بارزان لێرە مالیکی نییە کە بەرگری لێبکا. ئێمە لەڕاستیدا لە هەوادا ماوینەوە،

ئێوەش ئێستا وەزعێکی ئاواتان هەیە ناتوانن خۆتان بگەیێننە تەورێز، دژی شۆڕش لە ڕێگادا هەر نەبێ بۆ وەرگرتنی چەکەکانتان ئێوە وەبەر گولله دەدا، ئەگەر بەسەلامەتیش بگەنە تەورێز لەوێ ڕوون نییە چتان بەسەردێ. تەنیا ئەرکی ئێوە و ئێمە لە کاتی ئێستادا پاراستنی گیانی خۆمانە، جا بۆ خۆتان بڕیار بدەن بزانن چ دەکەن، ئێمە بەرەو مەهاباد پاشەکشە دەکەین. ئەگەر ئێوەش پێتان خۆشە دەگەڵ ئێمە وەرن...هتد.

دوای ئەوەی ناوبراو بە سێ ڕۆژ دەگاتەوە مەهاباد و لەوێ ویستوویەتی پێشەوا ببینێ، پێیان گوتوە کە چوە بۆ میاندواو تا پێشەوازی ئەرتەش بکات، ئینجا سەیفی قازی دەبینێ و دەڵێ: ئەو گوتی: ئێمە بۆ خۆشمان نازانین چکارەین، بەڵام بە بیروباوەڕی من مانەوەی ئێوە لە مەهاباد مەسڵەحەت نییە، چونکە هەردەم لەوانەیە ئەرتەش بێتە مەهابادەوە."(٣٦)

زیاتر لەوانە:

لە ١٥ دیسامبەر ئەسەدۆف نمانیدەی بازرگانی ڕووسەکان مەهاباد بەجێ دەهێڵێ و خۆی دەگەیەنێتە ورمێ.

سەرهەنگ غەفاری هەر ڕۆژێک دوای هەرەسی ئازەربایجان بەهێزێکەوە دەگاتە بۆکان، عەشایەری ناوچەکە کەوتنە پەیوەندی و ئامادەی خزمەت بۆ ڕژێم... هێمنی شاعیر لە باسی ڕۆژگارەکەدا دەڵێ:

"لەو ماوەیەدا من هەمیشە لەگەڵ پێشەوا بووم، دیارە لەگەڵی نەچوومە "حەمامیان" بەڵام لە شاری بە جێم نەهێشت دەمدیت پەشۆکابوو بەڵام نەک لەترسان، بەڵکوو لەداخان، لەبەر ناهومێدی...(٣٧)



ئیتر بار و دۆخەکە بەو جۆرە شڵەقابوو، ڕووخاندن لەئارادا بوون، بێهیوایی، ترسی گەڕانەوەی ئەرتەش و کۆشتن و برین، هەڕەشەی عەشایەر و تالانی و تۆڵەسەندن، ڕووداوەکانی تەورێز و دەورووبەری... هەموو ساتێک لەبەرچاودا لە بیر و کردار و چاوەڕوانیدا هۆش و گۆشی داگیرکردبوون. کورت و پوخت قاسملو واتەنی:

"پێشەوا هیچ هیوایەکی بە تێکۆشان یا یارمەتی هێزە دیموکراتییەکانی ئێران نەمابوو... پێشەوا قازی هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە کوماری کوردستان توانای بەربەرەکانی بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی نییە، بۆیە بەتەنیا مەبەستێکی کە پێشەوا قازی پەرۆشی بوو ڕزگارکردنی خەڵکی مەهاباد و دانیشتووانی کۆماری کوردستان لە کوشت و کوشتار بوو.(٣٨)

لەناو ئەو مەترسییانە و ئەو بێهیوایی‌یەدا، هیچ لەبەردەم پێشەوادا نەمابوو جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی نەبێ، بۆیە لە ١٦ی دیسامبەردا بە تەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ همایونی کرد، دوای تەلەفۆن لەگەڵ حاجی بابەشێخ ی سەرەک وەزیران و سەیفی قازی وەزیری جەنگ دەچنە حەمامیان و خۆیان دەدەن بە دەست ئەرتەشەوە... دوای قسەکردنی لەگەڵ همایونی، پێیان دەڵێ کە بگەڕێنەوە

مەهاباد، بەو جۆرە هەم کوردان هێمن دەکاتەوە و هەم مەترسی بارزانییەکان و ئەو عەشایەرانەی تا ئەو کاتە ملیان بۆ ئەرتەش نەدابوو، دوور دەخاتەوە.
کە دەگەڕێتەوە مەهاباد، بارزانی خۆی دەگەیەنێتێ و چاوی بە پێشەوا دەکەوێ، تا وای لێبکات مەهاباد چۆڵ بکات و خۆی نەدات بە دەستەوە. هەمان ئەو قسەیەی کە لەو چەند ڕۆژەدا دەیگوت و هەروەک بە هەندێ لە سەرکردەکانی حیزبیشی گوتبو، کاتێ باسی پاشەکشە بۆ سۆڤیەت یا بۆ عیراقی لەگەڵ دەکەن، دەکاتەوە و دەڵێ: دەزانم ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە بەڵام قەیدی نییە، خەڵک بەجێ ناهێڵم... لە باسی ژیانیشیدا، لەپێشەوە باسی ئەوە کرا کە "پاش هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە بڕیاری خۆی ئەدا ئیتر دوای ئەوە نەیدەگۆڕی" ئەو بڕیارەش ئاسایی نەبوو لەدایکبووی ئەو ساتە نەبوو، بۆیە دەبوو خۆشی لە پێناودا دابنێ.
تەنانەت هەروەک کوڕی ڕەش لە زمانی "مینا خانمی"دایکیەوە دەیگێڕێتەوە کە لە ڕۆژانی کۆتاییدا:
ـ دەوڵەتی شورەوی وتی ئامادەن هەتا گەسکی ماڵیشت بۆ هەڵگرین و هەموو شتێکت بۆ بار بکەین.
ـ قونسوڵی ئینگلیز لە تەوریز داوای کرد بێتە عیراق و لەڕێی عیراقەوە بچێتە ئینگلستان.
ـ ئەمەریکایییەکانیش چاویان بە قازی محەممەد کەوتبو داوایان لێ کردبوو ببێتە پەنابەر لە دەرەوە.(٣٩) بەڵام هیچیانی قەبووڵ نەکرد.
بەم جۆرە دواڕۆژی کۆمار ـ ڕۆژی کارەساتی نەتەوایەتی و ڕمانی کۆمار هاتە بەردەم.
ئەوە بوو لە ڕۆژی ١٧ی دیسامبەری ١٩٤٦دا دوای ئەوەی سەرەککۆمار و دەستەیەک لە بەرپرسیاران و هاوبەشانی کۆمار لە "کوکتەپە" پێشەوازی ئەرتەشی ڕژێمی تارانیان کرد، لەو ڕۆژەدا جارێکی تر عەجەم مەهابادی داگیرکردەوە و کۆتایی بە سەردەمێکی کورتی ئازادی، بەڵام نەمر و هەمیشە لەیادا، هێنا. سیمبۆلی ئازادی و سەربەخۆیی کورد بە دەستی دوژمن هەرەسی پێ هێنرا، نەک "ئاشبەتاڵ" وەک هەندێ لە نووسەرانی کورد وای ناو لێدەنێن.(٤٠)
چونکە بەکارهێنانی "زاراوە"یەکی وا لە تراجیدیا و کارەساتێکی نەتەوایەتی وا گەورە، ڕەنگە هەر لە درشتیی بیرکردنەوە یا دژەکرداری لە دەستچوونەکەی کۆمار و، مەزنەی ئەگەر پێشەوا خۆی بە دەستەوە نەدایە وا ڕەنگ بوو ڕووداوەکان ڕەوتیان بە جۆرێکی تر بکردایە وە بووبێ، ئەگینا لە پرۆسەیەکی مێژوویی وا مەزن و نەمردا، دەبێ: "ئاشەوان، ئاش، باراش، خاوەنباراش" کێ بن. ئەگەر هەر ناوێک لەگەڵ سەرکردە، شۆڕش، جەماوەر و پێشمەرگە و شەهیدان وە ئامانج و دروشمەکان جووت بکرێت، وا دەزانرێ چی سووکایەتییەک دەبێ بۆ ئەو ناوە پیرۆزانە. تەنانەت ئەگەر دوژمنەکە یا دۆستە "دوژمنە"کەش بخرێتە سەریان وا دیسان هیچ لە مەسەلە ناگۆڕێ، دیارە ئەمەش بۆ خۆی باسێکی گرنگە و لێرەدا مەودای ئەوە نییە درێژەی پێ بدرێ.

## پێشەوای گەل لەبەردەم مەحکەمەی "بدوی سحرایی"دا

دوای داگیرکردنەوەی مەهاباد، ئەرتەش کەوتە سەروکاری سڕینەوەی شوێنەواری کۆمار. ئەفسەران زۆر بەپەلە بوون بۆ گرتن و لە سێدارەدانی قازییەکان. بۆیە همایونی و ئەفسەرانی بەرپرسیار لە ناوچەکە کۆبوونەوەیەکیان کرد تیایا گەلێ بڕیاریان دا... لەوانە:
ـ ڕاونانی بارزانییەکان.
ـ چەککردنی هەموو عەشایر.
ـ گرتنی ئاژاوەچی و موتەجاسرین.(٤١)
هەرچەند شای ئێران لێبووردنی گشتی بڵاوکردەوە، بەڵام ئەوەی مەبەستیان بووایە نەیدەگرتەوە. سەرتیپ "همایونی"یش وەک سیمبۆلی ڕژێمی تاران لە مێژووی شکاندنی گفت و بەڵێن و پەیمان، هەر بەوەوە نەوەستا "تەئمینی جانی"یەکەی خۆی باسی کردبوو: "بەر لەوەی

قازی محەممەد و سەرانی تری حکومەتی کوردستان بچن بۆ لای گفتی (تەئمینی جانی) پێ دابوون."(٤٢) بخاتە ناو تورەکەی بێبەڵێنی و شکاندنی پەیمان، لە ٢١ی دیسامبەردا پێشەوا و سەیفی قازی و دەیان تێکۆشەر و لەدواییشدا، گەیاندنەوەی سەدری قازی لە تارانەوە بۆ مەهابدا بە حەپسی، لە زیندان توند کران. دادگا سازکرا. ڕایگەیاند کە هەر کەسە سکاڵا و بەڵگەی لە دژی بەندییەکان هەیە ڕاگەیەنی."(٤٣)

بەڵام "ڕووداوەکان ڕەوتی خۆیان بەهێمنی پێوا، هیچ کارەسات و دژەکردەوەیەکی لەم چەشنە نەقەوما."(٤٤) (دیارە کە مەبەستی لە ڕووداوەکانی ئازەربایجانە.)

مەحکەمەی بدوی سحرایی بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ پارس تبار و دادوەری گشتی سەرهەنگ فیوضی دەستی بە کاری خۆی کرد. "تاوانەکان" زۆر بوون: دامەزراندنی جەمهوریەت و بوونە سەرۆکی، بەرزکردنەوەی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان، بەرگی جەنراڵی پۆشین، گۆڕینی ئاڵای ئێران و لابردنی نیشانی شێر و خورشید، کوشتنی ئەفسەر و سەربازانی ئەرتەش، کۆبوونەوە و قسەکردن لەگەڵ بێگانە و چوونە باکۆ، بەڵێنی ئیمتیازی نەوت بە ڕووسەکان...هتد. بەڵگەش سەرجەمی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و وتار و دیدەنی و ئەو نامە و وێنانە بوون کە کەوتبوونە دەستیان. پێشەوا قازی محەممەد هەر زوو ڕوونی کردەوە کە ئەم دادگایە نایاساییە و دەسەڵاتی ئەوەی نییە موحاکەمەیان بکات، چونکە سەربازییە و ئەمان سڤیلن، لە ڕووی "پارێزەر" و "ماوە"، نایاساین، بەڵام گوێ لەو قسانە نەگیرا... نەخشەیە و دانراوە... مەحکەمەی بدوی سحرایی دەبێ حوکمی لە سێدارەدان بدا بەسەر قازییەکاندا، ئیتر یاسا و بەرگری و پارێزەر ڕۆڵیان نامێنێ. بۆیە لە ٢٣ی جانیوەری ١٩٤٧دا بڕیاری لەسێدارەدانی هەر سێ سەرکردەکەی کورد درا.



بە ئومێدی ئەوەی لە تاران موحاکەمە بکرێنەوە، داوای چاوپیاخشاندنەوە و دادگای "تەمیز"یان کرد، چونکە وایان مەزنە کردبوو کە ئەگەر لەوێ بدرێنە مەحکەمە لە ئیعدام ڕزگار دەبن.

مەحکەمەی تەمیزی سەربازی بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ عطائی و دادوەری گشتی سرهنگ نکوزاد و پارێزەران: ملازم صلح جو، ملازم نبوی، لە ٢٨ی مارسی ئەو ساڵەدا دەستی کرد بە مەحکەمەکردنەوەی پێشەوا و هاوڕێکانی. دادوەری گشتی "تاوانەکان"ی خوێندەوە، هەمان کۆنەکان و "تاوان"ی نوێش: ڕاپەڕینی چەکدارانەی دژ بە دەوڵەتی مەرکەزی، بە سووکی ڕوانینە حکومەتی مەرکەزی، سووتاندنی ماڵی فەرمانبەرانی دەوڵەت.

## پێشەوا لە هەردوو مەحکەمەدا

پێشەوا بەرامبەر تاوانەکان ئازا و لێزانانە لە هەردوو جارەکەدا بەرگری لە خۆی و هاوڕێکانی دەکرد، چەندین

سەعات لەسەر قسە بەردەوام بووە: گوتبووی: "... سەرچاوە و وە ڕۆحهێنەری ئەمن لەم کارە نیشتمان و نەتەوەکەم بووە، هەرچییەکی ئەتانەوێ لەگەڵ مندا بیکەن، بەڵام نەتەوەکەم ئازار مەدەن." لەو کاتانەشدا هەوڵی ئازادکردنی زیندانییەکانی تری داوە: "کاتێ کە چووم بۆ سەردانی پێشەوا کە سرهنگ پارسی تباری دێت پێی دەڵێت: "بو ئەو خەڵکە و لەخۆڕا گرتوە، ئەوانە هیچیان نەکردوە. ئەگەر کەسێک هەبێ مەسئول و بەرپرس بێ هەر منم."(٤٥)

چیرۆکی مەحاکەمەکردنی پێشەوا و هەردوو هاوڕێکەی هەرچەندە کورت و بە چەند ڕۆژێ ئەنجام درا، بەڵام سەیر و مێژوویی و بێوێنە بووە. دەنگوباسەکانی لەناو ئەرشیفەکانی ئەرتەشدا زیندانی کراون، کەمێکی لەسەر زاری ئەفسەرەکان، ئەوەی مەبەستیان بووە بڵاو کراوەتەوە، سەرچاوەیەکی تر، سەروان پەروێزی و شەریفی بوە کە خۆیان ئاگاداری ڕووداوەکانی مەحکەمەکە بوون.

ڕۆژێک سەروان شەریفی دەچێتە ماڵی خێزانی قازییەکان بەدڵپڕییەوە وتوویەتی: "حەیف بۆ قازی محەممەد، بۆ ئەو پیاوە مەزن و ژیر و زانایە، دوێنێ لە کاتی مەحکەمەدا بەبێ کاغەز ٤ سەعات وتاری دا بە زانست و مەنتیقی خۆیەوە هەمووانی حەیران کردبو... لە هەموو کەس باشتر قانوونەکانی ئێرانی دەزانی لە هەموو کەسێک باشتر شارەزا بوو لە وەزعی سیاسی ئێران و هەندەران... لەڕاستەقینەدا قازی بوو کە مەحکەمەی مەحاکەمە دەکرد... دەڵێن هەر لەسەر ئەوەش بوە ناوبراو لەئەرتەش دەرکراوە بە لێسەندنەوەی هەموو دەرەجەکانی."(٤٦)

دیسان نجفقلی پسیان، سولیمان ح. ئەرشیفی سۆڤیەتی ڕووخاو کەمێ لە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی باس دەکەن و دەنووسن: "لە مەحکەمەدا قازی محەممەد پەلاماری بردە سەر سیاسەت و ئاکاری دەوڵەتی تاران و ئەیگوت من لەو قوژبنەی گرتوخانەوە دەنگی خۆم بەرز ئەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تاران و سەرۆکەکانی و ئەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە... ئێوەن کە وەڵاتتان لێ داگیرکردوین و هێرشتان هێناوەتە سەرمان."

"لەجیاتی ئەمەی کە ئێوە بگیردرێن و مەحاکەمە بکرێن، هاتون لە ماڵی خۆم ئەمنتان گرتووە و لە گرتوخانەتان هاویشتووم... تەواو ئەم بەسەرهاتەی کە ڕووی داوە ئەنجامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە... ئەگەر دەوڵەت تەواو کوردان بە خاین دەزانی دەست لەو مەڵبەندە هەڵگری و ئەگەر بە نیشتمانپەروەریشیان حیساب دەکات با بهێڵن بۆ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست خۆیانەوە."

"قازی محەممەد لە تەواوی ڕێڕەوی مەحکەمەکەدا زۆر بەجەسارەت و نەترسی و سەربەرزی وتاری ئەدا و جارێک نەدیترا سەری داخا و پەشیمانی لە کردەوەی خۆی بکات."(٤٧)

ئەو هەڵوێستانە و قسە لۆجیکی و یاساییانە، مەحکەمە و سەرکردایەتیی ئەرتەشی نیگەران کردبوو، بەردەوام ئەفسەرانی لێپرسراو بە بێسیم لەگەڵ مەهاباددا بوون. پەلەیان بوو لە دەرکردنی بڕیار و جێبەجێکردنی، لای ئەوان هەمووی دەزانرا، تەنها ئەو بۆیە یاسایەی گەرەک بوو. تا لە ٣٠ی مارسدا حوکمەکە بە لە سێدارەدان جێگیر کرا. هەر کە سەرانی ئەرتەش بڕیارەکەیان پێگەیشت، بەپەلە ئاگاداری مەهابادیان کرد کە لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، چونکە زۆری پێنەدەویست لەسەر بڕیاری "اعلی حضرت" شای ئێران بوەستن.

## ساتەکانی نێوان بڕیار و جێبەجێکردن

"بێگومانە کە موحاکەمەکردنی سەرکردەکانی جەمهورییەتی کوردستان سەرنج ڕاکێشەرترین و نامۆترین موحاکەمەی سیاسی بوو کە لە مێژووی نوێی ئێراندا بێوێنە بووە."

"جعفر مهدی نیا"ی تاراندۆست، بەو جۆرە پێناسەی موحاکەمەکەی پێشەوا و هاوڕێکانی دەکات.

لەڕاستیشدا، ساتەکانی نێوان بڕیار و جێبەجێکردن، خودی جێبەجێکردنەکە، پڕبوون لە ڕووداوی: سەرنجڕاکێشەر، نامۆ و بێوێنە، هەروەک موحاکەمەکە. هیچ گومانیشی تێدا نییە کە خولقێنەری ئەوانە، هەردوو لای سەر شانۆ سیاسییەکە بوون، لای یەکەم: پێشەوا و هاوڕێکانی کە لە مەڵبەندی نیشتمان و نەتەوەپەروەری، ویژدان و یاسا و دادوەری، خاوەن گفت و بەڵێن و ڕاستگۆیی، ئارام و ئاساییش و ئازادیخواز، مرۆڤدۆست و زوڵملێکراو، نیشتمان و ماف زەوتکراوەوە ڕەفتاریان دەکرد. لای دووەمیش: ڕژێمی تاران و سەرانی، کە تەواو بەپێچەوانەوە بوون.

با لێرەدا، کورت و پوخت، چەند نموونەیەک لەو ڕاستییە وەک نموونە بخەینە پێش چاو:

ڕۆژنامەی "جهان پاک" دوای بڵاوبوونەوەی بڕیارەکە نووسیبووی: "قاضی محمد و سیفی قاضی و صدری قاضی کە بە اعدام محکوم کران اعلی حضرت بۆ دلنوایی کوردەکان عفوی کردبوون."(٤٨)

ئەو درۆیەی ڕۆژنامەکە سەرچاوەکەی سەرەکوەزیران و شای ئێران بوو. کاتێ سەدری قازی خۆی دەگەیەنێتە تاران، تا قوام ببینێ بەڵکە بەڵێن و وادەکانی وە بیر بێت، هەموو داواکەی دێتە سەر ئەوە کە کارێ بکات بەڵکو نەنێردرێتەوە مەهاباد، چونکە لەوێ ئیعدام دەکرێ. قوامیش دەڵێ: "دەزانیت کە گوشاری سەربازەکان زۆرە، ئەگەر تۆ نەچیتەوە مەهاباد وا خراپ تێدەگەن کە من پەیوەندیم بە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە هەیە، باشتر وایە تۆ بگەڕێیتەوە مەهاباد تا منیش لێرە بە کاری ئازادکردنی ئێوە هەستم."(٤٩) ئەوە لە کاتێکدا سەرەکوەزیران دەیزانی چی دەکرێ و چۆن ڕووداوەکان دەخولقێنرێن، هەر خۆشی دەیزانی لەو ساتانەشدا چاوەڕوانیان دەکرد کە سەدر بێتە دەرێ و بیگرن. با لە سەرەکوەزیرانەوە بچینە لای شا و بزانین ئەم چۆن گفت و بەڵێنی خۆی دەخاتە ناو توورەکە مێژووییەکەی ئەو نەریتە نەفرەتلێکراوەوە.

ئارشی ڕۆزڤیلت ئەفسەری موخابەراتی لە سەفارەتی ئەمریکا لە تاران لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ: "چارەنووسی قازی محەممەد زۆری نەخایاند. هەرسێک قازییەکان لە مەهاباد، لە ٢٣ی جانوەری، لە مەحکەمەیەکی عەسکەری ئاشکرادا محاکەمە کران و حوکمی ئیعدامیان درا. لەگەڵ ئەوەشەدا، جێبەجێکردنی حوکمەکان لەلایەن تارانەوە دواخرا، لەبەر ئەوەی کە پێخۆش نەبون لە ڕاستەی جەنگەی وتووێژی ناسک لەتەک شوورەوییەکاندا لەمپەر و تەگەرەی بێتە سەر ڕێ. ماوەیەکی کورت بەر لەوەی لە فیبریوەری ١٩٤٧دا تاران بەجێبهێڵم، ژنرال رزم ارا چووبوو بۆ مەهاباد، ئەمن وای بۆ چووم کە مەبەستی لەو سەفەرە بۆ چاودێریی ئیعدام کردنی برایانی قازی بێ. جا بۆیە ئەمن بەپەلە خۆم گەیاندە لای سەفیر "جورج ئاڵین" بۆ ئەوەی بزانم ئەو لەم بارەیەوە چی لە دەست دێ.

جورج ئاڵێن پێی گوتم: "ئەتۆ بۆچی ئەوەندە بە تەنگ چارەنووسی قازییەکانەوەی؟ دەبێ لە بیرمان نەچێ کە ئەوان لەتەک شوورەوییەکاندا هاوکارییان دەکرد." ئەمن وەڵامم دایەوە: "ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەوان لە بناوانەوە ناسیونالیست بون وە بۆ باشترکردنی وەزعی گەلی خۆیان ئەوەی لە دەستیان بهاتبا دەیان کرد، ئەگەر ئەوان ئیعدام بکرێن، لە چاوی کوردە ناسیونالیستەکاندا لە هەموو شوێنکیدا ئێمە وەک بەشێک لەم دڕندەییە دادەنرێین."

"باشە، ئەتۆ دەڵێی ئەمن لەم بارەیەوە چی بکەم؟"

"من پێم وایە ئەتۆ دەبێ داوا لە شا بکەیت کە فەرمان بدا بە "رزم ارا" بۆ ئەوەی قازییەکان بهێنرێن بۆ تاران و لە دادگایەکی عادیلانە و کراوەدا محاکەمە بکرێن."

لەسەر ویستی سەفیر، دەستبەجێ کاتی پێدرا کە چاوی بە خاوەن شکۆ شا بکەوێت، لەم دیدەنییەدا شا هیوای دەربڕی کە دادگا عەشیرەتییەکان باشتر بەڕێوە بچن وە لەمانە محاکەمەی کوردەکان. پاشان ئاڵێن بە شای گوتبو، ئەگەرچی قازییەکان هاوکارییان لەگەڵ شوورەوییەکاندا کردووە، بەڵام ئەوان کارێکی زۆریشیان بۆ بەرەوپێشبردنی خوێندەواری و پەروەردە کردوە، شا

قسەکەی پێ دەبڕێ و بە بزەیەکەوە دەڵێ:
"لەوە دەترسێی فەرمانی تیرباران کردنیان بدەم." "چ ترسی وات نەبێ ئەمن نایان کوژم."
لە ٣١ی مارسدا قازییەکان لە شەبەقی بەیاندا بە فەرمانی "خاوەن شکۆ شاهەنشا" لە دار دران.
مرۆڤ بەم ئاکامە دەگا کە لەوانەیە هەر دوای ئەوەی کە سەفیرەکەی ئێمەی لا چۆتە دەرەوە و دەرگای لەسەر گاڵە دراوە، فەرمانی ئیعدام کردنی قازییەکانی ناردبێ."(٥٠)

## بەرەو سێدارە

ڕووداوەکان بەو جۆرە گوزەریان پێ دەکرا. کۆمار ڕووخێنرا، مەهاباد داگیرکرایەوە، ناوچەکە خرایەوە ناو زیندانە گەورەکە، پێشەوا و سەدر و سەیف چاوەڕوانی ئەنجامدانی بڕیاری مەحکەمە دەکەن، بەڵام نەیاندەزانی وا زوو. هەر ئەو ڕۆژە لە شەوەزەنگدا کە خەڵکی مەهاباد لە شیرینەی خەودا بوون ژیانیان کۆتایی پێدەهێنرێ. جارجار تروسکایی هیوا وەک بروسکەیەک لەناو بیرە ژاکاوەکاندا گوزەری دەکرد، بیر و گیانیان شەکەتی ناو مەحکەمە و هەڵمەتی هۆش و لەش لە دژەکرداری دەرپەڕاندنی ڕستەی "کوردی سەگ سیفەت" بە ڕووی پێشەوادا، مەرەکەبی بڕیار وشک نەبووبوو، لەپڕ بەو نیوەشەوە یەکێک خۆی کرد بە ژووری زیندانەکەیاندا: خۆتان ئامادە بکەن، چونکە دەوڵەت بڕیاری داوە بنێردرێن بۆ تاران. ئەم هەواڵە کە هەمیشە بیری داگیرکردبوون، بۆ ئەو ساتە وەک مژدەی سەرفرازی وا بوو بۆ ئەوان. کەوتنە ئەملا و ئەولای یەکتری ماچ کردن، داوایان کرد ڕێگەیان بدەن داوای پول بکەن بۆ خەرجی، وەرام درانەوە کە دەوڵەت بەوە هەڵدەستێ.
پێشەوا ئامادە بوو. برا. سواری لۆرییەکی پڕ لە چەکدار کرا، گوایا دەبرێ تا کەمە لێکۆڵینەوە و ڕێکخستنی پێویستی سەفەر ساز بکرێ، لەبەر بینایەکی چەند دەرگا لە گۆشەیەکی چوارچرا، دابەزێنرا. بۆ خانووەکە، ڕووەو ژوورێکی ڕووناک. کە کرا بە ژووردا، ئیتر تێگەیشت کە لە دواساتیشدا درۆیان لەگەڵ کرا. "مەلا صیدیقی" لە پشت مێزێک کە قورئانێکی لەسەر دانرابوو، سەرۆکی تەندروستی، و سەرهەنگ نکوزاد و هی تریش. نکوزاد، بڕیارەکەی مەحکەمەی خوێندەوە و گوتی: بڕیاریشە کە دەبێ هەر ئێستا حوکمەکە ئەنجام بدرێ، بۆیە هەر داوا و وەسییەتێکت هەیە بینووسە.
لەسەر وەسیەتنامەکەی پێشەوا، چەن ڕیوایەتێک باس دەکەن. لەمەڕ هەندێ لە ناوەڕۆکی "جعفر مهدی نیا" و "روزنامەی مرد امروز" نووسیوویانە کە بەشێک لە وەسیەتەکە: تەرخان کردنی بەشێ لە سامانی بۆ دروست کردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە بۆ خەڵکی کورد لە مەهاباد تەرخان بکرێ، کوردی نەسیحەت کرد بە یەکێتی و شتی لەو بابەتانە."(٥١)
هەرچی دوکتۆر ڕەحیمی قازی هەیە دەڵێ: بە گوێرەی وێژراوی ئەفسەرەکان قازی محەممەد دوو وەسیەتنامە ئەنووسێت. یەکیان لەمەڕ ماڵ و منداڵ و ئەوەی تریش لەمەڕ مەسەلەی سیاسی. ئەمەی کە لەمەڕ ماڵ و منداڵە ئەیدەن بە خێزانی قازی، بەڵام ئەوی دیکەیان نەدابوو و ئێستاش مەعلوم نەبوو کە قازی لەوێدا چی نووسیبوو. لە وەسیەتنامەکەی لەمەڕ ماڵ و منداڵ کە ڕوونووسەکەی بە دەستی ئێمەوەیە چەند دێڕێکی مەبەستی سیاسیی تێدایە کەوا لە ژێرەوە هەر چۆنێکی کە نووسیویەتی ئەیخەینە پێش چاوی خوێندەواران: "... بەو هەموو هۆیەوە کە لە ئیختیاری مندا بو ئەگەر شەڕم کردبا ڕەنگ بوو تێ نەشکێین، بەڵام بۆ ئەمەی کە مەهاباد وێران نەبێت و بۆ خاتری تێدانەچوونی خەڵک شەڕمان نەکرد. بەو هەموو ماشێن و هەلانەی کە لە ئیختیارم دا هەبوو ئەمتوانی لە مەهاباد هەڵێم و دوو جاریش لە وتارەکانی خۆمدا بە خەڵکی مەهابادم گوت، ئەمن دەمزانی ئەگەر هەڵێم ئێرەش وەکوو تەورێزی لێ دەهات و توشی کوشتار و تاڵان و برۆ دەبو. ئەمن بە خەڵکم ڕاگەیاند کە، ڕەنگە بمگرن و بشمکوژن، بەڵام بۆ ئەمەی ناموسی

خەڵکی بپارێزدرێت و تاڵان نەکرێت هەڵنایەم و خۆم بە قوربانی ئێوە دەکەم. ئەوا ئەمن بە عەهدی خۆم وەفا ئەکەم و تا ئێستاش لە مێژوودا نەدیتراوە کەسێک فیداکارییەکی وای کردبێت. هەڵبەت لەسەر ئێوەش پێویستە نیسبەت بە خزم و کەس و کاری من وەفادار بن و تۆڵەی منیش بستێننەوە."(٥٢)

لەدواییدا کاتی جێبەجێ کردنی ڕێوشوێنی ئیسلامەتی بۆ خۆ ئامادەکردنی مردن هات. ئینجا لەو دەرگای لەسەر مەیدانی چوارچرا بوو هێنرایە دەرێ، ڕاستەوخۆ چاوی بە هەر سێ سێدارەکان کەوت. گوتی: سێدارە لە ئیسلامدا مەکروهە و گوللەبارانم بکەن. وەرامیان: بڕیار هەر سێدارەیە و دەبێ هەر وا بکرێ.

لە سەعات سێ و دە دەقیقەی ڕووەو بەیانیی ٣١ مارسی ١٩٤٧ لاشەی پێشەوای نەتەوەی کورد بە سێدارەوە شۆڕبوەوە، دوای سێ و چوار دەقیقەیەک گیانی نەمری ڕووەو بەهەشتی ئەزەلی، ناوی پیرۆزی بەنەمری و مێژووی پڕ لە شانازیی بۆ کورد مانەوە.

بە هەمان ڕێگە و شوێن سەیفی قازی بەرەو سێدارە بەڕێ کرا، هەر کە پێی نایە ئەم دیو دەرگای سەر زەوی چوارچرا و لاشەی پێشەوای بینی کەوتە پەلامار و نەعرەتە... وەک شێر هاواری دەکرد: بژی پێشەوای کورد، بژی سەربەخۆیی میللەتی کورد. دەگوترێ زۆر لەو دەوروپشتە، لە نەعرەتەی سەیف وە خەبەر هاتن. دوای پەتی سێدارە لە مل کردن و بەردانەوەی، پەت دەپچڕێ... بەڵام زۆرداران بەوەش وازیان لێنەهێنا، سەریان خستەوە سەر سێدارە و ئەویش گیان و ناو و شانازیی، ڕێوشوێنی پێشەوای هەڵگرت.

سەدری قازیش بەو جۆرەی ئەوانی لەگەڵ کرا و بە هەمان شێوە لە سێدارە درا و ناو و مێژووی ژیانی بەشانازییەوە بۆ کورد بەجێهێشت و گەیشتە سەرکاروانی شەهیدان.

دەمێنێتەوە سەر پرسیارێک کە ئارشی ڕۆزڤێلت لە کۆتایی باسەکەی لەسەر مەهاباد بۆ ئایندەی کوردی بەجێی هێشتبوو کە دەڵێ: دەبێ داهاتو ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە ئایا لە شوێنێکدا کە خەڵکەکەی مرید و لایەنگری ڕێبەرانی مەزهەبی و سەرۆک عەشیرەتەکانن و ناسیونالیسم بۆیان دیاردەیەکی نەناسراوە، جوڵانەوەی کوردی شتێکی پراکتیک و گونجاوە...؟(٥٣)

پرسیارێکی تەواو گونجاو لەگەڵ سەرەنجامی یەک لەدوای یەکی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد. بەڵام کام جووڵانەوە؟ یان کام شێوە و ڕێبازی خەبات؟ چونکە هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەو بار و دۆخە خراپەی کوردی تیا قەتیسکراوە، بەبێ بوونی کورد خۆی، بێ خواست و ویست و خەبات و دروشم و ئامانجی خۆی، بۆ خۆی، گۆڕان نایەتە ئاراوە. بۆیە ئەم بوون و جووڵانەوەیە بۆ ئەو گۆڕانەی کە دەبێ کورد بگوێزێتەوە بۆ مەڵبەندی ئازادی و سەرفرازی و دەوڵەتی نەتەوایەتی خۆی زۆر پێویست و پراکتیکیشە، بەڵام چۆن و لەسەر چی ڕێباز و هەلومەرجێ؟ خۆ ئەگەر مەبەستیش لەوە جووڵانەوەی چەکدار و شۆڕشە، شێوە و ڕێبازی خەباتە، وا پرسیارەکە پێویستی بە هەڵوێستەیەکی هۆشیارانە هەیە. سەبارەت بەو هەموو زیان و کارەساتانەی سەرەنجامی هەر یەک لەم جۆرە جووڵانەوانە بوون، دەبێ هێزە سیاسییەکانی کورد، لەناو لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی ورد و بابەتی و زانستییانەی ڕابردوودا، بکەونە سەر ڕێبازی دانانی ستراتیجێکی یەکگرتوو بۆ جووڵانەوەی نیشتمانی کوردستان. بە ڕەخساندنی بەرەیەکی یەکگرتووی سەرتاسەری، بە تێگەیشتنی واقیعی هەر بەشە، گونجاندنی خەباتی پلەیی، دروشم و ئامانجی پلەیی لەگەڵ جووڵانەوەی سەرتاسەری و ستراتیجییەکەیدا. ئەمەیە کە دەبێ هێزە سیاسییەکانی کورد کاری بۆ بکەن و نەیەڵن لەوە زیاتر کات بەسەربچێ، هێز و توانا بە هەدەر بڕوات، لەوە زیاتر کورد تووشی زیان و کارەسات و شکستی و هەرەس ببێت. بەتایبەتی بۆ ئەمڕۆی کورد کە هەلێکی مێژوویی بۆ ڕەخسێنراوە، وا لەناو هەمان سەرچاوی بیری پرسیارەکەوە، کورد خۆی نەک دوژمنەکەی خەریکە لەناو شەڕی خۆکوژیدا کۆتایی پێ دەهێنێ.

## پەراوێز و تێبینییەکان

١- بۆ سەرنجدان لە لایەنی نێگەتیڤی ڕۆڵی سەرکردایەتی کۆمار، بروانە ئەو نووسینەم کە لەژێر سەرباسی "تێڕوانینێکی سەردەم لە کۆمارەکەی مەهاباد"، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٩٢ و ٥٩٣ لە ٢١_٢٢/١/١٩٩٤دا بڵاوکراوەتەوە.

٢- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٥، ١٧ی جانیوەری ١٩٤٦. ژمارە ٤٧، ٤ مەی ١٩٤٦، نووسینەکەی ئەم ژمارەیەی دوایی (٤٧)، بە بۆنەی ٤٦هەمین ساڵەی لەدایکبوونی پێشەواوە بووە، کە لەو ساڵەدا ڕێکەوتی یەکی ئایاری کردووە، بۆیە وێنەی پێشەوا و هەڵبەستیشی بەو بۆنەیەوە بڵاوکردبۆوە.

٣- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٥.

- ئارچی ڕۆزڤیلت، کۆماری کورد لە مەهاباد، خالیدی عەزیزی لە ئینگلیزیەوە کردوویەتی بە کوردی، ١٩٩١.

- نجفقلی پسیان، از مهاباد خونین تا کرانهای ارس، تهران ١٣٢٨.

- جعفر مهدی نیا، زندگی سیاسی قوام السلطنه، چاپی دوم ١٣٦٦.

تێبینی: هەرچەند ئەم دوو نووسەرەی دوایی، ڕژێمدۆست بوون، دیسان هەر نەیانتوانی هەندێ ڕاستی بشارنەوە. ئارچی یا ئارشی ڕۆزڤیلت یش ئەفسەری مخابەراتی سەفارەتی ئەمریکایی هاوکاری ڕژێم بوو، بەڵام گەلێ ڕووداو و ڕاستیی گرنگی لە نووسینەکانیدا خستۆتە ڕوو، وەک هەندێک لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەبینرێن، نووسینەکانی بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەو ئەزموونە.

٤- بابا مردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، بخش دوم، جلد سوم، تهران ١٣٧١، ل٦٠٢.

٥- نجفقلی پسیان، سەرچاوەی ناوبراو، ل٥.

٦- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠-١١ جانیوەری ١٩٤٦.

٧- عبدالرحمن قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیا، ١٩٨٥، ل٧٣.

٨- ئەو دانیشتنە بە ئامادەبوونی دکتۆر ئەمیری حەسەنپوور، کاک زاگرۆس و بەندە لە ماڵی مامۆستای نێوبراو لە شاری ڤێستەرۆس ساز کرابوو، گەلێ زانیاریی بەکەڵکمان لە مامۆستا بیست و لە لایەن کاک ئەمیرەوە تۆمارکران.

٩- ئارچی ڕۆزڤیلت، سەرچاوەی ناوبراو، ل٣٧ و ٣٨.

١٠- کەریمی حسامی، کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، ١٩٧١، ل١٠-١١.

١١- William Eagleton, The kurdish Republic of 1946, London-1963. p.133.

- مەحموود مەلا عیززەت، کۆماری میللی مەهاباد، کوردستان ١٩٨٤، سوید ١٩٨٦، ل٧٠. دەقی ئەو سەرچاوەیەیە.

١٢- هێمن، تاریک و ڕوون، ١٩٧٤، ل٢٢-٢٣.

١٣- ڕۆژنامەی کوردستان، ارگانی حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە٣٠٢، شەممو ٦ خەزەلوەری ١٣٢٩.

- دوای ڕووخاندنی کۆماری کوردستان، ئەو ڕۆژنامەیە وەک لاپەڕی چوارەمی ڕۆژنامەی اذربایجان لە باکو بە سەرپەرشتیی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیرانی کورد بەتایبەتی دکتۆر ڕەحیمی قازی و دوکتۆر عەلی گەلاوێژ، لە چاپ دەدرا. یەکەم ژمارەی لە ژمارە ٢ی ڕۆژنامەی اذربایجان ١٤ ازری ١٣٢٦، ٥ نوڤامبەری ١٩٤٧دا بووە. چەندین ساڵی دەوام کردووە.

١٤- دۆکتۆر ڕەحیمی قازی: باسێک لەمەڕ موحاکەمەی پێشەوا قازی محەمەد، ل ٤٥ و ٤٦.

١٥- ئارچی رۆزڤێلت: ک. ک. لە مەهاباد، ل ٤٣.

١٦- National Encyklopedin - Band 7 - Höganäs 1992.

- مەحمود مەلا عزەت، سەرنجێ لە شۆڕش و دیپلۆماسیەتی کورد لەناو باری جیۆپۆلیتیکی کوردستاندا، گۆڤاری پەیڤ، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٨، ل٧٨١-٧٩١.

١٧- جگە لە کوردستانی فیدرالی، ئەمەش بارێکی

نائاسایی ناوچەکە، هەڕەشەی ناوچەیی و شەڕی کوێت، خواستی خۆرئاوا، بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، بۆ خولقاندنی ناوچەیەکی ئارام بۆ پاراستنی کورد لە هەڕەشەی لەناوبردن، دوای کۆچڕەوە زیاتر لە دوو ملیۆنییەکەی سەرەتای بەهاری ١٩٩١ خولقاندوویانە، دیارە ئەمەشیان لەناو بڕیار و نەخشەیەکی دیار و داڕێژراو و ئاسۆڕووندا نییە، بۆیە ئەو حکوومەتە لەناو چەندین کێشەی خۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتاندا دەژی و هەڕەشەی چەند لایەنەی بەردەوام لەسەرە. کە هەرە گەورەکەیان ئەو شەڕە ناوخۆییەیە کە لەو سەرچاوانەوە دروست بووە و بۆتە گەورەترین هەڕەشە لەسەری.

١٨- Ferideh Kooli-kamali Deh kord. The republic of kurdistan-Its Rise and Fall-1988-p.24

١٩- جعفر مهدی نیا، سەرچاوەی ناوبراو، ل٥٠٠.

٢٠- جعفر مهدی نیا، هەمان سەرچاوە، ل٤٩٠.

٢١- کورد لە یاداشتەکانی قوام السلطنەدا، ڕۆژنامەی هەرێم، ژمارە ٢٧، ١٩٩٣/٦/١٠.

– محەمەد موکردی، ئەو بەشەی لە کتێبی "زندگی سیاسی قوام السلطنه" چاپی دوم، تهران، ١٣٦٦، لە نووسینی جعفر مهدی نیا، وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، بەڵام لەژێر ئەو سەرباسەدا.

٢٢- بڕوانە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (٦٩)، ٣٠ پووشپەڕی ١٣٢٥.

٢٣- بابەمردوخ روحانی، سەرچاوەی ناوبراو، ل٦٠٤.

٢٤- بابەمردوخ روحانی، هەمان سەرچاوە، ل٦٠٦.

٢٥- جعفر مهدی نیا، سەرچاوەی ناوبراو، ل٥١٨.

٢٦- بۆ سەرنجدان لە وتار و سەرجەمی کار و کردەوەی تۆمارکراوی پێشەوا، بڕوانە ڕۆژنامەی کوردستان کە لە سەردەمی ژیانی کۆماردا لە چاپ دراون. بۆ ئاسانکردنی وتارەکان لە گەیشتنیان بە دەستی خوێنەر، کاک حەسەنی قازی، زۆر لەو وتارانەی ڕۆژنامەی کوردستانی دەرهێناوە، ڕستە و وشە نادیار و کوژاوەکانی ساغکردۆتەوە و لە نامیلکەی "ڕوانگەی پێشەوا ١٩ بابەتی ڕۆژنامەی کوردستان ١٩٩٤"دا بڵاوکردۆتەوە.

٢٧- مەحموود مەلا عیززەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامە و دوکومێنت، بەرگی یەکەم، سوید ١٩٩٢، ل١٩٤، نامەی ژمارە١٣٢.

٢٨- بڕوانە ڕۆژنامەکانی کوردستان:

– مەحموود مەلا عیززەت، د.ج.ک، ل: ٥٥، ٦٢، ٦٣، ٦٤ و سەرجەم ئەو نامانەی پەیوەندیان بەوانەوە هەیە.

٢٩- دوکتۆر ڕەحیمی قازی، باسێک لەمەر مەحاکەمەی پێشەوا قازی محەممەد، مەهاباد، ١٣٥٩، ل١٢.

ـ مانای شیعرەکە: ئەگەر سەر لەسەر بنێیین و پشت لە دوژمن بکەین لەوە باشترە تاقە کەسێ بە کوشتن بدەین.

٣٠- دکتۆر ڕەحیمی قازی، هەمان سەرچاوە، ل١٣.

٣١- عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی ناوبراو، ل٥٦-٥٧.

ـ جعفر مهدی نیا، سەرچاوەی ناوبراو.

ـ ئارچی ڕۆزڤیلت، سەرچاوەی ناوبراو، ل٣٠.

ـ پێشەوا قازی، وەک نارەزایی لەو ڕێککەوتنەی نێوان تاران و تەورێز بەو سەفەرە هەستا و ئەو پرۆژەیەی خستە بەردەم سەرەکوەزیرانی ئێران. هەیە دەڵێ ئەوەی پرۆژەیەکی قوام السلطنه بووە و دەبوو ئوستاندار لە سنەوە سەرپەرشتی ئوستانەکەی بکردایە... گوایا پێشەوا ڕەفزی کردووە.

٣٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٣٩٠، ١٩٩٣/٥/١٧.

ـ لام وایە کوڕی ڕەش (عەلی کوڕی پێشەوا قازی) غەدر لەو دوکومێنتە گرنگە دەکات ئەگەر لەوە زیاتر بە حەپسکراوی بیهێڵێتەوە. دیسان بۆ وەسیەتنامەکەی پێشەوا.

٣٣-بڕوانە: دکتۆر ڕەحیمی قازی، قازی محەممەد و مەسەلەی خودموختاری کوردستانی ئێران، ١٣٥٦ ل٣٢.

٣٤- بۆ سەرنجدان لە دەقی پەیمانی نەوت، بڕوانە: مەحموود مەلا عیززەت، ک.م.م، ل١٥٩-١٦٢، سليم طه التكريتي، معركه النفط فی ايران، بغداد، ١٩٥١، ص ١٠٩-١١٢.

٣٥- عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی ناوبراو،

ل٦٠-٦١.

٣٦- ئەبولحەسەنی تەفرەشیان، پاشەکشەی بارزانییەکان لە کوردستانی ئێران، وەرگێڕ حەسەنی سەیف (قازی) ١٩٨٧، ل١٦ و ١٧. ئەو نووسینە بەشێکە لە کتێبی (قیام افسران خراسان) ١٩٧٧، کە ناوبراو نووسیویێتی، ئەم خۆی ئەفسەرێکی کۆماری ئازەربایجان بوو، لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی تر و دوو تۆپ نێرابوون بۆ کوردستان بۆ بەهێزکردنی بەرەی جەنگ.

٣٧- هێمن، سەرچاوەی نابراو، ل٢٧-٢٨.

٣٨- عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی ناوبراو، ل٦٨-٦٩.

٣٩- کوردستانی نوێ، ژمارە ٣٩٠، ١٩٩٣/٥/١٧.

٤٠- عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی ناوبراو، ل٦١. داخم ناچێت کە دکتۆریش یەکێکە لەوانەی کە ئەو ناوەی بۆ رووخاندنەکەی کۆمار بەکار هێناوە. دیسان لە بەکارهێنانی هەمان "زاراوە"دا بۆ هەرەسی شۆڕشەکەی ئەیلول ١٩٦١، لە ١٩٧٥دا هەمان بۆچوون جێگەی خۆی دەگرێ.

٤١- احمد شریفی، عشایر بارزان، ل٤٥.

٤٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا، ئوتریخت ١٩٩٣، ل٢٦٥.

٤٣- ئارچی ڕۆزڤیلت، ک.ک. لە مەهاباد، ل٥١.

٤٤- ئارچی ڕۆزڤیلت، سەرچاوەی ناوبراو، ل٥٢.

٤٥- کوردستانی نوێ، ژمارە٣٩٠، ١٩٩٣/٥/١٧، "دیدەنی کوڕی ڕەش"، دکتۆر ڕەحیمی قازی، سەرچاوەی ناوبراو، ل١٠-١١.

٤٦- دکتۆر ڕەحیمی قازی، سەرچاوەی ناوبراو، ل٣٣،٣٤.

٤٧- دکتۆر ڕەحیمی قازی، هەمان سەرچاوە، ل٩-١٠. دکتۆر ئەو برگەیەی دوایی لە "ئارشیوی دەوڵەتی شووروەوی" دەرهێناوە، بەڵام بەداخەوە ئاماژەی بۆ جۆری ئەرشیفەکە و ژمارە و شوێنی نەکردووە.

- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو مەحکەمانە، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی لەم باسەدا ناویان هاتووە.

٤٨- بەکورتی هەڵکەوتی دیریکی لە ڕۆژنامەکانەوە، وەرگێڕی: حسین حزنی موکریانی. ٣ نشرەی دەنگی گێتی تازە، ١٩٧٤، چاپخانەی معارف، بەغدا، ل٣. لە ڕۆژنامەی جهان پاک، ژمارە ١، وەرگیراوە.

٤٩- جعفر مهدی نیا، سەرچاوەی ناوبراو، ل٥٤٤.

٥٠- ئارشی ڕۆزڤیلت. Archie Rooseult-For lust of knowing, memoirs of an intelligence office, George weiden feld+Nicolson, limited, London-1988. p.287-288.


٥١- روزنامەی مرد امروز، ٢٣ اذر ماه ١٣٢٥.

جعفر مهدی نیا، سەرچاوەی ناوبراو، ل٥٥٢.

٥٢- دکتۆر ڕەحیمی قازی، سەرچاوەی ناوبراو، ل٣٨،٣٩.

٥٣- ئارچی ڕۆزڤیلت (ئارشی ڕۆزڤیلت) کۆماری کورد لە مەهاباد، ل٥٧.

سەرنج: لە دەقە وەرگیراوەکانی هەندێ سەرچاوەدا زۆرجار لە نێوان دوو وشە یان دوو ڕستەدا چەند نوختەیەک بەم جۆرە دانراوە... واتە لەو شوێنانەدا یان وشە یان ڕەستەی تر هەیە و بە پێویستم نەزانیووە بنووسرێ. تکا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم لەوە ئاگادار بێت.



# هونەرمەند

# سەروەت ئەنوەر سەوز

<> ساڵی ١٩٥٤ لە سلێمانی، خوارووی کوردستان، لە دایک بووە

<> ساڵی ١٩٧٧ ئەکادێمیای هونەرە جوانەکانی لە زانستگەی بەغدا تەواو کردووە.

<> لەم پێشانگایانەدا بەشداریی کردووە و کارە هونەرییەکانی پێشکەش کراون: ١٩٧٧ و ١٩٨١لە سلێمانی، ١٩٨٢ لە سێئول، کۆریای خواروو، ١٩٨٧ لە هەولێر، ١٩٩٢ لە سلێمانی، ١٩٩٣ لە پاریس و ١٩٩٤ لە لەندەن.



هەڵکۆڵین لەسەر تەختەدار ١٩٧٦



هەڵکۆڵین لەسەر تەختەدار ١٩٧٦



هەڵکۆڵین لەسەر زنگ ١٩٧٦



<> مەرجی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی زانستگا ئەوەیە سەربەخۆ بێ و کاروبار و دەسەڵاتی بە دەست خۆیەوە بێ، لە دوور و نزیکەوە هیچ حیزب و لایەنێکی پۆلیتیکی نابێ دەست لە کاروباری وەربدا.

<> بەرهەمەکانی من هەمەڕەنگە، مەیدانی فراوانە، زۆربەی لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوەیە. ئێستاش شەووڕۆژ سەرقاڵی تەواوکردنی "مێژووی ئەدەبی کوردی"م بە چەند بەرگێک، خەریکی نووسینەوەی یادداشتی تایبەتیی خۆمم.

<> لە ناو ئەندامانی پەرلەماندا کەسی وای تێدایە مەرجی خۆهەڵبژاردنی تێدا نییە، تا دەگاتە ئەوەی هی وای تێدایە مەرجی ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی نییە.

# پرۆفێسۆر مامۆستا خەزنەدار لە گوتوبێژێکی زانستی و فەرهەنگی و سیاسیدا

ئامادەکردنی: موەفەق پیرداوود

١- مامۆستای بەڕێز، بە ڕای ئێوە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا کە گەرمەی ئازادییە لە کوردستان، زمان و ئەدەبی کوردی چۆن دەبینی ؟

کاکی خۆم، پێشەکی پێت ڕادەگەیەنم من لێرەدا وەک ڕۆشنبیرێک و مامۆستاییێکی زانستگا وەرامت دەدەمەوە، پۆلیتیک و دیپلۆماسییەت و ئەملا و ئەولا لای من نییە. بە کورتی و بە کوردی دەڵێم لەو کاتەدا دەتوانین بڵێین "گەرمەی ئازادی"یە، ئەگەر داموودەسگای دەوڵەت هەبێ، ژیانی ئابووری بگرێتە دەستی خۆی و بەرپرسیاری ڕێکخستن بێ. سنوور لە نێوان دەسەڵاتەکاندا هەبێ (یاسادانان = پەرلەمان/ بەڕێوەبردن = وەزارەت/ دادگا). ئەگەر ئەمانە نەبن دەبێتە کۆمەڵی بێ سەروبەر و ئاژاوە. لای ئێمە بێ

یاسایی و بێ دەستووری و ڕەشبگیری هەیە، لای ئێمە دوو حیزبی گەورە هەیە، یەک لە ناو ئەوی تر لە ناوەڕاستی شەستەکاندا (١٩٦٤) هاتۆتە دەرەوە؛ ئەم دوو حیزبە لە سەرەتاوە لەگەڵ یەکتریدا ڕێک نەبوون، هەتا هەتایەش ڕێک نابن. ڕێکیی ئەمجارەیان تەکتیک بوو، بۆ سەردەمێکی دیاری کراو دەسەڵاتیان لە نێوان خۆیاندا بەش کرد. هەمیشە خەریکی هێنانەدیی چاکەی خۆیان بوون، لەبەر ئەوە بەرنامەدانان و ڕێکخستن و چاودێری کردن و پاراستنی مافی خەڵکی کورد لە ئارادا نەبوو. ئەوپەڕی ئازادییەکەی ئێمە لەوەدا بوو هەندێ قسەی لەمەوپێش بۆمان نەدەکرا ئێستا دەتوانین بیکەین. زیاتریش لەبەر ئەوەیە چونکە زیانی ئەوانی تێدا نییە. هەموو ئەوانەی دامودەسگای ئێستا بەڕێوە دەبەن (پارتی و یەکێتی) ئەندامی دڵسۆزی حیزبەکەی خۆیانن پێش ئەوەی وەزیر و کاربەدەستی حوکوومەت بن. بۆ هەڵخەڵەتاندن هەندێ کەس بوون بە ئەندامی پەرلەمان بە ناوی "بێلایەن و سەربەخۆ"وە، ڕاستییەکەش ئەوەیە ئەمانە بێلایەن نین، ئەڵقەلەگوێی دوو حیزبەکەن، لە ئەندامانی دوو حیزبەکە حیزبیترن. لەبەر ئەوە "گەرمەی ئازادی" و "هەوای یەکسانی" ئەو کەسانە دروستیان کردووە لەسەر برسێتیی خەڵکی کوردستان بوون بە ملیۆنێر. ئەمانە دەیانەوێ وەزعەکە هەر وا بێ چونکە قازانجی خۆیانی تیایە. ئەوە نازانم ئایا برسێتی و ئازادی پێکەوە دەگونجێن؟!

**بۆ هەڵخەڵەتاندن هەندێ کەس بوون بە ئەندامی پەرلەمان بە ناوی "بێلایەن و سەربەخۆ"وە، ڕاستییەکەش ئەوەیە ئەمانە بێلایەن نین، [بەڵکە] ئەڵقەلەگوێی دوو حیزبەکەن، لە ئەندامانی دوو حیزبەکە حیزبیترن.**

هەرچی زمان و ئەدەبی کوردیشە ئێستا لە وەستاندایە، چاپ تەنیا بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دوو حیزبە گەورەکە و وردەحیزبەکانی ترە. سەرچاوەی تازە بۆ زمان و ئەدەبی کوردی لە ناوەوە نییە، ئەو زانیارییە ئامادەکراوانە نەبن کە لە قوتابخانە و زانستگاکاندا دەخوێندرێن. لەو دوو سێ ساڵەدا ئەگەر چەند کتێبێکی باش دەرچووبن لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی کەسایەتی بووە، وەکوو کتێبە نایابەکەی "سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی"، ئەمەش بە ڕەنج و کۆشش و لەسەر کیسەی بنەماڵەی شەهید بە چاپ گەیێنراوە، بەڕاستی شایانی سوپاسن.


٢- مامۆستا، هیچ پێشنیازێک هەیە بۆ دروست کردنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، و ئەگەر هەبێ گیروگرفتەکان چین؟

دروست بوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو کارێکی میکانیکی نییە، ڕەنگ هەیە کەسی لەو بابەتە هەبێ وا بزانێ ڕێگەی دروست بوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو ئەوەیە هەموو وشەی فەرهەنگی کوردی و دەستووری زمان بخرێتە ناو ئامێرێکی تایبەتی لە فابریقەدا و ئامێرەکە بکەوێتە گەڕ و زمانێکی یەکگرتوومان بۆ بێنێتە دەر. نەخێر وا نییە، دروست بوونی هەموو زمانێک مۆڵەت و کاتی دەوێ، بەتایبەتی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو کە پلەیێکی ڕۆشنبیری و خوێندەواریی بەرزی گەرەکە، ئەمەش مەشق و پراکتیکی سەردەمێکی درێژخایەنی پێویستە.

لام وایە مەبەست لە پرسیارەکە دروست بوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووە لە نووسیندا. ڕووداوی مێژوو و بەسەرهاتی کورد بە درێژاییی ڕۆژگار کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر پلەی ژیانی کوردەواری لە هەموو

ڕووییەکەوە. بەم جۆرە لای ئێمە دوو دیالێکتی زمانی کوردی "کرمانجیی سەروو" و "کرمانجیی خواروو"، هەر یەکەیان بوون بە زمانێکی یەکگرتوو بۆ نووسین. دیارە تا دەوروبەری جەنگی یەکەمی گێتیش هەندێ لە دیالێکتەکانی تری وەک گۆرانی و لوڕی و زازا و هی تریش ئەدەبییاتیان هەبوو. بەڵام میرنشینی سلێمانی

لاتینی، کیریلی) زیانێکی کوشندەی نییە. ئەمە پێوەندیی بە دوارۆژی کوردەوە هەیە، مەسەلەیێکی پۆلیتیکییە. ئێمە دەتوانین بە هەوڵێکی ئەکادێمی ئەم دوو دیالێکتە لە یەکتری نزیک بکەینەوە، بەڵام ناتوانین لە فابریقە زمانێکیان لێ دروست بکەین. لەبەر ئەوەیە هەر قسەیێک لەبارەی "سۆرانی یا کرمانجی"، "عەرەبی یا



(بابان) بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەمەوە کارێکی گەورە بوو بۆ دروست بوونی دیالێکتی کرمانجیی خواروو وەکوو زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو.

ئێستاش لام وایە بوونی دوو زمانی یەکگرتوو لەسەر بنچینەی دوو دیالێکت و دوو ئەلفوبێ یا زیاتر (عەرەبی،

لاتینی" لە هەر دەور و رۆژگارێکدا کرابێ، لە کۆندا، یا ئێستا، یا لە دوارۆژێکی نزیکدا کارێکی ڕووخێنەرە چونکە لەم قۆناغە مێژووییەی نەتەوەی کورددا ئەم مەسەلانە ناخرێنە ناو گفتوگۆ و چەند و چوونەوە، لە زیان بەولاوە قازانجیان نییە.

٣- ئێوه وەک ئوستادێک له زانستگەی سەلاحەددین مەسەلەی بەڕێوەبردن لەو زانستگایه و کاری موحازەره وتنەوه چۆن دەبینن؟

ئەمه دوو پرسیارە، بەڵام پێوەندیی‌یێکی بەهێز له نێوانیاندا هەیه، یەکەمیان بەڕێوەبردن، ئەمەیان ئەوەنده نالەباره پیاو ناتوانێ و نازانێ له کوێوه دەست پێ بکا، دووەمیان موحازەره وتنەوه بە گشتی دڵسۆزیی تێدایه، وا لێرەدا باسی شتێکت بۆ دەکەم.

له بابەت بەڕێوەبردنی زانستگاوه وتم زۆر نالەباره، بەڵێ ئەمه ڕاسته. پاش ئەوەی دوو حیزبەکه هاتنه سەر حازری، کاربەدەستانی زانستگا دەیانتوانی کارێکی وا بکەن دوو حیزبەکه کەمتر دەست له کاروباری وەربدەن، بەڵام بەپێچەوانەوه ئەمانه خۆیان ڕێگەیان بۆ دوو حیزبەکه خۆش دەکرد زیاتر له پێویست بەسەر زانستگادا زاڵ بن و دەسەڵات بکەوێته دەست ئەوانەوه. باوەڕ دەکرێ سەرەکوەزیران و جێگر و وەزیرەکان ئەوەنده بێ ئیشوکار بووبن تا پلەیێک ئەگەر مامۆستایێک بیەوێ له زانستگا دابمەزرێ، یا قوتابی‌یێک له خوێندن دابڕابێ بۆ دەبێ له سەرەکوەزیران داوای دامەزراندن یا گەڕانەوه بۆ خوێندن بکا! ئەویش تەنیا کارەکەی ئەوه بێ داواکەی بۆ زانستگا بنێرێ! بەم جۆره لەو کاتەی کاربەدەستانی زانستگا کەوتنه ژێر فەرمانی کەسانی دوو حیزبەکه و له قسەیان دەرنەدەچوون، هەر خۆیان بوون به فەرماندەیێکی سوپایی و ئەو مافەیان به خۆیان دا وەکوو سەرباز تەماشای مامۆستا و بەشه زانستییەکان بکەن. له هەموو گێتیدا ئەوه ڕووی داوه قوتابی‌یێک له خوێندنی بەرز له کۆرسی ئامادەیی بکەوێ، به ئیکمال حسێب بکرێ و ساڵێکی تری بدرێتێ ؟! ئەمه له زانستگای سەلاحەددین ڕووی داوه. ناهەقی‌یێکی زۆر کراوه، بەرەڵایی‌یێکی بێسنوور له زانستگادا بووه و هەیه. تکا دەکەم ڕۆژنامه و کۆوارەکانی هەموو حیزبەکان بخوێننەوه و پرس له مامۆستا سەربەخۆ و بێلایەنه ڕاستەقینەکان بکه، که داخی گرانم ژمارەیان زۆر کەمه، گەلێ شتت بۆ ئاشکرا دەبێ لەم ڕووەوه.!

کاروباری زانستگا بەو پینەوپەڕۆیەی تێیدا کرا چاک نابێ. ئەگەر شەڕەدەنووکی دوو حیزبەکه نەبووایه یاسای هەڵبژاردنیان بۆ سەرۆکی زانستگا دانەدەنا. ئەوەی سەرکەوت له ئەنجامی هەڵبژاردن وتیان لەسەر لیستەی زەرده. سەرۆکی کۆنی زانستگا وازی نەدەهێنا، توانیی بۆ ماوەی دوو مانگ بەرگری بکا، دەیوت با ئەمر بۆ سەرۆکی هەڵبژێراو دەربچێ، کەس نەبوو ئەمرەکه دەربکا، به پاڵەپەستۆ سەرۆکی کۆنیان دەرپەڕاند. لەبەر ئەوەی سەرۆکی دەوڵەت نەبوو ئەمرەکه ئیمزا بکا، وتیان با سەرەکوەزیران ئەم کاره بکا، ئەویش نەیکرد چونکه له لیستەی سەوزه، چۆن دەبێ ئەمر بۆ سەرۆکی هەڵبژێراوی زانستگا دەربکا که ناوی له لیستەی زەردا بێ! بەم جۆره سەرۆکی هەڵبژێراوی زانستگا خۆی بۆ خۆی ئەمری دەست به کارکردنی دەرکرد. ئەمه له هیچ کوێ‌یێکی ئەم زەوییه پان و بەرینەدا ڕووی داوه؟! بۆ مێژوو و ڕاستی دەبێ ئەوەش بڵێم منێکی کۆنترین مامۆستای زانستگای سەلاحەددین و هەڵگری لەقەبی مامۆستای یەکەمی ئەو زانستگایه، بەشداریم له هەڵبژاردنی سەرۆکی زانستگا نەکرد، نه به خۆپاڵاوتن، نه به دەنگدان.

له بابەت موحازەره وتنەوه دەڵێم: ئەم کاره بنج و بناوانی ئامانجی زانستگایه. هەرگیز مامۆستای دڵسۆز گوێی نەداوەته هەڵسوکەوتی کاربەدەستان، دەتوانم بڵێم لەو ماوەیەدا ئەم دڵسۆزانه زیاتر خۆیان ماندوو دەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا برسێتیی مامۆستایان گەیشتۆته پلەیێک له توانای هەموو کەسێک نەبێ بتوانێ بەرهەڵستی بکا، بۆیه درزێکی گەوره کەوتۆته ناو کاری فێرکردن و موحازەره وتنەوه. زۆر کەس زانستگایان به جێ هێشت له ترسی ئاسایش، هی تریش وەزیفەی گەورەتریان پەیدا کرد، ئەمانه وا دەزانن له مامۆستای زانستگا گەورەتر هەیه! ئەگەر زانستگای سەلاحەددین بەم شێوەیه بڕوا

مەترسیی ئەوە هەیە ساڵی داهاتوو نەتوانێ کاری خۆی وەک پێویستە بباتە سەر.

٤- مامۆستا، ئایا قوتابییانی بەشی زمانی کوردی تا چ رادەیێک خۆیان ماندوو دەکەن بۆ خزمەت کردنی زمان و ئەدەب و مێژووی گەلەکەیان؟

قوتابییانی بەشی زمانی کوردی وەکوو بەشە زانستییەکانی تر هەموو بابەتێکی تێدایە لە رووی گونجانیان لەگەڵ بەشەکەدا، چونکە تا ئێستا لای ئێمە قوتابی بە ئارەزووی خۆی لەو بەشە وەرناگیرێ کە خەونی پێوە دەبینێ. ئەمە لە لایێک، لە لایێکی تریشەوە بە چاوێکی نزم تەماشای بەشی زمانی کوردی دەکرا، ئەوەی کەمترین نمرەی لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەشەمی ئامادەیی وەربگرتایە بەشی کوردیی بەردەکەوت. ئەم سیستێمە تا ئێستاش بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشی زمانی کوردی دەورێکی گرنگی بووە لە پێگەیاندنی خوێندەوار و رۆشنبیری کورد لە مامۆستایانی قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی و کارگەرانی رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و راگەیاندن و رۆژنامەنووسی، هەروەها بەشێکی زۆر لە نووسەر و رۆشنبیرانی نەوەی تازەمان دەرچووی بەشەکانی زمانی کوردیی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا و سلێمانی و سەلاحەدینن. نامەوێ لە بیرت بچێ نووسەر و مامۆستایانی وەکوو مەحموود زامدار و وریا عومەر ئەمین و دڵشاد مەریوانی و ئەحلام مەنسوور و رەفیق سابیر و فریاد فازیل و خالید جووتیار و نەوزاد رەفعەت و ئەنوەر قادر و سامی شۆرش و شیرین کەمال و سەلاح شوان و رەشاد میران و محەمەد بەکر و فەرهاد شاکەلی و گەلێکی تر دەرچووی ئەم بەشی کوردییەن. یادگاری سەردەمی قوتابێتییان لاپەرەیێکی رووناک و بەهادارە لە ژیانی زانستیمدا و هەمیشە شانازی بەوەوە دەکەم کە رۆژێ لە رۆژان قوتابیی من بوون.

٥- مامۆستا تێبینیتان چییە لەسەر قوتابییان و زانستگا و موحازەرە وتنەوە، بە رای ئێوە بەشی زمانی کوردی چۆن پێش دەکەوێ؟

بەشێک لە وەرامی ئەم پرسیارە لە وەرامی پرسیاری پێشوودا درایەوە. دەمێنێتەوە بەشی کوردی چۆن پێش دەکەوێ؟ ئەوی راستی بێ بەشی کوردی وەک بەشێکی زانستی لە زانستگادا تووشی نەخۆشیی سەر لێ شێوان بووە، مەبەسم لێرەدا ئەوەیە ئەم زانستگایە سوودێکی ئەوتۆی لە تاقی کردنەوەی هەزار ساڵەی زانستگاکانی ئەوروپا وەرنەگرتووە، هەمیشە ملکەچی یاسا و دەستووری دەوڵەت و کاربەدەستان بووە، هەندێ جار ئەگەر هەوڵی دابێ تاقی کردنەوەی دەرەوە وەربگرێ، دەستووری دەوڵەت بۆتە تەگەرە لە پێشی. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە لە زانستگای سەلاحەددین زاراوەی "تەعلیمات" ئەوەندە باوە هەمیشە لەسەر دەمی هەموو کەسێکدایە کە لەو دەسگایەدا کار دەکا. زانستگا ئەگەر قوتابی و مامۆستا بکاتە بەردی بناغەی خۆی دەتوانێ ئەو کارەی بۆی دانراوە بگەیەنێتە ئەنجام. کادری پەککەوتە زۆرە، هەر کەسێ ماجستێر یا دۆکتۆرای وەرگرتبێ لەوێ دامەزراوە. با شایانی ئەوەش نەبێ، با ئەو وڵاتەی باوەرنامەکەی لێ وەرگرتووە و هەموو وڵاتانی تری گێتیش دان بەو باوەرنامەیە نەهێنن بۆ دامەزراندن وەک مامۆستا لە زانستگا.

نویشکی قسەکانم، بۆ پێشکەوتنی بەشی زمانی کوردی ئەوەیە هەر مامۆستایێک ئەگەر تەنیا ئەو کارە بکا پێی هەڵدەسوورێ و ئەوەی نایزانێ بۆ خاوەنی خۆی بە جێی بهێڵێ، بێگومان بەشەکە و هەموو زانستگا دەبێتە دامودەسگایێکی زانستیی راستەقینە و هەموو کوردێک شانازیی پێوە دەکا. مەرجی سەرەکیش بۆ سەرکەوتنی زانستگا ئەوەیە سەربەخۆ بێ و کاروبار و دەسەڵاتی بە دەست خۆیەوە بێ، لە دوور و نزیکەوە هیچ حیزب و لایەنێکی پۆلیتیکی نابێ دەست لە کاروباری وەربدا.

٦- بەشی ڕۆژنامەگەری لە زانستگاکانی کوردستان هەیە؟ تا چ ڕادەیەک ڕۆژنامەگەری ئازادە لە کوردستاندا؟ و ئایا ژمارەی ڕۆژنامەنووسەکان دەگاتە چەند؟

**بۆ مێژوو و ڕاستی دەبێ ئەوەش بڵێم منێکی کۆنترین مامۆستای زانستگای سەلاحەددین و هەڵگری لەقەبی مامۆستای یەکەمی ئەو زانستگایە بەشداریم لە هەڵبژاردنی سەرۆکی زانستگا نەکرد، نە بە خۆپاڵاوتن، نە بە دەنگدان.**

بەشی ڕۆژنامەگەری لای ئێمە نییە، چاوەڕوانی ئەوەش ناکرێ بەم زووانە بکرێتەوە، چونکە کادرێکی زانا و شارەزا و لێهاتووی دەوێ، ئەو کادرەش بەئاسانی دەست ناکەوێ. ئەوی پێویستە بوترێ لەم لایەنەوە ئەوەیە لە وڵاتانی پێشکەوتوو، نە وەکوو بەشێکی زانستی لە زانستگاکاندا لەتەک بەشە زانستییەکانی تردا دەوەستێ، بەڵکە کۆلێج و ئامۆژگای تایبەتیی ڕۆژنامەگەری هەیە.

لای ئێمە ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ و بێلایەن نییە، چونکە دامودەسگای حوکوومەت و کەسانی ناو کۆمەڵ هیچ یەکێکیان ڕۆژنامەیان نییە. لەبەر ئەوەیە ناتوانین قسە لەسەر بێلایەنی و سەربەخۆیی ڕۆژنامەگەری بکەین. ئێمە ڕۆژنامەگەریی حیزبایەتیمان هەیە، لێرەشدا دوو حیزبە سەرەکییەکە، یەکێتی و پارتی (سەوز و زەرد) ئەو سەربەستییە تەنیا بە خۆیان ڕەوا دەبینن، خێرێکیش بە وردەحیزبەکان دەکەن، ئەوانیش بێگومان ئەوەی لە دڵیاندایە هەندێ جار بە قسە دەیڵێن، بەڵام ناوێرن بینووسن. ڕەنگە ئەوانە بڵێن هەر کەسێکی بیەوێ ڕۆژنامە دەربکا با بفەرموێ! ئەمە کارێکی عەنتیکە و پێکەنیناوییە، خەڵکی خوێندەوار وا لە برسانا دەمرن، کەس دەتوانن ڕۆژنامە دەربکەن!

لە بابەت ژمارەی ڕۆژنامەنووسەکانەوە نازانم چەندە، هەرچۆنێ بێ بەشی ئەوە دەکا کاروباری ڕۆژنامەکانی ئێستا بسووڕێنن، ئەوەی پێویستە بوترێ ئەوەیە ئەم ڕۆژنامەنووسانە دەرچووی دەسگای زانستگایی و ئەکادێمی نین، بەڵکە بە پراکتیک فێری ئەم پیشەیە بوون.

٧- مامۆستا زۆربەی بەرهەمەکانی ئێوە دەربارەی چییە و دوا بەرهەمتان چییە کە لە بەردەستا بێت؟

بەرهەمەکانی من هەمەڕەنگە، مەیدانی فراوانە، زۆربەی لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوەیە، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەییم هەیە، دەستم لە تێکستۆلۆژی (ساغ کردنەوەی تێکست) داوە، باسی ئەدەبی میللیم کردووە. بەشێکی زۆری تری بەرهەمم داهێنانی ئەدەبییە، وەک وتاری هونەری، هەر لە منداڵییەوە عەوداڵی ئەم بابەتە نووسینە بووم، لەویش ئازیزتر بە لامەوە چیرۆکە. بینین و بۆچوونی تایبەتیی خۆمم هەیە بەرامبەر چیرۆک، کۆن و تازە، ڕوخسار و ناوەڕۆک، زانستی و ئەدەب، کوردایەتی و مرۆڤایەتی هەمووم تێکەڵ بە یەکتری کردووە. هەندێ جار حەزم لە گرێ هەیە لە چیرۆکدا لەسەر دەستووری کلاسیکی ئەورووپاییەکان. بەڵام یەک شت هەیە لە خۆمدا تا ئێستاش تێی ناگەم، ئەویش ئەوەیە زۆربەی چیرۆکەکانم لە دەرەوەی نیشتمان نووسراونەتەوە، نازانم بۆچ؟ بەڵام ئەوە باش دەزانم تاقی کردنەوەی هەستی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانم کوردستانین و هەر لەوێش لە دایک بوون، بەڵام لە دەرەوە خراونەتە سەر کاغەز.

بەشێکی زۆری نووسینەکانیشم گۆڕینە لە نێوان سێ

زمانی کوردی و عەرەبی و ڕووسی لە بابەتەکانی شیعر و چیرۆک و مێژوو و هی تر. لەو ساڵانەی دوایی‌یەشدا لە هەشتاکاندا خۆم لە داستان (مەلحەمە = ئێپۆس) تاقی کردەوە.

ئێستاش شەووڕۆژ سەرقاڵی تەواوکردنی "مێژووی



ئەدەبی کوردی"م بە چەند بەرگێک، خەریکی نووسینەوەی یادداشتی تایبەتیی خۆمم.

٨- مامۆستا، ئەنجامی ئەم شەڕەڕەنگە لە کوردستاندا چۆن دەبینن؟

ئەنجامی شەڕەڕەنگ زیانی نەتەوەی کورد و قازانجی کاتیی خاوەنڕەنگەکانە. ئەم ڕەنگانە دروشمی دوو حیزبی پۆلیتیکیی خاوەن میلیشیای چەکداری خۆیانن، هەر یەکەیان لە چاکەی خۆی دەگەڕێ، نەدەبوو دواڕۆژ و ئاوات و ئامانجی نەتەوە بەم جۆرە پێشێل بکرێن و قوربانی بەرژەوەندی خۆیانی بکەن. ئەم هەموو خەڵکە بێتاوانە دەکوژرێن، ماڵیان تاڵان دەکرێ، کەس نییە داوای مافی گشتی "حق العام" بکا، چونکە دەسەڵات و حوکوومەت نییە. هەتا زووە واز لەم ڕەوشتە بهێنن هێشتا درەنگە. دوو حیزبەکە هەر یەکەیان ئەگەر یەکێک

لە ئەوی تر بکوژێ ئەمەیان تۆڵەی خۆی دەکاتەوە. بەڵام ئەدی ئەو منداڵ و ژن و خەڵکە بێچارە و بێلایەنەی دەکوژرێن کێ داوای مافیان دەکا؟ ئەگەر ئەو داوایەش کرا لە کێ دەکرێ؟

**لای ئێمە ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ و بێلایەن نییە. دامودەسگای حوکوومەت و کەسانی ناو کۆمەڵ هیچ یەکێکیان ڕۆژنامەیان نییە. لەبەر ئەوەیە ناتوانین قسە لەسەر بێلایەنی و سەربەخۆیی ڕۆژنامەگەری بکەین.**

٩- بە ڕای خۆتان داهاتووی کوردستان چۆن دەبینن؟

کاکی برا، ئێمە تاکتیک و ستراتیجمان هەیە، داهاتوو یا دواڕۆژی دوورونزیکمان هەیە. لە بابەت تاکتیک و ستراتیجەوە هەموو حیزبەکان بە دوو حیزبە سەرەکییەکەوە تاکتیکی "ئاسایشی نەتەوەیی"یان لاوازە، یا هەر نییە. هەرچی ستراتیجیشە لە ڕووی تیۆرییەوە هەیە و بەقسە هەموویان خەریکە لە ناو زەریای کوردایەتی نوقوم دەبن. بەڵام لە ڕووی پراکتیکەوە دیپلۆماسییەت و پۆلیتیک و ڕەچاوکردنی هەر لایێک بەرژەوەندی تایبەتیی خۆی ستراتیجییەتەکەی شێواندووە.

داهاتوو یا دواڕۆژی دوور ڕووناکە، وەکوو هاتنەدیی چارەنووسی هەموو نەتەوەیێک. لەبەر تیشکی ئەم ڕاستییەدا پێویستە ئێمە دان بە چاکە و بەرژەوەندی هەموو لایێک بنێین وەک: هاوسێکانمان، گەلی عیراق بەگشتی، ئەمەریکا، ئەوروپا، ڕووسی پاش هەرەسی شۆڕشی ئوکتۆبەر. ئەم سیاسەتە هەموو لایێک دەگەیێنێتە ئەنجام. بەڵام دواڕۆژی نزیک تەماوییە، نازانم چۆن دەشکێتەوە. هەرچۆنێ بێ دوو حیزبە سەرەکییەکە بەرپرسیارە لە هەموو ناخۆشییێک، هەرچی خۆشیشە لە سایەی ئەوانەوە بەر نەتەوە بێچارەکەی ئێمە نەکەوتووە، تەنیا بەر خۆیان کەوتووە.

١٠- مامۆستا، مەسەلەی فیفتی ـ فیفتی، ئیجابیات و سەلبییاتی چۆن بوو لە تاقی کردنەوەی ئەم دوو ساڵەدا؟

پێش هەموو شتێک دەستووری هەڵبژاردنی پەرلەمان نالەبار بوو. تاکی کورد و هەموو لایەنێکی کوردی (دەرەوەی دوو حیزبەکان) هیچ حسێبێکیان بۆ نەکرا. لیستە بە ناوی ڕەنگەکان دروست کران، هەندێ کەسیان بە ناوی بێلایەن و سەربەخۆ و بە ناوی حیزبە وردەکانەوە خستە ناو لیستەکانەوە. بەڵام زوو بە زوو ڕاستی دەرکەوت، ئەمانە نەک بێلایەن و سەربەخۆ نەبوون، بەڵکە لە ئەندامی حیزبیش تیژتر بوون لە هەڵسوکەوتیاندا، ئەمە جگە لەوەی لە ناو ئەندامانی پەرلەماندا کەسی وای تێدایە مەرجی خۆهەڵبژاردنی تێدا نییە، تا دەگاتە ئەوەی هی وای تێدایە مەرجی ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی نییە، لە ئەوروپا و ئەمەریکا و هەموو لایێک ئەم جۆرە کەسانە لە ئەندامێتیی پەرلەمان و وەزارەت و دادگا و موحازەرەی زانستگا دووردەخرێنەوە.

دروست کردنی پەرلەمانێک بەم جۆرە لە سەلبیات بەولاوە ئیجابییاتی تێدا نەبوو، ڕوویێکی ڕاگەیاندن بوو بۆ ئەوەی بڵێین دیموکراتی هەیە. لە سەرەتاوە وتمان پەنجا پەنجا، لە نێوان خۆشیاندا ڕێک نەبن، کار بەڕێوە ناچێ، هەمیشە دەمانوت، بە چاوزەقکردنەوەیێک، یا شەڕێک، یا دەمانچەیێک لە نێوان هەردوو پەنجادا، ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و سوپا هەڵدەوەشێنەوە و هەر کەسە و دەچێتەوە ناو پەنجای خۆی. هەموومان شایەتی ئەو ڕووداوەین، بە چاوی خۆمان ئەوەی چاوەڕوان دەکرا دیمان. ئەگەر جارێکی تریش مەسەلەکە پینەوپەڕۆ بکرێتەوە هەر هەڵدەوەشێتەوە، چونکە هەر

لایەنێک لە بەرژەوەندی خۆی دەگەڕێ و ڕەچاوی چاکەی خۆی دەکا، پێش بیرکردنەوە لە مافی نەتەوەی کورد.

١١- مامۆستا، ئاشکرایە ئێوە ڕەخنەتان لەو شەڕەڕەنگە گرتووە لە ڕێی ڕۆژنامەکانی کوردستانەوە، ئاشکراشە ئێوە چرای ئەو میللەتەن، بە چی ڕێگایێک ئامۆژگاریتان دەگەیەنن بەو کەسانەی کە نەخوێندەوارن یان بگرە سەر ناکەن بە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا؟

کاکی برا، ئەم گفتوگۆیە بە هەلێکی باش دەزانم بەئاشکرا و بێ پێچ و پەنا هەڵسوکەوت و هەڵوێستی خۆم دەربڕم بۆت. بەڕاستی من دەمتوانی ڕۆشنبیر بم، هەر لەو کاتەشدا لە سیاسەت و لایەنە سیاسییەکانەوە نزیک ببمەوە، بەڵام ئەو وەزعەی حیزبە سیاسییەکان دروستیان کرد، وا هاتە بەر چاوم ڕۆشنبیری ڕاستەقینە لەگەڵ ئەواندا ناتوانێ سیاسەت بکا، لەبەر ئەوە بوو خۆم لاتەریک گرت. لەمەدا کارێکی باشم کرد، چونکە هەوایێکی دیمۆکراتیی ئەوتۆ لە ناوەوە نەبوو سیاسیی کورد بتوانی نازی ڕۆشنبیری کورد بکێشێ. هەندێ ڕۆژنامەنووسی برادەر و هاوڕێ لە ناو هەموو حیزبەکاندا بە هەردوو حیزبە گەورەکەشەوە ئارەزووی ئەوەیان دەکرد بۆیان بنووسم، چەند شتێکی کە لە دڵمدا بوو بۆیانم خستە سەر کاغەز. ڕاستە ئەوەی وتبووم: شەرم و شوورەیی‌یە ڕەنگی سەوز و زەرد کارەساتمان بۆ دروست بکەن و بەهار و نەورۆزی ١٩٩٤مان بۆ لێڵ بکەن! بەڵام باوەڕ بکە ئەم قسانە لەو دەمەی بڵاوکرانەوە، خۆیان پێویستیان پێیان بووە. فەرموو ئەم وەزعە ناڕەوا و بێئارامی و پەژمردەیی و ئاژاوەیەی لە ٢-٥-١٩٩٤ەوە دروست بوو، دەزانی هەڵوێستی دوو حیزبە گەورەکە چی بوو؟ کۆمەڵێک کەسی بێلایەن و پیاوچاک و دڵسۆز بەکۆمەڵ ئاڵای ئاشتییان هەڵکرد، وتیان: فەرموون بڕۆن لەو چۆڵە شەڕی خۆتان بکەن، لە ناو شاردا ئادەمزاد و سامانی نەتەوایەتی بۆمباباران مەکەن. وەرامیان تەقە بوو و خەڵکی بێتاوان کوژران. لە دواییدا کە کار لە کار ترازا و خەریک بوو کارەسات ڕوو بدا، داوایان لە خەڵکی دەکرد ئاڵای سپی بەرز بکەنەوە و شەڕی خۆکوژی یا کوردکوژی ڕابگرن. ئیتر کاکی خۆم هەڵوێست وا بێ دەبێ بابایێکی بێدەسەڵاتی وەکوو من چیی پێ بکرێ لەوە زیاتر کە گۆشەگیر بێ. لەبەر ئەوە باوەڕ بکە هیچ ڕێگایێک نییە ئەگەر ئامۆژگاریم هەبێ دەنگم بگاتە ئەو کەسانەی نەخوێندەوارن.

١٢- مامۆستا، بەڕاستی نامەخانەکەت سەرنجی ڕاکێشام، دەتوانن ژمارەی دروستی کتێبەکانتانم پێ بڵێن؟

ئەمەم بۆ ناکرێ، چونکە تا ئێستا حسێب نەکراون. ڕەنگە ژمارەیان بگاتە پازدەهەزار کتێب. بێگومان گرنگیی نامەخانە بە ژمارەی کتێب نییە، بەڵکوو بە ناوەڕۆکە. ئەوەی گرنگیش بێ لەو ماوەیەدا ئەوەیە یەکێ لە خاسییەتەکانی ئەم نامەخانەیە ئەوەیە نیوەی زیاتری چاپەمەنییەکان بە هەر زمانێک بێ پێوەندییان بە کوردەوە هەیە و دەچنە ناو سەرچاوە و بیبلیۆگرافیای لێکۆڵینەوەی کورد و کوردناسییەوە.

١٣- مامۆستای بەڕێز، ئەگەر بخرێنە بەر دووڕێیانی هەڵبژاردنی بەنرخترین کتێبی نامەخانەکەتان ئاخۆ کام کتێب شایستەی ئەم نرخ پێ دانەیە؟

ئەم کتێبانە زۆرن، ئەگەر بمەوێ ناوی هەندێکیان بهێنم، دەڵێم: شەرەفنامە (چاپی سانت پیترسبورگ)، مەم و زین (چاپی ئەستەموول)، ئاڤێستای پوورداوود (چاپی بۆمبای) و هی تر. شەوچرای نامەخانەکەمان چاپەکانی دیوانی حەزرەتی نالییە. بەشی زۆر گرنگیش ئەرشیفە، شتی زۆر گرنگی گرتۆتە خۆ وەک: نامەی تایبەتی، دەسنووس، دۆکومێنت، نەخشە، ڕەشنووس، وێنەی دەستکرد، نیگار، ئیمزا، کارت، تێکستی ئەدەبی میللی، بۆئاگاداریی بازرگانی، گرافیک، وە زۆر شتی تریش.

١٤- مامۆستا، ساڵانە چەند قوتابی لەسەر دەستی ئێوە بڕوانامەی ماجستێر و دۆکتۆرا وەردەگرن؟

یەکەمین تاقی کردنەوەم لە ڕێبەری کردنی قوتابییانی خوێندنی بەرز لە ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٨ لە زانستگەی عەننابەی وڵاتی جەزائیر بوو. لە ساڵی ١٩٨٧ خوێندنی بەرز (ماجستێر) لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێجی ئەدەبییاتی زانستگای سەلاحەددین کرایەوە، ئەمساڵیش بەشی دۆکتۆرا کرایەوە.

**دواڕۆژی نزیک تەماوییە، نازانم چۆن دەشکێتەوە. هەرچۆنێ بێ دوو حیزبە سەرەکییەکە بەرپرسیارە لە هەموو ناخۆشییێک، هەرچی خۆشیشە لە سایەی ئەوانەوە بەر نەتەوە بێچارەکەی ئێمە نەکەوتووە، تەنیا بەر خۆیان کەوتووە.**

ئەوی ڕاستی بێ پێویستیی بەشەکە بووە هۆی ئەوەی زانستی لە پێناوی کوردایەتیدا، واتە جەزائیر بەجێ بهێڵم و بگەڕێمەوە نیشتمان، زۆرتریش بۆ ڕێبەری کردنی قوتابیانی ماجستێر و دۆکتۆرا. لە ساڵی گەڕانەوەمەوە بۆ نیشتمان، ١٩٨٨، ساڵانە یەک تا سێ قوتابی لە ئەدەبییاتی کوردیدا لەسەر دەستی من دەرچوون. جگە لە بەشی زمانی کوردی یارمەتیی بەشی زمانی عەرەبیش دەدەم لە وتنەوەی کۆرسی ئامادەیی.


١٥- مامۆستا، ئامۆژگاریتان چییە بۆ کوردەکانی هەندەران بەگشتی و بۆ نووسەر و ئەدیب و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و کۆوار و ڕۆژنامەکان بەتایبەتی؟

ئامۆژگاریم ئەوەیە بۆ هەمووان، هەر هەمووان، نەکەن خۆیان لەگەڵ ئەو جێیەی تێیدا دەژین بەتەواوی بگونجێنن. پێویستە هەمیشە چاو و دڵ و دەروونیان لە خاکی نیشتمانی خۆیان بێ، لە مەڵبەندی لە دایک بوونیان بێ، لە بەڵمەبرنجەکەی شارەزوور بێ. با جێیان خۆش بکەن، بەڵام وەک پەندە کوردییەکە دەڵێ: مریشک بۆ شەوێکیش بێ جێی خۆی خۆش دەکا. نەکەن ئەوە لە مێشکیان دروست بکەن لەو وڵاتەی تێیدا دەژین دەبێ لەوێ بمرن، نەکەن ئەو منداڵانەیان کە لەوێ لە دایک بوون وا پەروەردە بکەن کە خەڵکی ئەوێن. بە خوێندەوارانیش دەڵێم، پێویستە کوردایەتی بکەن و حیزبایەتی نەکەن، ئەگەر هەر بۆشیان نەکرا حیزبایەتی نەکەن، ئەوا لە ناو کوردایەتیدا بتوێننەوە. پێویستە "ئاسایشی نەتەوایەتی" دروست بکەن، هەوڵ بدەن ئاسایشی تاکەکەس و بنەماڵەیی و عەشیرەتی و ناوچەگەری و شارپەرستی و شەڕەگەڕەک و هی تر لەناو ببەن، چونکە لەگەڵ هەڵسوکەوتی گێتیی سەردەم ڕێک ناکەون.

بە لای منەوە بەگشتی جموجۆڵی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و کولتووری لە نێوەندی کوردی دەرەوەی نیشتمان بەهێز نییە، هۆی ئەمە ئەوەیە گەلێ کەس حیزبایەتی دەکەن و کوردایەتی ناکەن. لەگەڵ ئەوەشدا دەرچوونی چاپەمەنی و کۆواری وەکوو "هەڵوێست" و "پەیڤ" و "مامۆستای کورد" و "ڕووناکبیری" و هی تر جێی ڕێزلێنانە. ئیتر سوپاس.

هەولێر، مەڵبەندی رووناکی: ٢٣ی مایسی ١٩٩٤

نیگاری : قەرەنی جەمیل ١٩٩٥



# تەڵێ شەوبۆی بەهاری گەرمیانیت

**فەرهاد شاکەلی**

لە ڕەشەبای تاریکەشەوی ئەم زستانەدا،
باڵە زیوینەکانت دەکەیتەوە،
ڕووەو بەرزایی هەڵدەفڕیت،
شاپەڕی زیوین
لە چمکی کۆڵوانەی هەورێکی دڵ پڕ لە پەژارە و مەینەت هەڵدەسوویت.

یادگاری شنەبایەکی هاوینە لە ئاسۆی ئێوارانەوە بەر پەنجەرەت پێ دەگرێ، لێی ورد دەبیتەوە، ئاخۆ لە کۆشکی کامە پاشای سەردەمی بابیلیدا، لە گوڵزاری کامە شابانووی ساسانیدا دەسبازیت لەگەڵ کردووە. ئەمەیە ئەو خەونە پەلکزیوینەی شەوانە دێت و بەسەر دەوەنی ئارەزووە سوورەکانتدا فرمێسک دەوەرێنێ ... ئەمەیە ئەو بانگەی لە منارەیەکی باڵابەرزی شۆخ و پەرداختەوە، وەکوو پەیکانی تیشک، کێوی تاریکی دەسمێ.

لە بەرەبەیانی ناهۆشیاریتا پەلکی هەتاو دەهۆنیتەوە،
ورشەی چڵەنێرگزێکی خەواڵوو بە ئاستەم
لێوی بنار ماچ دەکات.
لێوی تاسەبارت دەنێیتە سەر کوڵمی کانیاو،
چپەی عەشقی زەریا دەکەیە زەمزەمەیەک،
تەمی مەستی لە دەشت و داروەوەن دەئاڵێ،
چاو بۆ ڕچەیەک دەگێڕی، لە هەرێمی هەورەوە داچۆڕابێ.

ئەرخەوانیت؟
ئەرخەوان نییت،
تەڵێ شەوبۆی سەرکزکردووی لە بەهار جێماوی گەرمیانیت.
لافاوێکیت، سەرەتای هاوینێ، لە دوندی شاخانەوە هورووژمت هێناوە، دەشتی تینووی شۆرەکات سەرەڕێت پێ دەگرێ و لای خۆیت گل دەداتەوە. ناڵەی ڕەوەزێکیت، دڵت بە بەفری دواودوایی زستانەوەیە، حەزت لە لەنجەی هەرسە، هۆش و بیرت لای نازی کەنیشکانەی شەختەیە. بە دووی بەڵێنی خەشخاشێکدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، دۆڵاودۆڵ و شەخەڵ بە شەخەڵی وڵاتی وێرانە دەپێوی.

لە نێوان ترس و هیوادا
شەوانە خۆت دەسپێریتە کەشتیی سەرەڕۆی خەونەکانت،

چاوەڕوانیت لە دوورەوە، لە بەندەرێکی خەواڵووی قژبژ و داوێن ئاسمانییەوە،
زرنگەی زەنگێ بێدارت بکاتەوە، بتکاتە ئاشنای سپێدە.
لە تاریکیی شەوانی تەنهاییتا کتێبی گزنگ دەخوێنیتەوە، هەموو بیرەوەرییەکانت، پۆل پۆل، لە دووکەڵکێشی شیعرەوە پەڕەوازە دەبن، بە شنەبای گوڵبۆنی ئاشقەهەور دەکەونە سەما، تێکەڵاوی برووسکە و هەور و باران دەبن.

دەڵێی گەڵایەکی زەردەوەبوویت، بێ ئەوەی چاوەڕێی پاییز بکەیت، لە بەرزیی سەر لقوپۆپی دار و لە سەوزیی بەهاری دارستان کەوتیتە گومانەوە، خۆویستانە سەرکزی و سیسبوونت هەڵبژارد.
ئێستاکە کە بیر لە ساڵانێ دەکەیتەوە کە گیا بوویت، کە گەڵا بوویت، پەیژەیەکی ئاگرینت دێتە بەر چاو بەسەر نشێوی هەزار بە هەزاردا ڕایەڵ کراوە.
ئێستا کە برینەکانت دەدەیتە بەر هەتاوی زەردەپەڕ، گوێت لە زایەڵەی زەنگی کاروانێکە شاربەدەرکراو، ڕووەو شارستانی شیناوا، سنووری وڵاتێکی دووکەڵاوی دەبڕێ.

نیشتمانی دڵ لەژێر نیگای زەردەپەڕی بەهارەدا، ڕەنگی ئەوین و ڕەنگی تاسە و ڕەنگی چاوەڕوانیی لێ دەنیشێ. دڵ گەوهەری شەوچرایە، لە کەناری زەریای عەشقەوە بە ڕێژنەی تیرێژ دارستانی گومان تریفەباران دەکات. تەمەنت گلۆڵەیەکە لە شاری پێشزانین لە خوم دراوە؛ بیدەرە بەر تیشکی چرای عەشق، لە سیمای بێڕەنگی وردبەرەوە، وێنەی ساڵانی ڕابوردوو و ڕانەبوردووی خۆتی تێدا بە دی دەکەیت، شێوەی شەوگەڕی خۆت دەناسیتەوە. دەبیتە ئەو پەروانەیەی پەلەیەتی خۆی بسووتێنێ و ناوی گڕیش نازانێ.

سۆڵلەنتوونا ٣١-٧-١٩٩٤

تۆمار

# حاڵیی عەرزم بووی ؟!

هەژار

ئێمەش کوردایەتیمان کردووە. بۆ نەمانکردووە؟، ئەی گوایە ڕۆژی خۆی، لە بەچکەشێرانی هیوا نەبووین؟!. هەموو ڕۆژێک، حاڵیی عەرزم بووی، سەرلەبەیانی سروودی ئەی کوردینە، ئەی مەردینە .. دوو شەش هاتییە خوار؟! .. مەترسە ئەویشم هەیە. بە خوا هەتا ئێمە کورد بووین، حاڵیی عەرزم بووی، کوردایەتیمان دەکرد، نازانم ئەو خەڵکە .. دەی دەی دەزانم دووبارەت پێیە .. وەرە خوار .. کێ بە قەد من مەناشیری بە دیوارانەوە نووساند؟. کێ بە قەد من شورتە و ئەمن ڕاوی ناوە ؟!. بە خوا بەشی خۆشمان، حاڵیی عەرزم بووی، بە شاخ و کێوانیشەوە ... ها ئەوەش بەیاز بۆ خاتری تۆ .. کەچی ئێستا هەر قسە دێتە ناو قسەوە، ئەو دەڵێ من پێشمەرگە بووم .. تۆ چ بووی؟.. ئەم دەڵێ، حاڵیی عەرزم بووی، من سنگم بە گوللەوە .. بکێشە بکێشە .. دەزانم پێت نییە .. نازانم ئەو خەڵکە بۆچ لایان وایە ئێمەمانان لەبەر سێبەری دارگوێز نووستووین و هیچمان نەکردووە؟!. ئەی گوایە، حاڵیی عەرزم بووی، پەروەردەکردنی .. ئەوا من بەم چوارە بەستم. کەس نییە لەوانە بپرسێ: ئێوە لە چیا چیتان کرد و ئێمە لە شار، حاڵیی عەرزم بووی، چیمان نەکرد؟! ببژێرە .. من حەفتاوشەش بووم. کەس تا ئێستا دۆمینەی لە کاکی خۆت نەبردۆتەوە. با تیزمان پێ بکەن و، حاڵیی عەرزم بووی، لیچمان لێ هەڵقرچێنن!. چەند ساڵ و زەمانە، ڕەنج دەدەین و لە دەرزگوتنەوەدا خۆمان پیر و کوێر کرد و توانا و جوانیی خۆمان لە دەست دا .. کاکە دوو چای جوان بۆ ئێمە و بزانە ئەم برایەش چ دەخواتەوە ..

مامۆستا تەوفیق ئەمانەی بە سیرعەتی سەد کیلۆمیتر لە سەعاتێکا لە دەم دەردەپەڕین .. نەمزانی لە کەیەوە ئەم باس و خواسەی دامەزراندبوو .. و ا دیار بوو دەمێکە لەگەڵ هاوڕێکەی وا خەریکی دۆمینەیە و بە دەم کایەکردنیشەوە، لەسەر ئەو فەرمایشتە ڕەنگین و پڕ لە پاکانەی خۆی دەڕوا و دەردی دڵ بە دەم بادا ئەدا. مامۆستا تەوفیق لەوانە نییە هەرچی جارێکی دیتبێ نەیناسێتەوە .. هەرگیز دەگەڵ خەڵکی ڕەمەکیدا لێت ناگۆڕێ .. درێژە، باریکە، تۆزێکیش خوار و خێچە، لووتێکی قەپۆزبەران و دەمێکی پەلی هەیە. پشت ملی چڵکن و بە گنجە. سەرێکی درێژۆکەی بێتووک و لووسی بەو ملەوە نووساوە، کە زۆر لە کەللەسەری ئاوەڕووت کراوی پاچە دەچێ! ئەوانەی غەرەزێکیان دەگەڵی هەیە، دەڵێن هەر زگماک کەچەڵ بووە!. بەڵام وەک لە خۆیم بیستووە، هەر لە خەم و خەفەتی زەمانەی بێبەقا و تۆزێکیش لە ئەنجامی گرانەتاوە، تووک مانا بە سەریەوە نەماوە. دەنا لە چاخی خۆیدا، شانەی ئاسنیش لە کاکۆڵیدا شکاوە. جا وەک هەمووومان دەیزانین، زۆربەی ئەم

خەڵکە عەقڵیان لە چاویاندایە. وە لە هیچ و خۆڕایی پێستەسەری کەچەڵیان پێ سەیرە. ئیتر کەس ناڕوانێتە مێشکی پڕ بیروباوەڕی ناو سەری هەڵکەوتە و بلیمەتان. مامۆستاش بۆ داپۆشینی ئەم دیمەنە، جاران سەرە لووس و سپییەکەی دە خەنە دەگرت و دیمەنێکی شڵەی پنۆکی جوانی پێ دەدا. بەڵام ئێستاکە بەناو[ساڵ]دا چووە و تاقەتی خۆجوان کردنی نەماوە. سدارە لەسەر دەنێ و پیاو هەق بڵێ زۆر لە سەرڕووتان بەویقارترە.

ئاشنایەتیی من و مامۆستا تەوفیق زۆر بە بنج و ڕیشە و لەمێژینە. وەک من لە بیرمە شازدە ساڵە دەیناسم. بەڵام وا دیارە ئەو بیری زۆر لە من تیژترە و لای وایە لە زەمانی کۆمەڵەشدا لەو سەرە پێکەوە دۆستی گیانی بە گیانی بووین و من لە بیرم نەماوە!.. واتا ئەگەر ئەو ڕاست بکا، لێشم ڕوونە پیاوی درۆ نییە، بەو پێیە دەبێ تەمەنی دۆستایەتیمان خۆی لە بیست و ئەوەندە ساڵ دابێ!

شازدە ساڵ لەمەوبەر، کە بە حیسابی من بۆ یەکەم جار و بە حیسابی ئەو بۆ دووهەم جار، یەکترمان ناسی، لە گەڕەکی (ساری کەهیە)ی کەرکووک، لە چاخانەکەی مام مارف بوو، کە چاخانەیەکی پەڕپووت و هەژارانە و تەریک و لاکۆڵان هەرزان و خۆماڵی بوو. ئێواران کە لە دوای کاری ڕۆژانە، دەگەڵ چەند کرێکارێکی دیکە لەوێ کۆدەبووینەوە، مامۆستا تەوفیق هەمیشە گوڵی مەجلیس و نوقڵی سەر سینیمان بوو. تاوتاوێک کە تەواو بیزانیبا بێگانە بەدەرە و کەسی وای لێ نییە نامۆییی لێ بکرێ، کتێبێکی یاساغی لە باخەڵ دەردێنا و بە بەرچاویەوە دەنا. ناوی کتێبەکە بە خەتی درشت ڕووی دەکردە ئێمە و تەواو لە متالادا غەرق دەبوو.

ئێمەی بەسەزمان کەسمان گومانمان لەوەدا نەبوو، کە ئەو عەقڵەی لە پێڵاوی مامۆستادایە لە سەری ئێمەدا نییە و، ئەوی ئەو لە بەری ماوەتەوە خواردنی هیچ کامێکمان نییە. سەد خۆزگەمان دەخواست کە هیچ نەبوایە سەدیەکی مامۆستامان بزانیبا. لەو کاتانەدا کە لە خوێندنەوە پشووی دەدا و دەیدواندین، ئەوسا بوو کە بلیمەتیی خۆی ڕادەنا و تێی دەگەیاندین کە ئەو ڕیشەی لەبەر هەتاو سپی نەکردووە. ئیمپریالیزم .. فاشیزم .. بیرۆکراتی، ڕادیکالی و هەزار وشەی وای بۆ ڕیز دەکردین، کە ئێمە هەر دەبوایە بە واق وڕمانەوە تەماشای دەمی کەین و سەرمان لە کاروباری خوا سوڕبمێنێ و بەبێ ئەوەی دەنکێکی لێ تێبگەین بەڵێ وایەی بۆ بڵێین. بەڕاستی بە لامەوە سەیر بوو، ئەم کابرایە چۆن توانیبووی ئەو هەموو وشە ڕەق و تەقانە وا لەبەر کا و وا بە پەلە بیانڵێ و هەرگیز زمانی گرێ نەکا.

با ئەوەشم لە بیر نەچێ، هەوێن و سەروبنی فەرمایشتەکانیشی، ڕستی (حاڵیی عەرزم بووی) بوو، کە زۆرجار هێندێک گوێگری گێل و هەرزەکار، دڵۆپەیان دەکرد و بەو تەکیە کەلامە شیرینەی پێدەکەنین و مامۆستایان تووڕە دەکرد.

جا هەر وەک باسم کرد، چونکە بە حیسابی ئەو من ئاشنای زۆر لەمێژینەی بووم و دووبارە بە دیداری یەکتر شاد و شوکر ببووینەوە، زۆرتری کات ڕووی قسەی دەکردە من و زۆرجاریش کە باسی ڕابوردووی پڕ لە شانازیی خۆی دەگێڕایەوە و ئەو قارەمانەتی و گیانبازییانەی بە گوێ هەڵدێنایین کە لە زەمانی کۆمەڵەدا کردوویە، منی کڵۆڵی وەک شایەتێک دەستنیشان دەکرد و دەیگوت ئەگەر باوەڕ ناکەن لە فلان کەس بپرسن. دیارە لەو وەختانەشدا نەدەکرا بڵێم: ئاگام لێ نییە و ناچار بووم بە درۆ وەباڵی بۆ بکێشم و بڵێم ڕاستە.


سەرت نەئێشێنم ئەوەندە هۆگری یەکتر ببووین کە هەر باسی ناکرێ. زۆربەی کاتی بێکاریمان پێکەوە ڕادەبوارد. وردەوردە دۆستایەتییەکەمان گەیشتە پلەیەکی وا کە هیچ شەرمەحزووری و ڕووبینیمان لە ناودا نەما و ئەگەر کەسی غەیرەمان لە لا نەبا، تەواو دوور لە دووڕوویی و ڕیابازی دەژیاین و لە بن پەردەی چاپ و چووپ و خۆگۆڕیندا، خۆمان لە یەکتر نەدەشاردەوە و هەرچۆنێک بووین ئاوا خۆمان نیشانی یەکتر دەدا. جا ئەوسا بوو کە بۆم دەرکەوت، مامۆستاش هەر بنیادەمە خۆمانەیە و ئەوانەی ئەو دەیانڵێ ئێمە تێناگەین، بۆ خۆشی مانای هەموویان نازانێ. بەڵام بە زیرەکی و

بلیمەتیی خۆی، وای خۆ نیشان داوە کە خەڵک وا تێنەگەن شەندە لە مەندە کەمترە و ئەوی ئەو ئەفەندی و مەفەندییانە دەمی بۆ دەبەن، ئەویش دەیزانێ و لەوانیشی تێپەڕاندووە. بۆ ئەوە ئەم مەبەستە باشتر ڕوون بکەمەوە، ناچارم (هەرچەندە بە زیانی خۆشم تەواو دەبێ) ئەم چیرۆکە بگێڕمەوە:

گران نییە، حەز دەکەم چەندێک لەو وشە ڕەق و تەقانەم بە کوردییەکی هاسان تێبگەیەنی و لێم لە هەرا نەدەی، زۆر سوپاست دەکەم.

– وەک چی ؟!

– وەک: دیماگۆگی، کۆمپەرادۆر و بە تێکرایی زۆربەی ئەو فەرمایشتانەیش تیک و لیزم و لیستیان بە کلکەوە



ڕۆژێک کە هەر خۆم و خۆی بووین، بە تۆزێک منجەمنج و لاسەر خوراندنەوە عەرزم کرد: مامۆستا زۆر شت لە ناو فەرمایشتەکانتدا دێنە بەرگوێم، هەرچەندە هەر گوتوومە بەڵێ وایە و خۆم وا نیشان دەدەم کە من لەوسەریەوە دێمەوە و باشیان دەزانم، بەڵام دەبێ لێم ببووری - زۆریش خەجاڵەتییە بۆ من - ڕاستت دەوێ لە زۆریان هەر تەقەم لە سەریەوە دێ و لام وایە گوێزم بۆ دەبڕێری. حەرام ئەگەر تێگەیشتبم چیت فەرمووە. ئەگەر لەبەرت

هەڵاوەسراوە.

– بە خوا شتێکی سەیرە !.. ئەم وشانە، حاڵیی عەرزم بووی، حەزرەتی فیلیش نازانێ بەری چ دارێکن. مردووت مرێ .. سەری خۆت بە چییەوە دێشێنی !.. بڕۆ تۆش سایری ئەو خەڵکە .. بەبێ مانا زانین لە وەخت و بێوەختدا، بیانڵێ و بیانڵێوە تا پێت بڵێن زانا و فەیلەسووف. خۆ ئەگەر بتوانی، حاڵیی عەرزم بووی، چاوێلکەیەکی شووشەش بکڕی و بە بەر چاوتیەوە بگری،

ئەوە نووری عەلا نوورە. ئەمما ئەوە هەر بۆ تۆی دەڵێم، چونکە تۆم خۆش دەوێ. نەچی، حاڵیی عەرزم بووی، خۆت شێت کەی و لە لای عالەم بڵێی مامۆستا تەوفیقیش ئاوا ... تێ دەگەی دەڵێم چی ؟!...

ئیتر خوا بتحەسێنێتەوە ... لەو ڕۆژەوە مامۆستا تەوفیق کلیلی دەرگای گاڵەدراوی ژیانی ناو کۆمەڵەکەمانی دایە دەستم و ئەو ئامۆژگارییە بەنرخەی ئەوەندەی لە دنیا تێگەیاندم، کە لە هەموو ڕۆژگاری خوێندندا لە مەدرەسە فێری نەببووم. وا لەوساوە لە هەموو کۆڕ و مەجلیسێکدا باس لە هەر شتێکەوە بکرێ، ئیتر بیزانم و نەیزانم خۆمی تێ هەڵدەقوتێنم و هەرچی لە دەمی هەر کەسەوە دەرچێ، هەر لە حەوا دەیقۆزمەوە و گورج لە خۆمەوە جوابێکی بۆ دەدۆزمەوە و بۆ ئەوەش کە تێم نەگەن و نەزانینەکەم پینە بکەم، کۆششێکم وشە و ڕستی ڕەق و تەقی بێگانە و دوورەدەست لەبەر کردووە و لە پەستا بە سەر و گوێلاکی گوێگرە خۆشەویستەکانیدا دەدەم و گێژیان دەکەم و بۆ خۆشم هەرگیز گنج مانا چییە، نایەتە ناو چەوانم. ئاوا لە سایەی ئامۆژگاریی مامۆستای بەڕێزەوە، وام لێ هاتووە کە ناوبانگی زانابیم وەک کەری چەرچی سەر بە هەموو ماڵاندا دەکا و بیلاتەژبی، پەرژینەکە بە گوڵ بێ، فەیلەسووفێکم ئاو لێڵ ناکەم.

بەڵام نامەوێ وا بزانن کە مامۆستا، هەر لە وشەی ڕەق و خۆگۆڕیندا سەرکەوتووە و بەس. خوا هەڵناگرێ لە کوردایەتی کردنیشدا، هەر خۆی یەکە سوارەی مەیدان بوو. بەتایبەتی ئەگەر هەر دوو بە دوو بووینایە و یەک دوو پێک ئارەقی ئەبووکەلەبچەشی گیر بکەوتایە کە خۆی ناوی نابوو ــ شیری شێران ــ ئیتر هەر مەپرسە ... لە کوردایەتی کردندا چۆنی گوڵ دەکرد:

ــ کوڕم ... برام ... کوردایەتی گاڵتەی منالان نییە ... هەر دەمڕووتێک ڕاستەوە بێ، حاڵیی عەرزم بووی، سینگ داچەقێنێ و بڵێ شێلە وا و بێلە وا ... ئەوە کوردستانە کوردستان ... ئەو کوردستانە دابەش کراو و، حاڵیی عەرزم بووی، داگیرکراوە پیاوی دەوێ، خوێنی دەوێ، هەزاران گەنجی وای دەوێ، حاڵیی عەرزم بووی، کفن هەڵگرێ و خۆی نەزری ئازادیی کوردستان بکا. هەتا کوردستان بە یەکجاری لە ژێر باری، حاڵیی عەرزم بووی، دیلێتی دەرنەچێ، کەس نابێ ئاوڕ لە خۆی بداتەوە. وەک فەیلەسووفەکە، حاڵیی عەرزم بووی، دەڵێ پیاو دەبێ وەک مۆم بسووتێ و تاریکی لەسەر هەژاران بڕەوێنێ. ئەم مامۆستایەی خۆت کە لەبەر چاوتە ــ مەدحی خۆشم ناکەم ــ بە سەری تۆ نا، بەو سەرەی خۆم ئەوەی بۆ کوردم کردووە، حاڵیی عەرزم بووی، بە لەشکرێک ناکرێ. مامۆستا بووم ... چنگێک معاشم وەرئەگرت ــ بۆ خۆشت دەزانی ئەو دەم چەند هەرزانی بوو ــ گوتیان لەو سەرە، حاڵیی عەرزم بووی، کۆمەڵە پەیدا بووە ... شەقم لە وەزیفە هەڵدا، ئیلتیحاقم کرد. پێشمەرگە بووم. برسێتی ... تینوێتی ... مەڵێ سەرخۆشە، سەرخۆش نیم ... حاڵیی عەرزم بووی، شەڕ ... هەرا ... بەراوبەر کردن ... سەرما ... گەرما ... بۆ کێم دەکرد؟!... بۆ میللەتی خۆم ... چەند جار منت بە جلکی پێشمەرگەوە دیوە. کەچی نازانم نیازت لەوە چییە کە دەڵێی لە بیرم نەماوە ... قەیدی نییە ... ڕۆژێک هەر بە بیرت دێتەوە ... ئاخ ... سەد ئاخ ... بە خوا ئەگەر کوردەکە خەیانەتی نەکردبا، خوا ئەیزانێ ئێستە، حاڵیی عەرزم بووی، بە شتێکی دیکە دەبووین. بەڵام داخەکەم کوردەکە هێشتا وای لێ نەهاتووە قەدری ئازادی بزانێ ... ڕۆژێ هەر دێ کورد ڕێگەی خۆی بزانێ. ئەوسا چاوت لە مامۆستا تەوفیقت بێ بزانە چۆن، حاڵیی عەرزم بووی، خۆی دەردەخا. هەرچەندە هێندێک کەسی تێنەگەیشتوو لایان وابوو مامۆستا پیاوێکی خەیاڵاوییە و هەرگیز لە قون تەندوور وە لا نەکەوتووە و دەستی بە کڵاوی خۆیدا گرتووە با نەیبا و وەک تووڵەنەمام دەگەڵ هەموو بایەکا دەلەرێتەوە و لە قسەی زل بەولاوە، چی دە باراندا نییە. بەڵام بە ئێمە چی؟! پێشینە نەیانگوتووە، ئامۆژگاری لە دیواریش نووسرابێ هەر باشە ؟! من زۆرم بەهرە لەو فەرمایشتانەیەوە پێ گەیشتووە و بەو ئەمەکدارییەش لە پاش ئەو چەند ساڵە، وا هاتووم دیدەنیی بکەم.

ــ مامۆستا گیان تەندروستیت لە چیدایە ؟!.

- تەندروستیی چی و تەڕەماشی چی ... لە سایەی ئەم منالآنەی کە دەستیان پێ کردووە و کوردیمان، حالّیی عەرزم بووی، لێ دەگۆڕن، ئەوی دەشمانزانی لە بیرمان چووەوە. بۆ نالّیی مامۆستا نەخۆشی یان ساغی ؟!... ئەمەی پێ ناوێ ... تۆ پێم بلّێ: ئەم بەینە لە کوێ بووی؟!. بیستوومە ببوویە پێشمەرگە!... باوکم ببوورە ... من کە باسی هێندێک پێشمەرگەم کرد، نیازم لە تۆ نەبوو. من نالّیم، حالّیی عەرزم بووی، پێشمەرگە درێغییان کردووە... قەدریان لەسەر سەرم. بەلآم من دەلّێم پێشمەرگە خاوەنی ناوێکی بەرز و پیرۆزە. بە نیازی، حالّیی عەرزم بووی، ئازادیی ئەو گەلە لێقەوماوەی گیانی خۆی لەسەر بەری دەست داناوە ... حەیفە خۆی نەناسێ ... حەیفە نەبێتە نموونەی دلّنەرمی و گەلدۆستی ... حەیفە، حالّیی عەرزم بووی، کاری وا بکا خەلّکی گلەیی لێ بکەن. ناوێرم دەنگ بکەم ... بەلآم بۆ خۆشت دەیزانی، هێندێکی واتان هەیە هیچ ئەو ناوەی لێ ناوەشێتەوە ... یەکێکتان لێ دەناسم چەند ساڵ، حالّیی عەرزم بووی، لای خۆی خوێندوویە. چەند ڕۆژێک لەو سەرە ماوەتەوە و ئێستا هاتۆتەوە. بە سەری تۆ نا، بە سەری خۆم، جوابی سلآوم ناسێنێتەوە. قەت باوەڕ ناکەم، حالّیی عەرزم بووی، فیرعەونیش ئەم فیز و لەخۆبایی بوونەی بووبێت. من دەلّێم ئەمە باش نییە ... ئێمە هەموومان کوڕی ئەم ئاو و خاکەین. لە سەرمانە خزمەت بە فەقیر و بێدەسەلآتان بکەین ... خۆ فش کردنەوە و کەشخە لێ دان، حالّیی عەرزم بووی، بۆ پێشمەرگە شتێکی جوان نییە ... تۆش لات وا نییە؟. ئەوسا کە ئێمە پێشمەرگە بووین، خۆت دەیزانی چۆن خۆمان بە خزمەتکاری گەل دەزانی ... لە جیاتیی ئەوە خانوو بۆ خۆمان بکەین، قۆلّمان هەلّکردبوو خانوومان بۆ بێوەژن و هەتیوان دەکرد.

ئەرێ باسی چم دەکرد ... ها ... جا ئەوانە بە ئێمە دەلّێن: چیتان کردووە؟ ... بۆ نەهاتن بۆ چیا ؟... باوکم چۆن بێم؟... کۆشێک منالّی ڕەش و ڕووتم، حالّیی عەرزم بووی، بە ڕیشەوە بووە ... گۆشت گرانە ... پیواز، کووتالّ پەڕیوەتە پشتی شێران. تەماتە ... تەماتەی سەگباب، حالّیی عەرزم بووی، هەر باسی نەکەین باشترە. ئیجار، لیمۆن دۆزی، سابوون، هەرچی دەستی بۆ دەبەی وەک مار پێتەوە دەدا ... دەبینی ... ئەو شتانەمان بۆ هەرزان کەن، ئەوسا چی بلّێن هەقتانە ...

- مامۆستای بەڕێز ... من نەهاتووم باسی سیاسەت بکەین ... دەمەوێ بزانم چۆنی و لەوەتا تەقاعود کراوی، هەر بە دۆمینەوە خەریکی یان ئیشێکی تریش دەکەی ؟.

- ئیش ... ئیشی چی؟!... ئەوی ڕاست بێ، جگە لە دۆمینە، کەیفم لە خوێندنەوەی مەجەللەی کوردیش هەیە ... بەلآم، حالّیی عەرزم بووی، ئەویش بۆ من مەسرەفێکە. کەس نییە بلّێ: ها بە خۆڕایی بیخوێنەوە. قسەی خۆشمان بێ جارجار لە دەستی خەلّکی وەردەگرم ... بەلآم قەت نایکڕم!... باوکم تۆ حیسابی کە ... هەر وردە و پردەی مالّ ... حەمام، ئوتی، بنێشت، ئاووکارەبا، دەرزی و دەزوویش پارەی تێ دەچێ ... لە کوێ بێنم؟... چیم لە خۆم زیادە تا بیدەم بە مەجەللە. مەسرەفی نادی و چاخانەم هەر لە بیر نەبوو ... مانگی چوار پێنج، حالّیی عەرزم بووی، دینارم هەر لەوانە دەڕوا ... تۆ دێیتە لام ساردێک، ئەم دێ چایەک و وێرێک، حالّیی عەرزم بووی، بۆ فلان و دەعوەتێک بۆ فیسار ... ئیتر تاقە چل دینار لەم ڕۆژەدا بەشی چم دەکا ؟!. ئێستا دەزانم لە دلّی خۆتا دەلّێی واز لەو دۆمینەیە بێنە و ئەو پارەیەی لەوی سەرف دەکەی، بیدە بە کتێب و مەجەللە و بیخوێنەوە ... بە سەری من وا نییە ؟!... ئەگەر وەک تۆ دەلّێی، حالّیی عەرزم بووی، وا بکەم ... ئەوسا وەختی بێکاریم بە چی ڕابوێرم ؟... حالّیی عەرزم بووی ؟!...

- بەلّێ مامۆستا گیان حالّیی عەرزت بووم ... بەلآم تۆ ڕێگەت نەدام کە حالّیی عەرزم ببی ... خوا حافیز.

نووسەری کورد: گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد، ژمارە: ٣ ، ساڵی: ١ ، ئابی ١٩٧١، لاپەڕە ٢٩ - ٣٥، بەغدا.

# چواردەساڵی

چۆمان هەردی

نامۆبوونی کچێک لە تەمەنی چواردە ساڵیدا ستەمە. چواردە ساڵی سەرەتای گەورەبوون و پێگەیشتن و تێگەیشتنە. لەوانەیە هەر لەبەر ئەمانەش بێت کە نەگبەتییەکانی هەر کچێک لەم تەمەنەوە دەست پێ دەکات. کچێکی بە جەستە گەورە و بە مێشک منداڵ و سادە و خەیاڵاوی، لەم تەمەنەدایە کە حەزدەکەی هەموو شتێک تاقی بکەیتەوە. ناتەوێ گوێ لە (وامەکە خراپە) بگری. دەتەوێ بیکەیت تا بزانی بۆ خراپە. دەتەوێ ببینی و ببیستی و تێبگەی. دەتەوێ تێکەڵ بە خەڵک بی و بیانناسی. حەزدەکەی چەندین سەعات بێ سوود و بێ هودە سەیری سروشت بکەی، چونکە تازە تێگەیشتووی کە سروشت چەند جوانە و چەند جێی سەرنجە! پێشتر بێ بیرکردنەوە یاریت کردووە، سەیری هەموو لایەکت کردووە بەڵام لەلات گرنگ نەبووە چۆنە، شێوەکان بەسەر خەیاڵتا خزاون و تازە حەز دەکەی بەناو دارستاندا بڕۆی تا لە پاییزدا گەڵات بەسەردا بڕژێنێ. تازە دەبینی خۆر کە ئاوا دەبێ چەند دڵگیر و مەستە! تازە دەزانی شەوان لە پشت پەنجەرەی شیش بەندەوە سەیری ئەستێرە کردن چ تامێکی هەیە. تازە هەست بە تام و چێژی هەموو شتەکان و ئینسانەکان دەکەی، خەریکە لە دنیای گەورەکانیش نزیک دەبیتەوە، بۆیە وردە وردە هەست بە سۆزێکی تایبەتی دەکەی بەرامبەریان کە پێشتر هەستت پێ نەکردووە. ئای خوایە گیان! جاروبار لەپڕ شەپۆلێک ژیانێ تازە دەڕژێتە خوێنتەوە و شادت دەکات. دەستەکانی دایکت ماچباران دەکەی، لە پەنجەرەی زیندانەکەتەوە سەیری دەرەوە دەکەی و لە خۆشیدا گۆرانیی دەڵێی. کاتێک پەنجەرەکان دەکەیتەوە و لەپڕ شنەبایەکی نەرم سەروقژت تێک دەشێوێنێ، لەخۆشیدا هەڵدەپەڕی و هەڵدەبەزیتەوە. ئای کە دڵت بەم گەورەبوونە خۆشە و کە خۆت بە گەورە دەزانی! چەندین جار لە ئاوێنەکاندا سەیری خۆت دەکەیت و پێدەکەنی! دڵت خۆشە و لە خۆت ناپرسی بۆ! تازە تۆ گەورە بوویت، دەزانی گەورەبوون چی دەگەیەنێ؟ واتە ئێتر دەتوانی تا بەرەبەیان لەگەڵ خوشکە گەورەکانتدا دانیشی و گوێیان

لێ بگری، جاران نەیاندەهێشت: (برۆ بخەوە، تۆ مناڵی). ئیتر وا ناڵێن، چیتر دایکت ڕێت لێ ناگرێ، کاتێک حەزدەکەی چێشت لێنێی پێت ناڵێ: (خۆت دەسووتێنی، برۆ بەولاوە)، براکانت ئیتر لێت توورە نابن لەسەرئەوەی چارەکێک لەلای هاورێکەت درەنگ کەوتووی! ئیتر وەک جاران هەموو شتێک قەدەغە نییە، بەند و کۆتەکان کەم بوونەتەوە، چونکە گەورە بووی.

ئەوەتا باڵات دوو پەنجە لە باڵای دایکت بەرزترە. کاتێک بە ڕێدا دەرۆی، هەست دەکەی جێگە سەرنجی هەموو خەڵکی، وەک کچێکی گەنجی جوان سەیرت دەکەن. ئیتر بێبەش نییت لە وردە نیگا و زەردەخەنە و قسەخۆشەکانی کوران. وا بوویتە شاژنێکی شۆخ.

بەڵێ! هەموو ئەم خەیاڵانە شادت دەکەن، دنیا بە جۆرێکی تر دەبینی، هەستەکانت گەرچی شڵەقاون و گۆڕاون، بەڵام تازە ناسک و گەشن، هەست بە گورجوگۆڵی دەکەی، هەست دەکەی تەمی خەیاڵێک دەوری گرتووی و بە شێوەیەکی زۆر ناسک بیر لە ئایندە دەکەیتەوە. نەخشەی گەورە دەکێشی بۆ داهاتوو. بڕیار دەدەی کەسێکی گەورە و ناسراو بی، هەزاران جار بە دوو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لەگەڵ هاورێکانت بەڵێن و پەیمانی گەش دەبینی ... پەلەتە رۆژگار تێپەرێ تا تۆ خۆت دروست بکەی و بۆ هەموان بسەلمێنی کە گەورە بووی.

ئاخ کە گەورەبوون خۆشە! لە ریزی کچە گەورەکاندا وەستان، بە ناسکی هەنگاونان و لەبەرکردنی جلی جوان، لەپێکردنی پێڵاوی بەرز، جانتا لەشان کردن و سووراو کردن... دواجار دەسڵەمیتەوە: (نا نا، هێشتا زۆرم ماوە بۆ ئەم شتانە)، بەڵام هەر پێدەکەنی، باشتر، بەس نییە هەموو ئەمانە لە ئایندەدا دێن، بەس نییە پیر نەبوویت و هەموو ئەم پلە خۆشانەت تێنەپەڕاندووە.

بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ خەیاڵەکانت بە با دەچن، لەم تەمەنەدا چەپۆکی هەموانت لەسەرە: دایکت، باوکت، خوشک و برا، هەندێ جار خاڵ و مام و پوور و مناڵەکانیشیان دێنە مەیدانەوە و بۆیان هەیە حوکمت بەسەردا بدەن، لە جیاتی تۆ بڕیار بدەن، لێت توورە بن و گاڵتە بە خەیاڵەکانت بکەن. هەرکەسێ گەورەتر بێ بۆی هەیە کۆشکی خەیاڵە گەشەکانت برووخێنێ. هەر یەکە دەیەوێ بەو جۆرەی کە خۆی بە دڵێتی، کاتێک قسە دەکەن، هەر یەکە بە جۆرێک ئامۆژگاریت دەکات، هەموو باسی خۆیانت بۆ دەکەن کە لە تەمەنی تۆدا بوون. شەوان بە سەرسوڕمانەوە تێدەگەی ئەمڕۆ هەموو لێت توورە بوون و بە خەیاڵی خۆیان ڕێی ڕاستیان پێشان داوی، کەچی هەموو قسەکان و بیروڕایان بە پێچەوانەی یەکەوە بووە. هەر یەکە لەسەر شتێک لێت توورە بووە. کە خەمبار بووبن، خەمەکەی خۆیان بە تۆ ڕشتووە، کە شاد بووبن گاڵتەیان پێ کردووی و پێت پێکەنیون، گریانت بۆ خۆت دێ، بە سەرسوڕمانەوە دەڵێی: (بە قسەی کامیان بکەم؟ هەر یەکە داوای شتێکم لێ دەکا...) ئەم سەرسوڕمان و ئەبڵەقبوونە زۆر دەخایەنێ، بێدەنگ گوێ لە هەموویان دەگری و قسەکانیان لێک دەدەیتەوە.

بێگومان هەتا ئەگەر بە دڵیشت نەبێ و بە ڕاستی نەزانی، بۆت نییە نارەزایی دەربڕی: (تۆ مناڵی، هیچ نازانی)، لەپڕ دەبینی چەند کاتە دڵت بەوە خۆش بووە کە لەمەودوا ئەم قسەیەت پێ ناڵێن کەچی دیسان لە هەموویانی دەبیستی.

هەندێکیان بە نەرمی پێت دەڵێن: (تۆ مناڵی، دڵپاک و سادەی، دنیات نەدیوە...). هەندێکیشیان زۆر بە ڕەقییەوە هاوارت بە سەردا دەکەن: (تۆ کەری، بێئەقڵی، مێشکت کای تیایە...). لە پڕ رۆژێک شۆڕشێک لە ناختا دەتەقێتەوە، بڕیار دەدەی بە قسەی کەسیان نەکەی چونکە دەیانەوێ سەرشێتت بکەن، حەز ناکەی گوێیان لێ بگری. کاتێک قسەت بۆ دەکەن، گۆرانی دەڵێی یان هەوڵ دەدەی بیر لە خەیاڵە خۆشەکانت بکەیتەوە و گوێ لە قسە ڕەقەکانیان نەگری... بۆ دەبێ وابێ؟ خوشکە گەورەکانت هەمیشە پێت دەڵێن: (تۆ لە ئێمە ناچی، کەسمان وەک تۆ چەنەباز و بێئەقڵ نەبووین).

دایکت پێت دەڵێ: (تا ئێستە لە هیچ کچێکم نەبیستووە حەزی لە پیاسە بێ، چەتیو بۆ وا سەربەدەر و شێتی؟!).

کاتێک لە شادیدا قاقا پێدەکەنی، باوکت بە توورەییەوە لە ژوورەکەی خۆیەوە هاوار دەکات: (حیلکە حیلک چەتیو

خۆ ئەسپ نییت!)
کاتێک هەموو قسە دەکەن و دەتەوێ تۆش قسە بکەی و ڕای خۆتیان پێ بڵێی، براکانت پێت دەڵێن: (بێدەنگ بە، تۆ هیچ نییت لەم ماڵەدا)...
ئاخ کە زاڵمن! ئاخر بۆچی؟ گوناحی تۆیە کە حەز لە پیاسە و باران و بەفر دەکەی؟ چەند بە حەسرەتەوەی ئێوارەیەک، کاتێک باران بە لێزمە دەبارێ، بەسەر شەقامە درێژەکەدا پیاسە بکەی تا تەڕ تەڕ دەبی. چەند حەزت لێیە بەو بەفرە نەرمە شەڕە تۆپەڵێک لەگەڵ کچەکەی دراوسێتان بکەی. دەتەوێ جاربەجار بچیتە لای هاوڕێکانت و پێبکەنی، بەڵام هەمیشە دایکت دەڵێ: (ئێوە لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە مەکتەب پێکەوەن، باسی چی دەکەن ؟ ئەم حیکایەتە نەبڕایەوە؟)
بەڵێ زۆربەی کات هەموو دەست بەیەک دەکەن و دژی ئارەزووەکانت دەوەستن: پیاسە کردن نییە، چوونە لای کچان نییە، هەڵپەڕکێ و قاقاپێکەنین نییە، یاریکردن عەیبە، تەمەڵی لە ئیشی ماڵدا نییە، بڕیاردان لەسەر هەر شتێک پێویستی بە قسەی تۆ نییە، تۆ نابێ هیچ لەو شتانە بکەی کە خۆت دەتەوێ، دەبێ ئەوە بی کە ئەوان دەیانەوێ...
دایکت دەیەوێ ئاغر و سەلار بی و لە ئیشی ماڵدا بیحەسێنیتەوە. خوشکەکانت دەیانەوێ وەک ئەوان بی و چەنەبازی زۆر نەکەی، باوکت دەیەوێ کەم پێبکەنی و ئەوەندە نەچیتە بەر ئاوێنەکە، براکانت دەیانەوێ چوونە لای هاوڕێیان تەرک بکەی...
لەپڕ، کاتێک بیر لەم هەمووە دەکەیتەوە، دەتەقیتەوە. دەگریت و دەگریت و دەزریکێنی، بە هاوار و زریکە و گریان، قسە پەنگخواردووەکانی دەروونتیان پێ بگەیەنی، گەرچێ لەوانەیە لەسەر ئەم جۆرە ناڕەزایی دەربڕینە، دایکت قسەت پێ بڵێ و براکانت لێت بدەن و هەموو لێت تووڕە بن، بەڵام بە هەرجۆرێک بێ تێیان دەگەیەنی کە نابێ وابێ، ناتوانی ئەم هەمووە بگریتە خۆت...
هەندێ جاریش لەپڕ بەزەیییان پیاتا دێتەوە: (تۆ خوشکی بچووکمانی، چۆن خۆشمان ناوێی؟) هەریەکە بە جۆرێک خۆشەویستیی خۆیت بۆ دەردەبڕێ و جارجار گەر یەکێکیان لێت تووڕە بێ، ئەوی تر پشتت دەگرێ و یارمەتیت دەدات. بۆیە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گەورەکان دەبەخشی، بە پێکەنینەوە لە دڵی خۆتدا دەڵێی: (نازانن چۆن پێم بڵێن، تەنها حەز دەکەن من لە هەموو کەسێک باشتر بم...) دڵنیای کە وایە و بۆیە ئەم بەزمانەت پێ دەگێڕن تا کەس نەتوانێ لە دەرەوەی ماڵی خۆتان ڕەخنەت لێ بگرێ. دەیانەوێ تێت بگەیەنن کە کچ لەم تەمەنەدا دەبێ لە هەموو کاتێک زیاتر وریا و بێدەنگ و ئاقڵ بێ، چونکە چاوە پیسەکان هەموو ئاراستەی کراون، کچێکی مناڵی جوانی سادە، هەڵخەڵەتاندنی ئاسانە. خوارکردن و هەڵگێڕانەوەی زۆر گران نییە، تۆزێک خۆهیلاککردنی دەوێ تا وای لێ بکەی بڕوات پێ بکات و کە دڵنیا بوو لێت، ئیتر زۆر سادە دڵی خۆیت بۆ دەکاتەوە و دەبیتە ئازیزی...
هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنێ کە کۆمەڵ لەو تەمەنەدا دوژمنی کچانن! دایکت حەز ناکات زوو زوو خۆت بگۆڕی و سەیری ئاوێنەکە بکەی، چونکە لە ژنەکەی دراوسێتانی بیستووە کە بە کچەکەی ئەوبەرتان دەڵێ: (ئەڵێی فلفلی تێکراوە، گڕی گرتووە و هەر خەیکی خۆیەتی).
باوکت حەزناکات قاقا پێبکەنی چونکە لە پیاوانی بیستووە کە چی دەڵێن کاتێک دەبینن کچێک بە کوڵ و بە دەنگی بەرز پێدەکەنێ. براکانت نایانەوێ زۆر بچیتە دەرەوە چونکە کوڕان دەناسن و دەزانن کە زۆر چوونە دەرەوەت ڕێ بۆ دەست درێژکردنیان ئاسان دەکات.
خوشکەکانت نایانەوێ گوێ لە قسەکانیان بگری تا زۆرزان و شەیتان دەرنەچی چونکە کەس کیژۆڵەیەکی خۆش ناوێ کە بە ئەندازەی سەرەژنێک بزانێ.
بڕوا بە هەموو ئەمانە دەهێنی، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش لەپڕ لەم تەمەنە گەشەدا نامۆ ببی و لە هاوڕێیان و خزمان و قوتابخانەکەت و ئازیزەکانت دابڕێی، دەبێتە ستەمێکی گەورە! چونکە جگە لەم هەموو لێک دابڕان و تەنیاییە دیسان دەبێ زیاتر ڕێت ببەستنەوە و هەموو جۆرە شادییەکت لێ زەوت بکەن:

(ئێره سەقزە سلێمانی نییە). چەند ڕاستییەکی تاڵ و ناخۆشە: (سەقزە!). واتە ئەو کۆمەڵە نییە کە تۆ دەتویست و خەریک بوو لەگەڵی ڕادەهاتی، ئێرە کۆمەڵێکی داخراوتر، بچووکتر و تەنگترە، هەموو شتێک دیارە، هیچ جۆرە ئازادییەک نییە، تازە دەبێ ببیتە لەچک بەسەر و مانتۆ لەبەر، ئیتر هەتا لەناو ماڵیشدا ناتوانی تەنوورە لەبەربکەی و قاچت دیار بێ، هەتا ناتوانی بلووزی قۆڵ کورتیش لەبەر بکەی. ئیتر ماڵە پوور و خاڵ و مامیش نییە زوو زوو خۆتی پیا بکەی، ژووری تەنیاش نەماوە، ئاوارەیی‌یە و دەبێ بە کەمترین شت ڕازی بی، تەمەڵییش تەواو، میوان زۆرە و دەبێ هەر بە پێوە بی، ئیتر نابێ هەر بە دوو جار ببیتە هاوڕێی کچێک و دڵتی لەلا بکەیتەوە، تۆ لە وڵاتێکی ترەوە هاتووی و هەموو دراوسێیان و کچانی ئێرە چاویان لەسەرتە و حەز دەکەن بزانن چییت، حەز دەکەن تاقیت بکەنەوە و بتناسن تا دوایی ئەگەر بە دڵیان نەبووی، لەناو کۆمەڵە ژن و منداڵی بەردەرگادا قسەت پێ بڵێن... هەموو شتێک گۆڕاوە، قوتابخانەش بە زمانێکە کە تۆ لێی تێناگەی، هەزاران جار لە دەرسەکاندا دەگرییت چونکە هیچ نازانی، مامۆستاکانیش هەندێ جار دڵخۆشیت دەدەنەوە و هەندێ جاریش دەتڕووخێنن و پێت دەڵێن: (بۆ خۆت هیلاک دەکەی، ئەمساڵ دەرناچی!)... سەقز بەتەواوی کەشێکی ترە و دەبێ لەگەڵی رابێی، لە سەرەتاوە دەبێ بە بێ هاوڕێ دەست پێبکەی، بخوێنی، هەوڵ بدەی ئەم شارە سەیرە بناسی و تێی بگەی تا بتوانی خۆشت بوێ. دەبینی بارەکانت زیادیان کردووە و قورس بوون، لە ئێستەوە ڕۆژگار دەستی پێ کردووە و دەیەوێ پێت بڵێ کە داهاتوو ئەو خەیاڵە نییە کە تۆ دەیچنی، هەمیشە داهاتوو لە خەیاڵ ناخۆشتر و ڕاستترە. ئەمە یەکەمین وانەیە لەم تەمەنە بچووکەدا، ئەگەر تیایدا دەرچووی و سەرکەوتوو بووی، لەوەودوا هەمیشە هەوڵ دەدەی سەرکەوتوو بی، بەڵام ئەگەر دەرنەچووی و تێنەگەیشتی، جگە لە خەم و ڕووخان، بە ناچاری دەبێ دیسان هەوڵ بدەیتەوە چونکە تۆ چواردە ساڵی، دەتەوێ هەمیشە سەرکەوتوو بی، حەز ناکەی لە کەسە ژێرکەوتووەکان بی، بۆیە قۆڵی لێ هەڵدەکەی و دەڵێی: (نامۆیی چییە؟ ئینسانەکان هەر وەک یەکن و خاکیش هەر یەک بۆنی لێوە دێ، گرنگ ئەوەیە لە هەر شوێنێک بم بتوانم بە ڕاستی خۆشم بوێ و وای لێ بکەم خۆشی بوێم). هەر لەم قسەیەوە دەردەکەوێ کە سەرئەنجام ژیانێکی باش لێرەش دروست دەکەی، برۆ! داهاتووت ڕوونە و چواردە ساڵییش ساڵی خۆشتری بە دوادا دێت!

٩٢/٨/١٤



لە ساڵی ١٩٧٤دا لە شاری سلێمانی، باشووری کوردستان، هاتوومەتە دنیاوە و لە یەک مانگییەوە کۆچ بەرەو ئێران ڕاپێچی کردووم. ژیانم بەتەواوی پارچە پارچە بووە و هەندێ جار لە نێوان سەقز و سلێمانیدا وەستاوم و نازانم کامیانم زیاتر خۆش ئەوێ. لەوساوە کە باوکم چیتر حەکایەتی بۆ نەگێڕاومەتەوە دەستم کردووە بە نووسین. نزیکی ساڵ و نیوێکە لە لەندەن نیشتەجێ بووم و دەخوێنم. گەورەترین ئارەزووشم ئەوەیە بتوانم بەردەوام بە ڕاستگۆیی‌یەوە بنووسم.

# بەڵگەیەکی پڕبایەخی مێژووی سیاسیی نوێی نەتەوەی کورد

پێشکەشکردن و
پێشەکی و پەراوێزبۆ نووسینی: پیران

پێشەکی:

ئەو سازمانەی ئەم بەیاننامەیەی دەرکردووە، وەک لە تێکستی بەیاننامەکەوە دەرئەکەوێ، سازمانێکی تێگەیشتووی پێگەیشتووی بەرچاوڕوون بووە، توانیویە بەوردی ئەوە دەستنیشان بکا کە ئەبێ میللەتی کوردی کوردستانی بە عێراقەوە بەستراو، لە چوارچێوەی توان و دەسەڵاتی ئەو سەردەمەیا، چ دروشمێکی سیاسی بۆ خۆی هەڵگرێ و بۆ چ ئامانجێکی نزیک وەخت تێبکۆشێ. ئەو سازمانە لەوە گەیشتووە کە ئینگلیز – کە لەو سەردەمەدا هێزی هەرە گەورەی کاریگەری سیاسی بووە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکی ئاسیا و گەلێ ناوچەی تری جیهانا – نەیویستووە قەوارەیەکی سەربەخۆ، تەنانەت لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆیشیا، بۆ کورد دروست بکا و بڕیاری ئەوەی داوە کوردستانی خواروو بە پاشکۆی عێراقەوە ببەستێ.
ئەوەیشی زانیوە کە گەلی کوردی کوردستانی خواروو لەو ڕۆژەدا توانی هەستانەوە و بەرپاکردنی شۆڕشێکی ئازادیبەخشی سەرکەوتووی نەبووە کە کێشەی نێوان کورد و عێراق و ئینگلیز بۆ سوودی خۆی چارەسەر بکا و ببڕێتەوە.

لەبەر ئەوە دروشمە سیاسییە نزیک وەختەکانی خۆی تەنها لەو سنوورەدا دارشتووە کە حکومەتی عێراق کاتی خۆی - بەپێی ڕا و ڕاوێژ و پەسەندی ئینگلیز - بڕیاری داوە بیکا و لەسەرخۆی کردووە بە ماڵ و گوێیشی نەداوەتێ.

نەهاتنەدیی ئەو دروشمانەیش نیشانەی ناکامڵیی سیاسەتی سازمانەکەی خاوەنی بەیاننامەکە نییە. هەرگیز ڕاستی و دروستیی دروشمێکی سیاسی بەوەدا ناناسرێتەوە کە لە کاتی هەڵگرتنی یا لە سنووری ئەو سەردەمەدا بێتە دی کە تیا هەڵگیراوە. هاتنە دیی هەر دروشمێک بەستراوە بە کۆمەڵێ مەرجی خۆیی و دەوروبەرەوە کە گەلێکی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خاوەن دروشمەکە بەدەرە.

هەرچۆن بێ، من بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئەم سازمانە بە سازمانێکی بەرچاوڕوون و واقیعبین ئەبینم و هیچیش لەبارەی مێژووییەوە نازانم، ڕووی دەمم ئەکەمە هەموو ئەوانەی هەر جۆرە ئاگادارییەکیان لە دامەزران و هەڵسووڕان و چالاکی و بڕانەوە و کەسانی کاری ئەم سازمانە هەبێ بیخەنە ڕوو و بڵاوی بکەنەوە بۆ ئەوەی توێژەرەوە و مێژوونووسەکانمان لە لاپەڕەی تایبەتیی خۆیا لە مێژووی نەتەوەکەمانا جێگیری بکەن و تیشکێکی نوێ بەو کارەیان باوێنە سەر گۆشەیەکی تاریکی مێژووی خەباتی ئازادیبەخشی میللیمان.

نامەی موتەسەڕریفی لیوای سلێمانی بۆ وەزارەتی ناوخۆ کە دانەیەکی بەیاننامەکەی لەگەڵا نێردراوە بۆ بەغدا(١)

ڕەشنووس

بابەت: پرۆپاگەندەی کورد

مێژووی ڕەشنووس: س/٣٢، ١٩٣٠/٣/٨

بۆ وەزارەتی ناوخۆ. بەغدا

نیشانەی ڕێگادانی لەچاپدان: لەچاپ بدرێ (٢)

CONFIDENTIAL

نهێنی

لەگەڵ ئەم نامەیەدا چوار دانە بڵاوکراوەتان لەبارەی پرۆپاگاندەی کوردەوە پێشکەش ئەکەم کە بە پۆستە بۆمان هاتوون، دوانیان لە مووسڵەوە و ئەو دوانەکەی تریان لە کەرکووکەوە لەگەڵ ئەسڵی پاکەتەکانیان کە ناو و نیشانی من و قایمقامی هەڵەبجە و کاتبی تەحریری هەڵەبجە و بازرگانێکی سلێمانییان لەسەر نووسراوە.

لای پایە بڵندتان نادیار نییە کەوا لیوای سلێمانی ساڵەهایەک کاری لە بڵاوکردنەوەی پرۆپاگاندەی کوردیدا کردووە و کاتی پێوە بەسەر بردووە. ئەم لیوایە لەهەر لیوایەکی تر ئامادەیی بۆ ئەم جۆرە پرۆپاگاندەیە زۆرترە. لەبەرئەوەی بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەی وا کارێکی زۆر ئەکاتە دڵ و دەروونی دانیشتووان و ئەیورووژێنێ. من، پاش ئەوەی هەوڵێکی مەزنم دا و چاودێرییەکی هەمیشەییم کرد، توانیم ئەم بیرە لە دڵی دانیشتووانی ئەم لیوایەدا نەهێڵم؛ بەڵام هاتنی یەک لەدوای یەکی بڵاوکراوەی وا، بێگومان، ئەکێشێتەوە بۆ لەکەدارکردنی بیر و زەینی خەڵک و بیرە لەبیرکراوەکەیان دێنێتەوە یاد. بۆیە تکا ئەکەم پایەبڵندتان بفەرموون چی پێویستە بۆ نەهێشتنی گەیشتنی بەیاننامە و بڵاوکراوەی لەم چەشنە، جێبەجێی بفەرموون.

(ئیمزا)

موتەسەڕریفی لیوای سلێمانی

وێنەیەکی بۆ:

پشکنی بەڕێوەبەرێتیی لیوا لەگەڵ وێنەیەکی بەیاننامەکەی سەرەوە باسمان لێ کرد.

تێکستی بەیاننامەکە

گەلی یەکێتیی کوردان

ژمارە/ ٢

مەرکەزی عوموومیی گەل. شاخی ...

٩٣٠/٣/٥

ئێمە، میللەتی کورد، بەم بەیاناتەی کەوا بڵاوی ئەکەینەوە جارێ ئەمانەوێت عالەمی مەدەنییەت تێبگات وە بزانێ کە ئێمە کوردان لە حەقی خۆمان زیاتر هیچی ترمان ناوێت! تا ئێستا هەرچییەک ڕووی دابێت، وە لەمەولا هەچ حاڵێک ڕوو بدات بۆ دەسکەوتنی ئەم حەققەیە کەوا لێمان داگیرکراوە، دنیا ئەیزانێت ئێمە خەڵقی کوردستانی جنووبی بە شەرتێک حکوومەتی عێراقمان قوبووڵ کرد وە ناسی وە بە شەرتێک ویلایەتی مووسڵ بۆ عێراق مایەوە کە بەپێی قەراری جەمعییەتی ئەقوام وە بەڵێنی حکوومەتی بەریتانیا ئێدارەیەکی تایبەتیمان بۆ دابنرێت: ڕەنجی شانمان بەدەست خۆمانەوە بێت. لە ماڵی خۆمانا سەربەخۆ بین. بەم شەرتە حکوومەتی عێراقمان ناسیبوو. کەچی تا ئێستا لەم شورووت و بەینە هیچیان بەجێ نەهێنا. وایان تەمایە، وە لە کردەوەیان وا دیاری ئەدات ئەیان ئەوێت لەژێر پەردەی عێراقدا دوونمان بکەن، ناوونیشانمان بکوژێننەوە. لە بەدبەختیی کوردان حکوومەتێکی هەرە گەورەی مەدەنییەتی دنیا ئەم ناحەقییە بە کوردان ڕەوا ئەبینێت وە لامان لێ ناکاتەوە، وە بە تۆپ و تەییارە یارمەتی و پشتیوانیی حکوومەتی عەرەبیی عێراق ئەکات.

ئێمە میللەتی کورد ئەم غەدر و ناحەقییە کەوا تا ئێستا دەرحەق بە ئێمە ئەکرێت ڕاستەوخۆ لە حکوومەتی بەریتانیای ئەزانین، ئەگینا حکوومەتی عێراق لە قودرەتیا(٣) نییە، لە هیچ وەقتێکدا ناتوانێت لە ئێمە حەق داگیر بکات. کاربەدەستانی حکوومەتی عێراق نە عەرەبن نە کوردن. زادەی تەبیعەتی سیاسەتی ئینگلیزن. ڕۆژنامەکانیشیان ئاگری بنکای ئەو سیاسەتەن. ئەڵێن کورد چییان ئەوێت؟ ئەڵێن ئینگلیز کوردان هان ئەدات. جاربەجاریش کە سەریان لێ ئەشێوێت، بەبێ شەرم و

تەریقی هەڕەشەمان لێ ئەکەن... (زهی خیال باطـل(٤)!!).

ئەم قسانە لەلای کوردان هەر وەکوو لوورەی چەقەڵێک لە دەوری ئاوایی بێت واتە، کەڵک ناگرێت. بەم قسە بێفەڕانە تەمایانە دەستە چەوری خۆیان بەسەر ئێوەدا بسوون. لەبیریان چووەتەوە لەم حەربی عوموومییەدا بە پارەی(٥) چییان کرد، چی نەما نەیکەن؟...

ئێمە میللەتی کورد حەقی خۆمان ئەوێت. مردنمان لە ژیانی کولەمەرگی پێ خۆشترە. یارمەتی و پشتیوانیی حکوومەتی عێراق بە شەرتێک قبووڵ ئەکەین کە لەم حکوومەتە هەرزەکارە حەقمان بسێنێت. ئەو قسانەی کە مەعرووف ئەفەندی (٦) ناڕراوی (٧) هەولێر ئەیکات و ڕۆژنامەکانی عەرەب ئەینووسێت لێی قبووڵ ناکەین.

ئەگەر بێت و بەو جۆرە دووبارەی بکاتەوە، ئێمە ئەم ناڕراوە بە خائین، بە نهێنبڕی میللەتی کوردی ئەناسین! حەقی کورد وەکوو باسی ئەکات ( حقوق طفيفة)(٨) نییە کە مەئمووری کورد بێت و چەند برسییەکی بە پارە دەمکوت بکرێت. حەقی کورد ئەمەیە کە لەناو ماڵی خۆیا گرد بێت وە ڕەنجی شانی بە دەست خۆیەوە بێت. حوکوومەتی عێراق کە ئەمەی لە موعاهەدەی تازەدا داخڵ نەکرد، ئێمەش بە هیچ بارێک ئەم حوکوومەتە ناناسین.

مەندووبینی کورد:

ئێوە هەمووتان دڵنیا بن کە میللەتی کورد پێشەکی حیساب لەگەڵ ئێوە ئەکات لە پاشا حیساب لە ئەشراف و توججار وە مونەووەر ئەپرسێت: ڕسوایییە بۆ ئێوە بۆ وەزارەتی یەک دوو ڕۆژێکی غەیرە، حەیا و ئابڕووی میللەتێک ئەتکێنن !!!

میللەت:

گەورە و بچووک لە هەموو لایەکەوە ئاگادار بن چەند کاسەلێسێک وا لە ناوتانا خەریکن بە قسەی پڕوپووچ ئەیان ئەوێت ئیغفالتان بکەن کە دەمکوت بن وە داوای حەقی خۆتان نەکەن. ئەم خائینانە لە هەموو لایەکەوە ناونووس کراون، لە بەیاننامەی مانگی ئایندەدا ناویان بڵاوئەکرێتەوە.

سوورەتی ئەم بەیاننامەیە:

بۆ هەموو ئەشراف و مونەووەری کورد.

بۆ وەزارەتی موستەعمەرات.

بۆ مەندوبوسسامی.

بۆ ڕەئیسی حوکوومەتی عێراق.

بۆ جەمعییەتی ئەقوام.

بۆ قونسولۆسەکانی دووەلی موتەمەددینە.

بۆ ڕۆژنامەکانی ئەورووپا - ناڕراوە(٩)

گەلی یەکێتیی کوردان

(لەناو بازنەی دروشمی کۆمەڵەکەدا(١٠))

وەکوو ئەسڵەکەیەتی(١١) ٣٠/٣/٨

موحەممەد ڕەفیق (بە ئیمزا)

## تەڵەبی حوقووقی میللەتی کورد

ئێستا عەرەب لەگەڵ حوکوومەتی ئینگلتەرەدا بۆ سەندنی ئیستیقلالییەتی خۆی لە موزاکەرەدایە. داواکەری حوقووقی کورد لە خۆمان زیاتر کەسمان نییە. ئێمەش ئەگەر هەوڵ نەدەین وە فەریاد نەکەین حوقووقی میللیمان گوم ئەبێ وە هەروەها ئەمێنێتەوە... لەبەر ئەمە هەموو کوردێک ئەم مەوادەی ژێرەوە تەڵەب ئەکات:

١- لەناو حودوودی تەبیعیە و سیاسییەی خۆیدا، لە جەبەل حیمرینەوە تا شیمالی عێراقی کوردستانی مەرکەزی؛ بە ئەیالەتێکی مومتازە بناسرێ وە سنووری تەثبیت بکرێ.

٢- بۆ ئیدارە و مودافەعەی حوقووقی ئەیالەتی کوردستان، موفەتتیشێکی عومومیی کورد، وە لە نەزارەتی ئەم موفەتتیشەدا مەجلیسێکی تەشریعیی مونتەخەب وە هەیئەتێکی ئێجرائیی میللی قوبووڵ بکرێت.

٣- لیسانی ڕەسمی، تەدریسات وە موعامەلات کوردی بێت...

شوبات ١٩٣٠

کوردی (١٢)

وەکوو ئەسڵەکەیەتی ٣٠/٣/٨

موحەممەد رەفیق (بە ئیمزا)

## پەراوێز :

١- تێکستی ئەم نامەیە بە عەرەبی نووسراوە و ئێمە خۆمان کردوومانە بە کوردی.

٢- ئەم ڕستەی (لە چاپ بدرێ)یە بە قەڵەمی سوور و بە زمانی عەرەبی نووسراوە.

٣- خوێندنەوەیەکی لەمە پەسەنترم بۆ ئەم وشەیە لە ئەسڵی بەڵگەکەدا بە بیرا نەهات. تکایە خوانایانیش سەرنجی فۆتۆکەی بدەن، بەڵکوو ئەگەر من بە هەڵە چووبم بۆ ئەوان ڕاست بکرێتەوە.
[لەبەر هۆیەکی تەکنیکی نەمانتوانی وێنەی دەستنووسەکە بڵاوبکەینەوە، کە زۆریش کاڵ بوو و نەدەخوێنرایەوە. مامۆستای کورد].

٤- ئەم ڕستەیەم بەم جۆرە نووسییەوە کە ڕستەیەکی فارسی بێ، واتە: ئای لە خەیاڵی پووچ و بەتاڵ! بەڵام ئەگەر وا بێ نوختەی (ز)کەی (زهی) لە ئەسڵەکەدا دیار نییە. دووریش نییە عەرەبی بێ و (وهی خیال باطل) بێ، بەڵام لەم حاڵەدا (و)ەکەی (وهی) لە (ر) ئەچێ تا لە (و).

٥- لێرەدا لە ئەسڵەکەدا وشەیەک ناتەواوە، ڕەنگە (ئینگلیز) بێ.

٦- مەبەستی لە خوالێخۆشبوو مەعرووف جیاووکە کە ماوەیەک نوێنەری هەولێر بووە لە پەرلەمانی عێراقا.

٧- نارراو: نێرراو، مبعوث، نومایندەی پەرلەمان.

٨- واتە: چەند مافێکی ناچیز و بێقابیلەت.

٩- ئەگەر وا بێ و توانرابێ وێنەی ئەم بەیاننامەیە بگەیەنرێتە ئەم شوێنانەی سەرەوە، ئەبێ لە ئەرشیڤی وەزارەتی موستەعمەراتی بریتانیادا نوسخە ئەسڵییەکەی هەبێ و، دیارە ئەبێ زانیاریی پێویستیشی لەگەڵ بێ لەبارەی ئەو سازمانەوە کە ناردوویە. هەر وەک لەوانەیە لە وەزارەتی ناوخۆی عیراقیش فایلێکی تایبەتی بۆ ئەم سازمانە و بەیاننامەکانی تریشی هەبێ. هیوادارم کەسێ هەڵکەوێ کێومالێکی باشی ئەم سەرچاوانەمان بۆ بکا.

١٠- لە فۆتۆی بەیاننامەکەدا قەڵەمکێشییەکی دروشمەکە هەیە.

١١- ئەم ڕستەیە وا ئەگەیەنێ ئەسڵی خودی بەیانەکە نێرراوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ و وێنەیەکی وەکوو خۆیی لە ڕوو نووسراوەتەوە لەگەڵ نوسخەی نامەی ناردنەکەدا هەڵگیراوە. ڕوونووسەکەیش بە کاربۆن نووسراوەتەوە.



نیگاری : قەرەنی جەمیل ١٩٩٥

# نیگا

سەیرت ئەکەم
چاو لە چاوت ناترووکێنم
نیگام چۆلەکەی ترساوی
بێلانەیە
هەر بە تەنیا
لەنێو دارستانی چڕی
نیگای تۆدا، ئارام ئەگرێ.
سەیرم بکە
چاو لە چاوم مەترووکێنە هەتاکوو شەو
چونکە چاوم
چەند ماندوو بێ ...
چەند بێزار و دڵشکاو و
سەد پارە بێ،
هەر شەو دابێ
چیرۆکێکی تازەی پێیە و
مەلەکانی دارستانی
نیگاکانت
بە ئارامی ئەکاتە خەو.

٢٧-٩-٧٣



## ژیلا حوسەینی

# باران بارانه

پێشکەشە بە هونەرمەند کاک حوسەین یووسف زەمانی

تنۆک تنۆک
لەودیو شووشەی پەنجەرەوە شەو ئەبارێ
پەنجەرەکان ئەکەمەوە
باوەش باوەش بۆنی باران دێتە ژوورێ
ـ تۆ دەس ئەبەی کەمانچەکەت هەڵئەگری ـ
نێوچاوانی مۆنی بێدەنگی شەق ئەبات.
هەتا بەیان
لەگەڵ باران سەما ئەکەین
سەمایەکی نەبینراو
ئاوازێکی نەبیستراو
ئیتر شەو و بێدەنگی و خەو
ئەزرێن و تنۆک ... تنۆک
ئەتوێنەوە و ئەبن بە هەڵمێکی نامۆ
پەنجەرە ڕێگایان ئەدا
ئەودیو شووشە
بۆنی سنگ و بەرۆکی عاشقیان ئەکا
باران ... باران
باران چاو و ... باران دڵ و ... باران دەر و باران بان و
باران هەموو ژوورەکەمی پڕ کردەوە.
نەمانزانی چەندان ساڵە
چەندان مانگ و ڕۆژ و کاتە و
لە کەیەوە لەگەڵ باران سەما ئەکەین
کە خۆرەتاو
بزەیەکی پڕ بەختیاریی تێ گرتین
بووین بە وشە و لە شیعرێکی بارانیدا
بووین بە گۆرانیی
ژینێکی هەتا هەتا ...

٣-٨-٧٣

# خۆشەویستی

خۆشسم ئەوێی
شۆڕەسواری گۆڕەپانی یادەکانم
تاقە سواری دەشتی چۆڵی هەستەکانم
خۆشم ئەوێی و ئەزانی،
خۆشم ئەوێی و دڵنیای
زەویی عەشقم لەژێر سمی
ئەسپەکەتا جووڵە ناکات
بۆیە کاتێ وەکوو پەیکی ئاگر و ئاو
بە پەلەیت و
ئەسپە شێتەکەت غار ئەدەی،
دڵم شینکەی بەهارێکی
لە تەمەنی خۆی دزیوە
هیچ ساڵێ نایدۆزێتەوە،
کانیاوێکی لە چاوی خۆیدا شاردووە
هیچ خەمێ نایبینێتەوە.
تۆ دڵنیای
هەرچەن هەتا کاتی مردن
هەموو ساڵێکی تەمەنم بێبەهارە و وشکەساڵی و
چۆڵەوانی
بەشی تۆ شینکە شک ئەبا و
فرمێسک و ئاخ و هەناسە و
چاوەڕوانی.

٢٧-٩-٧٣

# لالایانێی دووره هه‌ڵوێست

**عه‌زیزی مه‌لای ڕه‌ش**

هه‌ولێر: ١٩ی شوباتی ١٩٩٣

له گونده جوانه‌كه‌ماندا چوار به‌ره‌باب بووین. هه‌ر به‌ره‌بابێک براگه‌وره و ده‌مڕاستی خۆی هه‌بوو. هه‌ر چینێکمان ئه‌وه‌نده به باڵای مه‌زناتیی خۆمان هه‌ڵده‌دا، سه‌رمان گه‌یاندبووه كه‌شكه‌ڵانی ئاسمان و هه‌ر سه‌ڵاواتی پێ ده‌ویست. سێیه‌كه‌ی به‌رانبه‌ریش، له ئاستیدا قۆنده‌ره‌ش ته‌واو نه‌بوون.

له‌سه‌رئه‌وه‌ی كه یه‌كێكیان ببێته موختاری دێیه‌كه، پێک نه‌ده‌هاتین. هه‌ر بابامان بوو ده‌یویست به هه‌موو ته‌وژمێكه‌وه، به هه‌رچی ڕێگایه‌ک بێت، گوریسی خنگه‌ملانێكه، به‌لای خۆیدا ڕاكێشێت. تاكوو ڕۆژێک بووه مشتومڕ و ده‌م تێكنان و هه‌ڵلایه‌كمان، سه‌گ خاوه‌نی خۆی نه‌ده‌ناسییه‌وه. ڕۆژ ڕۆژی گۆڕده و چه‌وره و دیاردی و لێبانلێسی ده‌وروبه‌ری ناندینی ده‌مڕاسته‌كانمان بوو. بۆ ئه‌وه‌ی زیاتر ده‌میان چه‌ور و جێقوونیان گه‌رمتر بێت، به‌هیچ كلوبابه‌تێک دانه‌ده‌سه‌كنان و ده‌ست به شه‌قره و به‌رچیخ و خوتره‌وه، له پێكۆڵی كوشتن و بڕینێكی وادا بوون، له‌باس نایه‌ت. پڕ به زار ده‌یاننه‌ڕاند: (شه‌رت بێ ئه‌گه‌ر میری ئێمه نه‌كرێته موختار، له ئێستا زووتر نییه، ده‌بێ خوێن له مه‌یداندا سه‌ركان ببات).

منیش میری خۆمانم ئه‌وه‌نده به گه‌وره ده‌زانی ڕێزی له نێو دڵما برێک له وێرووه‌ی خوا و پێغه‌مبه‌ردا بوو... مه‌راقی ده‌رچوونی شه‌و و ڕۆژ هه‌راسانی لێ هه‌ڵگرتبووم، به‌ڵام هه‌رگیز له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا نه‌بووم كه شه‌ڕ و شۆڕ سه‌ر هه‌ڵبدات و خوێن بڕژێت و له ئه‌نجامدا ئاوایی‌یه خنجیلانه‌كه‌مان بۆ هه‌تا هه‌تایه تێک و لێک بچێت. به هیچ ته‌رزێكیش ده‌سه‌ڵاتی دامركاندنه‌وه‌ی جۆش و خرۆشی هه‌زاره زیله‌كه‌م نه‌بوو. بۆیه له حه‌ژمه‌تان به دیاریانه‌وه زارم قڕمسا و به سیكاردیش نه‌ده‌پچڕا تا له‌م باره‌یه‌وه شه‌كرێكی خێر بشكێنم. به چاوی مۆڵه‌قه‌وه ده‌ستێكی حه‌په‌سانم كه‌وته پاش ئه‌وی دیش كه‌وته پێش، نه‌مده‌زانی به‌ر له كارترازانا، بۆ دامركانه‌وه‌ی به‌رۆكی هانام بۆ كێ هه‌ڵبڕم.

كت و خوا، له‌م كاته له ده‌گده‌گه‌ی پڕ له مه‌ترسییه‌دا، پیاوێكی نوورانیی زۆر پیر و ڕیشدرێژ تا كه‌رخی ناوک، سپی سپی چوڕی شیر، چاو له‌به‌ری هه‌ڵنه‌ده‌هات، پۆشاک و مێزه‌ریش هه‌مان چه‌شن، به خۆو دار عه‌ساكه‌یه‌وه، له هیكه‌وه وه‌ک فریشته فریامان كه‌وت و له ناوه‌ڕاستی عه‌شاماته‌كه‌دا په‌یدا بوو. بیلبتوونمان به دیتنی واقمان وڕما و به چاوی ئه‌بڵه‌ق و حه‌یرمانه‌وه، بێ ئورقوم، له جێگه‌ی خۆمان چه‌قین و سێره‌ی دیقه‌تمان ئاراسته‌ی سه‌رتاپای له‌شی كرد.

ئه‌ویش به ڕوویه‌كی گه‌ش و عوبابه‌وه سه‌رنجی گشتمانی دا و هه‌ڵیدایه:

– ڕۆڵه‌كانم، من مام ئاهووره‌مه‌زدام، بۆ ئه‌وه هاتوومه تا ئه‌و گیروگرفته‌ی نێوانتان به ڕێگایه‌كی سووک و سانا چاره‌سه‌ر بكه‌م.

هه‌ر كه زانیمان مام ئاهووره‌یه و مه‌رامی وایه، كێله‌وه‌ژه و ناكۆكییه‌كه‌مان به‌بێ شه‌ڕ و شۆڕ و خوێن ڕشتن بنبڕ بكات، كه‌وتینه جیهانی خۆشگوراحی و

سەرفرازییەوە و بەوپەڕی شادییەوە گوتمان:
– چی جەنابت دەڵێی لەسەر سەرمان و لە ئاست فەرمانت ملی تەوازوومان لە موویێک باریکترە.
تەنیا مەیدانخوازەکانی تایەن نەبن، لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان ڕوویان پێ مچومۆڕ و دڕدۆنگ هەڵگەڕا.

دنیا بە جارێک خرۆشا و تەقوهۆڕی تفەنگان و لرمەلرمی تۆپان و هەراوهۆریا و هاتە هات و ڕاکردن و تێتەقانێک بوو، بە زمان ناگێڕدرێتەوە. هەر بابامان بوو، بێ ئەوەی بزانێت چییە، تەنگەتاو بە لایەکدا پێی بە غارێوە نا.
منیش سایلی خەڵکەکە، وەک مامزێکی لە وشکاندا تاژی سەراودووی نابێت ئاوا تاوم گرت. زۆر دوور نەڕۆیشتم عاجباتییەکی ئاخرزەمانم کەوتە پێش، بە درێژایی تەمەنم نفووراتی ئەوهام نە بە چاو دیتبوو، نە بە گوێش بیستبوو، لە

**لەسەرئەوەی کە یەکێکیان ببێتە موختاری دێیەکە، پێک نەدەهاتن. هەر بابامان بوو دەیویست بە هەموو تەوژمێکەوە، بە هەرچی ڕێگایەک بێت، گوریسی خنگەملانێکە بەلای خۆیدا ڕاکێشێت. تاکوو ڕۆژێک بووە مشتومڕ و دەم تێکنان و هەڵلایەکمان، سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسییەوە.**

کە لە دوورەوە پێوەیان دیار بوو، بەڵام لە مام ئاهوورەوە هوروژمی عەشامەتی ئێمەی حارگرتوو و ترساو نەیانتوانی لەم ڕووەوە بە هیچ جۆرێک فزە بکەن.
مام ئاهووره بەم هەڵوێستەمان زۆر خۆشحاڵ بوو و گوتی:
– من هەر چواریان دەجەڕبێنم، کامیان کردەوەی چاکەی لەوانی دی پتر بوو و خراپەی کەمتر، ئەوی دەکەینە موختار.
دیسان جگە لە سنگڕەپێشەکان، سەری ڕەزامەندیمان بە بافرە و شاگەشکەیی‌یەوە بۆ دانەواند.
من لە هەموان بە کەیفتر بووم و تەزووی خۆشی لە نێو شاماسولکەکانمدا ڕمبازێی دەکرد و لە دڵەوە چەشنی مانگ لە چواردەدا بێت، ئاوا لێم مسۆگەر بوو کەوا میرەکەی خۆم سەردەکەوێت. مام ئاهووره کە دڵنیابوو زۆربەی هەرە زۆرمان ڕازینە، بە عەسا هەڵشەقاندن و سەربادان پفێکی جەزبەداری لە ئێمە کرد و یەکسەر کەوتینە دنیایەکی ترەوە:

ترسان کە بینیم وا بە پێکەنین و لۆقی زلیەوە بەرەو ڕووم دێت، لە نیوەڕا پسام و لە شێوەی ئەسپێکی ڕەسەن و مەعلانی مەشق، لە کاتی قۆشمەکردندا جڵەوی توند ڕاکێشرێت، ئاوا چوست لە شوێنی خۆمدا چەقیم.
چۆن چەقینێک؟ وەک لە دار بپێچرێم، نە توانیم بەرەودواوە بکشێمەوە، نە بەملا و نەبەولادا خۆم لارکەمەوە. هەرچی گیانم بوو، وەک بیی ناو ئاو دەلەرزی و شەقەشەقی ددانەکانم لە دوورەوە دەبیسترا، لێوەکانم لە هەلەکەسەما و تەتەڵەکردندا بوون، ئەژنۆکانم دەتگوت شەپکە شەقرەنە تەق تەق بە یەکدی دەکەوون. ڕنگ و هۆڕی هەڵبەز و دابەزی دڵم لاوژۆکەی زەنگۆڵی ملی هێستری باڵابانی پێش کۆچان بوو هەرگیز داکەسانی نەبوو. ڕەنگپەڕینم هەر مەپرسە. تەنیا هەر ئەوەندەم دەسەڵات بوو بە چاوی زەق و دەمی بەشبۆوەی چاشمیشییەوە سێرەی لێ بگرم. بە هەندێ پسابووم و هەترەشم بە جارێک چووبوو، نەمدەزانی دێوە، خێوە، عیفریتە، قژنەسەرەیە، عیزرائیلە چییە؟ دەعبایەکە لە

جەستە و ڕۆیشتن و پێکەنیندا بنیادەمێکی تەواوە، کەچی بە کەلەش نەفرەجایەک بوو بۆخۆی. بێ پۆشاک و هێسک و گۆشت و پێست. وەک لە مەعدەن دروست کرابێت وا بوو.
ڕووح لە جێیەکی قاییمە و نایەتە دەرێ، ترس هوروژمی بۆ هێنام و وەختا بوو کونده میزێک بە خۆمدا بکەم، هەر کە گەیشتە لام و دەستە زرپەکانی بۆ درێژ کردم، لە دڵم چەسپی کە عیزرائیلە و کاتی حەلوەلایمە، هەر ئەوەتا لەنگەری ڕاوەستانم لە دەست مابوو. لە بریتی گوڕی چنگەپڕە و چۆکی غار و زاری عەرەب خۆدەخیلکردنم تەنیا لە دڵەوە: (انا لله وانا الیه راجعون)م بە خەیاڵدا گوزەری کرد.
کاتێک بە پێکەنینەوە دەستە قورسەکەی هاوێشتە سەر دڵە تەنگاو کراوەکەم، وای بۆ چووم لەوێوە گیانم دەکێشێت، ئەوسا زانیم پلە و پایەی ڕووح لام چەند گرنگ و شیرینە! لە دڵەوە خۆم بۆ ڕۆژی قالووبەلایێ ئامادە کرد و هەزار و یەک تۆبە بە فلووسێک. تا بزانم گیانم چۆن دەکێشێت ئەو قیچە زەینەی کە لە مێشکمدا مابوو کردە سایە و حەسحەسێکی هەستدار.
- با بزانم چتۆ مرۆیت.
کە زانیی لە ترسان هۆشم تەواو لا نەماوە، ئەمەی گوت و زوو دەستی کێشاوە و پێکەنینەکەی ڕاگرت و پێی گوتم:
- مەترسە براڵە، من بۆ سوودی ئێوەی بنیادەم پەیدا بوومە، نەک بۆ ئازاردانتان. ئێستا بۆ ئەوە هاتووم میرەکانتان تاقی بکەمەوە، میر. کامیان بە پێچەوانەی ئەوانی دیکەوە بە ئاستەم هەستی چاکەی لە دڵدا بێت پێویستە ئەو بکرێتە موختار.
قسەی خۆش لە بەهەشتەوە هاتووە، بەمە تۆزێک ئومێدی مان و پشووی ئۆخەم هاتەوە بەر.
بە ڕوویێکی بافرەدارە گوتی:
- تۆ بنیادەمێکی ساویلکە و بێ فرت و فێڵیت، زۆرت مەراقە خەڵکی ئاواییەکەت بە خۆشی و کامەرانی بژین، بەڵام شەقاو و دووزەین و عەقڵ قورەیت و پاش و پێش لەیەک جودا ناکەیتەوە. هەر بۆیەشە زوو لە خشتە دەبردرێیت و دەبیتە خوبزەی کەسانی تۆپز لەدەست و بەرژەوەندارە بێمروەتەکان. ئەوجا بە ڕەواشی دەزانیت.
کە بۆم واژی بووەوە ڕۆحکێش نییە و ئەو قسانەشی بەدەم پێکەنین و نەرمییەوە کرد، ترسە زۆرەکەم کە پرزەی بریبووم تەواوێک هێور بۆوە، بەڵام لەوە حەیرمابووم: (باشە چۆن ئەوها من دەناسێت؟! کە تا حاڵی حازر بە خۆم، خۆم ئەوها نەناسیوە!).
کاتێک بە پێکەنین و بێ دەست وەشاندن پشتی تێ کردم و هەنگاوی هاوێشت بڕوات ئەوەی ترس بوو لە دەروونمدا ڕەوییەوە و کەوتمە جیهانی سەرفرازییەوە و گوڕێزەوق و گوراح و لاکە و زارگەڕانم گەڕاوە قایدەی جاران. هێشتا دوو سێ شەقاو لێم دوور نەکەوتبووەوە خوێندنەوەی هەست و نەستی دەروونم بەم تەرزە هانی دام کە بیناسم.
بە هەشتاوییەوە بە دوای کەوتم و گوتم:
- هیزە پێم ناڵێیت تۆ چیت؟
لەگەڵ ئاوڕدانەوە، بە زەردەخەنەوە:
- من؟
- بەڵێ
کە بۆی یەکلا بووەوە ترسم لێی نەماوە، ڕووی خۆی تەواو بۆ وەرگێڕام و بە نیمچە پێکەنینەوە:
- من فاڵگرەوەی تەکنۆلۆژیای سەردەمم و بۆ بەرژەوەند و سوودی ئێوە دروست کراوم. دەست بخەمە سەر دڵی هەرکەسێک دەزانم هەڵسوکەوت و خوو و مرازی دڵی چییە و چۆنە.
کە لە ڕاستییەکەی گەیشتم: مرۆیەکی ئالییە و زۆریش سوودبەخشە و خۆگووتەنی: بۆ ئەوە هاتووە موختار هەڵبژێرێت. پشووی خەنی بوون چەند جار سنگورکمی بەرز و نەوی کرد و ترسی گۆڕین، کە هۆی دەرپەڕینم بوو یەکسەر لە لەوچەی خۆشییەکەمی داوە و جڵەوی خەیاڵمی بە لای تەقە و ڕاکردنی خەڵکەکەوە وەرچەرخاندەوە. پێشتر وام لە قەڵەم دابوو کە دوژمنە داخ لە دڵەکەی چەند ساڵەمانە، بە سەریدا داوین و ئێمە هەستمان پێ نەکردووە. بۆ وێکەوتن ما پرسیاری لێ

بکەم:

– ئەدی ئەو تەقوتۆق و هەڵاتن هەڵاتنە چییە؟

لە جیاتی وەڵام دانەوە، لە قاقای پێکەنینی دا.

مەزەندەکەی خۆم بە ڕاست دەزانی و ترسی دوژمنە دڕندەکەمان کە خووی بە کوشتن و ڕەشبگیریی گەورە و بچووک، نێر و مێمان گرتبوو، شاڵاوی بۆ هێنام و نەمتوانی سانییەیەک چییە ئارام بگرم. تاکوو بزانم: وەڵام چییە، پێش تەواوبوونی پێکەنینەکەی، بە هەشتاوییەوە:

– حەرەس جەمهووری «شاهاش و هووش»ن دیسان بۆ قەڵاچۆکردنمان هاتوون؟

پێکەنینەکەی وەستاند و گوتی:

– حەرەس جەمهووری چی و تەرەماشی چی، ڕۆژی ئەوانە لە ناوچەکەدا یەکجاری ئاوابوو.

بەم وتەیە، لە خۆشییان وەک بێچووە پەڕەسێلکە کە دان لە بابانە و دایکانەکەی خۆی وەردەگرێت ئاوا دەمم بەش بووەوە، بەڵام مەراقم زانینی بنەڕەتی واریقاتەکە بوو. ویستم دیسان پرسیاری لێ بکەمەوە، کەچی ئەو دەستپێشکەریی کرد و سەربردەکە چۆن بوو، ورد و باریک لە سیرێ هەتا پیازێ بۆمی هەڵڕشت.

من لەبەر ئەوە باوەڕم زۆر بە میرەکەی خۆمان هەبوو، تا ڕادەیەکی وا خۆشم دەویست خۆی لە قەرەی پەرستن دەدا، لە مێشکیشم چەسپیبوو کە لە ژیانیدا هەرگیز ڕێگەی هەڵەی نەگرتووە و ناشگرێت، هەر بۆیەش قسەکەیم لە ناخەوە نەسەلماند و بە دڵگرانی و بێ متەقەوە خۆم بوارد.

ئەم هەر زوو لە نهێنیی دڵم گەیشت. بۆ ئەوەی دڵنیام بکات کە قسەکەی هەڵبەست نییە، دووربینێکی لابوو، دایە دەستم و گوتی:

– فەرموو سەیریان بکە و یەکە یەکەیان بناسە.

هەر کە دامە بەر چاوم بتەکەی خۆم بینی نێریی بەرایی مێگەل ئاسا، سەرەکەرێک لە پێش هەمووان دیار بوو و دوو لاقی هەبوو، دوانی دیکەشی بۆ قوچاند قەرز کردبوو، لە هەوەڵەوە بڕوام بە چاوی خۆم نەکرد و

**«بڕۆنێ، بڕۆنێ، هێندێکیان مامزی قوڵاخ و تورندی دەشتی قەراج ئاسا، ئەوەندە دوورکەوتینەوەوەلە قەواری سێرەی بڕنەویش دەرچوونە. ئەو عەشاماتە زۆرەی دواوەشیان تەنیا چاولێکردنە و بەس»**

دەمێک هەڵمپشافت و دووبارە نۆڕیمەوە. بە جارێک داهێزرام و ئەوەی هەستی خۆشەویستی بوو لە پەڕەکەی دڵمەوە تووڕ هەڵدرا و شریتی ئەو نەزیرۆکانەی کە لەم بارەیەوە چەند ساڵ و حەیام لە کۆڕ و کۆبوونەواندا بەرگوێم کەوتبوو، ڕەش بووەوە. هەستم چەشنی مێزە حوشتر بەرەو دواوەی حولم سێی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەڤینییەکە گەڕاوە. ئەو برە ئیمانەی، لە سکۆڵەی چەپی دڵمدا دغدغەی مانی مابوو، بە سێرەگرتنی سێیەم کەڕەت بووە کۆترە کێویلکە و بۆ هەتا هەتایە فرتکەی دایە و پتر خەفەتخانی کردم. لە شروان زرینگەیەک لە مێشکمەوە هات و دڵم خێورایەوە و بەرچاوم تاریک هەڵگەڕا و ڕێشمەی لەنگەری ڕاوەستانم

لەدەست ترازا و چۆکاوچۆک کەوتم و دووربینەکەم لە مست بەربووەوە و هەپروون بە هەپروون بوو. ماڵ لە خۆی نەبوو میوانیشی هاتە پاڵ. سەرم بەرزکردەوە تا بەوپەڕی شەرمەزاری و خەجاڵەتەوە تەوازووی لێ بخوازمەوە، عاجباتیی دووەمم دیت: وا وەک مۆم دەتوێتەوە. پێش ئەوەی ببێتە خۆڵەمێش ئەمەم لێ بیست:
– پاش جێبەجێکردنی پەیامی سەرشانم من دەورم کۆتایی‌ی هات. خراتر شڵەژام و بە جارێک تاسام و ئەوەندە شنگەی لە بەدەنمدا بوو، ئەویش نەما و کاتێ زانیم پشتاوپشت پەلەواژ بوومەوە و ڕنگەی سەرم، کە بە زەوی کەوت، ڕایچڵەکاندن.
سەعات دووی پاش نیوەشەو بوو. ئەوکات زانیم خەونی جڕناو فڕنای زۆر نووستنمە، کە ئێوارە لەتاو دەردە تاریکی و چایە نەخواردنەوە، سەعات حەوت خزیمە ژێر لێفەوە.
قسەکانی ئەوەندە کاریگەر بوون، دوای بەخەبەرهاتنیشم ماوەی چەند ساتێک لە گوێم دەزرینگانەوە: (ڕۆڵە ئەوە میرە خۆشەویست و چەلەنگەکانی ئێوەنە، کە کوێرانە بێ بەڵگە و کردەوە دەیانپەرستن، لەگەڵ دەست و پێوەندەکانیانەوە، هەر کە خەبەری هاتنی منیان بۆ ناوچەکە بیست، لە ترسان، نەبادا دوودڵییان بۆ ئێوە بخوێنمەوە و ڕاستیی نیاز و هەڵسوکەوتیان بە گوێ‌ی وەربکەم دەستیان داوەتە چەک و ملیان لە چیا و چۆڵ و هەڵەتان ناوە».

# وەرامی دۆستان

بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە:

– لە دونیا کەی ماوە شەرم، نەورۆزان (دوو پارچە شیعر)،
– وەڵامێک بۆ نەوشیروانی سلێمانچی (نامە)،
– نێرەی بێ کێرە (شیعری هەجوو)،
– بڕۆن بمرن (شیعر)،
– قەڵەم (کورتەچیرۆک)،
– کانییە قارەمان (کورتەچیرۆک)،
– مەولەوی، یان گەڕانەوە بۆ سەرچاوە! (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)،
– کورتەیەک لە ژیانی مامۆستای پایەبەرز و شاعیری خەیاڵناسکی کورد وەفایی و شیعری نەورۆز،
– بەربووکی کوردەواری لە دەشتی هەولێردا (وتارێکی فۆلکلۆرئاسا)،
– کتێبی زارۆکان و ئارەزووی خوێندنەوە (لێکۆڵینەوە)،
– عەزیزی مەلای ڕەش و چەند پرسیارێک (گفتوگۆ)،
– ئیبراهیم خەلیل (شیعر)،
– حەوت ساڵ لەمەوبەر (وتار)

ببوورن کە نەمانتوانی بەرهەمەکانتان بڵاوبکەینەوە

# با ڕەنجی نووسەران بپارێزرێ

لەمەڕ وەرگێڕانە کوردییەکەی کتێبی "سیر الاکراد"

محەمەد ڕەئووف تەوەککولی

نووسەر یان وەرگێڕ یان ئەو کەسەی بۆ خۆشکردن و لێکۆڵینەوە و چاپکردنی کتێبێک زەحمەتی کێشابێ، خاوەنی مافێکە و ئەو مافەیش ئەبێ بپارێزرێ. ئەگەر بێت و کەسێک نووسراوەی کەسێکی تر لە چاپ بدا، یان وەربگێڕێتە سەر زمانێکی تر و بە پێی خواست و ئامانجی خۆی دەقی ئەو نووسراوە بنوێنێ، ئەو مافەی نەپاراستووە و بە دز ئەدرێتە قەڵەم. کاتێکیش کە کتێبێکی دەستنووسی مێژوویی کۆن لەمەڕ کوردستانەوە خۆش بکرێت و بخرێتە ژێر چاپەوە، پێویستە ڕاستکەرەوە لەبارەی بارودۆخی کوردستانی دوای ئەو کتێبەوە، ئەوەندەی بۆی بلوێ، شتێک بنووسێ و بۆشاییی ڕووداوەکانی نێوان دەوری نووسران و کاتی لە چاپدانی ئەو کتێبەی پێ پڕ بکاتەوە.

ئەو بڕوایە، تا ئێستا هانی داوم کە هەر دەستنووسێکم چاپکردبێ، سەرەتایەکی بۆ بنووسم و لەو سەرەتایەدا زۆر شت بخەمە بەرچاو، وەکوو هەموو کوردێکی دڵپڕ، ناڕەزاییی خۆم لە دەست ستەمکارانی کۆن و تازە دەربڕم.


ئەمن تا ئێستا لەسەر مەصرەف و ئەرکی خۆم بە کوێرەوەرییەکی زۆرەوە شەش کتێبم لە چاپ داوە و خستوومەتە بەردەستی خوێنەران، تا خزمەتێکی، هەرچەندە بێبایەخیش بووبێ، بە گەلەکەمانم کردبێ. سیان لەو کتێبانە ئی خۆمن و ئەمانەن: ١- جوغرافیا و مێژووی بانە، ٢- مێژووی طەریقەت لە کوردستانا، ٣- چوار ئیمامی ئەهلی سوننەت و جەماعەت، بە فارسی. سیانیش دەستنووسی کۆن بوون و لە ناو کتێبخانە گەورەکانی تاران دۆزیومنەوە و خۆشم کردوون و پەراوێزم بۆ نووسیون کە ئەمانەن: ١- حدیقەء ناصریە لەبارەی جوغرافیا و مێژووی کوردستانەوە، کە عەلی ئەکبەری وەقایع نیگاری کوردستانی لە ١٣٠٩ی کۆچیدا نووسیویەتی، ٢- بدایع اللغە، فەرهەنگی کوردی بە فارسی، ئەویش عەلی ئەکبەری وەقایع نیگار دایناوە لە ١٢٨٧ی کۆچیدا، ٣- سیر الاکراد، جوغرافیا و مێژووی کوردستانە، عەبدولقادری کوڕی ڕۆستەمی بابانی لە ساڵی ١٢٨٦ی کۆچی بە فارسی نووسیویەتی و کاک کەریمی حیسامی وەریگێڕاوەتە سەر کوردی و ناوی "*ڕەوشی کوردان*" ی لەسەر داناوە.

ئەمن بۆ خۆم سەرەتایەکم بۆ نووسیوە و لەو سەرەتایەدا بەکورتی باسی ڕابوردووی کورد و مێژوونووسانی بە کرێ گیراو و دژی کوردم کردووە، کە چۆن بە درۆ و دەلەسە سەر و گوێلاکی کوردیان کوتاوەتەوە، هەروەها نووسیومە کە هەر جارێ بە بیانوویێک دەوڵەتە

زۆرکارەکان پەلاماری کوردیان داوە و تووشی کوێرەوەری و ماڵوێرانییان کردووە، بەتایبەت دەستم بۆ دەوڵەتی بەعثی خوێنڕێژی عیراق ڕاکێشاوە، کە لەم ساڵانەی دواییدا چیی بەسەر کوردان هێناوە و چۆن بە هەموو چەکێک خەریکی کوردقڕان بووە و کوردستانی کاول کردووە. دوو پەیامی ئیمام خومەینیشم تیا گونجاندووە، لە یەکیانا سپاسی لە گەلی کورد بۆ هاوکاری لەگەڵ گەلی ئێران بۆ ڕووخاندنی حوکمی شا کردووە، لەوی تریشدا دیانی بەوەدا ناوە کە کورد ستەمی لێ کراوە و ئەبێ داواخوازییەکانی جێبەجێ بکرێ. هەروەها بەیانێکی مامۆستایانی ئایینی کوردستانم لەو سەرەتایەدا هێناوە کە لە ساڵی ١٩٧١دا دژی حکوومەتی بەعسی عیراق بە بۆنەی دەرکردنی کوردەکانەوە دەریانکردبوو. هێندێک وێنەیشم بە پێویست زانیبوو لە سەرەتا و ناوەڕۆکی کتێبەکەدا گونجاندبوومن.

وا دیارە کاک کەریمی حیسامی ئەو کارەی منی بە دڵ نەبووە، بۆیە سەرەتاکەمی سانسۆر کردووە و ئەو وێنانەیشی دەرهاویشتووە.

من لەسەر ئەو باوەڕەیشم، کە هەر شتێک لە بارەی کوردەوە، لە لایەن هەر کەسێکەوە گوترابێ یان نووسرابێ، نابێ بشاردرێتەوە، چونکە ئەوە بەڵگەی




مێژووییە و لە کاتی خۆیا ئەخرێتە تای تەرازووی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەوە، هەر وەکوو ئەو خزمەتانەی کاک کەریم بە کۆمونیزمی گۆڕکراوی کردووە و، بە خزمەت بۆ کوردی هەژاری ئەداتە قەڵەم، نابێ لە بیر ببردرێتەوە!

جا با بزانین کاک کەریم چیی بەسەر پێشەکییەکەی من هێناوە و چیی لەو وێنانە کردووە کە کردبوومنە ناواخنی کتێبەکە؟

ڕووبەرگی کتێبەکەم بە وێنەی شێخ مەحموودی نەمر و خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانییەوە ڕازاندبۆوە. کاک کەریم وێنەی بۆمبایەکی تەقیوی لە جێی داناوە. ئەم وێنانەی ناو کتێبەکەیشی تێکڕا دەرهاویشتوون:

١- وێنەی گڵکۆی سەلاحوددینی ئەیووبی، ٢- وێنەی شای ئێران و سەددام، دوای ئاشتبوونەوەیان لە ساڵی ١٩٧٥ لە ئەلجەزایر، ٣- وێنەی مەلا مستەفای بارزانی، ٤- وێنەی بەیانی مامۆستایانی کورد دژی بەعسییەکان، ٥- وێنەی لاپەڕەی ١، ٨ و ٢٠٧ و ئاخری کتێبە دەستنووسەکە، ٦- وێنەی ماڵێکی مێژوویی لە شاری سنە، ٧- وێنەی پردە مێژووییەکەی قشلان لە سنە، ٨- وێنەی فەرمانێکی سولەیمان پاشای بابان، ٩- وێنەی سەردار عەزیزخانی موکریی فەرماندەی سپای ئێران لە دەورەی ناسروددین شای قاجاردا، ١٠- وێنەی مزگەوتی دار الاحسان ـ ی سنە کە ئەمانوڵڵاخانی

گەورەی ئەردەڵان دایناوە و ۱۱- وێنەی گۆڵی مەریوان.

کاک ڕەفیق سابیر سەرەتایەکی بۆ ئەو کتێبە نووسیوە و لەگەڵ بە گرنگ لە قەڵەم دانی کتێبەکە، زۆر ڕێزی بۆ کاک کەریم داناوە و بە بۆنەی ئەو زەحمەتەی لە پێناوی وەرگێڕانی کتێبەکەدا کێشاویەتی، سپاسی لێ کردووە.

بەڵام ئەگەر چاپکراوەکەی منی بدیایە و بیزانیایە چۆن کاک کەریم سەرەتاکەی منی بۆ ئەو کتێبە وەک لەشکری شکستە لێ کردووە و لەبەر دڵی دەوڵەتی بەعسی عیراق، شەش لاپەڕەی لێ قرتاندووە، بە دار هەڵیدەبڕی و ماڵبڕەکەی لە دەست ئەخستە خوارەوە.

کاتێک چاوم بە وەرگێڕاوەکەی کاک کەریم کەوت، ئەم دوو داستانەم بیر کەوتەوە:

* ئەگێڕنەوە ساڵێک جەماعەتێک حاجیی بانەیی، لە حەج زۆر بە تووڕەییەوە بەردەبارانی هەیکەلی شەیتان ئەکەن. حاجییەکی وریا و قسەنەستەقیان لەگەڵ ئەبێ، ئەڵێ کوڕە بانەیی ئەوەندە بە توندوتیژی لەگەڵ شەیتان مەجووڵێنەوە، پیاوی چاک بن بەشی سڵاوی سەرەڕێگای تیا بێڵنەوە!

پێم وایە کاک کەریمیش بەشی سڵاوی سەرەڕێگای لەگەڵ سەددام تیا هێشتۆتەوە.

* هەروەها ئەڵێن خێڵێکی جاف بۆ نوێژی جێژن مەلایەک ئەبەنە ناو خۆیان، بەر لە نوێژی بەیانی مەلا دەست ئەکا بە بانگ گوتن. پیاوێک لە خێڵەکە ئەڵێ: مامۆستا ئەو قوولەقوولە چییە؟ مەلا ئەڵێ: ئەوە پێی ئێژن بانگ، تا خەڵک بزانن کاتی نوێژە و نوێژ بکەن. کابرا ئەڵێ توخوا مامۆسا بۆ پەز خراو نییە؟ مەلا لە وەڵاما ئەڵێ نەء. ئەمجار کابرا بە دڵنیاییەوە ئەڵێ خاسە مامۆسا بانگەکەت بێژە!

ڕەنگە کاک کەریمیش وای زانیبێ ئەو سەرەتایەی من بۆ پەز، واتە سەددام زیانی بووبێ، بۆیە ئەو شەش لاپەڕەی لێ دەرهاویشتووە.

نووسین و چاپکردنی کتێب بۆ ئێمەمانان ئەوەندە سەختە، وەک گوریس بە کونەدەرزییا ببرێتە دەرەوە. جا بۆچی ئەبێ کاک کەریم ئەو دەستڕەنجە بە پێی مەرام و ئامانجی خۆی بشێوێنێ و لەپاشان خۆی ڕاوەشێنێ و بڵێ کوردینە قەدرم بزانن من هەر ئەو تێکۆشەرەی جارانم، ئەوەتا ئەم کتێبە چاکەم وەرگێڕاوەتەوە، بۆ شاهیدیی گرنگیی ئەم کارەیشم، سەیری دوانزە لاپەڕە سەرەتا کەن کە ڕەفیق سابیر بۆی داناوە.


بە بینینی وەرگێڕاوەی کاک کەریم و سەرەتاکەی کاک ڕەفیق سابیر، شیعری شاعیرێکی فارسم بیر کەوتەوە کە ئەڵێ:

**رنج گل بلبل کشید و بوی گل را باد برد**
**بیستون را عشق کند و شهرتش فرهاد برد،**

واتە:

ڕەنجی گوڵ بولبول کێشای و بۆنەکەی با بردی
بێستوونیش ئەوین هەڵیکەند و ناوبانگەکەی فەرهاد بردی.

لە کۆتاییدا ئەمەوێ بڵێم: ئەمن بۆ ئەو هەموو هەوڵەی بۆ دۆزینەوە و ڕاست کردنەوە و لە چاپدانی "سیر الاکراد" داومە، بە تەمای ئەوە نیم کەس بە شاخ و باڵما هەڵبڵێ. بەڵام لەوە دڵگیرم کە کاک کەریم بۆچی ئەبێ قەوارەی ئەو کتێبە بگۆڕێ؟ ئەگەر بە لایەوە هێندێک ڕستەی سەرەتاکە، یان وێنەکان ڕەخنەیان لێ ئەگیرێ، من بەرپرسیارم نەک ئەو.



# کتێبخانەی مامۆستای کورد

هەر بەرهەمێک ( کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە) بەتایبەتی بۆ ئەم گۆڤارە نەنێردرابێ، بە ئەرکی خۆمانی نازانین لەم بەشەدا تۆماری بکەین.

## کتێب

* ژیر (کامیل ژیر): هەڵبەستەکانی ژیر؛ کوردایەتی، جوانیی ڕەوشت، جوانیی سروشت، جوانیی ئافرەت، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی، دەزگای چاپەمەنیی ڕۆژ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣، ٤٦٣ ل.

* ژیر (کامیل ژیر): کوردایەتی و دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ (توێژینەوە)، بنکەی چاپەمەنیی ڕۆژ، سوێد، ئابی ١٩٩٤، ١٠٧ ل.

* ژیر (کامیل ژیر): گەورەپیاو (شانۆنامە)؛ ئەحەی جاو، ناز، گەورەپیاو، نوشتە، چاپی یەکەم [ ناوی پەخشخانە و شوێن و ساڵی چاپی پێوە نییە].

* بەکر عەلی: پانتایی "کۆجیتۆ" بەسەر هێڵە فەلسەفیەکانەوە (فەلسەفە)، لەسەر ئەرکی گۆڤاری "بوون" چاپ کراوەتەوە، سلێمانی ـ چاپخانەی ئازادی ١٩٩٣، ٦٠ ل.

* عەبدوڵڵا موصطەفا صالح "فەنایی" (کۆکردنەوە و ئامادەکردن و لەسەرنووسین): چەپکەگوڵێ لە گوڵزاری عوثمانی؛ لە هەڵبەستە بەسۆز و خۆش و پرواتاکانی حەزرەتی شێخ محەمەد عوثمان سراج الدینی نەقشبەندی، چاپی دووهەم ١٩٩٢، ٢٥٤ل.

* دیوانی شاکەلی (شێخ ئەحمەدی محەممەدی گەرمیانی)، خەت: خالد رفعت الفقیە، ئەستەموڵ، ترکیە ٢٧ ذوالحجة ١٤١١هـ، ١٥٧ل.

* شێرکۆ بێکەس: ساعات من قصب، ترجمة: جلال زنگابادی، کریم دەشتی و محمد موکری،الطبعة الاولی، منشورات دار المدی للثقافة و النشر، سووریا و لبنان ١٩٩٤، ١٣٦ص.

* موستەفا نەریمان: بیرەوەرییەکانی ژیانم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ١٩٩٤، ٢٧٦ ل.

* شیعر هەناسەی گەردوونە؛ هەڵبژاردەیەک لە شیعری هاوچەرخی جیهان، وەرگێڕانی : مەهاباد قەرەداغی، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ٩٤ ل.

* ڤێسێلین هانچێف: نانی ژەهراوی (شانۆیی یەکی بوڵگارییە)، وەرگێڕانی: مەهاباد قەرەداغی، چاپی یەکەم ١٩٩٤، ٣٤ ل.

* ڕۆستۆڤچێف: بنکەکانی هونەری ئەکادیمی، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: محەمەد عارف، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر ١٩٩٤، ١٠٠ ل.

* هیوا قادر و ئیسماعیل محەمەد ئەمین: کڵاوەکەم پڕە لە باران و گوڵ ( دوو قەسیدەی درێژ)، چاپی یەکەم، سوێد ١٩٩٤، ٦١ ل.

* ڕووبەڕووی ڕاستییەکان ( چاوپێکەوتنەکانی ئاڵای سووری کوردایەتی لەگەڵ مامۆستا و ڕابەری هێژا هاوبیر ـ عەلی ـ کاک ئازاد مستەفادا): لە بڵاوکراوەکانی پارتی سۆسیالیستی کورد ـ پاسۆک ، دەزگای چاپەمەنیی شەهید فەرهاد ١٩٩٤، ١١٠ ل.

* ڕێبوار سیوەیلی: کۆپنهاگن (شیعر)، لە بڵاوکراوەکانی کانون فرهنگ ایران، کۆپنهاگن، دانمارک ١٩٩٤، ٨٤ل.

* ڕوینە لومبۆرن: کورد؛ گەلێکی بێ وڵات، ئەمجەد شاکەلی لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ٧٧ ل.

* حوسێن محەمەد عەزیز: دەربارەی پرۆژەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی یەکەم ١٩٩٤، ٣٢ ل.

* حوسێن محەمەد عەزیز: دوا پرۆژە، چاپی یەکەم ١٩٩٤، ١١ ل.

* حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج وتاری غەمگین، چاپی یەکەم ١٩٩٤، ٧٧ ل.

* ارشد الهرمزی: الترکمان فی العراق؛ دراسة موجزة عن تاریخ الترکمان فی العراق و مراحل استیطانهم و اصلهم، منشورات المکتب الاعلامی للحزب الوطنی الترکمانی العراقی، رقم: ٤، انقره(ئانکارا) ١٩٩٤، ٤٢+٣٢ ص.

* پیل رستم: الحب ( الحب الکونی، الجزء الاول)، الطبعة الاولی، ئاپێک ١٩٩٣، ١٢٩ ص.

* هاشم نانەوازادەگان: لالە بەدەستان، کارلستاد (سوێد) ١٩٩٣، ٢٩٢ ل.

* مارف بەرزنجی: سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجیی شەهید، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی: سامان مارف بەرزنجی و عومەر مەعرووف بەرزنجی، پێشەکی و پەراوێز و ساغ کردنەوەی: عومەر مەعرووف بەرزنجی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٣، ٤٣٢ ل.

* عیسمەت شەریف وانلی: ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی ستراتیژیەتی سیاسی و سەربازیی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد و وتارێک سەبارەت بە ڕێپێوانی ئازادی، وەرگێڕ: مەهاباد کوردی، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ١٣٣ ل.

* مستەفا قەرەداغی (وەرگێڕ): تەنیا دەنگ دەمێنێتەوە؛ هەڵبژاردەیەک لە شیعری فارسیی هاوچەرخ: سوهرابی سیپەهری، فرووغی فەڕوغزاد، ئەحمەدی شاملو، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ١١٢ ل.

* مستەفا قەرەداغی (وەرگێڕان و ئامادەکردن): قەڵەوی، نەخۆشیی سەردەم، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ١٠٦ ل.

* مستەفا قەرەداغی: سەمای دەروون (شیعر)، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ٧١ ل.

* عبدالرحمن پاشا: الروایة الکردیة، منشورات سپێدە ١٩٩٤، ١٠٤ ص.

* عبدالرحمن پاشا: الکورد و کوردستان؛ ارقام و حقائق، منشورات سپێدە (من منشورات الفرع الثامن للحزب الدیمقراطی الکوردستانی) ١٩٩٤، ٩٧ ص.

* خالد یونس خالد کۆچی: شبهات حول الاکراد والحل الاسلامی، الطبعة الاولی، ستوکهۆلم ـ السوید، یولیو ١٩٩٤، ٧٤ ص.

* خالد یونس خالد کۆچی: موقف المنظمات الفلسطینیة من الکرد و کردستان، الطبعة الاولی، دار کۆچی الدولی للنشر، اوپسالا ـ السوید، ینایر ١٩٩٥، ١١٨ ص.

* ئۆسکار وایڵد: شازادەی بەختیار (چیرۆکی منداڵان)، گۆران لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی، نیگار: خالید ستار، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد ـ کوردستان، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ٤٢ ل.

* هەسەنێ مەتێ: سمیرنۆف، وەشانێن وەلات، ستۆکهۆلم ١٩٩١، ٩٥ ڕ.

* هەسەنێ مەتێ: لابیرەنتا جنان (نۆڤەل)، وەشانێن وەلات، ستۆکهۆلم ١٩٩٤، ١٩٧ ڕ.

* الدکتور خلیل جندی: حرکة التحرر الوطنی

الكردستانی فی کردستان الجنوبی ١٩٣٩-١٩٦٨، اراء و معالجات، الطبعة الاولی، دار النشر ئاپێک، ستوکهۆلم ١٩٩٤، ٣٠٣ ص.

* ئەکرەم جەمیل پاشا: دیرۆکا کوردستان ب کورتەبری، ئەنستیتویا کوردی یا بروکسەلێ، بروکسەل- بەلژیک ١٩٩٥، ٣٤٦ر.

* نوورەدین زازا: کەسکەسۆر (کورتەچیرۆک)، وەشانێن نوودەم، چاپا یەکەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ٥٨ ر.

* ئەگیدێ خودۆ: دێ وو دێماری (رۆمان)، ژ تیپێن کریلیکی: ناجی کوتلای، وەشانێن نوودەم، چاپا دووەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ١١٢ ر.

* مەدەنی فەرهۆ: میرزا مەهەمە، وەشانێن نوودەم، چاپا یەکەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ١٠٧ ر.

* چەخۆف: بەخچەیێ ڤیشنە (پیپەسەکە چار پەردە)، وەرگەر: فرات جەوەری، وەشانێن نوودەم، چاپا یەکەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ٩٢ ر.

* Hadrat Shaikh Muhammad Uthman Sirag Ad-Deen An-Naqshbandi: Sirag Al-quloub ( Lantern of hearts), A translation from the Arabic text,Khankah Canada 1992, 230 pp.

* Mesut Zilan : Kurdisk - Dansk Ord-bog, Gyldendals små Røde Ordbøger, Danmark 1994, 335 s.

## گۆڤار

* دەروازە: گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی تایبەتە بە دەقی وەرگێڕدراو، بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بلاوی دەکاتەوە، ژمارە: ٢-١٩٩٤(دانمارک).

* کاروان: گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی مانگانەیە، ئەمینداریێتیی ڕۆشنبیری و لاوان بە زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکا، ژمارە: ٩٢، ئەیلوولی ١٩٩١، ساڵی نۆیەم، لە چاپخانەی - الادیب البغدادیة - چاپ کراوە (عیراق).

* کاروان: گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، خولی ڕاپەڕین، ژمارە: ١١، ساڵی ١٩٩٤ (هەولێر، کوردستان).

* ڕێگای کوردستان (نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار/ دیموکراسی بۆ عێراق، مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان): ئۆرگانی حزبی شیوعی کوردستان - عێراق، ژمارە: ١٣٤، ساڵی: ٥٠، سێشەممە ٢٢-١١-١٩٩٤ (کوردستان).

* ڕزگاری ( سەربەخۆیی، دیموکراسی، سۆسیالیزم): ئۆرگانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، ژمارە: ١٢، سێشەممە ٢٢-١١-١٩٩٤ز= ١ی سەرماوەز ٢٦٩٤ ک (کوردستان).

* کەلەپووری کورد: گۆڤارێکی کەلەپووری و فۆلکلۆریی وەرزییە کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد لە سلێمانی دەری دەکات، ژمارە: ٢، نەورۆزی ١٩٩٣، ژمارە: ٥، ئەیلوولی ١٩٩٤.

* ئاڵا: ئۆرگانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، ژمارە: ٢٢، ساڵی حەوتەم، ڕەزبەری ١٩٩٤ (نۆروێژ).

* سیمرغ: گۆڤارێکی فەرهەنگیی وەرزییە، یانەی هاوکار لە بەلژیک دەری دەکات (سەرنووسەر: ئامانج شاکەلی)، ژمارە سێ، ساڵی یەکەم، پاییزی ١٩٩٤.

* کوردستانی نوێ (چاپی دەولی): مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوو هەفتەی جارێک دەری دەکات، سەرپەرشتکار: سامی شۆڕش، ژمارە: ٣، هەینی ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٩٤؛ ژمارە: ٤، شەممە ١٥ی تشرینی یەکەم ١٩٩٤؛ ژمارە: ٥، شەممە ٢٩ی تشرینی یەکەم ١٩٩٤؛ ژمارە: ٦، شەممە ١٢ی تشرینی دووەم ١٩٩٤؛ ژمارە:٧، شەممە ٢٦ی تشرینی دووەم ١٩٩٤، ژمارە: ١١، شەممە ٢١ی کانوونی دووەم ١٩٩٥؛ ژمارە: ١٢، شەممە ١٨ی شوبات ١٩٩٥؛ ژمارە: ١٣، شەممە ٤ی مارت ١٩٩٥(لەندەن).

* الاستقلال: نشرة سياسية ثقافية شهرية تعنى بالقضية الكردية، العددان الثالث و الرابع، سبتمبر ـ اكتوبر ١٩٩٤م، ربيع الاخر ـ جمادى الاولى ١٤١٥ هـ (پاكستان).

* كردستان : صحيفة سياسية، ثقافية شهرية تصدر عن المكتب الاعلامي الكردي في اوسلو ـ النرويج (رئيس التحرير خالد رنجبر)، العدد ٨، اب ١٩٩٤، ربيع الاول ١٤١٥؛ العدد ٩، ايلول ١٩٩٤، ربيع الثاني ١٤١٥، العدد: ١٠ تشرين الاول ١٩٩٤، جمادى الاولى ١٤١٥؛ العدد: ١١، تشرين الثاني ١٩٩٤، جمادى الاخره ١٤١٥؛ العدد: ١٢، كانون الاول ١٩٩٤، رجب ١٤١٥؛ العدد: ١٣، كانون الثاني ١٩٩٥، شعبان ١٤١٥؛ العدد: ١٤، شباط ١٩٩٥، رمضان ١٤١٥.

* بارزان: ڕۆژنامەیەکی گشتییە لە ئەمریکا دەردەچێت (سەرنووسەر: عەبدولقادر محەمەد ئەمین)، ژمارە: ١٧، ئۆکتۆبەری ١٩٩٤، ژمارە: ١٨،فێبریوەری ١٩٩٥.

* نووبهار: مەهنامەیا چاندی، هونەری، ئەدەبی ، هەژمار: ٢٣، تەباخ ١٩٩٤، هەژمار: ٢٤، ئیلۆن ١٩٩٤، هەژمار ٢٥، چریا پێشین ١٩٩٤؛ هەژمار: ٢٦، چریا پاشین ١٩٩٤، هەژمار: ٢٧، چلەیا پێشین ١٩٩٤(ئەستەمبوول).

* دلانپار: دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیریی نیشتمانیی کوردستان، ژمارە: ٣، خولی چوارەم، ٢٥-٩-١٩٩٤، ژمارە: ٤، خولی چوارەم، ٢٥-١٢-١٩٩٤(فینلاند).

* کۆنگرە (سەرخۆبوون، دیمکراسی، ئازادی): بڵاوکراوەی هاوکات دەگەڵ جموجووڵ و ڕووداو و ئاڵوگۆڕییەکانی سێیەم کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، کۆمیتەی کاتیی ئامادەکردنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بڵاوی دەکاتەوە، ژمارە: سفر، ١٠-١٢-١٩٩٤، ژمارە: ١، ١٥-١-١٩٩٥، ژمارە: ٢، ٥-٢-١٩٩٥ (فینلاند).

* وان: گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە (بەرپرسیار: خەبات عارف)، ژمارە: ٨ - ١٩٩٤؛ ژمارە: ٩ و ١٠-١٩٩٤ (سوێد).

* گزنگ (زانست، ئاشتی، ئاوەدانکردنەوە): گۆڤارێکی وەرزییە لقی ئاوارەی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق دەری دەکات (سەرنووسەر: ساڵح مەحموود ـ ڕێبوار-)، ژمارە: ٧ و ٨، هاوین و پاییزی ٢٦٩٤ی کوردی (ئێران).

* گزینگ : گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبییە (بەرکار و بەرپرسی نووسین: س. چ. هێرش)، ژمارە: ٥، پاییزی ١٩٩٤؛ ژمارە: ٦، زستانی ١٣٧٣-١٩٩٥ (سوێد).

* سروە: گۆڤاری فەرهەنگی ـ ئەدەبی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەییووبی بڵاوی دەکاتەوە، ژمارە: ٨٩، سەرماوەزی ١٣٧٢، دێسەمبەری ١٩٩٣؛ ژمارە: ٩٠، بەفرانباری ١٣٧٢، ژمارە: ٩١، ڕێبەندانی ١٣٧٢؛ ژمارە: ٩٢، ڕەشەمەی ١٣٧٢؛ژمارە: ٩٣-٩٤، خاکەلێوە- بانەمەڕی ١٣٧٣، ١٩٩٤، ژمارە: ٩٥-٩٦، جۆزەردان ـ پووشپەڕ ١٣٧٣ (ورمێ، کوردستانی ئێران).

* المنار الكردي: سياسية عامة تعنى بالشوون الكردية، تصدر عن المركز الخارجي للاتحاد الوطني الكردستاني (مسوول التحرير: سامي شۆرش)، العدد: ٢٢، السبت ١٩ تشرين الثاني ١٩٩٤؛ العدد: ٢٣، السبت ٣ كانون الاول ١٩٩٤؛ العدد: ٢٦، السبت ١١ شباط ١٩٩٥؛ العدد: ٢٧، السبت ٢٥ شباط ١٩٩٥ (لندن).

* بەربانگ: ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد، ژمارە: ٩٧، ئۆکتۆبەری ١٩٩٤؛ ژمارە: ٩٨، دێسەمبەری ١٩٩٤؛ ژمارە: ٩٩، ڕێبەندان- ڕەشەمەی ١٩٩٥ (سوێد).

* ڕۆشنبیری نوێ: گۆڤارێکی وەرزیی لێکۆڵینەوەیە، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەری دەکات، ژمارە: ١٣٢، ساڵی ١٩٩٣؛ ژمارە: ١٣٣ی ساڵی ١٩٩٤ (بەغدا).

* ڕۆژ: مجلة ثقافية عامة تصدرها جمعية الاكراد الفيلية، العدد: ٦-٧، تشرين الثاني ١٩٩٤ (ستۆکهۆلم، السويد).

* وێران: گۆڤاری وێرانی داهێنان (سەرنووسەر: فەرهاد

پیربال)، ژماره: ١، نۆڤەمبەری ١٩٩٤ (هەولێر، کوردستان).

* دیدار: گۆڤاری یەکێتیی لاوانی کورد لە سوێد، ژمارە: ١٢ و ١٣، دێسەمبەری ١٩٩٤.

* یەکگرتوو (برایەتی، ئازادی، دادپەروەری): رۆژنامەیەکی هەفتانەیە "یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان" بە کوردی و عەرەبی دەری دەکات، ژمارە: ١٢، ٢ تا ١٥ی جمادی الاولی ١٤١٥ک، ٧ تا ٢٠ی تشرینی یەکەم ١٩٩٤ز؛ ژمارە: ١٣، ١٦ تا ٢٢ی جمادی الاولی ١٤١٥ک، ٢١ تا ٢٧ی تشرینی یەکەم ١٩٩٤ز؛ ژمارە: ١٩، هەینی، ٢٩ی جمادی الاخرة ١٤١٥ک، ٢ی کانوونی یەکەم ١٩٩٤ز؛ ژمارە: ٢٠، هەینی، ٦ی ڕەجەب ١٤١٥ک، ٩-١٢-١٩٩٤؛ ژمارە: ٢١، هەینی، ١٢ی ڕەجەب ١٤١٥ک، ١٦-١٢-١٩٩٤ز (هەولێر).

*رۆژا نوو: کۆڤارا هونەری، چاندی وو ئەدەبی ( خوەدی: کۆمکار - سوێد)، هەژمار: ٤٠-١٩٩٤؛ هەژمار ٤١-سبات ١٩٩٥.

* رۆژی کوردستان= شمس کردستان: گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە بە عەرەبی و کوردی کۆمەڵەی رۆشنبیریی کوردی لە بەغداد دەری دەکات، ژمارە: ٨١، تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ (بەغدا).

* بەیان: گۆڤارێکی ئەدەبییە، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەری دەکات، ژمارە: ١٦٩، ساڵی ١٩٩٢؛ ژمارە: ١٧١، ساڵی ١٩٩٣؛ ژمارە: ١٧٢-١٧٣، ساڵی ١٩٩٣؛ ژمارە: ١٧٤، ساڵی ١٩٩٤ (بەغدا).

* ڕەنگین : گۆڤارێکی مانگانەی سیاسیی گشتییە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە وەزارەتی رۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە بەغداد دەری دەکات، ژمارە: ٦٠ی ساڵی ١٩٩٣؛ ژمارە: ٦١ی ساڵی ١٩٩٣؛ ژمارە: ٦٢ی ساڵی ١٩٩٣؛ ژمارە: ٦٣ی ساڵی ١٩٩٤؛ ژمارە: ٦٤ی ساڵی ١٩٩٤؛ ژمارە: ٦٥ی ساڵی ١٩٩٤؛ ژمارە: ٦٦ی ساڵی ١٩٩٤؛ ژمارە: ٦٧ی ساڵی ١٩٩٤؛ ژمارە: ٦٨ی ساڵی ١٩٩٤؛ ژمارە: ٦٩ی ساڵی ١٩٩٤، ژمارە: ٧٠ی ساڵی ١٩٩٤، ژمارە: ٧١ی ساڵی ١٩٩٤؛ ژمارە: ٧٢ی ساڵی ١٩٩٤ (بەغدا).

* الادیب الکردی = نووسەری کورد: تصدر عن اتحاد الادباء فی العراق، العدد: ٥، الدورة الرابعة ١٩٩٤ (بغداد).

* هەڵەبجە: گۆڤارێکی رۆشنبیرییە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچێت ( سەرنووسەر: موحسین جوامێر)، ژمارە: ٢٠-٢١، ساڵی شەشەم، نۆڤەمبەری ١٩٩٤ز، جەمادیی دوایی ١٤١٥ک (سوێد).

* کۆمار: گۆڤارێکی رۆشنبیری - کولتوورییە (خاوەنی ئیمتیاز: قەرەنی قادری)، ژمارە: ١٨، سەرماوەز (شوبات)ی ١٩٩٥ (سوێد).

* نوودەم: کۆڤارا هونەری، ئەدەبی وو چاندی (خوەدی وو بەرپرسیارێ گشتی: فرات جەوەری)، هەژمار: ١١، پاییز ١٩٩٤؛ هەژمار: ١٢، زڤستان ١٩٩٤ (سوێد).

* The International Journal of Kurdish Studies, The Kurdish Library, Volume 7, Numbers 1-2 (1994), New York, USA.

* Kurdistan, utges i samarbete med Svenska kommitten for kurdernas rättigheter, nr. 2/1994 (11).

* The Kurdish Life: A publication of the Center for Research, The Kurdish Library, New York, USA, Number 11, Summer 1994, number 12, Fall 1994.

* Hawkar: Newsletter of Hawkarani Kurdistan, Issue No. 20/21, January/February 1995 (London).

## ... و بەڵگەنامە

* ک. ب. گ، ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا - سۆکسە - : براکوژیمان ناوێت، هەر بە کوردایەتی براکوژی لە گۆڕ دەنرێت، بەرلین، کۆتایی

دیسەمبەری ١٩٩٤، بەفرانباری ٢٦٠٦.

* پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک - ؛ هەندەران: کوردایەتی یا براکوژی، کانوونی یەکەم ١٩٩٤، بەفرانباری ٢٦٠٦.

* دەنگی گەل: مەلایی و جەلالی دەردێکی کوشندەن و مێژوویەکی ڕەش و شەرمەزارین لە بزاڤی ڕزگاریی نیشتمانیماندا !، ٢٠-١٢-١٩٩٤.

* ڕۆژنامەی بارزان - ئەمریکا - : مان گرتن لە خواردن، ٢٥-١٢-١٩٩٤.

* کۆمەڵەی هیوای خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا: خوێنی کورد بۆ کێ دەرێژن، ڕووڕەش و ئابڕووتکاو ......، ٥-١-١٩٩٥.

* پارتی ئازادیی کوردستان - کۆمیتەی ڕێکخستنی ئەوروپا: سەربەرزی بۆ شەهیدی نەمر زەکی یەعقووب ئامێدی؛ ٢٩-١٢-١٩٩٤.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: سێهەمین ئابلووقەی ئابووری لەسەر کوردستان و حکوومەتی هەرێم و کۆمەڵانی ڕەش و ڕووتی کورد ناوی: ئابلووقەی ئابووریی پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتووە!، ١٦-١-١٩٩٥.

* پارتی دیموکراتی کوردستان، لقی شەش، بەشی ڕاگەیاندن: ڕووی ڕاستی کێشەی ئەم دواییەی گوندی (مام داودە) لە قەزای ئاکرێ لە دەمی بەرپرسە سیاسی و حکوومەتییەکانی ناوچەکەوە، لەندەن ٢٢-١٢-١٩٩٤.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: بۆ پاوان کردنی ناوچەی بادینان؛ پارتی هەموو ڕێگایەکی گرتۆتە بەر.

* دەقی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی هەڤاڵ سامی عبدالرحمن سەبارەت بە بارودۆخی ئاڵۆزی ئێستای کوردستان، ٢٥-١٢-١٩٩٤.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: ڕا و بۆچوونی ڕووناکبیرانی کورد لەسەر شەڕی ناوخۆیی کوردستان.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: نێچیروان بارزانی بانگەوازی لەشکرکێشیی بارزانییەکان ڕادەگەیەنێ!؛ کوردستانی نوێ - ی ڕۆژی ١١-١-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: سەرەڕای بڕیاری ئاگربەست؛ شەڕفرۆشتن و خروقاتەکانی پارتی بەردەوامە.

* لقی ئەوروپای پارتی دیموکراتی کوردستان: چاوپێکەوتنێکی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بەڕێز سامی عەبدولڕەحمان لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندیی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، ٥-١-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: مام جەلال: یەکێتی دەیویست لە ڕێگەی ململانێی سیاسی و پەرلەمانییەوە کێشەکان چارە بکرێن نەک بە شەڕ، کوردستانی نوێ - ی ڕۆژی ١٣-١-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: هێزەکانی پارتی ئاردیش تاڵان دەکەن؛ تاڵان و ئەشکەنجەدان لە چۆمان؛ شەڕی ناوخۆ: مەترسی ڕووخاندنی حکوومەتی کوردستان، کوردستانی نوێ - ی ٩-١-١٩٩٥.

* ناطق باسم الحزب الديمقراطي الكردستاني - الموحد: بيان صحفي، ١٤ كانون الثاني ١٩٩٥.

* الاتحاد الوطني الكردستاني، مركز تنظيم الخارج: البارتي .. لماذا اشعل القتال؟ نوشيروان مصطفى، عن جريدة كوردستاني نوێ في العدد الصادر يوم ١٠-١-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: لێپرسراوی UN لە عیراق: بارودۆخی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی لە هەولێر ئارامە و بەرنامەکانی UN یش بەردەوام دەبن.

* ناطق باسم الحزب الديمقراطي الكردستاني - الموحد: بيان صحفي، ١٦ كانون الثاني ١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: لە شەوی ١٤-١٥-١ ەوە پارتی بە تۆپی قورس

تۆپبارانی شاری هەولێر دەکات، ١٥-١-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: ئایا ڕاگەیاندنی پارتی خۆی چەواشە ئەکات یان کۆمەلانی خەڵک ؟!؛ وڵات یان نابێ یان بۆ پارتی دەبێ!! کوردستانی نوێ - ی ١٧-١-١٩٩٥.

* ناطق باسم الحزب الديمقراطى الكردستانى - الموحد: بيان : ... وسقط القناع عن وجه الطالبانى، ١٨ كانون الثانى ١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: دیموکراتیەتی !! پارتی لە بەڵگەنامەکانی خۆیان دا، کوردستانی نوێ - ی ڕۆژی ١٩-١-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: دەبێ چی بۆ پاراستنی هەولێر بکرێ؟ کوردستانی نوێ - ی ڕۆژی ١٩-١-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: لە وەڵامی هەوڵی ١٧ حزبە کوردستانی یەکەدا: مام جەلال پێشنیاری نوێی شەڕ ڕاگرتنی قبوڵ کرد، مەسعود بارزانی ئاگربەست ناسەلمێنێ، ١٩-١-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: نەوشیروان مستەفا: حکوومەتی بەغدا دوژمنی گەلی کوردە و نابێتە ناوبژیکار، ڕاگەیاندنی پرۆژەی ئاشتی ی. ن. ک،

* اللجنة المركزية للحزب الديمقراطى الكردى فى سوريا (البارتى): بلاغ [حول الوضع فى كردستان العراق]، اواسط كانون الثانى ١٩٩٥.

* الشيخ عمر غريب: تفاقم مشكلة اللاجئين الاكراد فى الپاكستان، ٢٢-١-١٩٩٥.

* پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو، لقی ئەوروپا: بانگەوازی نەفیرعام و چەک هەلگرتنی گشتی دژ بە پارتی پەردە لەسەر فریودەرانی یەکێتی لەئەدات، ٢١-١-١٩٩٥.

* بەشی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان - یەژگرتوو، لە سوێد: خاتوو دانیال میتران خۆی لە هەڵوێستی پەناگیریی پەرلەمانتارەکان دەردەبڕێ، ٣٠-١-١٩٩٥.

* الحزب الديمقراطى الكردستانى - الموحد، فرع اوروبا: الشعب الكردى يرفض النفير العام للطالبانى، اواسط كانان الثانى ١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: پارتی حزبی بەدخووکردن نەک پەروەردەکردن.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: د.الچلبی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ پەرلەمانتارە پەناگیرەکان: ئەمریکا ئامادەیە چاودێری ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی دەکا، کوردستانی نوێ - ی ٢٩-١-١٩٩٥.

* الحزب الديمقراطى الكردستانى - الموحد - الفرع السادس (اوروپا): الخروقات المالية الخطيرة لكوسرت و لمسولين اخرين لاوک فى حكومة اقليم كردستان.

* پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو، لقی شەش (ئەوروپا): تاڵەبانی داوا لە چەکدارەکانی خۆی ئەکات کە دەست لە دزی و جەردەیی و تاڵانی خەڵکی هەولێر هەڵگرن، لەندەن ٦-٢-١٩٩٥.

* الحزب الديمقراطى الكردستانى - الموحد، الفرع السادس: الطالبانى يدعو مسلحيه للكف عن الدلب و النهب و التجاوز على اهالى مدينة اربيل، ٦-٢-١٩٩٥.

* الحزب الديمقراطى الكردستانى - الموحد، الفرش السادس (اوروپا): تصريح ناطق باسم المكتب السياسى للحزب الديمقراطى الكردستانى حول اظطرابات الخدمات العامة فى اربيل، ٨-٢-١٩٩٥.

* الحزب الديمقراطى الكردستانى - الموحد (فرع اوروپا): نص لقاء السيد سامى عبدالرحمن عضو المكتب السياسى لحزبنا مع جهاز اعلام الحزب حول مبادرات وقف القتال و احلال السلام، ٨-٢-١٩٩٥.

* هاوکارانی کوردستان: بانگەواز؛ با بەرژەوەندی خەڵکی بخرێتە پێش خوێنڕشتنەوە، لەندەن، کانوونی دووەمی ١٩٩٥.

* پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو (لقی ئەوروپا): هێژا مەسعوود بارزانی نامەیەک ئاراستەی

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردی سووریا (پارتی) دەکات، ٣١-١-١٩٩٥.

* کۆڕی ڕۆشنبیریی کورد ، لقی دەرەوە: بەیاننامەیەک بۆ هەموو ڕۆشنبیرانی گەلی کوردستان ... ، ١-١-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: بەڵگەنامەکان دەدوێن، کوردستان نوێی ڕۆژی ٥-٢-١٩٩٥.

* بەیاننامەی لێژنەی ئاسایشی پارێزگاری سلێمانی سەبارەت بە شاڵاوی تێرۆریستییانەی (پدک - یەکگرتوو).

* الاتحاد الوطنی الکردستانی، مرکز تنظیم الخارج: الانقلاب زعم اجترە الپارتی مرارا.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: بیرەوەرییەکانم لە پەراوێزی هەڵبژاردنی گشتیی یەکەمدا (نەوشیروان مستەفا).

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: جارێکی تر .... کێ ئینقلابچییە (ا. هۆشەنگ)، کوردستانی نوێی ڕۆژی ٩-٢-١٩٩٥.

* مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: بەیان بە بۆنەی کارەساتەکەی شاری زاخۆ، ٢٧-٢-١٩٩٥.

* الاتحاد الوطنی الکردستانی، مرکز تنظیم الخارج: السلام و الدیمقراطیة المخرج لحل الازمة فی کردستان، افتتاحیة جریدة الاتحاد لیوم ٢٥-٢-١٩٩٥.

* الاتحاد الوطنی الکردستانی، مرکز تنظیم الخارج: ایضاح من المکتب السیاسی للاوک حول احداث کسنزان الاخیرة، ٢٢-٢-١٩٩٥.

* الاتحاد الوطنی الکردستانی: تصریح صحفی، ناطق فی لندن، ٢٨-٢-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: هزرڤان س. مزوری: سامی عبدالرحمن و بیرەوەرییەکی کۆنگرەکەی دوای قیادە موقتە.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: مام جەلال لە بروسکەیەکیدا بۆ جەماوەری بادینان: تاوانەکەی زاخۆ دەستکرد و دەستچنینی داگیرکەرانی کوردستانە، ١-٣-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حیزبە کوردستانییەکان لە جموجووڵە گومان لێکراوەکانی پارتی ئاگادار دەکاتەوە، ٤-٣-١٩٩٥.

* الحزب الدیمقراطی الکردستانی- الموحد: برقیة السید البارزانی الی الکتلة البرلمانیة الخضراء فی پرلمان اقلیم کردستان، صلاح الدین- کردستان ٥-٣-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: ڕاپەڕین و ئەرکەکانی ئەمڕۆ/ لە قۆڵی پردێوە هێزی پێشمەرگە بەتوندی بەرپەرچی پەلاماری ڕژێمی دایەوە.

* ڕۆشنبیرانی یەکگرتووی کوردستان: بۆ گشت دڵسۆزانی خەباتی کوردایەتیی ڕاستەقینە، ٢٢-٢-١٩٩٥.

---


## پەخشخانەی نەورۆز

ئامادەیە بۆ تایپ و مۆنتاژکردنی هەموو جۆرە کتێب و گۆڤار و نامیلکەیەکی کوردی، بە نرخێکی گونجاو و بە شێوەیەکی جوان. بۆ زانیاریی زیاتر پێوەندی بەم ناونیشان و ژمارەتەلەفۆنەوە بکەن :

Nawroz Förlag
Warenbergs`g. 22 F
521 33 Falköping, Sweden
Tel. : 0515 - 17 636

# مردن بۆ عاشق نییە، هەر جاویدانن

## (بۆ کۆچی هاشم ـ ی نانەوازادەگان)


سەیید عەبدوڵڵای سەمەدی

هاشم ـ ی نانەوازادەگان، نێوێکی نائاشنا، شاعیرێکی غەریب و عاشقێکی دڵسووتاو بوو. لە کاتێکدا کە شیعر و ئاوازەکانی لە هەموو پارچەکانی کوردستان لەسەر زاری گەورە و بچووک زەمزەمە دەکرێ، کەم کەس ناوی دەزانن و خزم و کەس و دەوروبەرەکانی نەبێ، کێ هەیە بزانێ هاشمی نانەوازادەگان کێیە؟! کام عاشقی دوور لە یاری بە مەرام نەگەیشتوو هەیە کە شەو هەتا بەیانی ئەسرینی گەرمی هەڵنەوەراندبێ و بەم ئاواز و گۆرانییە دڵی شکاوی خۆی نەلاواندبێتەوە؛

کۆچی یارم کۆچی سوورە
بەهارە خێڵ بەرەو ژوورە
ڕەببی قاسید کوڕت مرێ
یاخوا ئەو کۆچەت سەرنەگرێ
چونکە یارم لە من دوورە،
لە من دوورە.

***

شەستوشەش ساڵ بەر لە ئێستا، لە شاری مەهاباد، هاشم لە دایک بوو. سایەی باوکی لەسەر نەما و هەر زوو قورسیی ژیان و جەور و جەفای زەمانەی کەوتە سەرشان. بەڵام سەرەڕای گشت ئەمانە دڵێکی ناسک و پڕ لە ئەوین و جوانیی هەبوو کە وەک کانیاوێک عیشق و خۆشەویستیی لێ هەڵدەقوڵی. لە کاتێکدا کە مێردمنداڵێک پتر نەبوو، گیرۆدەی عیشقی ئامۆزایەکی خۆی بوو. غیرەتی پیاوانە و تەوژمی ئەوینی ئاگراوی وای کرد کە بە ئاشکرا بەردەرکی ماڵی خۆشەویستەکەی بگرێ و داوای ئامۆزاکەی بکات. بەڵام لەبەر بێکەسی و هەلاری و دەستتەنگی بە تەوس و تانە هەموو جار دەریاندەکرد و بە گەمە لێیان دەڕوانی. ئەو بە بیری تازە پێگەیشتوو و ساوای خۆی شەوانە دادەنیشت و دەگەڵ شۆلەی لەرزۆکی شەم دەدوا. وتەکانی شیعر بوون. شیعرەکانی دەخستە نێو قاڵبی ئاوازێکی حەزین و غەماوی و بۆ سبەینێ بە گوێی هاوڕێ و ئاواڵی نزیکی خۆی محەمەدی ماملێی دەسریواند و دەیکردە گۆرانییەکی جاویدانی کە هەر زوو بە گشت کوردستاندا بڵاو دەبۆوە، بێ ئەوەی هیچ کەسێک بزانێ ئەم گۆرانییە هی کێیە؟ لە چ سەرچاوەیەک هەڵقوڵیوە و لە چ کارەساتێکی دڵتەزێن دەدوێ؟! بەڵام ئەنجامی ئەم ئەوینە ئەوە بوو کە مامی بە شەوێکی تاریک کچەکەی لە خزمێکی خۆی مارە بکات و کوتوپڕ بیگوێزێتەوە.



هاشمی دڵشکاو کە لە گەیشتن بە خۆشەویستەکەی نائومێد بوو جارێکی تر لزگەیەک لە دڵتەزێنترین گۆرانییەکانی کوردیی بە دەنگی زوڵاڵی محەمەدی ماملێ بە گشت کوردستاندا بڵاوکردەوە. کە ئێستاش پاش نزیکەی پەنجا ساڵ تین و سۆزی خۆیان لە دەست نەداوە و هەستی بیسەر دەبزوێنن.

دڵی شەیدا و بێقەراری هاشم بەم شکانە تێکنەشکا. پاش ماوەیەک کەوتە داوی ئەوینی کیژۆڵەیەکی باڵابەرز، چاوکاڵ و عاشقکوژی دیکەوە. بەڵام چارەنووس وا بوو ئەمجارەش ئەم چیرۆکی ئەوینە نەگاتە ئەنجام و هاشمیش بە دڵشکاوی و نائومێدی کەوتە گێژاوی خەم و خەفەت. بەرهەمی ئەم دەورەش ملوانکێکی ڕەنگینی گۆرانی و ئاوازی کوردی بوو کە بێجگە لە شاری بچکۆلانە و خنجیلانەی سابڵاغی ئەو سەردەم، لە دەرەوە کەس نەیزانی دانەری ئەم شیعر و ئاوازانە کێیە و چ بەسەرهاتێکی غەماویی هەیە و ئەم وشانە لە چ دڵێکەوە هەڵقوڵیون؟

هاشم بە چەشنێکی نەویستە و بە چارەنووسێکی هەروایی ژنی هێنا و ماڵی پێکەوە نا. کات فڕی و زەمانە تێپەڕی. سێ منداڵی هەبوون کە کۆتری ئەوینی هەروا سەرگەشتە و شەیدا دەسووڕایەوە. بەڵام ئەمجار بۆ دوایین جار گیرۆدەی عیشقی "کەژاڵ" بوو؛ کچەکوردێکی نەشمیلی سابڵاغی. بەڵام داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و گوشاری خزمان بوو بە هۆی ژاکانی نەمامی ئەم ئەوینەش. کەژاڵ درا بە خزمێکی خۆی لە تەورێز. دیسان لزگە و بەرمووری ڕیزە گۆرانییەک بە کوردستاندا بڵاو بۆوە کە جگە لە شاری سابڵاغ، لە هیچ کوێیەک نەیاندەزانی ئەم گۆرانییانە مانایان چییە و کێ ڕێکی خستوون؛

من عاشقم وێڵ و شەیدا
بۆ سوورەگوڵ دەو باغەیدا
ئەی سایەلار، ئەی گوێ بە گوار
دەمرم لەبەر کۆچی دوورت
خوێنی منە کۆچی سوورت، کۆچی سوورت.

ئەوە دوایین ئەوینی هاشم بوو کە تا سەعات پێنج و نیوی ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ١٦ی بەفرانباری ١٣٧٣ی هەتاوی کە دڵی لە لێدان کەوت، هەرگیز فەرامۆشی نەکرد و بەو عیشقەوە مرد.

***

حاجی هاشمی نانەوازادەگان لە شارەکەی خۆیدا نێوێکی نائاشنا و شاعیرێکی غەریب بوو. لە بێدەنگی و گومناویدا ژیا. پاش مردنی کە چاوم بە نووسراو و شوێنەوارەکانیدا گێڕا، تازە زانیم خاوەنی پتر لە ١٥٠ گۆرانییە کە چ لە ڕووی ئاوازدانان و چ لە ڕوانگەی شیعر و سۆزەوە لووتکەی گۆرانیی کوردین و لە دوورترین شوێنەکانی کوردستان ناسراون، بێ ئەوەی هیچ کەس خاوەنەکەیان بناسێ، یا تەنانەت ناوی بیستبێ. ئەوەتا چەند جار گۆرانییەکانی محەمەدی ماملێ و حەسەن زیرەک چاپ و بڵاو کراونەتەوە، بێ ئەوەی کە ناوێکی حاجی هاشم لە ئارادا بێت.

حاجی هاشم لە گومناویدا ژیا، بەڵام هونەرمەندان ژیانیان لە دوای مەرگ دەست پێ دەکات. ئەو بە بەجێ هێشتنی گەنجینەیەک لە ئاواز و گۆرانی و شیعر و نووسراوە و لێکۆڵینەوە، ناوی خۆی جاویدانە کرد.
ئەوین بە پێی سەردەم و تەمەن قاڵب دەگۆڕێ، بەڵام لە هەر شێواز و ڕوواڵەتێکدا بێ، هەر ئەوینە. کە حاجی هاشم پلەی تەمەنی بەرەو ژوور چوو ئەوینەکەی لە قاڵبی عیرفاندا خۆی نواند:

هەزاران قارەمانی وەک سیامەند
کە ئایەت بوون لە بۆ سەنعاتی خواوەند
هەزاران عاشقی وەک شیرن و فەرهاد
کە جوان و هەڵکەوتبوون وەک داری شمشاد
هەزاران سۆفیی وەک شاهی نەقشبەند
کە فانی بوون لەگەڵ عیشقی خوداوەند
هەزاران ئەنبیا و خاسانی ڕێی حەق
کە تێکەڵ بوون بە عیشقی زاتی موتڵەق
ئەوانەن نامرن هەر جاویدانن
ئەوانەن ئایەتی سیرڕی نیهانن.

هاشمی نانەوازادەگان دڵی دایە بنەماڵەی شێخەکانی نەهری و خانەدانی نیشتمانپەروەری شەمزینان. کەوتە سەر ڕێبازی وەفایی. بەرهەمی ئەم دەورەی ژیانی گەنجینەیەکە لە شیعری عیرفانی کوردی کە لە شێوازی غەزەل و پێنجخشتەکی و چوارینەدا.
حاجی هاشم لە پاش خۆی کۆمەڵێ بەرهەمی دەوڵەمەند و جۆراوجۆری بۆ گەلەکەی بە جێ هیشت کە گرنگەکانیان ئەمانەن:
١- دەستنووسی گۆرانییەکانی لە دەفتەرێکدا؛ پتر لە ٥٠٠ لاپەڕە و ١٥٠ گۆرانی.
٢- دەستنووسی دیوانی شیعرەکانی لە دەفتەرێکدا؛ پتر لە ٣٠٠ لاپەڕە و ٦٠ پارچە شیعر لە غەزەل و قەسیدە و پێنجخشتەکی و مەسنەوی کە بابەتەکانیان وەسفی سروشت، عیرفان، نیشتمانی، سروود، شیعتی بۆنە و هەجوون.
٣- دەستنووسی چوارینەکان لە دەفتەرێکدا؛ پتر لە ٣٠٠ لاپەڕە و ٩٠٠ چوارینە.
شایانی باسە کە بەشێکی شیعرەکانی هاشمی نانەوازادەگان بە ناوی "لالە بەدەستان" لە سوێد بە شێوەی کتێب چاپ کراوە و کاک پۆلای نانەوازادەگان و کاک ناسری ڕەزازی هەر یەکەیان پێشەکییەکی کورتی بۆ نووسیوە. لەو دیوانە چاپکراوەدا بەڵێنی ئەوەش دراوە کە بەشێکی دیکەی شیعرەکان وەک بەشی دووەمی دیوانەکەی لە داهاتودا چاپ بکرێ.

***

سەردەمێک لە ژیانی حاجی هاشم بە ڕاووشکار و سەردەمێک بە دوورخستنەوە بۆ شاری دامغان و سەردەمی دواییشی بە شاخەوانی گوزەرا. بەڵام سەردەمی ئەوین و دڵدارییەکەی لە هەوەڵ تا ئاخری ژیانی گرتەوە:

مەسەلەی مەشهوورە نەقڵی فەرهادی
لە ڕێگەی شیرندا چەندی وەفا دی
شەهیدی ئەو ڕێیە ویردی زمانن
مردن بۆ عاشق نییە، هەر جاویدانن ...

مەهاباد
٥ی ڕێبەندانی ١٣٧٣ی هەتاوی

# عەزیزی شاڕوخ لە سوێد

گۆشان سەرکۆ



شوێن: هۆڵی چێشتخانەی ڕۆتوندام لە پارکی ئارۆس، یەکێک لە هۆڵە باشەکانی شاری ڤێستەرۆس.

کات: شەممە، سەعات شەشی ئێوارەی ڕۆژی ٣٠-١٢-١٩٩٤.

نرخی بلێت: ١٠٠ (سەد) کرۆنی سوێدی.

لە گۆڕەپانی بەردەم هۆڵەکەدا کۆمەڵێ ئۆتۆمۆبیلی گرانبایی و چەند دانەی کۆنیش ڕاگیراون. ئەگەر شەوی کۆنسێرتێکی سوێدی ببوایە، ئەوا بێگومان ژمارەیەکی زۆر بە پاسکیل و هەندێ کەسیش بەپێ دەهاتن.

کاتی دەست پێ کردن: سەعات هەشت و نیو، واتە دوو سەعات و نیو درەنگتر لەو کاتەی دیاری کرابوو!!

ئێمەی کورد فێری ئەوە بووینە لە باشترین جێگەدا ئاهەنگ و کۆنسێرت بگێڕین، بزانین کەرەسە و ئامێری مۆسیقا بە کار بهێنین و بە هەمان پارەی ئەم وڵاتە مامەڵە بکەین. ئەی بۆچی فێری ئەوە نابین وەک سوێدییەکان لە کاتی دیاری کراودا دەست پێ بکەین؟! کە کات گرنگترین شتە لە ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤدا و ڕێز لێ گرتنی کات دیاردەیەکی پێشکەوتن و شارستانییە.

ئەم هەڵەیە هەڵەی کێیە؟ هەڵەی گۆرانیبێژ و کەسانی هەڵسووڕێنەر؟ یا هی ئەو خەڵکەی دێن بۆ ئاهەنگ؟ ئەگەر ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەو دوو لایەنە بکرێت، ئەوا ڕەنگە لە وەڵامی یەکەمدا بڵێن: کاکە هێشتا کەس نەهاتووە، چۆن دەست پێ بکەین، و لە وەڵامی دووەمدا:

هیچ شەوێکی کوردی نییە لە کاتی خۆیدا دەست پێ بکا!!

پەردەی شانۆکە کرایەوە و ڕاگەیێنرا: "ئێستا ئێوە و گۆرانیبێژی دەنگخۆش عەزیزی شارۆخ". لەگەڵ چەپڵەڕێزانی خەڵکەکەدا عەزیزی شارۆخ لە دەستێ ڕانکوچۆغەی شینکیدا و بەدەم بزە و سڵاوکردنەوە لە بەشداران بەرەو شانۆکە سەرکەوت. لەسەر کورسییەک لە بەردەم میکرۆفۆنێکدا دانیشت. ناو بە ناو دەستەسرێکی ڕاست و چەپی بەژێر سمێڵە ڕەش و گەورەکانیدا دەهێنا. بە درێژایی کاتەکە چاوی بڕیبووە زەویی شانۆکە، ئیتر بێ ئەوەی تاکە جارێکیش سەر هەڵبرێ و سەیرێکی ئەملا و ئەولا یا بەرامبەری خۆی بکات.

شارۆخ بە دەنگە بەسۆز و چریکەدارەکەی دەستی بە گۆرانی کرد، نەک هەر گەورەکان، تەنانەت منداڵەکانیش لە هاتوچۆ و هاروهاجی و ڕاکردن کەوتن، لەسەر زەویی بەردەم شانۆکە چوارمشقی و لاڵوپاڵ دانیشتن یا پاڵ کەوتن، چاوە گەشەکانیان بڕیبووە عەزیزی شارۆخ و پڕ بە دڵ گوێیان بۆ گۆرانییەکانی شل کردبوو.

کاتێ عەزیزی شارۆخ زاری بە گۆرانیی "سوبح پێ ناکەنێ" هەڵهێنایەوە، لە مێزەکەی تەنیشتی منیشەوە برادەرێک ئاخی بۆ چارەکێک عەرەقی ڕەش هەڵکێشا، کە لەگەڵ ئەو گۆرانییەدا، ئەو پێی وا بوو، تەواوکەری یەکدین.

کۆنسێرتەکە بریتی بوو لە دوو بەش، لە هەر بەشێکدا عەزیزی شارۆخ چەند گۆرانییەکی پێشکەش کرد. زیاد لە دووسەد کوردی شاری ڤێستەرۆس بە دەنگ و ڕوخساری عەزیزی شارۆخ شاد بوون. بێزاری لە درەنگ دەست پێ کردنەکەی لێ دەرچێ، ئیتر تا ڕادەیەکی باش کۆنسێرتەکە بە دڵی بەشداربووان بوو، بەڵام کەفوکوڵی دڵی ئەوانەی دانەمرکاندەوە کە لە هەموو شەوێکی کوردیدا دەبێ ناوشانیان بە هەڵپەڕکێ ئارەقە و کەف بکات.

بە مەبەستی کورتە چاوپێکەوتنێک لە پشووەکەدا پرسیارم کرد و ویستم شارۆخ ببینم، بەڵام گوتیان دوای تەواوبوونی کۆنسێرتەکە. دوایش پاش نیو سەعات چاوەڕوانی، ئەوجا لەم برادەر بۆ ئەو دۆست، تا سەری چوارەمین برادەر، خۆی کەوتە تەکم و بردمی بۆ لای عەزیزی شارۆخ.

کاتێ کە چووینە ژوورەوە و سڵاومان کرد، عەزیزی شارۆخ لەگەڵ برادەرێکیدا سەرقاڵی وتووێژێکی زۆر



عەزیزی شارۆخ بە دەنگە خۆشەکەی و مەجیدی دەفژەن بە لەرەی دەفەکەی دڵی کوردی ڤێستەرۆسیان هێنایە هەڵپەڕین.

گەرم بوو. بە قسەکانیدا دەردەکەوت ئەو کەسەی کاتی خۆی زۆر شۆخ و شەنگ و جوان بووە، بەڵام ئەم ژیانی ئاوارەیی مەنفایە وای گۆڕیوە، کە چاک و چۆنی و بەخێرهاتنی لێ کردووە، ئەم نەیناسیوەتەوە. بۆیە هەر دەیگوت ئەوە "فلان" بوو، باوەڕ ناکەم!! چۆن؟ ئێستا بەڕاست ئەوە ئەو بوو؟!! باشە بۆ وای لێ هاتووە! جاران چەند جوان بوو! خۆ دەبوو لەم نازو نیعمەتەی ئەوروپادا جوانتر ببوایە، دەبێ هەرچۆنێک بووە ژمارەی تەلەفۆنەکەیم بۆ پەیدا بکەن تا قسەی لەگەڵ بکەم.

هامبۆرگەرێکی نیوەخوراوی لە ناو دەستدا بوو، بەپێوە

ڕاوەستابوو. باڵای هەر تۆزێک بەرزتر بوو لە هی کاتی دانیشتنی سەر کورسییەکەی لە کاتی گۆرانی وتنەکەدا. ئەو برادەرە منی پێ ناساند، ئەوجا هەر وەک زۆربەی زۆری کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات، دەستی لەسەر سینگی دانا، تۆزێک بۆی چەمایەوە، بە زمانێکی شیرین و ڕوویەکی خۆشەوە، چاکی و خۆشیمان کرد. من داوای لێ بووردنم لێ کرد کە کاتی نان خواردنی بوو، وتم فەرموو خواردنەکەت تەواو بکە. لە وەلامدا گوتی بە خودای ئەمن فێری خواردنی ئەم جۆرە خواردنانە نیم، ناشزانم چۆنی بخۆم، تێریشی پێ ناخۆم. کاتێ قەپی لە هامبۆرگەرەکە دەگرت سمێلی، هامبۆرگەرەکە و بەشێکی پەنجەکانیشی دادەپۆشی.

هەڵبەتە پرسیارم زۆر بوون بۆ عەزیزی شاڕوخ، کردنیشیان بۆ من ئاسان بوو، بەلام کاتێ ترس و زەبروزەنگی داگیرکەر و زۆردار هەڕەشەی گرتن و مەرگ بێنێتە پێش چاو، ئەوا نەکردنی هەندێکیان چاکترە لە کردنیان، بۆیە ئەم چەند پرسیارە سادانەم بۆ ناساندنی عەزیزی شاڕوخ پێ بەس بوو:

* عەزیزی شاڕوخ کێیە؟

– من عەزیزی شاڕوخم، لە مەهاباد چاوم بە دنیا هەڵهێناوە. هەر لەوێش گەورە بووم. گۆرانییەکانم لە ڕێگەی زمانمەوە جەستەیان بە جێ هێشتووم و گەیشتوونەتە گوێی بیسەران و بینەران و عەزیزی شاڕوخیان وەک گۆرانیبێژ بە خەڵکی کورد ناساندووە. ماوەیەک مامۆستا بووم و ئێستاش لە شاری مەهاباد دوکانێکی نەوارفرۆشیم هەیە. تەمەنیشم هەر لە هەڵچووندایە و پەنجاوشەش ساڵیشم لە ژیان گوزەراندووە.

* ئەمە چەندەمین کۆنسێرتتە لە هەندەران؟ نیازی وات هەیە لە هەندەران بمێنیتەوە؟

– نەخێر، من بۆ ماوەیەکی کورت هاتووم و بەم زووانەش دەگەڕێمەوە. لە دانمارک ،لە شاری کۆپنهاگن، لە سوێدیش لە شاری یۆتەبۆتی، ستۆکهۆڵم، ئوێرەبروو و وا ئەمشەویش لێرە لە ڤێستەرۆس کۆنسێرتم کردووە.

* کام گۆرانیبێژانەی کوردت زۆر پەسەندن؟

– [پاش ماوەیەک ڕامان و بێدەنگی] زۆر گرانە ! ناوی کامانەت پێ بڵێم؟!

* گەر دەتوانی ناوی پێنج شەش گۆرانیبێژی کورد کە کاریان کردۆتە سەرت و دەنگیانت لا خۆشە بڵێیت!.

– گۆرانیبێژ زۆرن، لەوانەی ئێستا دێتەوە بیرم و دەتوانم ناویان بهێنم: سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، محەمەدی ماملێ، تاهیر تۆفیق، کاوێس ئاغا، شڤان، شیرەڤان دەلال و ئایشەشان.

* بیروڕات چییە بەرامبەر ڕەوتی گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە هەندەران؟

– پێم وایە گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە هەندەران زیاتر رووەو ڕۆژاوایی دەڕوات.

* سەبارەت کوردی هەندەران و پێشوازی کردنیان لە کۆنسێرتەکانت دەڵێی چی؟

– من بە هاتنم بۆ دەرەوەی وڵات بە کۆمەڵێ برادەران و دۆستانی دێرینی خۆم شاد بوومەوە. زۆریش ڕازی بووم لەو هەموو ڕێز و خۆشەویست و گەرمییەی کە لە کوردی هەندەرانم هەست پێ کرد و پڕ دنیایەک سوپاسیان دەکەم.

# شانۆگەریی گوستاف ڤاسا لە فێستیڤالی ستریندبێری . دا



دانا ڕەئووف

شانۆگەری: گوستاف ڤاسا
تێکست: ئۆگوست ستریندبێری
دەرهێنانی: یان هۆکانسۆن Jan Håkansson
سینیۆگراف: سوێرەن برونەس Sören Brunes
شانۆ: شانۆی شاری ستۆکهۆڵم

پێشدەستییەک : "ستریندبێری لە ستۆکهۆڵم" یەکەم فێستیڤالی شانۆیی بوو کە بە تایبەتی بۆ نووسەری گەورە و ناوداری سوێدی ئۆگوست ستریندبێری (یا ستریندبێرگ) تەرخان کرابوو. فێستیڤالەکە لە ڕۆژانی ٣ تا ١١ی مانگی ئەیلوولی ١٩٩٤ بەردەوام بوو و بریتی بوو لە کۆمەڵێ چالاکیی هونەری و فەرهەنگیی فراوان و سەراپاگر؛ چەندین کۆڕ و سێمینار ڕێک خران و پێشانگای تابلۆکانی سازکرا. چەند وڵاتێکی دیکەش بە پێشکەشکردنی شانۆگەری لە فێستیڤالەکەدا بەشدار بوون.

فێستیڤالەکە بە شانۆگەریی "کوستاف ڤاسا" لەسەر شانۆی شار دەستی پێ کرد. گوستاف ڤاسا یەکێکە لە شانۆنامە مێژوویییەکانی ستریندبێری.

گوستاف ڤاسا کێیە؟

گوستاف ڤاسا یەکێکە لە پاشاکانی سوێد ... سوێدییەکان وەک پاڵەوانێکی میللی و مێژوویی تەماشای دەکەن، چونکە ئەو پاشایە توانیی وڵاتەکەی خۆی لە ژێر دەستی داگیرکەر، دانمارکییەکان، ڕزگار بکات. ستریندبێری هاتووە ئەم پاڵەوانەی لە مێژووەوە وەرگرتووە و کۆمەڵێ مەودا و چەمکی جیاوازی لە کەسایەتیی ویدا کۆکردۆتەوە. وێنەی پادشایەکی بەهێز و دڵڕەق، لەپاڵ وێنەی وردی هەست و دەروونی مرۆڤێکی ئاساییدا لە تێکستەکەدا گونجێنراون. نووسەر بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە سنوور و ڕووداوە مێژوویییەکەی وەک خۆی وەرگرتووە. هەر بەو شێوەیەش کاراکتەر و پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەی هێناوە، بەڵام بە شێوەیەکی هونەری و تازە دایڕشتوونەتەوە، قۆناغێکی درێژی مێژووی بە شێوازێکی چڕ لە هێڵ و ڕوودانی

درامیی سەرکەوتووانەدا کۆکردۆتەوە. کات بە جۆرێکی زۆر هونەرمەندانە چڕ کراوتەوە و لە ڕووی فیزیکییەوە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، تێک شکێنراوە و کاتێکی فەلسەفیی لەسەر هەڵچنراوە.

دەرهێنان:

یان هۆکانسۆن بە بۆچوونێکی هاوچەرخانەو تایبەتەوە مامەڵەی لەتەک گوستاف ڤاسادا کردووە. گوستاف ڤاسا لە لایێکەوە پاشایەکی دڵڕەق و درندەیە و نموونەیەکی تەواوی بیری ماکیاڤێللییە و لەلایەکی دیکەشەوە مرۆڤێکی خاوەن هەستە و کۆمەڵێ ژان و ئازاری خۆی هەیە. ڕێژیسێۆر بە بەکارهێنانی تارمایییەکی دەمامپۆش مەودایەکی جیاواز و فراوانتری بەخشیوەتە فەلسەفە و مەودا دیاریکراوەکەی نووسەر، بەمەش بۆچوونە فیکرییەکانی خۆی لە داڕشتنێکی واقیعیدا بەرجەستە کرد. تارمایی گیانە نائارامەکەی پاشایە، گیان بە بەرداکراوی پاسەوانی تەختی پادشایەتی و دەروونە هەمیشە هەڵچووەکەی گوستاف ڤاسایە.

پێش دەست پێ کردنی نواندنەکە لە نهۆمی دووەمی هۆڵەکەدا کۆمەڵێ لێبووک و یاریزانی جۆراوجۆری ڕۆژگاری دێرینی سوێد، بەشێکی زۆری بینەرانیان لە خۆیان کۆکردبووەوە و لە گەمە و ئاهەنگێکدا بوون. ئەمەش وەبیرهێنانەوە و ئاماژەکردنێکی دیکە بوو بۆ نزیک بوونەوە و چوونە دنیای پڕ لە ژان و شەڕ و ئاهەنگ و خۆشیی ئەو سەردەمە لە لایێک و لە لایێکی دیکەشەوە بەرجەستەکردنی فەرهەنگی دێرینەی سوێدە. پێش ئەوەی شانۆگەرییەکە دەست پێ بکات، ئەمانە وەک بەشێک لە بینەران بە شێوەیەکی جوانی هونەری بەشداریی ئاهەنگی پێشاندانەکەیان دەکرد. ڕێژیسێۆر ئەمانەی زۆر زیرەکانە لە کاتی گۆڕینی دیمەنەکانیشدا بە کار هێنابوو، بە دەم سەماوە و وەک کۆمەڵە قەوارەیەکی ڕەنگین دیمەنەکانیان دەگۆڕی و دیمەنی پاشتریان ئامادە دەکرد. ئەم سەمازان و لێبووکانە چەندە ڕەنگدەرەوەی بارە جیاوازە دەروونییەکانی گوستاف ڤاسا بوون، هێندەش ئاماژە بوون بۆ ڕۆڵی گەل لە ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییە جیاوازەکاندا.

سوێرەن برونەس ـ ی سینۆگراف بۆ بەرجەستەکردنی دیدی ڕێژیسێۆر پەنای بردبووە بەر بەکارهێنانی چەندین قەوارەی بزۆزی گەورە، کە هەندێ جار نوێنەری بیری دەرهێنەر بوون و هەندێ جاری دیکەش دەبوونە چوارچێوەی ئاشکرا و زیاتر نزیک لە ڕیالیزمەوە.

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژەیەکی تایبەتی بۆ وزە و توانستی "ستێن یونگگرێن" بکەم، کە زۆر سەرکەوتووانە سەمای هیوا و ژانی گوستاف ڤاسای دەکرد و هەموو وشەیەکی کە دەیگوت، پلە و ئاستی جێوازی لە خۆ دەگرت. وەک سەماکارێکی بالێ سەمای پاشایانەی دەکرد. لەش و ماسولکەکانی بووبوونە پارچە لۆکەیەک و بە فوویەک دەچوو بە ئاسماندا.

Dana Rauf Marouf
Stockholm



# بەیان ، ئەو کانییەی وشک دەبێ و وشک نابێ

قوبادی جەلیزادە

١
من، تیژترین شمشێرم
تۆ، تەسکترین برین
تۆ،
بەهەشتێکی بەدفەڕی
من،
شەیتانێکی میهرەبان.
٢
بە لەشتەوە، جێماچی دەمی من،
جێماچی دەمی ئەو
لە جێپێی ئەو پشیلە بزۆزانە دەچن،
بەسەر کۆنکرێتێکی تەڕدا
ڕەت دەبن.

٣
دەستی چەپم، لە پرچی زێڕینی تۆدا
گیر بووە،
دڵڕەقانە ڕایدەکێشیت .
دەستی ڕاستم،
لە پرچی ڕەشی هاوسەرەکەمدا
گیر بووە
شێتانە ڕایدەکێشێ.
من لە نێوان
کۆتی زەرد ... و ... کۆتی ڕەشدا
سەلیبێکی سوورم.
٤
ڕووت مەبەوە، با شەو سپی نەبێتەوە و
مەلا بەهەڵە بانگ نەدات.
لەشی سپیت بەردەڕەشێکی پیرۆزە.
٥
وڵات کچێکی ڕووتە ...
هەمیشە،
لەسەر گازەرەی پشت ڕاکشاوە،

تۆش وڵاتێکی بە پێوەی،
بوومەلەرزە و
لەرەی مەمکت
یەکسانن.
٦
تۆ، جوانترین
کەسکترین
درەختی.
درەخت بە گەڵاوە دڵگیرە
تۆ، بە ڕووتی.
ئەو، لەژێر دابارینی کولووی بەفردا
ڕووت دەبێتەوە
تۆ، لەژێر ڕێژنەی پەنگری ماچدا.
٧
تۆ، درێژترین،
سپیترین ..
ڕووباری.
لە ڕووباردا، سەدان ماسی مەلە دەکەن.
لە تۆشدا، تەنیا من.
ئەوان گەرای خێر دادەنێن،
من گەرای گوناه.
٨
مەمکت بڵندترین چیایە ..
بەسەر لووتکەی چیادا، بەفر دەبارێ،
بەسەر گۆی مەمکی تۆشدا،
گەزۆ.
ئەو لە ناو زاری هەتاودا،
دەتوێتەوە
گەزۆش لە نێو دەمی مندا.
٩
ئەو پرتەقاڵانەی لەژێر سێبەریاندا
گۆرانیمان دەچڕی،
وەک ڕەنگی ئێمە،
وەک عیشقی ئێمە،
وەک خوێنی ئێمە،
سەوزبوون.
دەڵێن ئێستاکە،
وەک خۆرنشین،
وەک سیمای مردن،
وەک هەڵوەرین،
زەرد داگەڕاون.
نازانم نە لە داخی دابڕانی ئێمەیە
نە لە ترسی ڕنین.
١٠
من تالترین پەنجەم ..
تۆ شیرینترین
هەنگوین.
ناوێرم تامت بکەم،
نەوەک لە داخا،
ژنەکەم ببێ بە زەنگەسوورە و
جگەرگۆشەکانم بە هەنگ و
بە ڕۆحمانەوە بدەن.
١١
تۆ ئازاترین کارمامزی و
من ترسنۆکترین ڕاوکەر.
هێندێ جار تۆ
سەرم لە دوو دەنێی
هێندێ جار
من.
١٢
من،
تیژترین شمشێرم و
تۆ،
تەسکترین برین.
تۆ، بەهەشتێکی بەدفەڕی
من، شەیتانێکی میهرەبان.

# بەسەرهاتی سەر پردەکە

حەمە

ئۆکتۆبەری ١٩٩٤

بۆ یەکەم جار لە نەقڵیات ناسیم، هەر زوو ئاشنای سەر و لەبزی بووم، بۆم دەرکەوت کە من و ئەو ئاسمان و ڕێسمانین. دواجار هەوڵم دا لەناو حەشاماتی خەڵکەکەدا خۆمی لێ حەشار بدەم، بەڵام کاتێک کە من لە چاوەڕوانیی ئۆتۆمبیلێکدا وەستابووم، ئەو هەروەک مووی بۆ هەڵکڕووزابێت لە تەنیشتمەوە خۆی قوت کردەوە و جانتا ڕەشە بە شت ئاخنراوەکەی بە شێوەیەک دا بە زەویدا کە من بستێک بە حەوادا چووم. ئیتر بووە قیر و زفت و پێمەوە نووسا و جیا نەبۆوە و منیش بەناچاری قیروسیام لێ کرد و ملم بۆ نا... بە سەر و سیما کوڕێکی ڕیوەڵەی سەربچووکی لووتقنج بوو. پانتۆڵێکی قاوەیی تۆخ و کراسێکی سپی یەخەچڵکن کە ژێرباڵەکانی تەواو شەلاڵی ئارەق بوون، لەبەردا بوو.

سووچێکی پەنجەرەکەی لای خۆمم کردەوە و هەوایەکی گراوی وەک پشکۆی سووری ناو کوانوویەکی پڕ لە ژیلەمۆ دەچزا بە سەر ڕوومەتەکانمدا و لەگەڵیدا تاڵەکانی قژمی بەملاولادا پەرشوبڵاو دەکردەوە. ئەو کە لە تەنیشت شۆفێرەکەوە دانیشتبوو سەری بە لای شووشەی پەنجەرەکەوە نابوو، وەنەوزی دەدا. شۆفێرەکەش لەگەڵ مۆسیقایەکی خامۆش، کە لە دەمی بڵندگۆکانی لای ڕاست و چەپی دەرگاکانەوە دەهات، سەری بادەدا و بەکاوەخۆ دووکەڵی جگەرەی بە با دەکرد. شەپۆلی ئەندێشەیەکی سەرشێت ناخی وروژاندبووم، لە ساتێکی کورتدا کۆتری خەیاڵم هەزاران لق و پۆپی بەسەر دەکردەوە و هەستم دەکرد بۆشاییی کاسەی سەرم تا دێت گەورە و گەورەتر دەبێت و لەشم توانای هەڵگرتنی نامێنێت.

لەگەڵ ئاوازی مۆسیقاکە بیر و هۆشم ئالوودەی ئەو ساتە بوو کە بۆ یەکەم جار دەگەمە سەر پردەکە، ئینجا لەوێوە شانۆ درامییەکان دەست پێ دەکەن. ئەوەندەی دەمزانی ماوەی ڕێگاکە چوار سەعات کەمتر نییە. ئۆتۆمبیلەکەش لەژێر تیشکی سووتێنەری ئەو دەمەونیوەڕۆیەی ناوەڕاستی مانگی ئابدا وەک گیاندارێکی ماندوو دەیناڵاند و ڕێگا قیرە گەرمەکەی دەبڕی. دیار بوو فرەفڕی بەهوروژمی پەنچەرەکەی تەنیشتم ئەوی تەواو جاڕس کردبوو، بۆیە وەک دەرزیئاژن کرابێت ڕاپەڕی و ئاوڕێکی بە لای مندا دایەوە و گوتی: "ئەو پەنجەرەیە داخە... گەرماکە باشترە لەم هاژەهاژە، با گوێشمان لە مۆسیقاکە بێت." من هیچم نەگوت و تەنها پەنجەرەکەم داخست و دەنگەکەم کپ کرد.

خامۆشییەکی خەست لووشی دابووین. شۆفێرەکەش وەک پاشان بۆم دەرکەوت، خەڵکی ناوچەی قۆنیە بوو، درزێکی بچووکی پەنجەرەکەی لای خۆی کردبۆوە، بە لاچاو سەیری ئەوی دەکرد و ئاواتی دەخواست سەرگەرمی باسێک بە درێژایی ڕێگاکە دابمەزرێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی نە ئەو لە ئێمە و نە ئێمەش لەو باش حاڵی دەبووین، بۆیە ناچار سەبووریی کەفوکوڵی ناخی بە دووکەڵی جگەرەکەی لالێوی دەبرد. من بۆ دڵنیابوون ڕووی پرسیارێکم لەو

کرد و بێدەنگییەکەم شەق کرد: "ڕاستە ماوەی ئەم ڕێگایە چوار سەعاتە!؟" ئەو بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە بێ سێ و دوو گوتی: "ئەی چۆن، چوار سەعاتی تەواوە ئەگەر بەردەوام بەم خێراییە بڕۆین." ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان گوتی: "دیارە ئەمە یەکەم جارتە."، لەبەر ئەوەی لەدواوە، لە گۆشەی لای چەپ، دانیشتبووم لێشاوی خەندەیەکی کورتم لەگەڵ پرسیارەکەیدا بە دی کرد.

منیش کتوپڕ گوتم: "بەڵێ. پاش دە ساڵ غوربەت و گۆشەگیری." بەردەوام بووم، گوتم: "دە ساڵ لەمەوبەر، شەوێکی ئەنگوستەچاوی مانگی ئاب بوو کە توێشەبەرەی ئاوارەیی و تاراوگەم لە کۆڵ نا و وەک کوێر دەستم کوتا، قاچم کوتا و بەسەر گرد و پەنا و دۆڵ و هەڵدێردا ڕێگام بڕی و لەشی ماندوو و شەکەتم بەسەر چیای سووڕێندا بە کێش کرد. کە گەیشتمە سەر لووتکەکە هێشا بەفری پێوە مابوو. ئای ژیان چەند سەیرە، ئەو ساتانە هەرگیز ئەوەم بە بیردا نەدەهات کە ڕۆژێک دێت لەم ڕێگایەوە دەگەڕێمەوە."

دیار بوو ئەو تامەزرۆی باسەکە بوو، بۆیە کتوپڕ گوتی: "ئەمە دووەم جارمە."

ئەمەی گوت و ئاوڕێکی تەواوی دایەوە، بە جۆرێک کە قۆڵی چەپی لەسەر کوشنەکە وا دانا کە دەیتوانی تەواو چاو لە چاوم ببڕێت.

"ئەم جارە لەبەر خاتری باوکە پیر و نەخۆشەکەم دەڕۆمەوە، ئەگەرنا هەر یەکەمجار بڕیارم دا کە هەرگیز سەری پیا نەکەمەوە. ئەزانی بۆچی؟"

هەر زوو بەسەرسوڕمانەوە گوتم: "نەء." ئەو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە شێوەیەک چاوەکانی زەق کردەوە خەریک بوون بەر ببنەوە، پاشان گوتی: "بەسەر کارەساتێکی جەرگبڕدا ڕۆشتمەوە، ئەو ڕۆژە بووە ڕۆژێکی حەشر و وام هەست کرد کە دوژمن لە هەر چوار قۆڵەوە ئاپۆرەی شارەکەیان داوە و ئێستا نا تۆزێکی تر بە دەستەوە دەدرێت. خەڵکەکە لەترساندا لە زمان کەوتبوون. هەر زوو دەرکەوت... ئەزانی چی بوو!؟"

مۆڵەتی نەدام بڵێم: نەء. خۆی وەرامی پرسیارەکەی دایەوە و گوتی: "براکوژی..."

من خۆم ناخم زەریایەکی پڕ شەپۆلی شەوێکی تۆف و زریان بوو، ئەویش کەوتە گێڕانەوەی کۆمەڵێک بەسەرهاتی جەرگبڕ و ئەوەندەی تر شێتگیری کردم: "ئەم شەڕ و خۆقرکردنە بۆ و لەبەر چی!؟" ئەم پرسیارەم لەگەڵ کۆمەڵێک ڕکی پەنگخواردووی ناخمدا تێ سرەواند. ئەو ڕاست وەڵامی دایەوە و بە دەنگێکی تۆزێک بەرز و لەگەڵیدا قین و بوغزی تێکەڵ کرد و گوتی: "نەخۆشییەکی ڕەچەڵەکییە و بۆمان ماوەتەوە. شەڕی براکوژی هەر لە سەردەمی ئەمارەتەکانەوە بگرە پێشتریش هەر هەبووە. مێژووش بەئاشکرا ئەمەی سەلماندووە. چەندەها جار بە یارمەتیی دوژمنان برا خوێنی برای ڕشتووە." ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان گوتی: "باوکم شتەکە هەروا دەشکێتەوە. ئەوەتا پاش سەدان ساڵ هەر هەمان شانۆیە و بەڵام ئەکتەرەکان گۆڕاون...، بڵێم چی ئاوەکە هەروا ڕژاوە."

ئەو زۆری گوت و لەگەڵ سەروبنکردنی باسەکاندا دەمێک خۆی گرژ دەکرد و دەموچاوی سوور هەڵدەگەڕا و زۆرجاریش خاو دەبۆوە.

لە پەنجەرەکەوە سەرنجێکی دەشتی پان و بەرینی ژێر ئاسمانی شین و بێهەورم دا و دیمەنەکان زۆر بەخێرایی لە چاو ون دەبوون. نازانم ماوەی چەند نووستبووم کە بە دەنگی شۆفێرەکە بە ئاگا هاتم: "ئەوا گەیشتین... ئەوەش پردەکەیە..." ئەمەی گوت و دەستی بۆ دوور ڕاکێشا. شۆفێرەکە ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت و هەر زوو پاسپۆرتەکانی وەرگرت و لەبەردەم پەنجەرەی ژووری کۆنترۆڵی پاسپۆرتدا وەک پەیکەرێکی لە پۆڵا داڕێژراو چەقی. من کە لە شانی چەپییەوە وەستابووم، سەرنجێکی ناو ژوورەکەم دا، کەسم نەدی. لەناکاو پۆلیسێکی ورگنی شلوشێواو کە لێواری سمێڵە ڕەشە قەفنەستوورەکەی بە دووکەڵی جگەرە زەرد بووبوو، دەرکەوت. گورج شۆفێرەکە پاسپۆرتەکانی بۆ درێژ کرد و لەگەڵیدا شتێکی بە تورکی گوت. بۆ پۆلیسەکە نەبووە فیشەکەشێتە و نەچوو بە ئاسماندا، پاسپۆرتەکانی بە

سەروچاودا کێشا و زۆر بەتوندی پەنجەرەکەی داخست. شۆفێرەکە بە شێوەیەک شڵەژا کە ڕەنگێکی هێنا و برد و پاشان سپی هەڵگەڕا و دەست و پەنجەی کەوتە لەرزین. وردە وردە ئارەقێکی خەستی کرد و تاس بردیەوە. ئەو ماوەیەک چاوەکانی لە من بڕی و ئەمجا لە شوفێرەکە ڕاما و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لێوی خوارەوەی کرۆشت.

"ئەگەر ئێمەش وڵاتی خۆمان هەبایە، ئەوا بە فڕۆکەی خۆمان دەگەڕاینەوە و ئەم سەرشۆڕییەمان قەبووڵ نەدەکرد و بەم گەرما سووتێنەرە ئەم ڕێگا دوور و درێژەمان نەدەبڕی..." لەگەڵ دەست کێشان بە شانی ڕاستی شۆفێرەکەدا ئەمەم گوت.

لە سێبەرێکدا چەند مەترێک لە پەنجەرەکەوە وەستام و سەرنجێکی دیوارە ئەستوور و کۆنکرێتەکانم دا، ئەویش هەروەک لەسەر ژیلەمۆ بێت دەهات و دەچوو و، جێی بە خۆ نەدەگرت، جارجاریش سەیرێکی ناو ژوورەکەی دەکرد و لەبەرخۆیەوە خورتە و بۆڵەی بوو.

لەگەڵ چاوگێڕان بە دیوارە کۆنکرێتەکاندا، خەیاڵ ڕایپێچی ئێوارەگەشتێکی ناو مۆزەخانەی مێژووی ئەنقەرەی کردم. ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام هەرزەکارەکان بوون کە بە ڕێز و نەوازشەوە سەریان بۆ تابلۆ گەورە چوارچێوە زێڕینەکەی باپیرەگەورەیان دادەنەواند و بەشانازییەوە بە تەنیشتمدا دەڕۆیشتن. دەنگی کردنەوەی پەنجەرەکە وەک دەستێک نەوییە باڵم و لەناو گێژاوی ئەندێشەکەدا دەریهێنام. پۆلیسێک کە لەوی پێشووتر تێکسمڕاوتر بوو لەگەڵ پشکنینی پاسپۆرتەکەمدا سەرنجێکی ساردی گاڵتەجاڕی لێ دام وەک لە دڵی خۆیدا بڵێ: "پاسپۆرتی وڵاتێکی ترە و شانازیی پێوە دەکات."

پاسپۆرتەکەم وەرگرت و جانتاکەم لە کۆڵ نا و چەند شەقاوێک ڕووەو پردەکە تاوم دا، لەناکاو هەرا و فیغانی ئەو ئێستێکی پێ کردم، کە ئاوڕمدایەوە ئەو هێشتا لەبەردەم پەنجەرەکە وەستابوو، پڕ بە خۆی دەیشیراند و قاچی بە زەویدا دەدا. بەسەرسامییەوە ڕووی پرسیارم لێ کرد، کەچی ئەو لە وەڵامدا گوتی: "هیچ نییە. بیانووم پێدەگرن، شک لە وێنەی پاسپۆرتەکەم دەکەن. دڵت هیچ نەکات ئەمە یەکەم جارم نییە. تۆ مەوەستە... بڕۆ... خوات لەگەڵ..." ئەمەی گوت و لە یەکێک لە خانووە کۆنکرێتەکاندا بزر بوو.

وەختێک کە گەیشتمە ناوەڕاستی پردەکە، خۆر تەواو لە ناوەڕاستی ئاسماندا چەقیبوو و، زەوی دەبرژاند و هالاوێکی گەرمی لێ بەرز دەبۆوە. قیری سەر ڕێگاکە وا شل ببۆوە پاشماوەی تایەی چەندەها لۆری و ئۆتۆمبیلی زۆر بەئاشکرا پێوە دیار بوو. ماوەیەک وەستام، ئاوڕێکی پاشەوەم دا، چاوەکان شالاویان بۆ سێ جەندرمەی دەموچاو بە خۆر سووتاو برد کە بە چەکەکانیانەوە لە ڕیزی یەک وەستابوون و زۆر بەتیژی و بەئاگاوە سەیری ئەوبەریان دەکرد. ئەمجا چاوەکانم گواستەوە بۆ ئەوبەر، دیمەنێکی چۆڵ و نیگەران و مات کەوتە بەر شەپۆلی نیگام کە لەگەڵیدا تەزوویەکی ساردی کارەبائاسا لە تەوقی سەرمەوە بە مووڕەغەی پشتمدا بەرەوخوار کشا و لەشم ئەوەندەی تر نیشتە سەر ئارەقێکی خەست. ئانیشکم خستە سەر شێلمانی پردەکە و خۆم بە ڕووی ئاوی ژێر پردەکەدا چەماندەوە. شەپۆلە وردەکان خۆیان بە دەورویشتمدا دەکوتا هەروەک ئەوانیش بە گەرمای خۆرەکە جاڕس بووبن. تیشکەکانیش لەسەر ڕووی ئاوەکە سپی و بریقەدار دەیاننواند، هەر لە شانۆیەکی ئۆپێرا دەچوو. ئەو دیمەنە شەپۆلی بە ناخم دا و قوڵپی گریانم هاتێ و چاوەکانم بوونە دووزەنە و مووچڕکی ساردیش سات لە دوای سات لەقووڵاییەوە ڕایدەچڵەکاندم. حەزم دەکرد هەر لەوێدا پرسەی شیوەنێکی گەرم دابمەزرێنم بۆ ئەو ڕۆژەی کە ئەو ئاوە شەق کرا و سنووری دەستکرد کێشرا. سەیرێکی ئاسمانی شین و بێگەردم کرد و ئاواتم دەخواست لەو ساتەدا ببووایەتە شەست و ڕەهێڵە و چەخماخە و تۆفان... مەلی خەیاڵم کەوتەوە باڵەفرە و دوور فڕی. لەدوورەوە ئۆتۆمبیلێکی خاکیی سەرداپۆشراوم دی کە وەک تێسکەی تفەنگ ڕێگای دەبڕی و بە دوای خۆیدا

هەورێکی سپیی چڕی لە تەپوتۆز بە کێش دەکرد. هات و لەسەر پردەکە ئیستۆپێکی گرت. کۆمەڵێک سەرباز بە چەکەوە دابەزین و دەرگای پێشەوەیان کردەوە و ژەنەڕاڵێکی پۆشتە و پەرداخ، کە گاڵۆکێکی حەیزەرانی بە دەستەوە بوو، دابەزی و چەند هەنگاوێک دوور لە منەوە وەستا. کە ورد سەرنجم دا هەر هەمان مرۆی تابلۆکە بوو. باڵایەکی بەرز، دەموچاوێکی مڕومۆچ و لووتێکی فشی گەورە، کە چرچەکانی ناوچەوانی لەگەڵ برۆ ڕەشە ئەستوورەکانیدا سیمایەکی تۆقێنەریان دەنەخشاند. چەکمە قاوەییە نوێکانی گەردی ئەو نیوەڕۆ گەرمەیان لێ نیشتبوو. ئەستێرە و تاجی ئاڵتوونی سەر شانەکانی لەژێر تیشکی خۆرەکەدا بە هەزار ڕەنگ دەیانئنواند. وەک پڵنگێکی برسی، کە لە بۆسەی نێچیرەکەیدا خۆی مەڵاس دابێت، خیزەی سنگی دەهات.


"تا کونە لووتتان خەرقی تاوانە. چما چی تر ماوە بیکەن!؟" ئەمەم لەگەڵ جیرکردنەوەی دانەکانمدا گوت. ئەو خەندەیەکی سیحراوی کە پیاو هێڵنجی پێ دەهات کرد و دانە کرمۆڵە بە جگەرە زەردبووەکانی لەژێر لێوە بێسمێڵەکەیدا دەرکەوتن و گوتی: "تۆ کێیت؟ چۆن دەتوانیت ڕێگە لە من بگریت... ڕێگا بدەم سەربازەکانم ئەوبەریش داگیر بکەن... ئێمە کڵاومان لەسەر باوباپیرانت نا... تۆ چییت... ئێمە کە یەکەم جار هاتینە ئەم شوێنە ئەوبەر هەروەک ئێستا چۆڵ بوو..."

ئاورێکی پاشەوەی خۆمم دایەوە و دوور ڕوانیم. چیا ڕووتەڵەکەی ئەوبەرم دی، کە هێدی هێدی گەرمای لێ بەرز دەبۆوە.

"ئێوە دڵی چیتان لە گیاندایە... بڕوا ناکەم مرۆ بن و لە مرۆ دروست بووبن، ئێوە گۆشکراوی تاوان و زوڵمن."

ژەنەڕاڵ گوتی: "باوباپیرانت دەیانگوت: ژیانی ئەم سەرزەوییە پڕ و پووچ و بێنرخە... ئەی بۆ نا... ئێستا ئەوان لە بەهەشتی پانوبەریندا گوزەران دەکەن و دەخۆن و دەنۆشن... ئەوان شێخ و مەلا و سۆفیی ڕیشدرێژ و لەخواترس بوون..." دەنگێک بە ئاگای هێنامەوە، گوتی: "مامۆستا... ئۆغر... بۆ کوێ دەفەرموون بتانگەیەنم." پیاوێک کە تەواو شەلاڵی ئارەق بوو، ڕانکوچۆغەیەکی ڕەشی دڕاو و پواوی لەبەردا بوو، ئەمەی بە دەنگێکی بەرز گوت و جانتاکەمی هاویشتە دوای ئۆتۆمبیلەکەی و گوتی: "فەرموو سەرکەوە..."

سەیرێکی ئەوبەری پردەکەم کرد، سێ جەندرمە کە لە جێگای خۆیان نەجووڵابوون و بەردەوام سەیری ئەمبەریان دەکرد و ئارەقیان دەڕشت. پۆلێک باڵندە بە ئاسمانی ساف و شیندا فڕین و پاشان لە داوێنی چیا سەرکەشەکەدا لە چاو ون بوون...



ناوم محەمەد عەبدوڵڵایە و لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری سلێمانی لە دایک بووم و هەر لەو شارەدا پلەکانی خوێندنم تەواو کردووە. پاشان ساڵی ١٩٨٢ بەشی موحاسەبەی کۆلێجی ئیدارەم لە زانستگەی سەلاحوددین لە هەولێر تەواو کردووە و هەر لە کۆتاییی ئەو ساڵەدا ناچار بووم ڕێگەی ئاوارەیی بگرمە بەر و لە سوێد گیرسامەوە. سەرەتای چیرۆکنووسینم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩. ساڵی ١٩٨٥ ڕۆمانی "مێردەزمە" ، کۆمەڵە چیرۆکی "تەنیایی شەوی وڵاتێکی نامۆ" و چیرۆکی "چیا"م بە کتێب و هەندێ چیرۆکیشم لە گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکردەوە. ئەم چەند ساڵەی دوایی سەرقاڵی خوێندن بووم لە کۆلێجی دانسازی لە زانستگەی یۆتۆبۆری و ئێستا پزیشکی دانم لە شاری دێلسبوو، هاوکاتیش خەریکی نووسینی ڕۆمانێکم.

# ئەلبوومی کوردەواری



دیاریی کاک حەبیب کەلهور، بانەی کوردستانی ئێران



مەستوورەی کوردستانی، قەڵەمکێشی: سابیری مەحموودی



کچەکوردی ناودار قەدەم خەیر، قەڵەمکێشی: سابیری مەحموودی



دیاریی کاک حەبیب کەلهور، بانەی کوردستانی ئێران

# دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

## بەرخەنێرێ

قەومەکان، بەو زاتە وا حوکمی لەسەر بەحر و بەڕە
بەرخە نێرێ گەر نەنێرێ هەرکەسێ خاوەن مەڕە
دێم بە گژیا ئەیدڕم گەر فیلمەسەل شێری نەڕە
با نەقەومێت و نەزانن ئەم هەموو شۆڕ و شەڕە
گشت لەسەر بەرخی شەل و کاوڕی لەڕ و بزنی گەڕە

## شەڕی جەباری و داوودە و کاکەیی لەگەڵ تاڵەبانی

سێ عەشیرەت بوون بە یەک تا ڕیشەمان دەرکەن بە عێلجاڕی
جەباری و داوودە و کاکەیی‌یەکانی دایە ڕێزواری
قەسەمیان خوارد بە ڕۆحی سەیدبراکە و گۆڕی خان ئەحمەد
بە کەللەی خووگ و شاخی گاوە حوول و گۆشتی مرداری
دەبێ ئەمڕۆ بە جارێ قەطعی نەسلی تاڵەبانی کەین
تەق و تۆقیان کە هەستا گوللە هەر وەک تەرزە دەباری
سوارەی تاڵەبانی دەرپەڕین، وەک ڕۆستەمی دەستان
فیراریان ئیختیار کرد سەیدەکانی باوەیادگاری
فیراری کاکەیی هەرنەیسە، ئەمما گوێی فەلەک کەڕ بوو
لە جرتوفرتی ئاغای داوودە و ساداتی جەبباری

## ئارەش

پێشەی شکاوم بوو بە تیر
دەمارەکانم بوون بە ژێ
پشتم لەژێر چەکمەی نەفرەتی داگیرکەر،
چەمایەوە وەکوو کەوان
تەنانەت گوڵێ نەماوە
کە نەسووتابێ بە گڕی قینی ئەوان
ماوەیێکە مەلی سەبر،
لە دڵما هێلانە ناکا
مردم بە تاسەی ڕزگاریی خاکەکەم و
نییە ئارەشێ سنووری وڵاتەکەم بۆ دیاری کا.

## ماچ

ئەی نازەنین!
کاتێ هەردوو دەستت بۆ ئامێزی گەرمی خۆشەویستی ئەکەیتەوە ،
لە بەرزترین لووتکەی عەشقا،
باڵای بەرزت ئەبێ بە خاچ
منیش وەکوو عیسا جیهان ئەشێوێنم
بۆ گەیشتن بە باڵاکەت
بۆ چنینی گولخونچەی ماچ.

# عیماد کەریمیان

# (کردار) و (کات) لە زمانی کوردیدا (١)

کوردۆ عەلی

١- سەرلەبەری ئەو کتێب و گوتارانەی تا ئێستا دەربارەی (کردار و کات)ی کوردییان نووسیوە دوو جۆر ڕەگیان لە کوردیدا دەستنیشان کردووە: (٢)

١.١- ڕەگی کردار: کە لەگەڵ پێشگری (دە-de)دا و بە کۆمەکی جێناوی لکاو، پێکڕا کرداری کاتی ئێستا و داهاتوو دادەڕێژن، بۆ نموونە:

[١]

| چاوگ | ڕەگی کردار | کرداری کاتی ئێستا/داهاتوو (٣) |
|---|---|---|
| نووستن | نوو- | دەنووم |
| بەزین | بەز- | دەبەزیت |
| چوون | چ- | دەچین |
| مردن | مر- | دەمرن |
| نووسین | نووس- | دەنووسێت |
| پێچان | پێچ- | دەپێچم |
| خستن | خە- | دەخەیت |


٢.١- ڕەگی چاوگ: کە بێ هیچ ئامراز و پێشگر یا پاشگرێک، تەنها بە لابردنی (ن)ی چاوگ و پێوەلکاندنی ڕاناوی لکاو، کرداری ڕابوردووی لێ هەڵدەهێنجرێت. بڕوانە هەمان نموونەکانی ژمارە (١) لە خشتەی ژمارە (٢)دا:

[٢]

| چاوگ | ڕەگی چاوگ | کرداری ڕابوردوو |
|---|---|---|
| نووستن | نووست- | نووستم |
| بەزین | بەزی- | بەزیت |
| چوون | چوو- | چووین |
| مردن | مرد- | مرد |
| نووسین | نووسی- | نووسیمان |
| پێچان | پێچا- | پێچام |
| خستن | خست- | خستی |

ئایا بەڕاستی دوو جۆر ڕەگمان هەیە؟ ڕەگی کردار و ڕەگی چاوگ؟
چ هۆیەک زمانەوانی کوردی بەرەو باوەڕێکی ئاوها هەڵە بەکێش کردووە؟
چۆن دەتوانین بۆچوونی چەوتی لەو بابەتە بپووکێنینەوە؟


٢- بە بڕوای من، دوو هۆ زەینی زمانەوانانی کوردیان بە هەڵەدا بردووە:
ئا- تێنەخوێندنەوەی نیشانەی کاتی ڕابوردووی بە ڕەگی کردارەوە لکاو.
ب- لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربەی هەرەزۆری ڕەگی کرداری کوردی، بەپێی یاسایەکی چەسپاو و نەگۆڕ هەڵدەهێنجرێن، بڕێکیان بە زەقی دیاردەی بیژۆیی و لە یاسالادانیان پێوە دیارە.
لەم گوتارەمدا هەوڵ دەدەم لەبەرەوە دوو دیاردەی زەقی پەی پێنەبردوو بە خوێنەر بسەلمێنم:
ئا- کرداری ڕابوردووش بە هەمان دەستووری کرداری ئێستا/داهاتوو، ئامرازی ئاشکرا و دیاری خۆی هەیە و لە شێوازی پاشگرێکی لکاو بە ڕەگی کردارەکەوە بەدەردەکەوێت.
ب- لە کوردیدا تەنها و تەنها یەک جۆر ڕەگمان هەیە، ئەویش ڕەگی کردارە.
بۆ سەلماندن و ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستە و هاسانکردنی لای خوێنەر، پێویستمان بە چەند یاسایەکی سەرەتایی هەیە:
٢-١- درەختی وشە: (٤)
وشەش وەک ڕستە درەختی خۆی هەیە و هەر درەختێک لە ئەڵقەیەکی دایک و دوو ئەڵقەی بێچوو پێک دێت. دەشێت هەر ئەڵقەیەکی بێچووش وەک ئەڵقەی دایک دوو بێچووی دیکەی لێ بکەوێتەوە:
[٣]




دەتوانین درەختی کرداری کوردی بەم شێوەیە دابڕێژین:
[٤]




دیارە لێرەدا مەبەست لە (V) (Verb) کرداری کوردییە، لە (Vst) (Verbstem) ڕەگی کردارە. (Af)یش واتە (Affix)، لە پێشی وشەدا بێت دەبێتە پێشگر (Prefix) و بە پاشی وشەوە بلکێت، دەبێتە پاشگر (suffix).
٢-٢- یاسای دوو پەلکە: (٥)
ئا- هەر لقێک لە تەنها دوو پەلک پێک دێت:
[٥]
ئا-



ب- نیشانه و پاشگر و پێشگرەکان بەڕیزه و یەک لە دووی یەک بە ڕەگی کردارەکەوە دەلکێن.

٢-٣- یاسای هەڵزنان (Percolation): (٧)


ئا- گشت خەسڵەتی ئەڵقەکانی خوارەوە بەرەو ژوور هەڵدەزنێن و قەت خەسڵەتی ئەڵقە باڵاکان بەرەو خوار داناخزێن.

بێ- دایک گشت خەسڵەتی بێچووەکانی تێدایە، بەڵام بێچووەکان تەنها بەشێک لە خەسڵەتەکانی دایکیان تێدایە.

پ- نابێت خەسڵەتە جوداکانی بێچووەکان دژی یەک بوەستنەوە، وەک تاک و کۆ، یاخود نێر و مێ.

ج- بەپێی یاسای هەڵزنان، وەک لە خاڵی (ب)دا ڕوونمان کردەوە، لە کرداردا، دایک گشت خەسڵەتی بێچووەکانی وەردەگرێت و پارێزگارییان پێوە دەکات، بەڵام لە نێو و ئاوەڵنێو و چاوگدا خەسڵەتی دواهەمین بێچووی بە دایکەوە لکاو، زاڵە و خەسڵەتەکانی بەر لە خۆی دەسڕێتەوە:

[٦]




٣- کاتەکانی زمانی کوردی:

٣-١- کرداری کاتی ئێستا/داهاتوو:

ئا- کاتی ئێستا/داهاتوو لە کردارە تێپەڕ و تێنەپەڕەکان، بە یاریدەی پێشگری (دە-) دادەڕێژرێت. پاشانیش بە کۆمەکی نیشانەی ژمارە و کەس، ڕستەی سەرزارەکییان لێ سازدەدرێت، کە دەشێت شیرازەکەی بەم شێوەیە دارێژین:

[٧]

V-------- (Af + V + Af)s
(+pres) (+pers/Num)
(کاتی ئێستا) (کەس/ژمارە)

ب- زاراوی کرمانجیی ژووروو بۆ ئێستا و داهاتوو دوو جۆر پێشگری جوداوازی هەیە، (د-) بۆ ئێستا و (دێ-) بۆ داهاتوو، (٨) بەڵام کرمانجیی خواروو کە کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمانە، تەنها بە تاقە پێشگرێک گوزارە لەو دوو کاتە دەکات، ئەویش پێشگری (دە-)یە.


پ- پاشگری کەس، هاوکات ژمارەی کەسیش دیاری دەکات.

ج- لە کاتی ئێستا/داهاتوودا، پاشگری کەس/ژمارە، هیچ جوداوازییەک لە نێوان کردارە تێپەڕ و تێنەپەڕەکاندا ناکات.

نموونەی خوارەوە درەختی ڕستەیەکی سەرزارەکیی کوردیمان پێشان دەدات کە کردارەکەی گوزارە لە کاتی ئێستا/داهاتوو دەکات. تیرە

کەوانییەکان چۆنیەتیی هەڵزنانی خەسڵەتی بێچووەکان بەرەو ژوور پێشان دەدەن. (X) یانی هەر ڕەگێکی کرداری کوردی کە ئارەزووی بکەیت:

[٨]




٢.٣- کرداری کاتی ڕابوردوو:

ئا- کاتی ڕابوردوو لە کردارە تێپەڕ و تێنەپەڕەکان بە یاریدەی پاشگری کاتی ڕابوردوو کە بە ڕەگی کردارەوە دەلکێت، دادەڕێژرێت. دەشێت شیرازەی ڕستەیەکی سەرزارەکی کە گوزارە لە کاتی ڕابوردوو بکات، بەم شێوەیە داڕێژین:

[٩]


V------- (V+Af+Af)
(+past) (+pers/Num)
(ڕابوردوو) (کەس/ژمارە)

ب- لە کوردیدا پێنج پاشگری جوداوازمان بۆ کرداری ڕابوردوو هەیە، کە لە سێ ڤۆکالی (ا، ی، وو) و دوو کۆنسۆنانتی (د، ت) پێک دێن.


پ- لە کاتی ڕابوردوودا، پاشگری کەس/ژمارە جوداوازی لە نێوان کردارە تێپەڕ و تێنەپەڕەکاندا دەکات و بەو پێیە هەندێکیان بڕێک گۆڕانیان بەسەردا دێت.

نموونەکانی خوارەوە درەختی ڕستەی سەرزارەکیی کوردیمان پێشان دەدەن کە گوزارە لە کاتی ڕابوردوو دەکەن:

[١٠- ئا]


V
(+intransitv تێنەپەڕ)
(+past)
(+pers/Num)
V
(+intr.)
Af
(+Pers/Num)
(نیشانەی کەس/ژمارە)
V
A
(+past)
(+intr.)
(کرداری تێنەپەڕ)
(پاشگری کاتی ڕابوردوو)
X
(-a, -i, -u, -d, -t)
بۆ نموونە:
سووتام -m
تەزییت -it
چوو -o
-in مردین
هاتن -n
نوستن -n

[١٠- ب]


V
(+transitv تێپەڕ)
(+past)
(+pers/Num)
V
(+trans)
(+past)
Af
(+Pers/Num)
(نیشانەی کەس/ژمارە)

V (+intr.) (کرداری تێپەڕ) X

Af (+past) (پاشگری ڕابوردوو) (-a, -i, -u, -d, -t)

بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| کێلام | -m |
| کریت | -t |
| درووی | -i |
| بردمان | -man |
| گرتتان | -tan |
| کوشتیان | -yan |

٣-٣- جوداوازی لە نێوان کاتی ئێستا و ڕابوردوودا:

ئا- مۆرفێمی کاتی ئێستا تەنها پێشگری (دە-)یە، بەڵام مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو پێنج مۆرفێمی جوداوازن کە بەپێی ڕەگی کردارەکە دەگۆڕێن، ئەوانیش پاشگرەکانی (ا، ی، وو، د، ت)

ب- پاشگرەکانی کەسی/ژمارە (klitik) جوداوازن:

١- لەگەڵ کردارە تێنەپەڕەکاندا:

پاشگری کەسی سێهەمی تاک لەگەڵ کردارە تێنەپەڕەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوەن:

[١١]

| کاتی ڕابوردوو | کاتی ئێستا/داهاتوو |
|---|---|
| | /C----------- et |
| ------------- Ø | |
| | /V------------ at |

خشتەی سەرەوە پێمان دەڵێت:

١- پاشگری کەسی سێهەمی تاک لەگەڵ کردارە تێنەپەڕەکاندا، لە دۆخی ئێستا/داهاتوودا دوو جۆرن:

ئا ـ ئەگەر دوا دەنگی ڕەگی کردارەکە کۆنسۆنانتێک بوو، ئەوا پاشگری کەسی سێهەمی تاک دەبێتە (ێت-): (٩)

[١١ ـ ئا]

ئازاد بۆ کورد دەسووتێت.

کاڵێ جل دەشۆرێت.

ب ـ ئەگەر دوا دەنگی ڕەگی کردارەکە ڤۆکالێک بوو، ئەوا پاشگری کەسی سێهەمی تاک دەبێتە (ات-):

[١١ ـ ب]

ئازاد دەڕوات.

کاڵێ جل دەشوات.

٢- پاشگری کەسی سێهەمی تاک لەگەڵ کرداره تێنەپەڕەکانی دۆخی ڕابوردوودا، یەکێکە لەو پاشگرانەی هەیە و دیاری نییە (zero morphem). بڕوانە ڕستە بنجی و سەرزارەکییەکانی دوو وێنەی خوارەوە بەراوردیان بکە:

[١١ - پ]

| | |
|---|---|
| ئازاد نووست. | Azd nus+t+Ø |
| نووست. | nus+t+Ø |

[١١ - ج]

| | |
|---|---|
| من نووستم | Min nust+t+m |
| نووستم | nus+t+m |

٢- لەگەڵ کرداره تێپەڕەکاندا:

ئا- بۆ کەسی دووهەمی تاک:

[١٢]

| ڕابوردوو | | ئێستا/داهاتوو | |
|---|---|---|---|
| | -t | | -it |
| کوشتت | kus-t-t | دەکوژێت | de-kuz-it |

ب- بۆ کەسی سێهەمی تاک:

[١٣]

| ڕابوردوو | | ئێستا/داهاتوو | |
|---|---|---|---|
| | | | / C---------êt |
| | i | -------- | |
| | | | / V---------at |
| پێچای | pêč-a-î | دەپێچێت | de-pêč-et |
| بردی | br-d-î | دەبات | de-be-at |

پ- پاشگری کۆی گشت کەسەکان بەم شێوەیەن:

[١٤]

| ڕابوردوو | ئێستا/داهاتوو | |
|---|---|---|
| -man | -in | کەسی یەکەمی کۆ |
| -tan | -n | کەسی دووهەمی کۆ |
| -yan | -n | کەسی سێهەمی کۆ |

هەڵبەت سینتاکس، واتە یاسای ڕستەسازی، ڕێبەریی میکانیزمی لکانی وشەکان دەکات و بەپێی یاسایەکی چەسپاو، وشەکان بەڕێزە لە شوێنی دیاریکراویاندا جێگیر دەکات. هەر بۆ نموونە یاسای ڕستەسازیی کوردی، لە ڕستە بنجییەکاندا، جێگەی کارا (subject) لە سەرەتای ڕستەدا دیاری دەکات، بەرکار (object) لە پاشیەوە دێت، ئەوجا کردار (verb) دەکەوێتە شوێنیان، واتە زمانی کوردی لەو زمانانەیە کە بە SOV ناسراون، یانی (subject+object+verb)، ئەوە یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە دیار و ئاشکراکانی زمانە هێندۆئەوروپاییەکان. دیارە ئەم یاسایە ڕستە سەرزارەکییەکان ناگرێتەوە و لەواندا یاساکە تێک دەشێوێت و خراپ قڵپ دەبێتەوە، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| (تۆ منت نووسی) | (نووسیمت) | nust-m-t<br>v. o. s. |
| (من تۆم نووسی) | (نووسیمیت) | nusi-m-it<br>v. o. s. |

هەر ئەو میکانیزمە ئەو یاسایە دەسەپێنێت، کە کارای ڕستەکە و کرداری ڕستەکە لە ڕووی کەس و ژمارەوە، هاوشان و هاوسان و گونجاو بن، بۆیە ڕێگەی ئەوە نادات ڕستەیەک دابڕێژرێت کردار یاخود کەس و ژمارەی نەبێت، یا نیشانەی کەس و ژمارەی کردار (klitik) و کاراکەی هاوجووت نەبن، چونکە ڕستەی لەو بابەتە پرینسیپی یاسای سینتاکس دەشێوێنێت و ڕستەی نەشیاو دەسازێنێت.

٣-٤- برێک گۆڕانکاریی ناچاری لە هەندەک ڕەگی کرداردا:

ئەوەی بۆ ڕوونکردنەوە و مەبەستەکەی ئێمە گرنگ بێت، ئەو گۆڕانکارییانەن کە بەسەر برێک ڕەگی کرداردا دێن و لە یاسا گشتییەکە لایان دەدەن و ئەو هۆکارانەی ئەو ئاڵۆزییە دەسازێنن و بیر و بۆچوونی هەڵە دەڕسکێنن. با بڕوانینە هەندەک لەو کردار و ڕەگانە لەم ڕستە سەرزارەکییانەی خوارەوەدا:

[١٥]

| | Vst<br>ڕەگی کردار | Tense<br>کات | (P/N)<br>کەس/ژمارە | | Tense<br>کات | Vst<br>ڕەگی کردار | (P/N)<br>کەس/ژمارە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- ئا | br | -d | -i | بردی | de- | b(e) | -at | دەبات |
| | kr | -d | -î | کردی | de- | k(e) | -at | دەکات |
| ١ - ب | mr | -d | -Ø | مرد | de- | mr | -êt | دەمرێت |
| | nar | -d | -i | ناردی | de- | när | -êt | دەنێرێت |
| ١١ - ئا | nus | -t | -m | نووستم | de- | nu | -m | دەنووم |
| | xs | -t | -î | خستی | de- | x(e) | -at | دەخات |
| ١١ - ب | bes | -t | -m | بەستم | de- | best-t | -m | دەبەستم |
| | ges | -t | -m | گەستم | de- | gez | -m | دەگەزم |
| ١١١- ئا | cu | -u | -m | چووم | de- | ç | -m | دەچم |
| | bu | -u | -o | بووم | de- | b | -êt | دەبێت |
| ١١١- ب | jū | -u | -m | جووم | de- | jū | -m | دەجووم |
| | sū | -u | -m | سووم | de- | sū | -m | دەسووم |

ئەو نموونانەی سەرەوە کە دووفاقیی هەندەک ڕەگ پێشان دەدەن، بەشێکن لە ئەلۆمۆرفی ڕەگی کرداری کوردی. ئەو دیاردەیە هەندەک جار

هۆکاری ئیدیۆسینکراتی (١٠) و هەندەک جار هۆکاری سێمانتیکیی هەیە، یاخود جارجارە هەندەک یاسای مۆرفۆلۆژیی بەرپێگرین. با سەرنجێکی دیکەی نموونەکان بدەینەوە:

[١٥ ـ ١ ـ ئا]

br -d -i بردی de- b(e) -at دەبات

kr -d -i کردی de- k(e) -at دەکات

[١٥ ـ ١ ـ ب]

mr -d -Ø مرد de- mr -êt دەمرێت

nar -d -î ناردی de- när -êt دەنێرێت

وەک دەبینین دۆخی کاتی ئێستا/داهاتووی ڕەگی کردارەکانی (دەبات، دەکات) گۆڕانێکی زەق و ئاشکرایان بەسەردا هاتووە، کۆنسۆنانتی /r/ سەری تێداچووە و لەبریتی وی بزوێنی /e/ قوت بۆتەوە و ئەویش کاتی یەکانگیربوونی لەگەڵ نیشانەی /at/ی کەسی سێهەمی تاکدا سەری تێدا دەچێت، چونکە بزوێنێ /e/ لەبەردەم بزوێنی /a/دا خۆی پێ ڕاگیرناکرێت.

ئەدی بۆچ کۆنسۆناتنی /r/ی نموونەکانی (دەمرێت، دەنێرێت) بەو دەردە ناچێت، هەرچەندە تەواو تەواو هاوجۆر و لێکچوون؟

وەک لەمەوپاش دەبینین، ئەو دیاردە مۆرفۆلۆژییە، هۆکارێکی سێمانتیکیی هەیە.

٣-٤-١- کاری کارابزر (Passive):

کاری کارابزر لە کوردیدا، بە لکاندنی مرۆفێمی (ra) بە ڕەگی کردارەکەوە، دروست دەکرێت، کە هەمانکات نیشانەی کاتی ڕابوردووشی پێکەڵپێکە و بە بڕوای من بزوێنی /a/ نیشانەی کاتەکەیە. دیارە بە لکاندنی پاشگری کەسی/ژمارە، ڕستەیەکی سەرزارەکیی کاتی ڕابوردوو دەسازێت کە شیرازەکەی بەم چەشنەی خوارەوەیە:

[١٦ ـ ئا]

V------------ (V + Af + Af)

v v

(+passive) (+Pers/Num)

(+Tense)

نووسراوم nus+ra+m

لە دۆخی ئێستا/داهاتوودا، /a/ واتە /ئا/ی نیشانەی کاتی ڕابوردووی کارابزرەکە، لە ڕێگەی پێشگری (دە)ەوە لەگەڕ دەخرێت و، بە گۆڕینی بۆ /ä/ واتە /ێ/ دەپووکێتەوە و لە کار دەکەوێت و نیشانەی کاتی ئێستا زاڵ دەبێت، چونکە بوونی دوو نیشانەی دوو کاتی جوداواز و دژ بەیەک لە کردارێکدا، هەڵتەکاندنی یەکێک لە مەرجەکانی یاسای هەڵزنانە کە پێشان دیاریمان کرد.

[١٦ ـ ب]

V--------- (Af + V + Af + Af)

(+Tense) (+Passive) (+Pers/Num)

دەنووسرێم. de + nus + rä +m

گۆڕانی لەو بابەتە لە برێک لەو کردارانەشدا هەست پێ دەکرێت کە نیشانەی کاتی ڕابوردوویان بزوێنی /a/یە و فۆنۆلۆژی ڕێگەی دەستبەرداربوونی بزوێنەکە نادات و یاسای مۆرفۆلۆژی ناچاری لەگەڕخستنی دەکات:


[١٧]

sut + a +m سووتام

de- sut + ä + m دەسووتێم

کەواتە کارابزری کردارەکانی (b -d) و (kr -d) (کرد) بەم شێوازە دەسازێن:

[۱۸]




بۆ ئەوەی دوو کۆنسوناتنی /r/ نەکەونە دووی یەک و حاڵەتێکی فۆنەتیکی گران و ناقۆڵا نەسازێت، دوو شێوا هەیە:

١- یاخود کۆنسۆناتنی /d/ دەخزێندرێتە نێوان دوو کۆنسۆنانتەکە و بەوە زنجیرەی /r+r/ دەپسێندرێت، وەک خشتەی خوارەوە پێشانمان دەدات:

[۱۹]

o--------          d/r---------r

ئەم خشتەیە پێمان دەڵێت: ئەگەر دوو کۆنسوناتنی /r/ بەدووی یەکدا هاتن، دەشێت لە هیچەوە کۆنسۆنانتێکی /d/ قوت کرێتەوە و بخزێندرێتە نێوانیانەوە.(۱۱)

٢- یاخود یەکێک لە کۆنسۆنانتەکانی لەنێودەبرێن، وەک خشتەی خوارەوە بۆمان دیار دەخات:

[۲۰]

r-----------    o/c   r-----------r

خشتەی سەرەوە پێمان دەڵێت، گەر دوو کۆنسۆنانتی /r/ لە دووی کۆنسۆناتێکی دیکەوە نیشتنە سەر یەک، دەشێت یەکێکیان لەنێوبەرێن.

کەواتە بە یەکێک لەو دوو یاسایە، ڕێگە لەوە دەبەسترێتەوە کە دوو کۆنسۆنانتی /r/ بکەونە دووی یەکدی، بەڵام لەم حاڵەتەدا تەنها یاسای دووهەم وەبەردەگیرێت:

[۲۱]

بررام br -ra -m ---------- br -Øa -m برام

کررام kr -ra -m ---------- kr -Øa -m کرام

ئێستاکە هەوڵ دەدەین یاسای (دەنووسرێم) بۆ نموونەکانی ژمارە (دەبات، دەکات) بەکاربهێنین:


[۲۲]

de- br -rä -êt دەبرڕێت

de- kr -rä -êt دەکرڕێت

گەر بێت و بەپێی یاسای [۲۰] یەکێک لە کۆنسۆنانتە /r/ەکان لەنێو بەرین و هەردوو بزوێنی /ä/ و /e/ خۆبەخۆ لەیەکدا بتوێنەوە، چونکە هەردووک یەک حاڵەتی فۆنەتیکییان هەیە، ئەو دەمە دەبینین کارابزری کارەکە ئاوهای لێ دێت:

[٢٣]





گەر ڕەگی کردارەکانی (بردن) و (کردن) گۆڕانکارییان بەسەردا نەیەت و هەر بە (br) و (kr) بمێننەوە، کە دۆخی ئێستا/داهاتوومان لێ دارِشتن، ئەو دەمە دەبینین چ سەرلێشێوانێک دەسازێن و دەزانین ئەو گۆڕانکارییەی بەسەریاندا هاتووە چۆن ژێربێژی و ناچاری سەپاندوونی.

وەک پێشان گوتمان، مۆرفێمی کەسی/ژمارە بۆ کەسی سێهەمی تاک، بۆ ڕەگێک کە بە کۆنسونانت کۆتایی‌ی هاتبێت پاشگری (-ێت)ە، بەڵام بۆ ڕەگی بە بزوێن کۆتایی هاتوو (-ات)ە.

کەواتە گەر ڕەگەکە گۆڕرانی بەسەردا نەیەت، دۆخی ئێستا/داهاتووی ئاوهای لێ دێت:

[٢٤]




وەک دەبینین، چ لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و چ لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە، هەست بە هیچ جوداوازییەک لە نێوان دوونموونەی پێشوودانناکرێت، هەرچەندە لە گۆشەنیگای سێمانتیکەوە هێجگار لێک دوور و جوداوازن. تا ئەو ئاڵۆزییە نەسازێت، ئەو گۆڕانکارییە لە ڕەگەکەدا دەسەپێت، دەنا گوێگر یاخود خوێنەر ناتوانێت تێ بگات مەبەست کارابزرە یا کاتی ئێستای کەسی سێهەمی تاک، بۆیە ڕەگەکان لە (kr, br)ەوە دەبنە ------ (ke, be).


کەواتە وەک دەبینین، شێوازی گەردانی ئاسایی‌ی ڕەگی کردارەکانی (بردن) و (کردن)، بە هۆی شیرازەی دارِشتنی کارابزرەوە بەری پێ گیراوە و هەڵشێوێنراوە.

لێرەدا پرسیارێکی بەجێ خۆ دەسەپێنێت: وا کۆنسۆنانتی /r/ سەری تێدا چوو، ئەدی ئەو بزوێنی /e/یە بۆچ قوت دەبێتەوە؟

ڕەنگە خوێنەر یەکەوڕاست وا بیر بکاتەوە کە هۆکارێکی فۆنۆلۆژیی ڕووت لە پشت ئەو گۆڕانکارییەوە بێت، بەڵام گەر بەهێوری تێی بڕوانین، دەبینین گەر بۆ کرداری (کردن) ئەو لێکدانەوەیە ڕاست بێت، ئەوا بۆ کرداری (بردن) هۆکاری سێمانتیکی و مۆرفۆلۆژیشی دێتە پاڵ و جارێکی دی ڕەگی کردارەکە بەو دەردە دەبەن.

تۆ بڕوانە، گەر ڕەگی کردارەکە هەر بە لە دەست دانی کۆنسۆنانتی /r/ داکەوێت و تەنها کۆنسۆنانتی (b) وەکی ڕەگی کردار بمێنێتەوە، ئەو دەمە دۆخی ئێستا/داهاتووی کرداری (بردن) ئاوها دەنوێنێت:

[٢٥]




-in
-n
-n

وەک دەبینین، ئەوە دەکاتە دۆخی ئێستا/داهاتووی کرداری (بوون) و خوێنەر دەخاتە گێژاوەوە، نازانێت داخۆ قسەکەر مەبەستی (بوون)ە یاخود (بردن). بۆیە بزوێنی /e/ لە پاڵ ڕەگی کردای (بردن)دا قوت دەبێتەوە و لەو سەرەگێژەیەش قوتارمان دەکات.

نموونەکانی (دەمرێت، دەنێرێت) پشتگیریی ئەو بانگاشەیەی پێشوومان دەکەن، چونکە نەگۆڕرانی ڕەگەکانیان هیچ سەرەگێژەیەک ناسازێنن، بۆیە هەروەک خۆیان دەمێننەوە. با سەرنجێک لەو نموونانەش بدەین: بەر لە هەر شتێک بۆ ئەوەی بتوانین کارابزر لە کرداری (مردن) داڕێژین، دەبێت کارەکە لە تێنەپەڕەوە بکەینە (Kausativ)،(١٢) چونکە تەنها ئەو کردارانەی شێوازی تێپەڕیان هەیە، دەتوانرێت کاری کارابزریان لێ داڕێژرێت. کرداری تێنەپەڕی کوردی، بە هۆی پاشگری (-اندن)ەوە دەکرێتە کاوزاتیڤ:

[٢٦]




بۆ مەبەستی ئێمە لێرەدا یاسای (دەنووسرێم) گرنگە، کە ڕستەیەکی سەرزارەکیی ئاوهای لێ دەکەوێتەوە:

[٢٧]


دەمرێندرێت

دەنێررێت

هەڵبەت لە هەردووک نموونەکەدا بزوێنەکانی /e/ و /ä/ کە لە ڕووی فۆنەتیکییەوە هەر یەکن (١٣) خۆبەخۆ لەیەکدا دەتوێنەوە. دیارە دەبێت ئەوەش ئاشکرا بکەم، کە لە نموونەی دووهەمدا، نە دەتوانن و نە پێویستیش دەکات هیچ یەک لە کۆنسۆنانتەکانی /r/ سەریان تێدا بچێت. ناتوانن، چونکە بە لە دەست دانی یەکێکیان شێوازی کارابزر لە کردارەکە دەسڕێتەوە. پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی کەوتوونە دوو بڕگەی جوداوازەوە و زنجیرەیەکی نەپساوە پێک ناهێنن و گۆکردنیان ئاسانە.

ئەوجا با لە نموونەکانی (دەنووم، دەخات) و (دەبەستم، دەگەزم) بڕوانین و بزانین لەگەڵ لێکچوونی تەواویشیاندا، بۆچ ڕەگی کردارەکانی دەستەی یەکەم بۆ دۆزی ئێستا/داهاتوو دەگۆڕرێن و ئەوانەی دەستەی دووهەم هەروەک خۆیان دەمێننەوە:

[١٥ـ II ـ ئا]



وەک دەبینین، لەو دوو دەمکاتەدا، ڕەگی کردارەکان گۆڕرانێکی ئاشکرایان بەسەردا هاتووە، دەبێت هۆی چ بێت؟
با سەرەتا سەرنجێکی کرداری (نووستن) بدەین و لەگەڵ هەردوو دەمکاتی ئێستا و ڕابوردووی کرداری (نووسین)دا بەراوردێکی بکەین، دۆخی ڕابوردووی هەردووکیان ئاوهایە:

[٢٨]

nus -t -m نووستم

nus -î -m نووسیم

وەک دەبینین ڕەگی کردارەکان خشت وەک یەکن، تەنها دوو نیشانەی کاتی ڕوبوردووی جوداوازیان هەیە. گریمان ڕەگی هیچ یەکێکیان گۆڕرانی بەسەردا نایێت، ئەو دەمە دۆخی ئێستا/داهاتووی هەردووکیان ئاوها دەنوێنن:

[٢٩]

de- nus -m * (گوایە مەبەست "دەنووم"ە)

de- nus -m دەنووسم

ئەوجا دوو کرداری جوداواز، دوو شیرازەی پڕاوپڕ وەک یەکی لێ دەکەوێتەوە، کە لە ڕووی فۆنۆلۆژی و سێمانتیکەوە هەست بە هیچ جوداوازییەک ناکرێت و ئالۆزییەک لە واتادا دروست دەکات. ئەمە هۆی ئەو گۆڕانکارییەیە کە بەناچاری دەبێت بەسەر ڕەگی کرداری (نووستن)دا بێت و کۆنسۆنانتی /s/ لە دەست بدات، دەنا ناتوانین بزانین داخۆ مەبەستی بێژەر (نووستن)ە یاخود (نووسین).
کەواتە:

[٣٠]

نووستم nus -t -m    de- nu -m دەنووم

نووسیم nus -i -m    de- nus -m دەنووسم

دەبا ئەوجا سەرنجێکی کاری (خست) بدەین، دەبینین ئەمیش ڕەگەکەی لە دۆخی ئێستا/داهاتوودا کۆنسۆناتی /s/ی لە دەست داوە و بزوێنی /e/ لە جێگەی هەڵتۆقیوە. بڕوانە گەر ڕەگەکەی نەگۆڕرابا ئەو دەمە کردارەکە چۆنی دەنواند:

[٣١]

xs -t -m    * de- xs -m

xs -t -t    * de- xs -it

xs -t -i    * de- xs -et

لە هەر سێ نموونەکانی کاتی ئێستا/داهاتوودا، کۆنسۆنانتە /s/ە دەنگە کپەکەی ڕەگەی کردارەکە، کە کەوتە نێوان دوو کۆنسۆنانتی دەنگکپەوە، یاخود کە کەوتە نێوان کۆنسۆنانتێکی دەنگکپ و بزوێنێکەوە، دەبێت خۆی بە کۆنسۆنانتێکی دەنگدار بگۆڕێت:

[٣٢]

s---------- z/c----------- c & v

(کپ) (کپ)

ئەو دەمە دۆخی ئێستا/داهاتووی کردارەکە ئاوهای لێ دێت:

[٣٣]

de- xz -m * دەخزم

de- xz -it * دەخزیت

de- xz -et * دەخزێت

لێرەدا لە ڕووی فۆرمەوە هەست بە هیچ جوداوازییەک ناکرێت لەگەڵ کردای (خزین)دا، بۆیە تەنها چارەسەر بۆ قوتاربوون لەو سەرلێشێوانە،

گۆڕینی ڕەگی یەکێک لەو دوو کردارەیە و بەو هۆیەوە ڕەگی کرداری (خستن) بەو دەردە دەچێت.
لەم گۆڕان و گۆڕانکاریانەدا، نموونەکانی (دەبەستم، دەگەزم) لە گشتیان سەرنجراکێشترن. با بەهوردی لە نموونەکانی بڕوانین:

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەستم | bes -t -m | de- bes-t -m | دەبەستم |
| گەستم | ges -t -m | de- gez -m | دەگەزم |

ئەمجارە ڕەگی کرداری (بەستن) لە ڕێگەی لە دەست دانی کۆنسۆنانتێکەوە نەگۆڕراوە، بەڵکە لە ڕێگەی هەڵتۆقینی، یاخود دەست پێوەگرتنی کۆنسۆنانتی /t/ەوە گۆڕراوە. ئەمەیان بۆ؟
گەر ئەو کۆنسۆنانتە نەبێت، کۆنسۆنانتی /s/ی ڕەگی کردارەکە، بێ سایە و پەنا دەمێنێتەوە و لەبەردەم زریانی گۆڕرانە فۆنۆلۆژییە ناچارییەکاندا، خۆی پێ ڕاگیر ناکرێت. وەک کۆنسۆنانتێکی کپ لە نێوان ڤۆکالێک و کۆنسۆنانتێکی کپدا، دەبێت ببێتە کۆنسۆنانتێکی دەنگدار، ئەو دەمە ئاوهای لێ دێت:

[٣٤]

bes -t -m   * de- bes -m ----------- * de- bez -m

بەستم   دەبەزم

هەڵبەت ئاشکرایە مانەوەی ڕەگەکە ئا بەو شێوازە، چ سەرلێشێوان و تێکەڵوپێکەڵییەک دەگەڵ دۆخی ئێستا/داهاتووی کرداری (بەزین)دا دەسازێنێت. بەڵام چونکە کرداری (گەستن) ئەو مەترسییەی لەسەر نییە، ئەو ڕەگگۆڕینەشی پێویست نییە.
کە لە نموونەکانی (دەچم، دەبێت/دەچووم، دەسووم) دەڕوانین، بڕێک هۆکاری دیکەمان لا ئاشکرا دەبن:
ئا-

de- c -m   دەچم   cu -u -m   چووم
de- b -m   دەبم   bu -u -m   بووم

ب-

de- ju -m   دەجووم   ju -u -m   جووم
de- su -m   دەسووم   su -u -m   سووم

باشە بۆ کردارەکانی نموونەی (ب) ڕەگەکانیان هیچ نەگۆڕراوە؟ ئەی بۆ بزوێنی /u/ی نیشانەی کاتی ڕابوردوویان لە دۆخی ئێستا/داهاتوودا لە دەست نەداوە؟ ئایا ئەمە دژ وەستاندنەوەی یەکێک لە مەرجەکانی یاسای هەڵزنان نییە کە سەرەتا دەستنیشانمان کرد؟ ئەدی کەوایە، بۆچ نموونەکانی (ئا) نیشانەی کاتی ڕابوردوویان لە دەست داوە؟
جوداوازی لە نێوان نموونەکانی (ئا) و (ب) لەوەدایە، کە نموونەکانی (ئا) کرداری تێنەپەڕ و نموونەکانی (ب) کرداری تێپەڕن. گەر نموونەکانی (ئا) ڕەگەکانیان نەگۆڕن، ئەو دەمە کاتی ئێستا/داهاتوویان ئاوها دەنوێنێت:

[٣٥]

çu -u -m   * de- çu -m
bu -u -m   * de- bu -m

وەک دەبینین ئەوە نەیکردە دۆخی ئێستا/داهاتوو، بەڵکە ئەمە ئەو دەمکاتەیە کە بە ڕابوردووی ئیحتیمالی (Konjunktiv) ناو دەبرێت.

٣-٤-٢- داڕشتنی دۆخی ڕابوردووی ئیحتیمالی (Konjunktiv):

وەک پێشان لە یاسای هەڵزناندا دیاریمان کرد، بە شێوەیەکی گشتی دوو نیشانەی دژ بەیەک پێکرا ناچنە سەر کردارێک، بەڵام بە

پێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری زمانەکانی دیکەوە، زمانی کوردی لە دوو نیشانەی پێچەوانە و دژەیەکی وەک ئێستا و ڕابوردوو، دۆخ و دەمکاتێکی دیکە دەسازێنێت، ئەویش دەمکاتی ئیحتمالییە. واتە کردارەکە هەم پێشگری کاتی ئێستای دەچێتە سەر و هەم پاشگری کاتی ڕابوردوو، ئا ئەو کێشە و دژایەتییە، دۆخی ئیحتیمالیی لێ دەکەوێتەوە.

لە دۆخی ئیحتیمالیدا، پاشگری کەسی/ژمارە (کارای ڕستەکە) جوداوازی لە نێوان کردارە تێپەڕ و تێنەپەڕەکاندا دەکات. بەو پێیە، پاشگری کەسی، لەگەڵ کردارە تێنەپەڕەکاندا دووی نیشانەی کاتە ڕابوردووەکە دەکەوێت و لەگەڵ کردارە تێپەڕەکاندا دووی نیشانەی کاتی ئێستا دەکەوێت:

[٣٦]

ئا:

de- cu -u -m دەچووم

de- nus -t -m دەنووستم

ب-

de- -m jū -u دەمجوو

de- -m nus -i دەمنووسی

دەتوانین شیرازەی نموونەکانی پێشوو بەم شێوازە دارێژین:

[٣٧]

a. Konjunktiv: (Af + V + Af +Af)

(+present) (+intr.) (+past) (+P/N)

(کەس/ژمارە) (ڕابوردوو) (تێنەپەڕ) (ئێستا/داهاتوو)

b. Konjunktiv: (Af + Af + V +Af)

(+present) (+P/N) (+tr) (+past)

با بگەڕێینەوە سەر وەرامی پرسیارەکانمان دەربارەی نموونەکانی (دەچم، دەبێت، دەچووم، دەسووم)

گشت کردارەکانی وەکی (چوون)، (بوون)، (سوون)، (جوون)، (گروون)، (فەرموون)، (دروون)، لە دۆخی ڕابوردوودا دوو بزوێنی /u/ لە هەناویاندایە، یەکێک وەک بەشێک لە ڕەگی کردارەکە، یەکێکی دی وەک نیشانەی کاتی ڕابوردوو.

ئەو بزوێنی /u/ەی نموونەکانی (دەچووم، دەسووم) لە دەمکاتی ئێستا/داهاتوودا دەستیان پێوەگرتووە، ئەوە بەشێکە لە ڕەگەکە و نیشانەی کاتی ڕابوردوو نییە و دژی پرینسیپی یاسای هەڵزنان ناوەستێتەوە. تەنها نموونەکانی (دەچم، دەبێت) لە دەمکاتی ڕابوردوودا ڕەگەکانیان گۆڕراوە، بزوێنی /u/ی ڕەگەکەیان لە دەست داوە تا تووشی سەرگێژەمان نەکەن و دەگەڵ دۆخی ئیحتیمالیی نموونەکانی (دەچووم، دەنووستم)دا لێمان نەئاڵۆزێت.

٤- سەرئەنجام:

١- هیچ ڕستەیەک بێ کردار و هیچ کردارێک بێ کات و هیچ کاتێک بێ نیشانە نابێت.

٢- ئەوەی تا ئێستا بە هەڵە نێوی ڕەگی چاوگی لێ نراوە، قاڵبی دەمکاتی ڕابوردووی کردارەکەیە. کاتی ڕابوردوو لە ڕەگی کردار و نیشانەی کاتی ڕابوردوو دادەڕێژرێت. نیشانەی کاتی ڕابوردوو ئەو تیپانەن کە پێش (ن)ی چاوگ دەکەون و پێنج تیپی جوداوازن. لێکسیکۆی زمانەکە ڕێنمایی ئەوە دەکات کە هەریەک لە نیشانەکانی کاتی ڕابوردوو، بە ڕەگی کرداری شیاو و گونجاوی خۆیەوە بلکێت. بۆ نموونە ڕەگی کرداری (گر) تەنها نیشانەی /ت/ی لەگەڵدا دەگونجێت و ناشێت و نابێت پاشگری /د/ یاخود پاشگری /و/ یاخود پاشگرێکی دیکەی پێوە بلکێت. ئیدی بەو جۆرە.

٣- هەر دیاردەیەک لە زماندا هۆکارێک و هەر هۆکارێک یاسایەکی لەپشتەوەیە. بەو پێیە دیاردەی لە یاسالادانی هەندەک ڕەگی کردار، وەک پێشتر ڕوونمان کردەوە، کۆمەڵێک هۆکاری خۆی هەیە و ژێربێژی سەپاندوونی.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- دەقی ئەم گوتارەم لەو کۆڕەی سلێمانیدا پێشکەش کرد، کە ڕۆژی ١٩٩٢/٩/١٧ یەکێتیی نووسەرانی کورد-لقی کەرکووک، لە یانەی ئەزمڕ بۆی سازکردم. ئەم گوتارە لاباسێکی زۆر کورتە لەو سەرباسانەی لە کارنامەی دۆکتۆرییەکەمدا (هەندەک بابەتی وشەسازیی کوردی) لێی کۆڵیومەتەوە و ساڵی خوێندنی ١٩٩١-١٩٩٢ لە زانستگەی سالزبورگ پێشکەش کراوە. کارنامەکەم لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییانەی دوور لەو ڕێبازە کلاسیکانەیە کە تا ئێستا بۆ تۆژینەوەی زمانی کوردی گیراوەتە بەر. هەوڵم داوە لەبەر ڕۆشنایی‌ی تیۆرییەکانی ئەو شارێچکە بەشۆرەتی بە (Transformation Generative Grammar) ناسراوە و ئەو ڕێبازە جوداوازانەی لێی کەوتۆتەوە، لایەنەکانی وشەسازیی زمانی کوردی بتۆژمەوە.

٢- تکایە بڕوانە کتێبی (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی)، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٦ و پوختەی ئەو نووسینانەی لەم بوارەدا بۆ خوێنەر ڕاگوێزراون.

٣- لە ڕاستیدا (دەنووم) یاخود (نووستم) چیدی کار نین، بەڵکە ڕستەن. ئەو جۆرە ڕستانەن کە لە زانستی زماندا ڕستەی سەرزارەکییان پێ دەڵێن. بەرامبەرەکەیان ڕستەی بنجین وەک (من دەنووم) یاخود (من نووستم) کە لە بەرکار (Subject) و کار (Verb) و ڕاناوی لکاو (Klitik)ێک پێک دێن. هێندە هەیە زمانی کوردی وەک هەندێک زمانی دیکە، بۆ نموونە زمانی ئیتالی، ڕێگەی لابردنی بەرکارەکە دەدات، چونکە ڕاناوە لکاوەکە خۆی بە تەنها دەتوانێت گوزارە لە کەسایەتیی بەرکارەکە بکات: دەنوویت=تۆ دەنوویت
نووست=ئەو نووست.

ڕەنگە خوێنەری زیت لێرەدا لێم ڕاپەڕێت و بڵێت لە ڕستەی سەرزارەکیی (نووست)دا ڕاناوی لکاوی تێدا نییە و لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی لابردنی بەرکارەکەی دراوە. لە وەرامدا دەڵێم لە ڕستەی (نووست)یشدا ڕاناوی لکاو هەیە، بەڵام بەدەر ناکەوێت، چونکە ڕاناوی لکاوی کەسی سێهەمەی تاک لەگەڵ کردارە تێنەپەڕەکانی کوردیدا، ئەو جۆرە ڕاناوانەن کە لە زانستی زماندا (zero morphem)یان پێ دەڵێن، واتە هەن بەڵام دیاریان نییە و سفرن و نیشانەی Øیان بۆ دانراوە.

تۆ نووستیت Nus -t -it = To nus -t -it نووستیت

ئەو نووست Nus -t -Ø = Ew nus -t -Ø نووست.

Selkirk, E., 1982: "The Syntax of the Words.", Cambridge, Mass. 4-

Aronoff, M., 1976: "Word Formation in Generative Grammar.", MIT Press, Cambridge, Mass. 5-

٦- ئەو وشە و ڕستانەی ئەم نیشانەی ئەستێرەیەیان (*) لە پێشەوە بێت، یانی هەڵە و ناقۆڵا و نەشیاون.

Lieber, R., 1980: "On the Organization of the lexicon." Diss. Massachusetts Institute of Technology. -7

٨- جەمال نەبەز: زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ١٩٧٦، ل٤٤.

هەروەها بڕوانە: "ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی." کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٧٦، ل ٢٠١.

٩- لێرەدا دەبێت دیاردەی نیوەبزوێنەکانی /w/ و /y/ کوردی لە یاد نەکەین. ئەمانەیش گەر کەوتنە کۆتایی‌ی ڕەگەکانەوە. وەکی کۆنسۆنانت حسێبیان بۆ دەکرێت و ڕەگەکە پاشگری کەسی سێهەمی /et/ی پێوە دەلکێت نەک /at/. بۆ نموونە بڕوانە کردارەکانی (خەوتن) و (کەوتن) و (گریان):

de- xew -êt دەخەوێت

de- kew -êt دەکەوێت

de- gry -(êt) (دەگری) دەگریێت

١٠- ئیدیۆسینکرات بەو حاڵەتە بێژووە ناچاوەڕوانکراوەی وشەکە دەگوترێت کە لادانە لە یاسا گشتییەکە و پێشبینی ناکرێت و ئیدی وشەکە دەقی پێوە گرتووە، بەو هۆیەوە ئەو وشانە دەبنە وشەیەکی فەرهەنگی و جێگەیان لێکسیکۆی زمانە.

Bynon, Th., 1977: "Historische linguistik", Dt. Ausgabe, München, 1981, Beck Verlag. 11-


١٢- (Kausative) کاوزاتیف کە وشەیەکی لاتینییە، بەو جۆرە کردارانە دەگوترێت کە لە بنەڕەتدا تێنەپەڕن، بەڵام بە هۆی ئامرازێکەوە تارای تێپەڕیان بەسەردا دەدرێت. لە کوردیدا پاشگری ( ـ اندن) پراوپڕ بەو ئەرکە هەڵدەستێت.


١٣- بۆیە هەندەک بزوێنی /ێ/م لە برتی /e/ بە /ä/ نووسیوە، تا خوێنەر بزانێت ئەوانە لە بنەچەدا /a/، واتە /ا/ بوون و بە تاوی پێشگری (de-) (دە-)ی کاتی ئێستا/داهاتوو بوونەتە /ێ/.


# پێشانگەی پۆستەری ئاشتی


## دژی شەڕی نێوخۆ لە کوردستان

سلێمانی ١٦-٦-١٩٩٤          هانۆڤەر ٧-١٠-١٩٩٤




















**سلێمانی - گۆڕەپانی سەرا ١٩٩٤/٦/١٦**

١- ئاكۆ غەریب
٢- ئاراس حەسەن
٣- ئەحمەد نامۆ
٤- ئاكام عومەر
٥- ئاشنا ئەحمەد
٦- بورهان ئیسماعیل
٧- بەختیار مستەفا
٨- بەختیار قەراغی
٩- بێگەرد حەسەن
١٠- حەسیب لەتیف
١١- حكمەت هندی
١٢- حەسیبە قەراغی
١٣- حامد محەمەد
١٤- حسین دارتاش
١٥- خالد رەسول
١٦- خۆشی سنوی
١٧- خالقی
١٨- خەسرەو حسین
١٩- دلشاد عەلی
٢٠- دلشاد بەرزنجی
٢١- دیاری محەمەد
٢٢- هیوا كەریم
٢٣- زاهیر سدیق
٢٤- تریفە ئەنوەر
٢٥- سیروان بەكر
٢٦- سەرەر عومەر
٢٧- سەلام عومەر
٢٨- سەمیرە خوارەحم
٢٩- سەیران عوسمان
٣٠- سەرچڵ شەوقی
٣١- سوبحی بوترس
٣٢- حسین عەبدوڵا
٣٣- عوسمان لەتیف
٣٤- فەتحوڵا كەریم
٣٥- كاروان كابان
٣٦- كوێستان جەمال
٣٧- كامەران كارگەچی
٣٨- كوردو حەمەعەلی
٣٩- گوران بابەعەلی
٤٠- محەمەد فەتاح
٤١- محەمەد سەلیم
٤٢- مەریوان عەبدوڵا
٤٣- لەیلا بانەیی
٤٤- نوخشە رەحیم
٤٥- نیاز فەتحوڵا
٤٦- رەوف حەسەن
٤٧- رزگار ئەمین
٤٨- رێبوار محەمەد
٤٩- رازاوە موعتەسەم
٥٠- شێركۆ رەوف
٥١- تەها عەلی
٥٢- تەها ئەحمەد









یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتوی کوردستان


کۆمیتەی کوردەکان - هانۆڤەر

**پیشانگای پۆستەری ئاشتی**

دژی شەڕی نێوخۆیی کوردستان

**سلێمانی ١٩٩٤/٦/١٦** **هانۆڤەر ١٩٩٤/١٠/٧**









# ویلیام سارۆیان William Saroyan

## یەگیشە چارێنتز، مشکەکانی هاوڕێمان، دیکران سارۆیان

فەرهاد شاکەلی لە ئینگلیزییەوە کردوونی بە کوردی و پێشەکیی بۆ نووسیون



سارۆیان یەکێکە لە نووسەرە گەورە و ناودارەکانی ئەمریکای ئەم سەدەیە و بەرهەمەکانی بە شێوەیەکی فراوان لە دنیادا بڵاوبوونەتەوە و وەرگێڕدراونەتە سەر گەلێ زمان. ویلیام سارۆیان لە ۱۳ی ئاگوستی ۱۹۰۸دا لە فرێسنۆ، کالیفۆرنیا، لە دایک بووە و ڕۆژی ۱۸ی مایس (مای)ی ۱۹۸۱ هەر لە فرێسنۆ مردووە.

سارۆیان کوڕی ڕەزەوانێکی ئەرمەنیی ئەمریکا بوو، کە پێشتر قەشەی پرۆتستانت بوو. بنەماڵەی سارۆیان لە بنەچەدا ئەرمەنیی کوردستانن و خەڵکی شاری بتلیسن. لە هەندێ چیرۆکدا باسی کورد دەکات و لە یەکێ لە کتێبەکانی بیرەوەریی خۆیدا بە جۆرێک باس لە کورد و گۆرانیی کوردی دەکات کە دەبێ زمانی کوردییشی کەمێک زانیبێ. بە هۆی مردنی باوکیەوە سارۆیان ناچار بوو چەند ساڵێکی تەمەنی منداڵیی لە هەتیوخانەیەکدا لە ئالامێدا بباتە سەر. کە بوو بە حەوت ساڵان لەگەڵ دایکیدا گەڕایەوە بۆ فرێسنۆ و لەوێ هەر تا پۆلی نۆیەمی خوێند. دوای وازهێنانی لە خوێندن هەر جارەی کارێکی دەکرد تا بوو بە بەڕێوەبەری دایەرەی پۆست و تەلەگراف لە سان فرانسیسکۆ. لە سەرەتای سییەکاندا هەندێ وتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردەوە و ساڵی ۱۹۳۳ یەکەمین کورتەچیرۆکی خۆی لە گۆڤارێکدا بڵاوکردەوە و نازناوی سیراک گۆریان ـ ی بەکار هێنا لەباتی ناوی خۆی.

سارۆیان لە ساڵی ۱۹۳٤دا ناوبانگێکی گەورەی وە دەست هێنا بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی "لاوە بەجەرگەکەی سەر پەتی تەنافبازی"، کە باسی نووسەرێکی لاوی هەژار بوو لە کۆمەڵگەیەکی پەرێشاندا. ئەم ناونیشانە سەرنجراکێشە هەر زوو بوو بە نازناو بۆ نووسەر خۆی و بەرهەمەکانیشی لەپەسادا لە گۆڤارە گەورە و ناودارەکاندا بڵاودەکرانەوە و لە کتێبدا سەرلەنوێ چاپ دەکرانەوە.

سارۆیان بوو بە خاوەنی شێوازێکی تایبەتی و بەم جۆرە لە ناوەندی هونەرەکەدا مایەوە؛ بابەتەکانی لە ژیانی منداڵیی خۆی لەناو خاوەن باخە ئەرمەنییەکانی ئەمریکا لە دۆڵی سان جواکین یا لە هەوڵ و تەقەلای خۆی وەک نووسەرێکی لاو


له سان فرانسیسکۆ هەڵدەهێنجا.

لەم بوارەدا بەرهەمێکی زۆری نووسی و له چیرۆکی پێوەستەدا باش پێش کەوت و چاکترینیان چیرۆکی "ناوی من ئارامە" بوو (١٩٤٠) کە بە شێوازێکی شاعیرانە ژیانی منداڵیی خۆی و لەگەڵیشیدا ژیانی ئەرمەنییەکانی ئەمریکا دەگێڕێتەوە.

ئەدەبەکەی سارۆیان هێندێ جار له ئەدەبی ناتورالیستەکان دەچێ کە لەو قۆناغەدا باو بوو، بەڵام بەوە جیا دەکرێتەوە کە باوەڕێکی بتەوی بە لە زەوتکردن نەهاتوویی و پیرۆزیی تاکەکەس هەیە. کە سارۆیان بۆ مانەوە (وراثە)ی لە پێش ژینگە و دەوروبەر دادەنا، ئەمە هەر بە غەریزە لەوەوە هاتبوو کە لە ناو کۆمەڵێکدا گەورە بووبوو، کە خووڕەوشت و نرخ و زمانی خۆیان لە زێدی خۆیانەوە بۆ ئەم وڵاتە گواستبۆوە. خەمی لە وتن نەهاتووی ئەم کۆچەرانە و باوەڕی پتەویان بە هێژاییی ژیان لە دروستکردنی نووسەری لاودا گرنگ بوون. بە تێکەڵبوونی ئەمە لەگەڵ ڕۆحی گەرم و چالاکی ئەودا، ئەو چۆنایەتیی خەیاڵە بێوێنەیەی پێک هێنا کە بە "سارۆیانئاسا" ناوی دەرکرد.

شانۆی سارۆیانیش لە سەرچاوەی شەخسییەوە سەری هەڵداوە. ئەو یەکەمین شانۆنامەنووسی ئەمریکایی بوو کە بیری نەریتانەی ناکۆکی وەک گەوهەری شانۆی خستە لاوە و شانۆی کەیفی دروست کرد. یەکێ لە دیارییە هەرە چاکەکانی بۆ تەختەی شانۆی ئەمریکا ئەو کەسایەتییەیە کە تاڵوشیرینیی تەنیابوونی ئەمریکاییی لە وڵاتی بێگانە لە دایک بوو، بێ لە بەرچاوگرتنی ئەسڵوفەسڵی، بەرجەستە دەکات. "دڵم لەو شاخانەیە" و "کات و سەردەمی ژیانت" شانۆنامەی هەرە ناسراوی ئەون. بۆ ئەمەی دووەمیان خەڵاتی پولیتزەری پێ بەخشرا، بەڵام سارۆیان قەبووڵی نەکرد.

لە ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانیدا دەستی کردە نووسینی بەرهەمی دوورودرێژتر. کۆمیدیی مرۆڤانە (١٩٤٣)، کە لە بنەڕەتدا زنجیرە چیرۆکێک بوو، لە ساڵانی شەڕدا برەوێکی زۆر سەیری هەبوو و کرایە فیلمێکی



سەرکەوتوو. کۆمەڵە چیرۆکی "ئاسوورییەکە و چیرۆکی دیکە" (١٩٥٠) و "مەسەلەیەکی پێکەنینهێنەر" (١٩٥٣) جۆرە ڕەمزبازییەکیان تێدایە لە چوارچێوەی چیرۆکی واقیعیدا. ناوەڕۆکی ئەم دوو بەرهەمە بە ئاشکرا ژیننامەن. ساڵی ١٩٥٢ سارۆیان کتێبی "پاسکیلئاژۆکەی گردەکانی بیڤەرلی"ی بڵاوکردەوە. ئەمە یەکەم کتێب بوو لە کۆمەڵە کتێبێک، کە بۆ بیرەوەرییەکانی خۆی تەرخانی کردن. ساڵ لە دوای ساڵ سارۆیان چالاکتر دەبوو، تا وای لێ هات هەر ساڵێ کتێبێکی بڵاودەکردەوە. چاکترین کتێبی ئەم ماوەیەی "کوڕان دێن و دەڕۆن و دایکان هەتا هەتایە دەمێننەوە" بوو (١٩٧٦). سارۆیان تا لە بیرەوەری نێزیکتر دەبووەوە شتی جوانتر و بەپێزتری دەنووسی.

# یەگیشە چارێنتز

لە ئوتێلەکەی تۆ، ئوتێل مێترۆپۆل لە مەیدانی سوور، لە مۆسکۆ، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٥دا، چاومان بە یەکدی کەوت، من هێشتا بیستوحەوت ساڵانی تەواویش نەبووم و تۆیش لەوانەیە سیوحەوت بووبێتی، پیاوێکی بچکۆلەی سفت، بە لووتێکی گەورەی هەڵۆیانەوە، چاوانی ڕەش و بزێو کە دیسانیش ئارام و بەکەیف بوون و دەنگێکی گەرمی قووڵ ؛ گەورەترین شاعیری ئەرمەنستان.

بەڵێ، ئێستا، ئەوا سیودوو ساڵ لەوەو دوایە.

ساڵی ١٩٦٠ بیستم کە ساڵی ١٩٣٧، دوو ساڵ دوای ئەوەی چاومان بە یەک کەوت، لە یەریڤان بەند کرابوویت. ئەو کۆکایینەی کە ماوەیەکی زۆر پێی ژیابوویت لێت سەندرابووەوە، و لەبەر ئەوە و بێگومان لەبەر گەلێ هۆی دیکەی کە خەڵکی دیکە نایزانن، یا ئەگەریش زانرابن بڵاونەکراونەوە، کۆتاییت بە ژیانی خۆت هێنا، وا دەزانرێ، بەوەی سەر بکێشی بە دیواری بەردینی ژووری زیندانەکەتدا. ئەمە جۆرێ خۆکوشتنە وا پێ دەچێ ئیمکان نییە مرۆ بتوانێ جێبەجێی بکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیمکانی نییە، یا تۆ بە شێوەیەکی دیکە مردوویت. نازانم. ساڵی ١٩٦٠ لە یەریڤان پێیان وتم کە تۆ کارەکەت بەو جۆرەی باسم کرد جێبەجێ کردووە.

چارێنتز، دۆستەکەم، ئەرێ ئێمە چیمانە؟ شاعیران ناڵێم، نووسەران ناڵێم. ئێمەی ئەرمەنی چیمانە؟ یا هەموو شتەکە جۆرێ خەیاڵە و ئەرمەنییەکان ئەرمەنی نین، هەر یەکێکیان هەر ئەو کەسەیە کە هەیە و ئەوەش کۆتاییی شتەکەیە؟ ئایا دەشێ ئێمە بە ناو ئەو هەموو مێژووەدا بە نەزانی ڕۆیشتبین، نەک تەنیا لەبارەی خۆمانەوە، بەڵکە لەبارەی هەموو کەسێکەوە، لەبارەی هەموو نەتەوەکانەوە، هەموو گەلان، هەموو خێڵەکان ـ لە ڕووی ئێتنیکەوە، وەک گشت کەسێ لەم ڕۆژانەدا لە ئەرمەنستان دەیڵێت و دەیڵێتەوە، لە ڕووی جۆگرافییەوە، سیاسییەوە، دینییەوە، ئابوورییەوە، پیشەسازییەوە، فەلسەفییەوە و ئیدی بەو شێوەیە و بەو جۆرە بێ بڕانەوە ـ بە خۆمان و بە هەموو کەسێکمان گوتبێت، "ئێمە ئەرمەنیین و نەکەی هەرگیز ئەوەت لە بیر بچێ."

کەسێکی دیکەش پەیامی خۆی دێنێتە پێشەوە، "ئێمە ئەبخازیین، نەکەی هەرگیز ئەوەت لە بیر بچێت." چۆن لە بیرم دەچێت؟ من نەمدەزانی گەلێکی وەها هەر هەیە تا ساڵی ١٩٦٠ لە مۆسکۆ نووسەرێکم بینی پێی وتم ئەبخازە. کوڕی لە خۆی چاکتر و قۆزتر نەبوو. لەوەش زیاتر، هەر دەتگوت ئەندامێکی بنەماڵەکەی خۆمە. بەڵام ئەوە هەموو شت نییە. لە یەریڤان چاوم بە هەندێ نووسەری کورد کەوت، و هەمووشیان نەجیب، دڵسۆز، بەئەدەب بوون و لەوەش زیاتر نە دابڕاو و نە تەنیا بوون. لە تورکیا چاوم بە هەندێ نووسەری تورک کەوت، و ئەوانیش هەر وا. هەموو پیاوی نەجیب، پیاوی باش، لەوانەیە نووسەری یەکجار چاک نەبووبن، بەڵام بێڵە با ڕەخنەگران یا کات خۆیان بەوەوە خەریک بکەن، ئەوە کاری من نییە. لە ئیسرائیل چاوم بە نووسەری ئیسرائیلی کەوت، هەموو جۆرە پیاوێکی نەجیب کە بە زمانی عیبری دەیاننووسی. لە ئەمێریکا نووسەرم دیتن کە جوولەکەی ڕووسیا و پۆڵۆنیا، هەنگاریا و برووکلاین بوون و هەمووشیان بە ئینگلیزی دەیاننووسی، و نەک تەنیا نەجیب بوون بەڵکە خۆشیش بوون، و دەتگوت یەکێکن لە بنەماڵەکەی خۆم.

کاتێ کە زۆر گەنج بوویت پارچە شیعرێکت نووسی،

"ئەرمەنستانی من،" کە ئەرمەنییەکانی هەموو دنیا دەیخوێننەوە و دەگرین، و لەبەر دەیلێنەوە و دەگرین، و منداڵەکانی خۆیان فێر دەکەن بیخوێننەوە و بگرین. من خۆم بیست سی جارێک گوێم لێ بووە خوێنراوەتەوە و بەزەحمەت توانیومە نەگریم، نەک لەبەر ئەوەی چاوم بە تۆ کەوتووە، لە خزمەتی تۆدا وەستاوم، لەگەڵ تۆدا قسەم کردووە، و سەرنجی بە تاک کەوتن، تەنیایی، کۆمێدی و ناهومێدیی تۆم داوە، بەڵکە لەبەر مەزنیی سادەی بەکارهێنانی زمانی ئەرمەنی، لەبەر ئەوینی ئەوەی زمانی وڵاتی بەرد و زنارت بەکارهێناوە، لەبەر تووڕەییمان لە جێگە بچکۆلەکەمان لە ناوەندی شارێی مێژوودا، و لەبەر ئەوەی هەموومان ڕەفزمان کردووە لە جێگەی خۆمان هەلکەنرێین.

مەبەستت لە ئەرمەنستانی خۆت چییە؟ وشەکان هێندە ڕوونن کە دیارە مەبەستت ئەو جێگەیە و ئەو خەڵکانەیە، بەڵام بەڕاستی مەبەستت چی بوو؟ زۆربەی ئەرمەنییەکان، وەک زۆربەی خەڵکانی دیکە ـ ئەبخاز، کورد، تورک، ئیسرائیلی، جوولەکەی ئەمریکا، ئیتالیایی، ئەڵمانی، ئینگلیز، سکۆتی، ئایری، فرانسی، یۆنانی، ئەسپانی ـ یەکجار بێزارکەر، ساختەچی، شەریکەدز، پیلانگێڕ، مرۆڤخەڵەتێن، درۆزن، هەلپەرست و بەگشتی کوڕی قەحپەن. لە بنەماڵەکەی خۆیشمدا هەن و سەرم لێیان سووڕدەمێنێ. لە دەستەپاچەیی و زمانبەستراویدا متەقم لە دەم دەرنایێ، بەڵام دیسانیش پێ لەسەر ئەوە دادەگرم هەوڵ بدەم هەر نەبێ لێیان تێ بگەم تەنانەت دوای ئەوەش کە ئیدی ناکرێ ڕێزیان لێ بگرم. هەموو پارچە خاکێکی سەر ڕووی زەوی جوانە، نەک تەنیا ئەو خاکەی ئەرمەنستانە. کەواتە تۆ مەبەستت چی بوو؟ ئەی بەڕاستی باسی شتێکی دیکەت دەکرد؟ ناکرێ ئەرمەنستانەکەی تۆ هەر ئەو مەعنایەی هەبێ بۆ کەسێکی دیکەش؟ ناکرێ ئەو کەسە هەر کەسێک بێت، لە هەر بنەماڵەیەک؟ ئەی ئەوەی تۆ لەبارەی ئەرمەنستانەوە وتت، نەدەکرا یا ئێستا ناکرێ لەبارەی هەر جێگەیەکی سەر ڕووی زەوییەوە بگوترایە و بگوترێ؟

ئەی کۆکایینەکە بۆچییە، چارێنتز؟ ئەی سەر کێشان بە دیوارە بەردینەکەدا بۆچییە؟

گوێت لێ بێ، من ئەوەم لە بیر نەچۆتەوە تۆ وتت، کە کاتی سەردانەکەم لە ماکسیم گۆرکی لەگەڵ تۆدا هەڵوەشێنرایەوە بە هۆی ئەو شتانەوە کە لەسەر داوای چەند ڕووسێک لە مۆسکۆ نووسیبووومن، سەبارەت بە دیتنم لەمەڕ ئەرمەنستان، ڕووسیا، بەڵام بە تایبەتیش لەمەڕ خەڵک، لەمەڕ ژیانی مرۆڤ لە سایەی کۆمونیزمدا. ئەوان داوایان کرد و منیش نووسیم. من بە خۆڕایی نووسیم و ئەوان تەنانەت دەستنووسەکەشیان گل دایەوە. من هەرگیز کاربۆن بەکار ناهێنم بۆ نوسخەی زیاتر، لەبەر ئەوە ئەو تاکە نوسخەیەی کە هەیە لای ئەوانە، یا لە ناویان بردووە، یا ونیان کردووە. من خۆم نیمە و هەر لەبەر ئەوەش ناتوانم لەو پووچییە بکۆڵمەوە کە لە دڵەوە هەوڵم داوە بە شێوەیەکی شەریفانە بنووسم.

تۆ وتت، "کوڕم، دەبێ هەوڵ بدەی تۆزێ لەوە زیرەکتر بیت. بڵێ بەڵێ، و تف بکەرە ناو چاویان."

بە وشەیەکی دیکە، "خۆت لە قڕە و هەرا دوور بخەرەوە، ڕاستییەکە بۆ خۆت هەڵگرە. ئەمە کات و جێگەی نییە."

منیش دەمودەس هەستم کرد چەندە حەق بە تۆ بوو.

دەی چاکە، چارێنتز، ئەی تۆ بۆ نەتگوت بەڵێ، و تف بکەیتە ناو چاویان؟ ئەوەتا ئێستاکە ڕاستی وردە وردە دەردەکەوێ، و زیان بە کۆمونیزم، یا ڕووسیا، یا ئەمێریکا، یا گەل، یا هیچ شتێکی دیکە ناگەیێنێ ـ بەڵکە یارمەتی دەدات. بۆچی تۆ لێرە نییت تا خۆت سەرنج بدەیت؟

چارێنتز، کوڕم، لە مۆسکۆ تۆ باوکم بوویت، بەڵام ئێستاکە جیاوازە، و من پیرم، لەو تەمەنەش پیرترم کە ڕۆژێ لە ڕۆژان پێم وا بوو دەیگەمێ، بەڵام هێشتاکەش گەنجم، و وەک دەبینی هێشتاش دەنووسم، کەواتە دیسان گوێ بگرە:

کچە بچکۆلەکەت لە ژوورەکەت لە مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٣٥دا، کە کولیچە و شیرینیی گرانت دەرخواردی دەدا

لە کاتێکدا نان دەست نەدەکەوت، چونکە تۆ نووسەرێکی گەورە بوویت و لە هەموو شتێکدا بە باشترین ناودێر کرابووی، کۆکایین چەندە بۆ تۆ خراپ بوو، ئەو خۆراکەش کە دەرخواردی کچە جوانە بچکۆلەکەت دەدا هێندە بۆی خراپ بوو ـ ساڵی ١٩٦٠ لە یەریڤان دیتم، کوڕە بچکۆلەکەی بە باوەشیەوە بوو، ئەویش ناو نرابوو یەگیشە چارێنتز.

هەردوویانم بینی، دۆست و هاووڵاتییە خۆشەویستەکەم، و جوان بوون.

ئەوە دیسان تۆ بووی بە باوەشی دایکتەوە. ئەرمەنستانەکەی تۆ لەوێ بوو و گەلی ئەرمەنییەکەی تۆیش لەوێ بوون.

" ئەرمەنستانەکەی هەتاوپرژێن کراوم،" لە پارچە شیعرەکەتدا نووسیبووت، کە ناکرێ بکرێتە ئینگلیزی، یا ڕەنگە هیچ زمانێکی دیکە.

ئەی تۆ بۆ نەتوت بەڵێ؟

من پێت دەڵێم بۆ، چارێنتز.

چونکە تۆ لە ئەرمەنییەک زیاتریت، تەنانەت لە تەنیا هەر ئەندامێکی تری ڕەگەزی مرۆڤیش زیاتریت. تۆ شاعیری، ئەوەندە بە خیانەتی ئەو هەموو خەڵکەی دەیانویست بە هەر نرخێک بێت ژیانی خۆیان بپارێزن هەژابوویت، کە تەنیا بە یارمەتیی کۆکایین توانیت لە ناویاندا بمێنیتەوە و وای پێشان بدەیت وەک بڵێی یەکێک بیت لەوان.

خوایە خۆشیان بوێ، وەک هەموو شاعیرێک ناچارە بڵێ، نەک بە سووک تێڕوانینەوە، بەڵکە لەبەر چاکەکاری. ئەوان هەر ئەوەیان کردووە و هەر ئەوەش دەکەن کە تۆ ئامۆژگاریت کردم بیکەم، ئەوەی کە هەرگیز نەمکردووە، ئەوەی کە تۆش هەرگیز نەتکرد.

# مشکەکانی هاوڕێمان

ئەگەرچی پشیلەشمان هەبوو،ماڵەکەمان مشکی تێدا بوو. شەوان کە زۆر ئارام بوو و چراکان کوژابوونەوە و ئێمەش لە ناو جێگەدا بووین گوێمان لە مشکەکان دەبوو لە کونەکانیان دەهاتنە دەرەوە و بەسەر زەوییە تەختەکەی مەتبەخەکەماندا ڕایان دەکرد، و ئەگەر بە وردی گوێمان بگرتایە گوێمان لە زیکە زیکیان دەبوو، و گوێ لێ گرتنیان زۆر خۆش بوو. من لام وا بوو هەبوونی ئەم شتە ترسنۆک و نهێنکارانە لە ماڵی ئێمەدا شتێکی زۆر باشە و من وەک مشکی خۆمان، وەک مشکی ماڵی خۆمان بیرم لێ دەکردنەوە، هەر لەبەر ئەوەش وەک وام هەست دەکرد ئەمانە بەشێکن لە ژیانی ئێمە. ئەمانە دز بوون و دەبوو خۆراک بۆ خۆیان بدزن، بەڵام بە هەرحاڵ ئەمانە خێزانێک بوون، هەر وەک چۆن ئێمەش خێزانێک بووین، و لەبەر ئەوەی لە ماڵی ئێمەدا دەژیان من خۆشم دەویستن.

هەندێ جار بە شەوان، کە گوێم لە مشکەکان دەگرت، ئاگام لێ بوو کریکۆری برایشم لەگەڵ مندا گوێی لێ دەگرتن. هەردوومان لە ژوورێکدا دەنووستین و جێگەکەی بە تەنیشت جێگەکەی منەوە بوو، لەبەر ئەوە زۆر لە یەکەوە نزیک بووین، و ئەگەر بە ئاگا بوومایە لە تاریکییەکەدا و ئەویش بە ئاگا بووایە دەمتوانی هەست بکەم کە بەئاگایە چونکە ئەگەر نووستوو بووایە جیاواز بوو. دەمتوانی هەست بکەم لەگەڵ مندا گوێ لە

مشکەکان دەگرێ و دەموت، کریکۆر، گوێت لێیانە؟ کریکۆریش دەیگوت، قسە مەکە، ئێستا دەست دەکەنە یاری کردن. دەمتوانی هەست بکەم بەخەبەرە چونکە شتێکی بەخەبەربوونەکەی لە تاریکییەکەدا هەبوو، و ئەگەر نووستوو بووایە ئەو شتە نەبوو؛ جا ئەوە بوو بە گوێگرتن لە مشکەکان بە هێمنی لە ڕاستیی بەهێزکراوی خۆمان تێگەیشتین، ڕاستیی سات لە دوای ساتی هۆشیاریمان کە لەوەبوو هەر لە خەودا بمێنێتەوە بەڵام هەمیشەش بە بێدارییەوە دەگەڕایەوە، و ئەگەر مشکەکانی ماڵمان نەبوونایە ئێمە ئاوا خێرا و بە شێوەیەکی وا سادە نەدەگەیشتینە ئەو تێگەیشتنە.

لە زمانی ئێمەدا بە مشک دەگوترێ مووگ، کە لە ناوەڕۆکدا زانستی نییە، بەڵام مەعنای شێوەیەکی بچکۆلەی ژیان دەدات کە زیرەکیی هەبێت و بە ئاسانی بترسێنرێت، ئەگەر منداڵێکیش بچکۆلە و شەرمن بێت، دەکرێ لە خۆشەویستیدا ئەم ناوەی لێ بنرێ. کە بە زمانی خۆمان بیرمان لە مشکەکانمان دەکردەوە، بیرمان لە ترسنۆکی و قۆشمەیی دەکردەوە، نەک نەخۆشی، و ئێمە وامان هەست نەدەکرد کە مشکەکانی ماڵمان دوژمنی تەندروستیی ئێمە و دزی زەخیرەخانەکەمانن. ئەوان هەروا لێرە و لەوێ بە دڵپاکییەوە وردەگازیان لە شت دەگرت، و هەندێ جار بەرماوەیانمان لەسەر زەوییەکە دەدۆزییەوە، بەڵام ئیتر شتێکی خراپی ئەوتۆ نەبوو لەبارەیانەوە بیڵێین. کەسمان بە هۆی مشکەوە تووشی مەلاریا نەبووین و کریکۆریش، کە باسی مەسەلەکەمان کرد، وتی ئەگەر مشک مەلاریایان هەبێ ئەوا ڕەنگە هەر پێش ئەوەی میکرۆبەکە بگەیێننە ئێمە خۆیان بمرن. ئەویش نازانستی بوو.

ئێمە تەنیا یەک دوو جار بینیومانە پشیلەکەمان مشکی گرتبێ. بینیومانە چۆن پشیلەکە یاریی بە مشکێک کردووە و پاشان مشکەکەی خواردووە، و لە کاتێکدا دەستی پێ کردووە تێبگات کە شتێکی زیندوو خەریکە لە ژیان بێبەش دەکرێ و لە کاتێکدا کە دەنگی ئێسکە وردەکانمان گوێ لێ دەبوو دەشکان و بەوە دڵتەنگ دەبووین، نواندنەکەمان وەک شتێکی ڕەوا و لەجێی خۆیدا دەبینی چونکە قانوونی و حەڵاڵ بوو. پشیلە حەزیان لە خواردنی مشک بوو و بەشێک لە کاروباری مشکان ئەوە بوو خۆ لە ڕێی پشیلەکان دوور بخەنەوە. پشیلەش وەک مشک شتێکی گیان لەبەر بوو، تەنیا ئەوەیە لە بنەماڵەیەکی دیکە و لە قەوارەیەکی دیکە بوو، و هەردوویان هۆشی خۆڕسکیان هەبوو و بۆ پشیلە سرشتی بوو هۆشی خۆی بە کار بێنێ بۆ هەوڵدان بۆ گرتنی مشک، هەروەها بۆ مشکیش سرشتی بوو هۆشی خۆی بە کار ببات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پشیلەکان خۆی دوور ڕابگرێ. هەموو وەزعەکە شەریفانە و نەجیبانە بوو، و ئەگەر مشکێک کەوتە بەردەستی پشیلەیەک، هۆی ئەمە دەگەڕایەوە یان بۆ ئەو ڕاستییەی کە پشیلەکە، لەبەر برسێتی یا حەز لێ کردنی یاری، تا ڕادەیەک مەشقی فڕوفێڵی کردووە، یانیش بۆ ئەو ڕاستییەی کە مشکەکە، لەبەر پیری یا لەبیرچوونەوەی بێ ئەملاوئەولا، مەشقی تەواوی وریایی و خۆپارێزیی نەکردووە، لەبەر ئەوەش پشیلەکە شایانی ئەوە بوو مشکەکە بخوات و مشکەکەش شایانی ئەوە بوو بمرێ.

بە زەحمەت دەکرێ گۆشەنیگایەکی دیکە هەبێت، و سوودێکیشی نییە پیاو لەگەڵ مشکاندا هاودەرد بێت و هەست بکات کە پشیلە شتانێکی ناخۆشەویست و وەحشین یا سەروەرییان هەیە، چونکە، ئەگەر هەر هەشیانبێت، شانس دژی ئەوانە و ئەگەریش ئیتر بیر لە مەسەلەکە نەکەیتەوە پێت سەیر دەبێ کە چۆن پشیلە دەتوانێ مشک بگرێ. هەست بە هاودەردی کردن لەگەڵ مشکاندا بەتەواوی نادروست و کورتبیرییە و پێشاندەری تێگەیشتنێکی خراپی قانوونەکانی تەبیعەت و ڕەوشتنامەی مشکبوون یا پشیلەبوونە. من سرشتناس نیم و ناوی ئەو گیان لەبەرە چکۆلانانە نازانم کە مشکان ڕاویان دەکەن و دەیانخۆن، بەڵام وای بۆ دەچم کە ڕاوی هەندێ وردە شتی زیندوو دەکەن و دەیانخۆن. بە هەرحاڵ ئەگەر وا ناکەن و ئەگەر تەنیا ئەو خۆراکانە دەخۆن کە مرۆڤ دەیانخۆن، پەنیر و چاپی یەکەمی

کتێبان، کەواتە دەبێ هەر زیاتریش خۆش بویسترێن، لە ئێستاش زیاتر.

من پێشتر تەڵەمشکم بینیوە، بەڵام هەرگیز لە نزیکەوە لێی وردنەبوومەتەوە و بێگومان هەرگیز لەبابەت مشکەکانی خۆمانەوە بیرم لێ نەکردۆتەوە. ئێستا سێ تەڵەمشکمان هەبوون و لووسیی خوشکم بریاری دابوو ماڵەکەمان لە مشکان ڕزگار بکات. یەکێ لە تەڵەکانم گرت بە دەستەوە و لە نزیکەوە تەماشام کرد. ئەو تەلە بەهێزەم چاک بینی کە بەسەر مشکەکەدا دەچەمێتەوە و دەیکوژێ و ئەو تەلەشم بینی کە لوول درابوو و کرابووە سپرینگ بۆ ئەوەی تەلەکەی دیکە قایم ڕاکێشێتە خوارەوە. کە پشیلەیەک مشکێکی گرتووە و یاریی پێ دەکا، زەحمەت نییە پیاو باری نالەباری دەروونیی مشکە، سەرلێ شێواویی، تۆقینی و هیوای تراجیدیانەی بۆ هەڵاتن بێنێتە پێش چاوی خۆیدا. پشیلەکە زاڵمانە ئەو هیوایەی لا دروست دەکات لەبەر خۆشیی خۆی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو شتانەشدا، وەک پێشتر وتم، مرۆڤ وا هەست دەکات سەرجەمی کارەکە لە جێی خۆیدایە. ئەم هەستە ناکرێ لەبارەی تەڵەوە هەبێ. سپرینگێکی مەعدەنی و هۆشی غەریزییانەی مشکێک دوو لایەنی پێشبڕکێیەکی ڕەوا نین.



من لە سەرەتاوە دژی تەڵەمشکەکان بووم و زۆرم پێ سەیر بوو کریکۆری برام هیچ دژی نەبوو. تەماشای تەڵەکانی دەکرد و خۆی سەغڵەت نەدەکرد هیچ بڵێ، نە بە چاک و نە بە خراپ. بە ئەرمەنی وتم، مشکەکان چییان کردووە؟ هیچیان نەکردووە. دایکم وتی مشکێکی دۆزیوەتەوە لەناو گۆزەیەکی سرکەدا خنکاوە و ناچار سرکەکەی ڕژاندۆتە ناو دەستشۆرکەکە. وتی ئەمە قسەی قۆڕە تەحەمولی ئەم مشکانە بکەین هەر لەبەر ئەوەی پێمان خۆشە شەوان گوێمان لە دەنگیان بێت.

پەنیر خرایە ناو تەڵەمشکەکانەوە و نرانەوە، بۆ بەیانی تەماشا دەکەین دووانیان مشکیان گرتووە بەڵام ئەوەکەی تریان تەقیوەتەوە و مشکیشی نەگرتووە. پەنیرەکە نەمابوو. دایکم دەیگوت ئەمە زۆر سەیرە. دەیگوت دەبێ مشکێکی زۆر زۆڵ بووبێ. من زۆر دڵخۆش بووم چونکە یەکێک لە مشکەکانمان ڕزگاری بووبوو، و لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئێستا ئەم مشکە چۆتەوە بۆ لای مشکەکانی دیکە و پێی وتوون: لەو سەرەوە تەڵەیان ناوەتەوە و پەنیریان تێدا داناوە، کە دەم بۆ پەنیرەکە دەبەن شتێک دەکەوێ بەسەرتانا و دەتانکوژێ. من خۆم بینیم کە ڕووی دا و خەریک بوو خۆم بکوژێ، بەڵام من زۆر خێرا

بووم. دەمەوێ لە ئێستا بە دواوە وریا بن و دەمەوێ چاوکراوە بن و نابێ خۆتان کەر بکەن بۆ پەنیرێ کە لە جێی خۆیدا نییە؛ لە ناو دەورییەکدا یا لەسەر ڕەفێک. ئەگەر وایەرێکتان بەسەر تەختەیەکەوە بینی، لێی دوورکەونەوە. ئەوە تەڵەیە. ئەوە دەتانکوژێ. باشترە بە برسێتی بمێننەوە و زیندوو بن، نەک پارچە پەنیرێکی بچووک بچێتە دەمتانەوە و بمرن.

مشکە کوژراوەکان ڕەق بووبوون و بە دیمەنی لەشولاریاندا دیار بوو چەندە ئازاریان پێ گەیشتووە پێش ئەوەی بمرن. بۆ ئێوارە لووسیی خوشکم دیسان پەنیری لە هەر سێ تەڵەکەدا دانایەوە و بەیانیی ڕۆژی دواتر دەبینین یەکێ لە تەڵەکان مشکی گرتووە، کەچی دوانەکەی دیکە تەقێنراونەتەوە و مشکیشیان نەگرتووە. من هەستم دەکرد کە مشکەکانمان زۆر زوو فێر دەبن و زۆریش بەوە دڵخۆش بووم.

شەوی دواتر جارێکیان بە ئاگا هاتم و گوێم لە مشکەکان ڕاگرت. تۆزێ گوێم گرت و هیچم گوێ لێ نەبوو، هەستم کرد کریکۆری برام بەئاگا نییە. ئەمجا گوێم لێ بوو تەڵەیەک تەقی و بیرم لەو مشکە دەکردەوە کە دەکوژرا. دەقیقەیەکی پێ نەچوو تەڵەیەکی دیکەش تەقی. پێم سەیر بوو، وتم دەبێ مشکەکان چییان بەسەر هاتبێ. بۆچی فێری ئەوە نەبوون خۆیان لە تەڵە دووربخەنەوە؟ نەخێر، تەڵەی سێیەمیش تەقی. لە دڵی خۆمدا وتم کار وا بڕوا، ناگاتە حەفتەیەک هەموو مشکەکانمان دەمرن. هەمدیس خەوم لێ کەوتەوە.

بەڵێ، ئەمە کریکۆری برام بوو. دوای تاوێ هاتەوە بۆ ژوورەکەی خۆمان و چووە ناو جێگەوە. من ئێستا ئیتر بە تەواوی خەوم زڕابوو و بێ پسانەوە بیرم لە تەڵەکان و لە مشکەکانمان دەکردەوە، کە کریکۆری برام تێگەیشت بەخەبەرم. دەستمان کردە قسەکردن بە چپە. کریکۆری برام وتی: ڕۆیشتم تەڵەکانم چاک کرد. ئێمە نامانەوێ مشکەکان بە تەڵە بکوژین. پەنیرەکەم لەسەر زەوییەکە بۆیان داناوە، تۆزێکی تر دێن دەیخۆن و دەڕۆن. کە دێن گوێمان لێیان دەبێ.

گوێمان بۆ مشکەکان شل کردبوو، دوای تاوێ گوێمان لێ بوو لە کونەکانیان هاتنە دەرەوە. کریکۆری برام وتی: مەسەلەی میکرۆبەکە ڕاست نییە. ئەمانیش وەک پشیلە پاکن. تەنیا ئەوەیە وەکوو هەموو گیانەوەرێکی دیکە برسییانە. پەنیرەکەم لای کونەکانیاندا داناوە و خۆیان دەیدۆزنەوە.

بۆ بەیانی بینیمان تەڵەکان هەرسێکیان تەقیون، بەڵام هیچیان مشکی نەگرتووە. کاتێ کە لە دەوری مێزەکە دانیشتبووین بەرچاییمان دەخوارد، کریکۆری برام وتی: من لە کتێبێکدا خوێندوومەتەوە کە هەندێ مشک لە تەڵە تێدەگەن و پێی هەڵناخەڵەتێن. لە دواوە بۆی دەچن، لەو شوێنەوە کە وایەرەکە کار ناکات، پەنیرەکە دەخۆن و بۆی دەردەچن. مشکەکانی ئێمەش وا دەکەن.

## دیکران سارۆیان

من هەرگیز تۆم نەبینی، بەڵام خوشکەکەت، دایکم، تاکووهی، لە بارەی تۆوە قسەی بۆ کردم، هەروەها براکەیشت، ئارام، و دایکت، لووسی، و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی بنەماڵەکە، یا دۆستان یا دوژمنان کە تۆیان ناسیبوو، بێ هیچ گومانێک توندخووترین کەسی بنەماڵەکە، بەڵام هاوکاتیش خۆشترین.

که له سەرەتای بیست ساڵیمدا بووم، یەکێ له ئامۆزاکانت، ئامۆزای باوکەڵبرا، کەمێ دوورتر یا نێزیکتر، نازانم، بە هەر حاڵ سارۆیانێک بوو، ئەوەی پێیان دەگوت مووشێغ، ئەودەم لە کۆتاییی پەنجا ساڵەکانی ژیانیدا بوو، وتی، "هەڵەی دیکران ئەوە بوو ژن سەر و مێشکی داگیر کردبوو. کەس ئەوەندەی ئەو نەدەچووە قەحپەخانەکەی چایناتاون، هەندێ جار لە ڕۆژێکدا سێ جار. ڕەنگە ئەوە نەیکوشتبێت، بەڵام لەپاڵ ئۆقرەنەگرتوویی و بێسەبری و لە هەموو کەس بێزاربوون و نەخۆشیی دەردەباریکەدا، کە هەمیشە هەیبوو، بێگومان ئەوەش یاریدەر بوو. زۆر خۆش بوو، بەڵام تونەتەبیعەت و ناقۆڵایش بوو لە شێوە و لە قسەکردندا، ئەگەرچی من خۆم پێوەندییەکی خۆشم لەگەڵ وی هەبوو."



دوای سی ساڵ بیستنی چیرۆک لەبارەی تۆوە ئیدی، هەرچۆنێک بێت، دەمزانی ئەو خەڵکە چۆن بیریان لە تۆ دەکردەوە.

من سێ ساڵان بووم کە تۆ، ساڵی ١٩١١، بڕیارت دا بچیتەوە بۆ بتلیس، بەڵام لە ڕێگا، لە ئەستەمووڵ مردیت. کەس نەیتوانی بیباتە مێشکمەوە کە تۆ بۆچی ژنەکەتت بە جێ هێشت، ئەگەرچی هەریەکە لەلای خۆیەوە تیۆرییەک یا گریمانەیەکی پێشکەش کرد.

لووسیی دایکت دەیوت، "بەستەزمانە پێی وا بوو ئەگەر بچێتەوە بۆ بتلیس تەندروستیی چاک دەبێتەوە. نیازی وا بوو هەر کە چاک بووەوە بگەڕێتەوە."

تاکووهیی خوشکت دەیگوت، "پێیان وتبوو دۆکتۆرێکی ئەرمەنی لە ئەستەمووڵ هەیە دەتوانی چاکی بکاتەوە، ئەویش لێی دا چوو دۆکتۆرەکە ببینێ."

ئارامی برات دەیگوت، "حەزی لە ئەمریکا نەبوو، حەزی لە کالیفۆڕنیا نەبوو، حەزی لە فرێسنۆ نەبوو، پەشیمان بوو لەوەی کە هەر هاتبوو، لەبەر ئەوە ڕۆیشتەوە."

بەڵام من تێگەیشتم کە هیچ کەسیان هۆی ڕاستەقینەی نەدەزانی و هەر لە خۆوە ڕەمڵیان لێ دەدا، یان دەیانزانی و سا ئیتر لەبەر هەر هۆیەک بووبێ، بۆ خۆیان هەڵیاندەگرت، ڕەنگە لەبەر ئەوەی شەرمهێنەر بوو. بۆ نموونە کەس نەیوت تۆ سفلیست هەبووە، بەڵام زۆر وا پێ دەچێ کە مەسەلەکە ئەوە بووە. تەنانەت کەس ئەوەشی باس نەکرد کە تۆ کوڕێکی ساوات بە جێ هێشتبوو، ناوی ئارا بوو، کە بێگومان خاڵۆزای خۆم بوو. دەمەوێ بڵێم ئەگەر بمزانیبایە لەو نزیکانەی فرێسنۆیە، دڵنیام دەچووم بۆی دەگەڕام، ئەگەر هەر بۆ ئەوەش بووبێ بزانم کوڕێکی چۆنینت هەبووە. تۆ خۆت بەحاڵ بینیبووت و ئیتر ڕۆیشتبوویت.

ئاخرێکەی بینیم ـ لە ساناتۆریومی بەرنێت لە فرێسنۆ، لە تەمەنی حەڤدە ساڵاندا بوو. لەو کاتەدا پێنج شەش

ئامۆزا و خاڵۆزام لەگەڵ بوون، ئەویش وتی، "سەیر نییە، کە ئا لەم کاتە تایبەتییەدا هەندێ لەو هەموو ئامۆزا و خاڵۆزایانەم دەبینم؟" هیچ گومان لەوەدا نەبوو کە دەیزانی دەمرێ. سەری جوان و ڕێک بوو، دەموچاوی باریک و چاوانی ڕەش و زیرەکانە بوون. تازە بە پلەی یەکەم پۆلی خوێندنگەی بەرزی تەواو کردبوو، و گوتاری خواحافیزیی دەرچوونی پێشکەش کردبوو. بێگومان ئەویش هەر یەکێک بوو وەک ئێمە و پێم وایە لە دەموچاویدا شێوەی باوکە سەیرەکەیم بینی.

پاشان مرد، و بەشی هەرە زۆری خزمانی باوکی بۆ یەکەم جار چاویان پێ کەوت، و ئەوجا نێژرا.

ئارای کوڕت یەکێک بوو لەو چاکترین ئامۆزا و خاڵۆزایانەی بە هەموو ژیانم بینیبوومن، و تەنیا هەر ئەو جارەش بینیم. شانازی کردنی هەبوو، شتێکیش کە هەبوونی زەحمەتترە ـ شکۆ و سەربەرزی. لەو کاتەدا، بە ئاشکراکردنی ئەوەی کە دەبێ بۆ ئەو وەک خیانەتێک بووبێ لەلایەن هەموو بنەماڵەی باوکیەوە، سەربەرزیی وی شتێک بوو دڵی مرۆڤی دەکردە ئاو.

ئەو هەرگیز بابی خۆی نەناسیبوو، تەنیا باوەپیارەی هەبووبوو، بەڵام برا بچکۆلەکەی باوکی هەبوو و پێنج یا شەش لە کوڕانی سێ خوشکەکەی بابی، و دەیبینی کە لەگەڵ هەموویان شتێکی هاوبەشی هەیە، بەڵام شتێکیش هەبوو کە هەر هی خۆی بوو: شانازی، سەربەرزی و مەرگ، ئەمانە گشت تێکەڵ بووبوون.

هەموویان تۆزێک لەیەک دەچوون و تۆزێکیش لەو دەچوون، بەڵام تەنیا ئەو بوو کە دەڕۆیشت. گاڵتە نەبوو، بەڵام ئەو بەو چیرۆکانەی ئامۆزا و خاڵۆزاکان لەمەڕ یەکدی دەیانگێڕانەوە بزەی دەهاتێ و پێ دەکەنی، و تەنانەت تاکە جارێکیش ڕێگەی بە خۆی نەدا زیزبوون، بێزاربوون و تووڕەیی پێشان بدات، کە دڵنیام، چونکە کوڕی تۆ و خاڵۆزای من بوو، هەستی پێ دەکرد، و دەمهێنا بە بیری خۆمدا کە تۆ دەبوو چیت بگوتبایە ئەگەر لەو هەلومەرجەدا بوویتایە ـ چۆن لەعنەتت لە هەموو ئەوانە دەکرد هاتبوونە سەردانت و پێت دەگوتن بڕۆن مل بشکێنن و لەبەر چاوت ون بن.

ئەمە زۆر لەمەوپێش ڕووی دا، ئێستا هەمووی لە بیر کراوە، بەڵام بۆ من ئێستاش مەتەڵێکی سەیرە. چاکترین شتێ بتوانم بیکەم ئەوەیە باوەڕ بکەم کە تۆ بڕیاری گەڕانەوەت بۆ بتلیس دا، نەک لەبەر ئەوەی دەردەباریکە یا سفلیس یا هەردوویانت هەبوو، نەک لەبەر ئەوەی پێت وا بوو لە ئەستەمووڵ دۆکتۆرێک هەبوو دەیتوانی چاکت بکاتەوە، بەڵکە لەبەر ئەوەی دەبوو بچی بۆ جێگەیەک لە خۆت دوور بکەویتەوە، و شاخەکانی بتلیسیش، کە لێی لەدایک بووبووی، پێ دەچوو ئەو جێیە بن بۆی بچیت، چ بۆ ژیان و چ بۆ مردن. کوڕەکەیشت لە تەمەنی حەڤدە ساڵاندا بە نەخۆشیی شێرپەنجە مرد لەبەر گەلێ هۆی نەزانراو، یا هەر لەبەر ئەو هۆیەی تۆی پێ مردیت، لەبەر هەرچییەک مردبیت کە مردیت ـ لەوانەیە شانازی، لەوانەیە لووتبەرزی، بەڵام لەوانەشە بە سووک تەماشاکردنی هەموو خێزانی مرۆڤایەتی بێت، تەنانەت بنەماڵەی سارۆیان و تەنانەت کوڕەکەی خۆیشت.

## تێبینی :

بۆ نووسینی پێشکەشکردنەکەی سارۆیان و وەرگێڕانی چیرۆکەکانی ئەم سەرچاوانەم بەکار هێناون:

Leonard S. Klein (General Editor): Encyclopedia of World Literature in the 20th Century, Volume 4: R to Z, Fredrick Ungar Publishing Co.,Inc.1984.

William Saroyan: Here comes, there goes, you know who, A Trident Press Book, New York 1961.


William Saroyan: Best stories of William Saroyan, Faber and Faber, London 1943.

William Saroyan: My name is Aram, 1983.

William Saroyan: Don't go, but if you must, say hello to everybody, Cassell & company ltd, London 1969, pp.72-76, 176-122.

ISSN 1102-2000

# Mamostay Kurd



William Saroyan    ويليام سارۆيان

24 & 25
Winter-Spring 1995